حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت

# ڕەهەندەکانی شیعریی محەمەد عومەر عوسمان

نامەیەکە

**ڕوخۆش محەمەد نەسروڵا**

پێشکەشی کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانی کردووە وەک بەشێکە لە
پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ. د. محەمەد ئەمین عەبدوڵا**

(٢٧٢٢)ی کوردیی (٢٠٢٢)ی زایینی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

قَالُوْا سُبْحٰنَكَ لَا عِلْمَ لَنَآ اِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا ۗاِنَّكَ اَنْتَ الْعَلِيْمُ الْحَكِيْمُ ۝

صدق الله العظيم (سورة البقرة آية ٣٢)

## پشتگیری سەرپەرشتیار

ئەم ماستەرنامەیە بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری ئەدەبدا و پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێت.

واژۆ

پ. د. محەمەد ئەمین عەبدوڵا

سەرپەرشتیار

ڕێکەوت : / / 2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و ڕەزامەندین بە ناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

واژۆ

پ. د. بێستون حسن احمد

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت: / /2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و ڕەزامەندین بە ناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

لێپرسراوی هۆبەی کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

واژۆ:

ناو:

ڕێکەوت:

**بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیە بەناونیشانی (ڕەهەندەکانی شیعری محەمەد عومەر عوسمان) لەگەڵ خوێندکاری خوێندنی باڵا - ماستەر (ڕوخۆش محەمەد نەسروڵا) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئەدەبی کوردیدا  پێبدرێت، لەم پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ:

ناو: پ.ی. د. دەریا جەمال حەویزی

ئەندام:

ڕێکەوت: 28 /  12/ 2022

واژۆ:

ناو: پ. ی . د. کوێستان جەمال سەلام

ئەندام:

ڕێکەوت: 28 /  12/ 2022

واژۆ

ناو: پ. .د.  هیمدا حسێن بکر

سەرۆک:

ڕێکەوت: 28 /  12/ 2022

واژۆ:

ناو: پ. د. محمد امین عبدالله

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت: 28 /  12/ 2022

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە (     ) لەڕێکەوتی (   /   /        ) پەسەند کرا.

واژۆ

ناو : پ .ی. د . حسن فخرالدین خالد

سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

ڕێکەوت:      /   /2022

**پێشکەشکەش بە:**

- ❖ هەردوو مامۆستای سەرجەم بوارەکانی ژیانم و قۆناغەکانی تەمەنم  دایک و باوکی ئازیزم کەهەمیشە  دڵسۆز و پاڵپشتی سەرکەوتنەکانم بوون.
- ❖ خوشک و برا ئازیزەکانم.
- ❖ هاوسەر و هاوڕێی ژیانم (ڕێبوار).
- ❖ بینای چاوەکانم هەردوو جگەر گۆشەکەم (گەشتیار و دانیار).
- ❖ سەرجەم مامۆستایان و خوێندکارانی بەشی زمانی کوردی بەتایبەتی کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی.

## سوپاس و پێزانین

- ❖ سوپاس بۆ خوای بەخشندە و میهرەبان کە تواناو لێهاتووی پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکەم.
- ❖ سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ. د. محەمەد ئەمین عەبدوڵا) کەماندونەناسانە ئەرکی هاوکاری کردن و سەرپەرشتی کردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ، ئازادی و بوێری لە بیرکردنەوەو نوسیندا پێبەخشیم.
- ❖ سوپاس بۆ بەڕێز (پ. د. ئازاد عەبدول واحید)، کە هەمیشە دڵسۆزانە بەر چاو ڕوونی زانستیانەی پێ بە خشیووم.
- ❖ سوپاس بۆ نووری چاوەکانم (ناسک) خانی خوشکم، کە ئەرکی لەچاپ دانی ئەم نامەییەی گرتە ئەستۆی خۆی.

# پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندەکانی شیعریی محەمەد عومەر عوسمان) بەشێوەیەکی گشتی ڕێگایەکە بۆ ڕاڤەکردن و خستنەڕووی ئەو ڕەگەزو پێکهاتانەی، کە ڕەهەندە شیعرییەکەی شاعیریان پێک هێناوە. زۆربەی ڕەهەندە شعیرییەکانی محەمەد عومەر عوسمان لەڕووی جیهانبینییەوە بابەت و پێکهاتەکانی ئەزموونی خودین و باس لەناوەوەی مرۆڤێکی هەستیارو تراژیدیبارو نامۆ و ڕەشبین و یاخی لە ژیان دەکەن. شاعیر زۆرجاریش بۆ دەربڕینی سۆزو هەڵچوونەکانی ناخی خۆی، هانای بردووەتە بەر سروشت و وەرزی پاییز و لەوێوە تێکەڵ بە پرسە نەمرەکانی مرۆڤ و بوون و گەردوون بووەو توانیویەتی لەمیانەی سروشت و پێکهاتەکانی نێو ئەو وەرزەوە، هەست و سۆزی دەروونی خۆی بەیان بکات و چەندین وێنەو ماناو دەلالەتی جوان بۆ دەقە شیعرییەکانی فەراهەم بکات. بۆیە لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا پایز ڕەهەندێکی نوێتری وەرگرتووە. لە ڕووی ڕوخساریشەوە توانیویەتی بەشێوازێکی نوێ و ئازادانە مامەڵە لەگەڵ ڕەهەندەکانی زمان و وێنەی شیعری و کێش و سەروادا بکات. لەڕووی کێش و سەرواوە شیعرەکانی کێش و سەروادارن، و پەیڕەوی کێشی پەنجە (خۆماڵی)ی کردووە، واتە دەستبەرداری کێش نەبووە، بەڵام توانیویەتی بەپێی پێویستی وشە و دەستەواژە دەربڕاوەڕاوەکانی ناخی خۆی مامەڵە لەگەڵ کێشدا بکات. لەڕووی سەرواشەوە بەهەمان شێوە شاعیر دەستبەرداری سەروا نەبووە و  شیعرەکانی سەروادارن، بەڵام ئازادانە مامەڵەی لەگەڵ سەروادا کردووە. لە شیعرەکانیدا دوو جۆر سەروا بەرچاو دەکەوێت، ئەوانیش سەروای ئاسایی (هەمەڕەنگ و ئازاد) و سەروای واتاین.

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١ |
| دەروازە | ٣ |
| بەشی یەکەم: ئەزموونی شیعریی (محەمەد عومەر عوسمان) | ١٢ |
| پاری یەکەم: چەمک و پێناسەی ئەزموون و ئەزموونی شیعری | ١٢ |
| جۆرەکانی ئەزموونی شیعری | ٢٠ |
| ١. ئەزموونی شیعریی ناوەکی (خودی) | ٢٠ |
| ٢. ئەزموونی شیعریی دەرەکی (بابەتی) | ٢٢ |
| ٣. ئەزموونی شیعریی (تێکەڵ) | ٢٤ |
| سەرچاوەکانی ئەزموونی تێکەڵ | ٢٦ |
| ١. بابەتی مێژوویی | ٢٦ |
| ٢. بابەتی کۆمەڵایەتی | ٢٧ |
| ٣. بابەتی سروشت | ٢٨ |
| ٤. بابەتی نەتەوەیی و نیشتمانی | ٢٩ |
| پاری دووەم: ئەزموونی شیعریی (محەمەد عومەر عوسمان) | ٣١ |
| ١. ئەزموونی خودی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ٣٥ |
| چەمکی ژیان و مردن و ڕەنگدانەوەی لە ئەزموونی شیعرە خودییەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ٣٨ |
| ٢. ئەزموونی دەرەکی لە شیعری (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ٤٤ |
| ٣. ئەزموونی تێکەڵ لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ٥١ |
| بەشی دووەم: ڕەهەندی نامۆیی و وەرزەکانی ساڵ لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ٦٤ |
| پاری یەکەم// چەمک و زاراوەی نامۆیی و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ٦٤ |
| ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی نامۆیی لەشیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ٧١ |
| ١- نامۆیی لە بوون (الوجود) | ٧٣ |
| ٢- نامۆیی لە خود | ٧٧ |
| ٣- نامۆیی سۆزداری | ٨١ |
| ٤- نامۆیی ئاینی | ٨٥ |

| | |
|---|---|
| پاری دووەم// وەرزەکانی ساڵ لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ٩١ |
| ڕەنگدانەوەی مۆتیڤی پایز وەک ڕەهەندێکی گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی شادی ئامێز لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ٩٣ |
| ڕەنگدانەوەی مۆتیڤی پایز وەک ڕەهەندێکی غەمئامێز و تراژی دیبار لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ٩٥ |
| ڕەنگدانەوەی وەرزی زستان لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٠٠ |
| ڕەنگدانەوەی مۆتیڤی زستان وەک ڕەهەندێکی شادی ئامێز لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٠١ |
| ڕەنگدانەوەی مۆتیڤی زستان وەک ڕەهەندێکی تراژیدی بار و غەمئامێز لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٠٢ |
| بەشی سێیەم<br>ڕەهەندی شیعریی (محەمەد عومەر عوسمان) لەڕووی ڕوخسارەوە | ١٠٥ |
| پاری یەکەم: دووبارەکردنەوەو لادانی زمانی لە شیعری (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٠٩ |
| ١- دووبارەکردنەوە لە شیعری (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٠٩ |
| ٢- لادانی زمانی لە شیعرەکانی(محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١١٤ |
| پاری دووەم// شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا لەڕووی کێش و سەرواوە | ١٢٢ |
| یەکەم: کێش لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٢٤ |
| ١- کێشی (هەشت) بڕگەیی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٢٦ |
| ٢- کێشی (دە) بڕگەیی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٢٧ |
| ٣- بنەمای کێشی(چوار) بڕگەیی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٢٩ |
| ٤. بنەمای کێشی (پێنج) بڕگەیی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٣٢ |
| ٥. کێشی تێکەڵ لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٣٥ |
| دووەم: سەروا لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٤٠ |
| ١.  سەروای ئاسایی لە شیعرەکانی (محمد عومەر عوسمان)دا | ١٤١ |

| | |
|---|---|
| أ. سەرواى هەمەڕەنگ | ١٤٢ |
| تاک بەيت (فەرد) | ١٤٢ |
| سەرواى سێين (سێينە) | ١٤٣ |
| سەرواى چوارين | ١٤٣ |
| سەرواى (پێنجين) پێنجينە | ١٤٦ |
| سەرواى شەشينە | ١٤٧ |
| سەرواى حەوتينە يان سەرواى چۆسەر | ١٤٩ |
| سەرواى يازدەيى | ١٤٩ |
| تەرجيع بەند | ١٥١ |
| چوارينەبەند | ١٥٤ |
| ب. سەرواى ئازاد لە شيعرەکانى (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٥٧ |
| ٢. سەرواى واتايى لە شيعرەکانى (محەمەد عومەر عوسمان)دا | ١٦٠ |
| ئەنجام | ١٦٨ |
| سەرچاوەکان | ١٧١ |
| پوختە بە عەرەبى | ١٨١ |
| پوختە بە ئينگليزى | ١٨٢ |

# پێشەکی

**ناونیشـــانی توێژینەوەکە:** ناونیشـــانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕەهەندەکانی شـــیعریی محەمەد عومەر عوسـمان) مەبەسـتمانە لەژێر ئەم ناونیشـانەدا لەو ماوەیە و لەو ڕێگایانەش بدوێین، کە محەمەد عومەر عوسمان ئەزموونە شیعرییەکەی لێوە بونیاد ناوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆکاری ســـەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تاکو ئێستا ئەم دەنگە دیارەی نێو شیعر و ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی وەک پێویست کاری لەســـەرنەکراوەو تەنها وەک پارێک یاخود وەک بەشـــێکی لاوەکی لە توێژینەوەیەکدا کاری لەســەرکراوە، جگە لەو توێژینەوەیەی، کە لەماوەی نوسـینی توێژینەوەکەی ئێمەدا ئەنجامدراوە وەک توێژینەوەیەکیی سەربەخۆ، بەڵام ئەو توێژینەوەیەش، کە بە ناونیشانی (ئەزموونی شیعریی محەمەد عومەر عوســمان)ە، بەوردی و بەپێی پێویســـت باس لە جۆرەکانی ئەزموون ناکات لە شیعرەکانی شاعیردا، جگە لەوەی لەڕووی ڕوخسارەوە بەگشتی و کێش و سەروا بەدیاریکراوی، نەیتوانیوە وەک پێویست کار لەسەر شیعرەکانی شاعیر بکات.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی توێژینەوەکەمان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کارمان لەســـەر ژانری شـیعر کردووە، لە شـیعری شـاعیرێکی نێو شـیعر و ئەدەبیاتی کوردی، کە (محەمەد عومەر عوســـمان)ە، لەگەڵ دیاریکردنی چۆنێتی بەرهەمهێنانی جیاوازی لە ڕووی بنەماو پێکهاتنی ڕەهەندەکانی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر ڕەهەندەکانی شیعر لە دیوانی (لە غوربەتا)ی (محەمەد عومەر عوسمان)کراوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەومیتۆدەی لەم توێژینەوەدا پەیڕەوکراوە تـا ڕادەیەک دەچێتە نـاو چوارچێوەی میتۆدی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە، چونکە شیعرەکانی (محەمەد عومەرعوسمان) بە تەواوی ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتیی شاعیر و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەین، جگە لەوەی سود لە میتۆدی (وەسفی- شیکاری) وەرگیراوە بە مەبەستی شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی شاعیر و دەرهێنان و دیاریکردنی جۆری ڕەهەندە شیعرییەکانی شاعیر.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەشـێوەیەکی گشـتی لە دەروازەیەک و سـێ بەش پێک هاتووە: لە دەروازەکەدا باسـی زۆربەی زۆری ئەو نوسین و بابەتانەمان کردووە، کە لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا لەسـەر شـیعرەکانی شـاعیر نوسـراون، تەوەری کارکردنی هەریەکەیانمان دیاریکردووەو دید و سەرنجی خۆمان لەسەریان خستووەتەڕوو.

لە بەشـــی یەکەمدا باس لە زاراوە و چەمکی ئەزموونی شـــیعری کراوەو بەســـەر دوو پاردا دابەشکراوە، هەرپاریێکیش سێ باس لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە: پاری یەکەم: تێیدا باس لە سێ جۆری ئەزموون کراوە، کە بریتین لە: ئەزموونی خودی(نـاوەکی)، ئەزموونی دەرەکی(بـابەتی) و ئەزموونی تێکەڵ (خودی و دەرەکی). پاشان ئەم جۆرە ئەزموونانەمان لە دەقی شیعری کۆمەڵێ شـــاعیردا خســـتۆتەڕوو. پاری دووەم: تێیدا باس لە ســـێ جۆری ئەزموون کراوە، لە دەقە شیعرییەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا، کە بریتین لە: ئەزموونی خودی (ناوەکی)، ئەزموونی دەرەکی (بابەتی) و ئەزموونی تێکەڵ (خودی و دەرەکی). پاشـــان ئەم جۆرە ئەزموونانەمان لە کومەڵێک دەقی شـیعریی (محەمەد عومەرعوسـمان)دا خسـتۆتە ڕوو. لە بەشـی دووەمدا باسـی ڕەهەندەکانی نامۆیی و وەرزەکانی ســاڵ کراوە لە شــیعرەکانی(محەمەد عومەر عوســمان)دا. ئەمیش بەسەر دوو پاردا دابەش بووە: پاری یەکەم: باسی زاراوە و چەمکی نامۆیی و جۆرەکانی کراوە لە شـیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسـمان)دا. پاری دووەم: باسـی وەرزی پایز و زسـتان کراوە لە شـیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسـمان)دا. ئەمیش بەسـەر دوو باسـدا دابەش دەبێت: باســـی یەکەم: باســـی وەرزی پایز دەکرێت وەک ڕەهەندێکی شـــادی ئامێز و تراژیدی بار لە شـیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسـمان)دا. باسـی دووەم: باسـی وەرزی زسـتان دەکرێت وەک ڕەهەندێکی شادی ئامێز و تراژیدی بار لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا.

بەشـــی ســـێیەم: باســـی ڕەهەندی (شـــیعریی محەمەد عومەر عوســـمان) دەکرێت لەڕووی ڕوخسـارەوە، کە ئەمیش دابەش دەبێت بەسەر دوو پاردا: پاری یەکەم: باس لە دووبارەکردنەوە و لادانی زمانی دەکرێت لە شـــیعرەکانی (محەمەد عومەر عوســـمان)دا. پاری دووەم: باس لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان) دەکرێت لەڕووی کێش و سەرواوە. ئەمیش دابەش دەبێت بەســـەر دووباســـدا: باســـی یەکەم: باس لە کێش دەکرێت لە شـــیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسـمان)دا. باسـی دووەم: باس لە سـەروا دەکرێت شـیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسـمان)دا. ئەمیش دابەش دەبیت بەسەر دووباسی تردا لە: باسی یەکەمدا: باس لە سەروای ئاسایی دەکرێت لە شـیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسـمان)دا. باسـی دووەم: باس لە سـەروای واتایی دەکرێت لەشیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا.

لە کۆتاییشـدا ئەنجام و لیسـتی سـەرچاوەکان و کورتەی باسـەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

# دەروازە

(محەمەد عومەر عوسمان) ساڵی (١٩٨٥) کۆی بەرهەمە شیعریەکانی لەدیوانێکدا بڵاوکردووەتەوە بەناوی (لە غوربەتا). شـــیعرەکانی هەڵگری دنیایەکی فەنتازی و پڕ لە ئازار و غوربەتن و کاتی نوسینی زۆربەی شیعرەکانی ناو ئەم دیوانەی دەکەونە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە. ئەگەرچی دیوانی (لە غوربەتا) لەڕووی قەبارەوە دیوانێکی بچووکە، بەڵام جوانی و ناســـکی و دنیابینییە جیاوازەکەی شـــاعیر لەم دیوانەدا وایکردووە چەندین خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت. بۆیە ئێمەش بەپێویســـتی دەزانین وەک بەرچاو ڕوونییەک گرنگترین ئەو نوســـین و لێکۆڵینەوانەی لەسەر دیوانەکەی، یاخود لەسەر شیعرێک لە شیعرەکانی کراون بیان خەینەڕوو.

- (ئازاد عبدالواحد کریم)لە ژمارە (١٥٠)ی ساڵی (١٩٨٨) گۆڤاری (بەیان)دا نوسینێکی ڕەخنەیی بەناونیشانی (گەشتێک بەناو جیهانی لە غوربەتا) بڵاوکردوەتەوە. لەو نوسینەدا باس لە ناوەڕۆک و شێوازی شیعرەکانی محەمەد عومەر عوسمان دەکات و پێیوایە ناوەڕۆکی شیعرەکانی بابەتی ڕاســتەقینەی شــیعرن و بەهۆی (وێنەوە)دوور لە ڕاســتەوخۆیی و قســەی ئاســایی لە کێشــە گشـــتییەکانی مرۆڤ دەدوێن. توانیویەتی بەهۆی دەربڕینی وشـــەوە قورســـایی ئەو خەم و غوربەتەی لە ناخیدا هەبووە کەم بکاتەوە. شاعیر لە هەست و نەستی خۆیەوە دەست پێدەکات، واتە لە ناخی خۆیەوە دەســتی پێکردووەو پاشــان پەلی هاویشــتوە بۆ جیهانی دەرەوەی خۆی. لێرەدا (توێژەر) پێی وایە ئەم چەپکە شیعریانە هەموویان لەیەک ئاستی هونەریدا نین، بەڵام ئەو ســـیفەتەیان تێدایە، کە ڕاســـتگۆیانە لەگەڵ خوێنەری خۆیان دەدوێن و شـــاعیر توانیویەتی بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان شیعرەکانی بنوسێ. لە هەمان کاتیشدا (توێژەر) بۆچوونە ڕەخنەییەکانی خۆشــی بەرامبەر شــیعرەکانی محەمەد عومەر، دەربڕیوە و پێی وایە هەرچەندە شــاعیر بەپێی ئەزموون و توانای خۆی هەوڵیداوە شـــیعرەکانی چڕ بن و بە وشـــەو ڕەمزی ناســـک خۆی لە ڕاســـتەوخۆیی دەربڕین و شـــێوازی ڕاپۆرتئامێزانە بپارێزێ، بەڵام زۆر لە شـــیعرەکانی بەپێی پێویســـت چڕ نین و پێویســـتیان بە چڕکردنەوەی زیاتر هەبووە. جگە لەمە لە هەندێ شـــیعریدا وێنەی ســـاردو ســـڕو ڕووکەش هەن و پێویســـتە شـــاعیر بە دوای وێنەی نوێ و دەوڵەمەند و وشـەی پڕ لە جوڵەدا بگەڕێت. (توێژەر) بە پێویستی زانیوە، محەمەد عومەر ڕوو بکاتە شـیعری (ئـاوێتەیی- ترکیبی)، لە هەمـان کـاتدا دەبێت دوور بکەوێتەوە لە شـــیعری (لیریکی- غنائی) بۆ ئەوەی بتوانێت لە شـیعرەکانیدا بوارێکی گەورەو بەرینتر بۆ دەربڕین دەسـتەبەر بکات. هەروەها پێی وایە پێویســـتە کێشـــی شـــیعرەکانیشـــی جۆراوجۆر بکات و تەنها خۆی نەبەســـتێتەوە بە کێشی(٤+٤)و چەند جارەی، یان کێشی (٥+٥)و چەند جارەی، چونکە لای محەمەد عومەر وێنەی

ناسک و جوان هەن، بەڵام زۆرجار بە وەسف ئەو وێنە جوانانە دەکوژێت و لە جوڵەیان دەخات. ئەم وەسفەش دیسان بە زۆری لە چوارینەکاندا بەرچاو دەکەوێت، کە لە هەموو دێڕێکی یەکەم و سێیەمی چوارینەکاندا دوو نوقتە (..) دادەنێت و دەکەوێتە وەسفکردنیان. بێگومان چارەکردنی ئەمەش قورس نییە، ئەگەر خۆی لە قاڵبی چوارین دەرباز بکات و خۆی بداتە بەر شێوەی جوڵاو و ڕەها، ئەوسا دەتوانێ بەهۆی (مۆنتاژ)ەوە ئەو وەسفەی خزمەتی بونیادی شیعرەکەی ناکات بیقرتێنێت. (توێژەر) پێی وایە پێویستە تێڕوانین و بیری نوێی ئەم شاعیرە، ڕوخسارو شێوازی نوێ لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، چونکە هەر شاعیرێک تێڕوانینی نوێی هەبێ، پێویستە لە شێوە کۆن و تەقلیدییەکان یاخی ببێت. بەڕای ئێمە ئەم ڕێگەدانانە بۆ شاعیر، کە چۆن شیعر بنوسێت و چی بکات، کاری لێکۆڵەر و ڕەخنەگر نییەو سەندنەوەی ئازادییە لە شاعیر.

– (مەریوان وریاقانع) لە لێکۆڵینەوەیەکدا، کە ساڵی (١٩٨٩) لە پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق لە ژمارە (١٠٠)دا بڵاوی کردوەتووە، باس لە ((ئەفسانەی خۆکوشتن)) لە شیعری (خۆکوشتن)ی (محەمەد عومەر عوسمان)دا دەکات و پێی وایە بونیادی دەقە شیعرییەکە لەسەر بنچینەی دووانەی (مەرگ و ژیان) دامەزراوە. ئەم دوو لایەنەش لە بونیادی خۆیدا دوانەیەکی دیکەی هەڵگرتووە، کە دوانەی (ئامادەبوون و ئامادەنەبوون)ە، ئەمەش پشت ئەستورە بە دوانەیەکی دیکە، کە دوانەی (دەرەوەو ناوەوە)یە. کەواتە بەپێی بونیادە سەرەکییەکە ئەم شیعرە سێ دووانە بەڕێوەی دەبات، کە دواجار بۆ دوو بونیادی ناتەباو دژ بەیەک دابەش دەبن، ئەوانیش بونیادی (خۆکوشتن و خۆنەکوشتن)ە. هەروەها توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ڕیتمی بونیادی خۆکوشتن و خۆنەکوشتن لە هەردوو بارەکەدا کارێکی هەرەمەکی و بێدەلالەت نییە، بەڵکو لەبنچینەدا وابەستەی بونیادی گشتیی دەقە شیعرییەکەیەو دەقەکەش لەسەر کێشی(٥) بڕگەیی دامەزراوە. ئەوەی لێرەدا توێژەر ئاماژەی بۆ دەکات دابەشبوونی بڕگەکانە بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەنێوان ئەو دوو بنیادەدا، کە دەرئەنجامی ئەم هاوسەنگییە دەبێتە هۆی ڕوونەدانی کردەی خۆکووشتن لەناو دەقە شیعرییەکەدا.

هەروەها نووسەر ئاماژەی بە بونیادی دەلالەت لەشیعرەکەداوە، بەوەی جووڵەی یەکەم لە شیعرەکەدا جووڵەیەکی تایبەتە بە شاعیرە و ئەو ئەنجامی دەدات، هەرچی جووڵەی دووەمە بکەرەکەی نائامادەیە، ئەمەش جووڵەی کچێکە، کە تەنها لە خەیاڵ یان تەرازووی نەفسی شاعیرەکەدا ئامادەیە، بەمەش کچەکە لە دەقەکەدا دەبێتە بکەرێک کەتەنها لەخەیاڵ و هزری شاعیردا بوونی هەیە . ئەم دوو بکەرە هەردووکیان لەیەک کاتدا دەکەونە کار و هەموو جووڵەی ناوەوە بەرەو دەرەوە دەبەن بەپێچەوانەشەوە. بەمەش خاڵی بەریەککەوتنی هەردوو جووڵەکە بەتاڵکردنەوەی بیری خۆکوشتن و بونیادنانی هەمان بیرە. بۆیە لەڕوانگەی توێژەرەوە

ڕزگـاربوون لەم شـــیعرە، ڕزگـاربوونێکی ڕۆمـانســـییـانە نییە، دڵەڕاوکێکەش دڵەڕاوکێیەکی ڕۆمانسییانە نییە، بەڵکو گەردوونییەو پرسیارە ئەزەلییەکان هێناویانەتە کایەوە.

- (ئازاد حەمە) لە چوارچێوەی کتێبی (ڕەهەندی تێرامـان و جەســـتەی وتـاری ڕۆشـــنبیری هاوچەرخ)، کە سـاڵی (١٩٩٥) چاپیکردووە، لەبەشی چوارەمیدا بە ناونیشانی (وتاری ڕەخنەیی و ناسینەوەی بنیادی تێکستی شیعری) لە لاپەڕە (١٤٠– ١١٩)دا، خوێندنەوەیەک بەناویەکداچوونی زمـان لە تێکســـتی(پایزی دەریا) ی (محەمەد عومەر عوســـمان) دەکات. پێیوایە ئەو گۆڕانەی لەڕووی ڕێزمانییەوە بەسـەر ئەو دەربڕینە شعرییەدا دێت، شـایەنی باس نییە، بەڵکو ئەو گۆڕانە زیاتر لایەنی سـیمانتیکی شـیعرەکە دەگرێتەوە، لەوێشـەوە پەرە بەلایەنی ئێســتاتیکی تێکســتە شـــیعرییەکە دەدات. لەهەمان کاتدا (توێژەر) ئاماژە بە دیالۆکی شـــیعری شـــاعیر لەنێو وەرزی دەریاو وەرزی پایزدا دە کات، کە چۆن داڵدەیەکی ئێستاتیکیش بۆ دال و مەدلوولی پایز و دەریا دەرەخســـێنێت. لێرەوە (توێژەر) ســـەبارەت بە کۆدی لۆژیکی (دەرەکی- بابەتی)و ئێســـتاتیکی (ناوەکی- خودی)، پێشنیاز بۆ خوێنەری ئەم دەقە شیعرییە دەکات، کە پێویستە ئاوڕ لە سیستمی نیشـــانەو شـــعرییەتی دیالۆگی دێڕە شـــیعرەکان بداتەوە، تاوەکو ئەو تەکنیکە زمانەوانییەی دەروازەی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و سیمانتیکیی وەرزی دەریا و پایز ئاشکرا بکات. نووسـەر لێرەدا تیشـــک دەخـاتە ســـەر ئەوەی، کە زمـان بە نێو (پایزی دەریا) جڵەوی دەکـا، بەخودی ئێســـتـاتیکـای وەرزی پـایزەوە پـابەنـدە. بە واتـایەکی دی، پـایز تـاکە نهێنی لای شـــاعیرەو خۆبەســتنەوەی بەردەوامی شـاعیریش بە پایزەوە، ئاســتی دەنگی و ســیمایی ئەو چوونە نێو یەکدییەی خودی زمـانمـان بە ســـانـایی بۆ واڵا دەکـات، کە ڕەهەنـدی دیـالۆگە شـــیعرییەکـانی ڕاگرتووە. (توێژەر) لە هەمان سەرچاوەو لە هەمان بەشدا خوێندنەوەیەکی (سیمیۆ – ئێستاتیکی) بۆ تێکستی شیعری (ژەنەڕاڵی پایز) ی، محەمەد عومەر دەکات. لەلاپەڕە ١٤١–١٥٨ و بەم شێوەیە خوێندنەوەی بۆ دەکات و لایوایە، کە بزافی میکانیزمی ئەم تێکستە شیعرییە، سیفەتێکی شێوازیی ئەوتۆی بۆ پەیوەنـدی دیـالۆگیی نێو (پـایز) و (ژەنەڕاڵ) زیـاد کردووە، کە بووە بەزنـاک و داینەمۆی ئەو تێکســـتەی، کە لە ئارادایە. هەروەها نێرەر لەمیانەی پێکهاتەیەکی جۆراو جۆرەوە دەکەوێتە دیالۆگکردن لە گەڵ پایز و چێژو مانای خۆی لێوە بەرهەم دێنێت. شاعیر لەسەرتاپای ئەم تێکسـتە شـیعرییەدا پایز دەکات بە زمانی شـیعریی خۆی و زمانیش دەکات بە پایزی خۆی. واتە لەرێگەی چەمکی پـایزەوە زۆربەی دیـدە شـــیعرییەکـانی بەرجەســـتەدەکـات و هەروەهـا ئێســتاتیکای ئەو وشــەیە دەکا بە دەروازە بۆ دەربڕینە شـیعری و زمانەوانییەکەی. (توێژەر) لە کۆی تێڕوانینەکەیدا بۆ ئەم تێکستە شیعرییانەی شاعیر، پێیوایە هەرچەندە پایز ڕۆڵێکی سەرەکی

بینیوە لەپەرەسەندنی شیعری لای ئەم شاعیرە، دەشێ بوترێت کە لەسەر دەستی شاعیر پایزمان لەفۆڕمێکی ئێستاتیکی و سیمانتیکی جیاوازدا بینیوە، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، (توێژەر) پێیوایە ئەگەر، محەمەد عومەر بەم جۆرە شـــاعیرێتی خۆی بۆ وەرزی پایز تەرخان بکات، ئەوا لەو ســـەرەوە زیانێکی زۆر نەک تەنیا لە ئەزموونی شـــیعری خۆی دەدا، بەڵکو لەو ئەزموونە شیعرییەش دەدا، کە بەناوی (تازەگەری شیعریی) لەنێوماندا لەگەڕدایە.

– (عەتا قەرەداغی) لە چوارچێوەی کتێبی (گەڕان بەدوای ناسنامەدا)، کە لەساڵی (٢٠٠١) بەچاپی گەیاندووە، (١٧) لاپەڕەی لەژێر ناونیشـانی (سـەرابی ژیان و ڕاوەسـتان لەبەردەم چرکەسـاتی مردن)دا تەرخانکردووە بۆ لێکدانەوەی شیعری (سـەراب)ی (محەمەد عومەر عوسـمان). نوسـەر لە ناونیشانی شیعرەکەوە، واتە سەراب دەست پێدەکات، چونکە پێی وایە ناونیشانەکە ڕاستەوخۆ کلیلی کردنەوەی دەقەکە پێشـکەشـدەکات و تیشـک دەخاتە سـەر دەلالەتی گشـتی شـیعرەکە. (توێژەر) پێیوایە، هەر کە (دالی) سەراب دەبینین، ڕاستەوخۆ (مەدلولێکی) ئامادە هەست پێدەکەین و بریتییە لە پێکهاتەیەک، کە لەپشـتیەوە پرۆسـەی فریودان ڕاوەسـتاوە. فریودان بەمەبەسـتی ڕۆشـتن بەدوای ئامانجێکدا، کە هەرگیز پێگەیشـتنی نییە. مەدلوولی سـەراب دەشـێ لەبارێکی قوڵتردا وەهای لێکبدەینەوە، کە ژیان بەگشـتی جۆرێکە لەسـەراب، واتە بریتییە لە بابەتێک، کە تەنیا لەخەیاڵ و بینینێکی چاو فریودەردا بوونی هەیە و بەهیچ شـێوەیەک نە ڕادەگرێت و نە مرۆڤ دەتوانێت بە ماهیەتی ڕاستەقینەی بگات.

نوسـەر لەپشـتی زمانی دەقەکەوە دوانەیەک ئاشـکرا دەکات، کە دوانەی (ژیان – مەرگ)ە، واتە کێشـەیەکی سـەخت لەناخی بکەری شـیعرەکەدا لەجوڵەدایە، ئەویش ململانێیە لەنێوان (ژیان ومردن)دا. لەهەمان کاتدا نوسـەر پێی وایە ئەگەر بەدوای مەدلولی ئەفسـانەییدا بگەڕێی، ئەوا لەبنەڕەتدا کێشـەو ململانێی (ئیرۆس و تاناتۆس) لەپشـت ئەم دەقەوە وەسـتاوەو هەریەکە لە هەوڵی زاڵبوون و بەزاندنی بەرامبەرەکەیدایە، بەڵام بکەری شـیعرەکە لەڕووی مەعنەوییەوە لە توانای ئیرۆس بێئومێدبووەو بەر لە گەیشتنی نوێنەرەکانی تاناتۆس خۆی داوە بەدەستەوە. لەم ڕووداوەشـدا جەمسـەری یەکەمی دوانەی (ژیان و مەرگ )، واتە ژیان، دەسـڕێتەوەو تەنیا جەمسـەری دووەم واتە (مەرگ) دەمێنێتەوە. لێرەشـەوە بە هەڵوەشـاندنەوەی پەیوەندی نێوان دوانەی ( مەرگ و ژیان )، واتە سـڕینەوەی جەمسـەری ژیان و باڵا دەسـتبوونی مەرگ، ئەوە دەگەیەنێت هەر جوڵەیەک، کە پەیوەندی بەزیندەگانییەوە هەبێ، دەوەسـتێت. خەمی شـاعیر بەرامبەر ئەو کارەساتەیە، کە لە پشتییەوە کۆتاییهاتنی مێژوو و کۆتاییهاتنی ژیان ڕاوەستاوە.

- (ئارام محەمەد قادر) لەنامەی ماسـتەرەکەیدا بەناونیشـانی (نامۆیی لە شـیعری کوردیدا لە کرمانجی خواروو)، کە سـاڵی (٢٠٠٧) نوسـیویەتی، لەبەشـی سـێیەمی نامەکەیدا باسـی نامۆیی دەکات لە شـیعری کوردیدا لەنێوان سـاڵانی (١٩٧٥ - ٢٠٠٠ )و لەڕووی پراتیکییەوە هەوڵی لێکدانەوەی ئەو چەمکەی داوە لە هەندێک لە دەقە شیعرییەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا.

- (محەمەد کوردۆ) سـاڵی (٢٠٠٨) لە ژمـارە (٢٥)ی گۆڤـاری (هەنـار)دا، لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە بەناونیشـانی (ئەو بایەی هەوڵدەدات بنوێت و ناتوانێت)، تیایدا باس لە چەند لایەنێکی شـیعری (محەمەد عومەر عوسـمان) دەکات. لەڕوانگەی نوسـەرەوە لە شـیعرەکانی شـاعیردا، ڕۆحێکی غەمبار و نیگەران و تراژیدی بار ئامادەیی بەردەوامی هەیە و باڵی بەسـەر تێکڕای ئەزموونە شـیعرییەکەی شـاعیردا کێشـاوە، بەدرێژایی ئەزموونی شـیعر نوسـین خۆی هەمیشـەو بەردوام خەریکی بەرهەمهێنانی شـیعرییەت بووە لەتراژیدیادا. شـیعری ئەم شـاعیرە، شـیعری کۆمەڵگەو ڕۆژگارێکە، کە ئینسـانەکان ناتوانن تیایدا بەختەوەربن. ئامادەیی بەردەوامی ئەم ڕۆحە تراژیدییە، یەکێکە لەگەورەترین سـیماکانی شـیعری ئەم شـاعیرە. نووسـەر گرنگترین جیاوازییەکانی ئەزموونی شـیعریی ئەم شـاعیرە دیاریدەکات و لەگەڵ جیهانبینی هەریەک لە مەحوی و گۆراندا بەراوردی دەکات ڕوی لەیەکچوون و جیاوازییان دەخاتە ڕوو.
هەروەها لەڕووی فۆرمەوە باس لە شـیعرەکانی محەمەد عومەر دەکات، کە کێشـی شـیعرەکانی تەقلیدییە و لە چوار بڕگەیی و پێنج بڕگەیی پێکهاتووە. سـەبارەت بە سەرواش باس لەوە دەکات شـاعیر هەوڵی داوە خۆی سـەروا دروسـت بکات و هەندێک سـەروا لە شـیعرەکانیدا هەن، کە خۆیان سەروانین، بەڵام شاعیر کردوونی بە سەروا. هەروەها لەڕووی زمانەوە نوسەر لای وایە زمـانی شـیعریی ئەم شـاعیرە جگە لەوەی زمـانێکی زۆر شـیعرییە، زۆریش تـایبەتە. شـیعرییەتەکەشـی پەیوەندیی بە باڵادەسـتیی میتافۆڕەوە هەیە، تایبەتمەندێتی زمانەکەشـی پەیوەندی بە جۆری میتافۆڕەکانەوە هەیە، کە زۆرینەیان لە هەردوو وەرزی پایز و زسـتانەوە هەڵهێنجراون.

- (عەتا قەرەداغی) لە چوارچێوەی کتێبی (گەڕان بە دوای شیعرو شیعریەتدا)، کە ساڵی ٢٠٠٩ بە چاپی گەیاندووە، (١٢) لاپەڕەی بۆ لێکۆڵینەوی شـیعرەکانی (محەمەد عومەرعوسـمان) تەرخانکردووە بە ناونیشـانی (مەرگی مرۆڤ لە وەرینی گەڵاکاندا) لە شـیعری ژەنەڕاڵی پایزیدا نووسـەر پێیوایە ئەم شاعیرە، هەرچەندە شاعیرێکی کەم بەرهەمە، بەڵام لە جوگرافیای شیعری کوردیدا دەنگێکی دیارو خاوەن ناسنامەی تایبەت بەخۆیەتی. نوسەر بە لەبەرچاوگرتنی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری، خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی بۆ دەقی شیعری (ژەنەڕاڵی پایز) کردووە و

پێیوایە ناونیشـانی ئەم شـیعرە ناونیشـانێکی نائاسـاییە لەو ڕوانگەیەوە، کە ژەنەڕاڵ پلەیەکی سـەربازی باڵایە، بەڵام لێرەدا بۆتە ناونیشـانی ئەم شـیعرە. لێرەدا نووسـەر بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو، کە ئایا ئەو پاڵنەرانە چین وایان لە شـاعیر کردووە ناونیشـانێکی سـەربازی بۆ شیعرێکی ناسک و جوانی خۆی هەڵبژێرێ؟ لە هەمان کاتدا نووسەر پێیوایە چەمکی پایز لەگەڵ چەمکی غوربەتدا هاوشـانە، کە دوو چەمکی نزیک لە یەکن. بۆیە لە بارێکی وەهادا جۆرێک لە هاوشـێوە بوون لە نێوان پایزو مرۆڤدا دروست دەبێ. کاتێ شـاعیر خۆی وەک ژەنەڕاڵی پایز، واتە سـەرۆک و سـەرکردەی پایز نیشـان دەدات، ناڕاسـتەوخۆ پێمان دەڵێت، کە خۆی وەک مرۆڤێکی باڵاتر دەبینێت، ئەمەش لەسـەر بنەمای هەست بە ئینسـانی کردنێکی زیاتر بۆخۆی و مرۆڤ و بۆ کێشەو ئازارەکانی و بۆ چارەنووسی نادیارو ونی.

- (ئازاد ئەحمەد مەحمود) لە کتێبەکەیدا بەناونیشـانی (بونیادی زمان لە شـیعری هاوچەرخی کوردی)دا، کە سـاڵی (٢٠٠٩) نوسـیویەتی، باسـی هەندێک دیاردەی هونەری شـێوازگەری لە شـیعری هاوچەرخی کوردیدا کردووە. یەکێک لەو دیاردانە کاریگەری زمانە لە گەڕانەوەی شـیعرییەتدا. یەکێکیش لە شـێوەکانی گەڕانەوە، گەڕانەوەی پلەدار (progressive)، کە لە شـیعری (ئێوارەی پایز)ی (محەمەد عومەر عوسـمان)دا ئەم جۆرە گەڕانەوەی بەدی کردووەو زۆر بەوردی شیکردنەوەی بۆ دەکات.

- (تاهیر محمد عەلی) و (قومریە سعید عزیز) لە چوارچێوەی کتێبەکەیاندا (ڕوانینێک لە دەق)، کە سـاڵی (٢٠١١) بەچاپیان گەیاندوە و شـەش لێکۆڵینەوە لە خۆی دەگرێت، یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانیان تایبەتکردووە بە ڕەگدانەوەی پایز و غوربەت لە شـیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا. ئەم دوو نوسـەرە پێیان وایە ئەم شـاعیرە وەک دەنگێکی دیاری شـیعری، هەڵگری چەمکی غەمە. پێیشـیان وایە ئەزموونی ئەم شـاعیرە لەسـەر هەستیاری بونیادنراوە. هەستیاری بەرامبەر بابەتە ئینسـانییە قوڵەکان و مەسـەلەی بوون و ململانێی (مەرگ و ژیان). هەر ئەمەش وای کردووە جیهانبینیی محەمەد عومەر، جیهانبینییەکی مەودا قوڵ بێت. لای شاعیر پایز دەبێتە سـیمبولی مەرگ لە ئاسـتە قوڵەکەیدا، لە ئاسـتە تەنکەکەشـیدا دابڕان لەخۆی دەگرێت. ئەم دوو نووسـەرە لە خوێندنەوەیەکی دیکەی دەقەکانی ئەم شـاعیرەدا. ڕوودەکەنە مانایەکی دیکە بەپێی تیۆری دەروونشـیکاری و لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەن لە مەبەسـتەکانی بگەن و پەی بەبونیادی ناوەکی شـیعرەکانی ببەن. بۆ دۆینەوەی مەبەسـتە پەنهانەکانی شـاعیر، دەگەڕێنەوە سـەر دەروونی شـاعیر و لە کەسـێکی نەناسـراوەوە خۆیان لەقەرەی ئەم باسـە دەدەن، کە لە شـیعرەکانیدا وەک تارمایی ئامادەگی هەیە، بەڵام ناناسـرێت. هەموو خواسـتە بەدینەهاتووەکانی

دابڕانی لەگەڵ کەسە نەناسەکەدا بۆتە کەرەستە و چ بەئاگایی و چ بەبێ ئاگایی هاتووەتە ناو شیعرەکانیەوە. ئەو کەسە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا جێگەیەکی دیاری هەیە و ناکرێت پشتگوێ بخرێ، چونکە ئاڕاستەی زۆربەی دەقە شیعرییەکان ڕوو لە (ئەو)ن. دەتوانین بڵێین خۆشەویستی ئەو وەک یەکەیەکی سەرەکی لەلایەن شاعیرەوە، خۆشەویستیەکی تری ناوەندی دروستکردووە، کە ئەویش خۆشەویستی پایزە بەو پێیەی ڕەنگی قژ و چاوی ئەوی دەهێنێتەوەیاد. ئەمەش پایزی کردووەتە خۆشەویستیەکی ئەبەدی لای شاعیر. هەستکردن بەغوربەت و تەنیایی لە ناخی شاعیر خۆیدا، لەدوای مەرگی ئەوەوە سەری هەڵداوە، ئەمەش دیسانەوە شاعیر ڕاپێچی ناو پایز و گەڵاڕێزان کردووەتەوە. بە بەردەوامی شاعیر لەدوای مەرگی ئەوەوە لەسەر خولگەیەکی تەنهایی و غوربەت دەسوڕێتەوە و ناتوانێ دەستبەرداری ببێت. کەواتە نامۆییەکەی ئەم شاعیرە پەیوەستە بەکاتەوە، نەک شوێنەوە ئەو کاتەش پایزە. کەواتە دەتوانین بڵێین غوربەتیش لای شاعیر ئەو تەنهاییەیە، کەلە دڵ و دەروونی خۆیدا هەستی پێدەکات، نەک دوورکەوتنەوە بێت لە شوێنێک، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەم غوربەتە غوربەتێکی قوڵی ڕۆحییە دیسانەوە لەئاستە قووڵەکەیدا.

- (حەیدەر جەوهەر ئەحمەد) ساڵی (٢٠١٨) لە گۆڤاری قەڵای زانست ژمارە(٤)دا، توێژینەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی (مەزراندنی ڕەگەزەکانی سروشت لە شیعری لە غوربەتای محەمەد عومەر عوسمان)دا. توێژەر ئاماژە بەوە دەکات سروشت یەکێکە لە کەرەستە سەرەکییەکانی پرۆسەی داهێنانی شیعری، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جوانییەی سروشت پەخشی دەکات، شاعیرانیش هانای بۆ دەبەن و دەیکەن بەهەوێنی داهێنانی دونیای هۆنراوەکانیان، بەڵام مەزراندنی ڕەگەزەکانی سروشت لەبەرهەمی شیعریدا، لەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دیی و تەنانەت لەشیعری کۆن و تازەشدا جیاوازیان تیابەدی دەکرێت. هەر بۆیە ئەو جیاوازییە لای ئەم شاعیر قوڵتردەبێتەوە، بەوەی توانیویەتی بەخەیاڵی داهێنانکاریانەی خۆیەوە ڕەگەزەکانی سروشت لە بەرهەمەکانیدا بمەزرێنێت و بیانکاتە هەوێنی شیعری نایاب و مانای تازەیان لێ سازبکات، بەمەبەستی دەربڕینی هەست و تێڕوانین و سۆزی دەروونی. هەر لەم ڕوانگەیەوە شاعیر لەگەڵ ڕۆحی سروشت تێکەڵدەبێت و سەرلەنوێ لەتێڕوانینی تایبەتیی خۆیەوە سروشت وەردەگرێ و بەستایلێکی تایبەتی ئێستاتیکییەوە دووبارە ڕەنگرێژی دەکاتەوە. توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سروشت لای ئەم شاعیرە تەنها لەچوارچێوەی جوانیدا نەماوەتەوە، بەڵکو تێکەڵ بە پرسە نەمرەکانی مرۆڤ و بوون و گەردوون کراوە. لەهەمان کاتدا وەرزی پایز زۆرترین دەرکەوتنی لەشیعرەکانی محەمەد عومەر داهەیە. توانیویەتی وێنەی هونەریی ئیستاتیکیی لێوە

بەرهەم بهێنێت. توێژەر ئەو جیهانە فراوانەی شاعیر دەست نیشان دەکات، کە بەشێوەیەکی ئیستاتیکی وێنەی سروشت تێکەڵ بەپرسە نەمرەکانی مرۆڤ دەکات وەک(سروشت و مەرگ، سروشت و ژیان و مردن ، سروشت و خۆشەویستی ، سروشت و تەنیایی، سروشت و ئافرەت، سروشت و جوانی)، کە توێژەر ئەمانە بەگرنگترین تەوەرەی سەرەکی جیهانە شیعرییەکەی دادەنێت.

- (حسـن سـەرباز) و (مەریوان حسـێن) لەلێکۆڵینەوەیەکیاندا بەناونیشـانی (چەمکی ڕەشـبینی لەشـــیعری محمد عومەر عوســـمان وئیدریس جماع )، دا کە لە گۆڤاری زانکۆی گەرمیان لەژمارەیەکی تایبەت بە یەکەم کۆنفراسـی زانکۆی گەرمیان لە سـاڵی(٢٠١٩) بڵاوکراوەتەوە، ئەم دوو توێژەرە تیشــک دەخەنە ســەر ئەوەی گەیشــتونەتە ئەو ئەنجامە، کە هەردوو شــاعیر ســەرەڕای جیاوازیی ژینگەو شـوێنی نیشـتەجێبوونیان، بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ژیانێکی هاوشــێوەیان هەبووە، بۆیە ســەرچاوەی تایبەتی و گشــتی ڕەشــبینی لای هەردوو شــاعیر تاڕادەیەک چوونیەکن. هەروەک لە توێژینەوەکەدا ئاماژەیان پێکردووە زۆربەی ڕەشبینییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی مەرگ و غەم و ئازار و هەرەســهێنان، گلەیی لەبەختی ڕەشــیان و دڵەڕاوکێ، بوونەتە ناوەڕۆکی ڕەشــبینی لای هەردوو شــاعیر. لە توێژینەوەکەیاندا ئەوەیان بۆ دەرکەوتوە محەمەد عومەر ڕەشبینتر دەردەکەوێت، چونکە غەمەکانی زیاتر خودیترن و تایبەتن بەخودی شـاعیرەوە دنیایەکی پڕ لەڕەشـبینی و وەرزێکی پڕ لەخەزانی بۆ خۆی دروستکردووە. محەمەد عومەر لە مەسەلەی (مەرگ)دا هانا بۆخۆکوشتن دەبات، بەڵام ادریس جماع ئارەزووی مەرگ دەکات و هانا بۆ خۆکوشــتن نابات. لەتوێژینەوەکەدا ئاماژەیان بەوەشــکردووە هەردوو شـاعیر باوەڕیان بە (جەبر و ئیختیار)هەیەو پێیان وایە دیاریکردنی بەخت لەدەسـتی زاتێکدایە لە خودی مرۆڤ گەورەترە.

- (عەدنان سـاڵەیی) لە کتێبێکدا بەناوی (ژەنەڕاڵی پایز)، کە لەسـاڵی (٢٠١٩)دا بەچاپی گەیاندووە، خوێندنەوەیەکی دەروونشــیکاری بۆ شــیعرەکانی (محەمەد عومەر عوســمان) دەکات. ســەرەتا باسـی ژیانی شـاعیر و ژینگەی نیشـتەجێبوون و پێگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان شـیعرو شـاعیر دەکات. پاشـان باسـی دیاردە دەروونییەکان و ڕەنگدانەوەی ئەو دیاردانە لە شـیعرەکانی شاعیردا دەکات.

- (قادر غەفور قادر) لە نامەی ماستەکەیدا، کە بەناونیشانی (ئەزموونی شیعریی محەمەد عومەر عوسمان)ە، لەسـاڵی (٢٠٢١) نوسیویەتی، تێیدا باس لەژیانی تایبەتی شاعیرو پێگە کۆمەڵایەتی و

ڕۆشـــنبیرییەکەی دەکات و پاشـــان باس لە ڕەهەندە دەروونییەکانی نێو دیوانی (لە غوربەتا) دەکات و لە چەمکەکانیان دەدوێت، پاشـان باسـی پایز و خەزان و خۆکوشـتن لە دنیابینی ئەم شـاعیرە و شـعریەتی دەق دەکات. بەڵام کاتێک باس لەڕوخسـاری شـیعرەکانی شـاعیر دەکات، بەتایبەتی پێکهاتەکانی ئاوازی دەرەوەی دەقە شـــیعریەکانی، کە خۆی لە کێش و ســـەروادا بەرجەســتە دەکات، توێژەر لەڕووی دەســتنیشــان کردنی کێشــەوە زۆر وورد نەبۆتەوە تەنها ئاماژەی بە کێشـی تێکەڵ داوە لە (کێشـی چوار پڕگەیی و پێنج پڕگەیی)، بەهێنانەوەی تەنها دوو نموونەی شیعری کۆتایی بەباسی کێش هێناوە بەبێ ئەوەی ئەو دوو پارچە شیعرەش بڕگە بڕگە بکات و ژمارەی پێ و دەســتەپێکانی دیاری بکات، لەکاتێکدا لە دیوانی لەغوربەتادا، (کێشـــی دە بڕگەیی و کێشـــی هەشــت بڕگەیی و کێشـــی تێکەڵ لە بنەمای (چواربڕگەیی) و ( پێنج بڕگەیی) پاشان تێکەڵکردنی بنەمای کێشی (چواربڕگەیی) و (پێنج بڕگەیی) پێکەوە. بەهەمان شێوە توێژەر لە ڕووی دیاریکردنی ســەروای شـیعرەکانیشــەوە بەتەواوەتی لاوازی بە ئیشــەکانییەوە دیارەو دەکەوێتە هەڵەوە لە دیاریکردنی قاڵبە ســـــەرواو جۆری ســـــەرواکاندا، چونکە بە هیچ جۆرێک ئاماژەی بە سـەروای ئازاد نەداوە لە شیعرەکانی شاعیردا. هەروەها بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیوە درک بەوە بکات، کە ئەو وشـانەی سـەر بەیەک کێڵگەی واتایین لە ژێر ناوی سـەروای واتاییدا کۆدەبنەوە. بە گشــتی لە دیاریکردنی ســەروا لە شــیعرەکانی محەمەد عومەردا، ســەرکەوتوو نەبووەو هەموو ئەو نموونە شـــیعرییانەی لە دیوانەکەی شـــاعیر وەریگرتوون بۆ دیاریکردنی ســەروا، چونکە لە دیاری کردنی دەنگەکانی وشــە ســەروا دارەکاندا نەگەڕاوەتەوە بۆ بنەڕەتی وشەکان و تەنها بە پاشگری وشەکان دەنگەکانی سەروای دیاری کردووە.

# بەشی یەکەم
# ئەزموونی شیعریی محەمەد عومەر عوسمان

# بەشی یەکەم

## ئەزموونی شیعریی (محەمەد عومەر عوسمان).

### پاری یەکەم// چەمک و پێناسەی ئەزموون و ئەزموونی شیعری:

ئەزموون ئەو شـــارەزایی و کاراموییەیە، کە مرۆڤ لەڕێگەی کار و چالاکییەکانییەوە بەدەســتیان دەهێنێت. ئەمەش بەهۆی بەرکەوتن یان تێوەگلانی دەبێت لە ئاســـت ڕووداوێک یاخود بابەتێکدا، کە ســــەرئەنجام مرۆڤ لە بوارێک لە بوارەکانی ژیانیدا ئەزموونی دەکات و تیایدا قاڵ دەبێت. (ئەزموون) بەردی بناغەی بەدەســـتهێنانی زانیارییە دەربارەی ئەم جیهانە و هەم لە زانســـتە ســروشــتییەکاندا هەم لە زانســتە کۆمەڵایەتیەکاندا ســودی لێوەردەگیرێت. لە بواری زانســتیدا ئەزموون بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەم هەنگاوانەدا تێدەپەڕێت (ڕوانین، پرسیارکردن، دروستکردنی گریمانەکان، شــیکاری ئەنجامەکان، ئەنجامگری، ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان). لەهەمانکاتدا ئەزموون لە بواری ئەدەبیدا بە شـــێوەیەکی گشـــتی بریتییە لە نوســـین، یان دەتوانین بڵێین جۆرێکە لە تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنی دنیایەکی دیکە. بۆیە ئەگەر بەشـــێوەیەکی گشـــتی لە ئەزموون بدوێین دەکرێ بڵێین "هەموو کردەیەکی هونەری و ئەدەبی جۆرێکە لە ئەزموونکردنی دنیـایەکی دیکە یان، ســـەفەرکردنە بۆ بینینی نادیاروگەڕانە بەنێو پنتی نهێنی و نەدۆزراوەدا، یاخود دونیای خەون و خەیاڵی نەدۆزراوەدا. هەر بۆیە هونەرمەندان و شـاعیران بەردەوام بەدوای ئەو گۆشــە شـــاراوانەدا دەگەڕێن و لەوێوە دونیای خۆیان دەئافرێنن" (ســـدیق، ٢٠٢١، ١٨). یاخود دەشـــێ ئەزموونی ئەدەبی کارلێکردن بێ لەگەڵ مادەی نووســـین، مادەی نووســـینیش تۆڕێکی ئاڵۆزە لە ئـامـاژە، کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و خوێنـدنەوەی کتێـب و دیتن و بیســـتن و خەیـاڵکردن و بیرکردنەوەوە هەڵـدەقوڵێت، بە شـــێوەیەکی گشـــتی دەکرێت بڵێن "دەقی ئەدەبی پێکـدێت لە دەریایەکی مەعریفەو وابەســتەیە بە ڕەگەزەکانی ئەدەبی و گەلێک لایەنی هونەری و ئیسـتاتیکی، بنەمـاکـانی دەق و پرۆســـــەی داهێنـان و ئەرک و پەیـام گرنگی و کـاریگەری هەموو دەقێکیش بەتایبەتی لەڕووی چێژو خۆشـی بەخشـینەوە بەسـتراوەتەوە بە هەردوو لایەنی تواناو ئەزموون و سـەلیقەو ئایدیایی نوسـەرو ئاسـتی فیکری و تێگەیشـتن و ئاوێتەبوونی خوێنەر" (فتاح، ٢٠١٥، ٥٩).

زاراوەی ئەزموون بەرامبەر (Experience)ی ئینگلیزی (قەرەداغی، ٢٠٠٥، ٣٤١) و (التجربـة)ی عەرەبی (نزامەدین، ٢٠٠٣، ٢٥) دێـت. زاراوەی ئەزموون لەزمـانی فـارســـیشـــــدا لەچـاوگی (ئەزمووتەن)ی پەهلەوییەوە کەوتووەتەوە، پاشـــان بووە بە (ئەزموودەن)، هەروەها وشـــەکانی (ئازمایش و ئازمایشـــت)یش، هاوڕیشـــەن لەگەڵ ئەم وشـــەیەدا، کە بە مانای تاقیکردنەوە دێت (نانەوازادە، ٢٠٠٥، ٦٩). لە زمانی کوردیدا زاراوەی (ئەزموون) هەر لە ڕیشـــەی(ئەزمووتەن)ی پەهلەوییەوە هاتووەو بەمانای (تاقیکردنەوە - جەرباندن) دێت، هەروەها لە گوتاری ڕۆشـنبیری و ئەدەبی کوردیشـــــدا هەردوو زاراوەی ئەزموون و تـاقیکردنەوە بۆ هەمـان چەمـک و واتـا بەکاردەهێنرێن (هەژار، ١٣٦٩، ٢١). بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی ئەزموون بەواتای بەدەستهێنانی زانیاری دێت لەڕێگەی توانا و سەلیقەی مرۆڤەوە لەبوارێک لەبوارەکانی ژیاندا.

ئەزموونی شیعری بە دەوری ژیان و ڕۆحی شاعیردا دەخولێتەوە و گوزارشت لە هەست و هزر و بینینەکانی دەکات و چاودێریی ســەرکەوتن و نوشـســتەکانی دەکات. مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا توشی چەندەها ئەزموونی جۆراوجۆر دەبێت، بەتایبەتی شاعیر، چونکە مرۆڤێکی هەست ناسکەو زووترو زیاتر لە مرۆڤەکانی تر هەســت بە کێشــەو ڕووداوەکانی ناو واقع دەکات و هەســت و سـۆزی بۆیان دەجولێت و لە سـەر لایەنەکانیان ڕادەوەستێت و هەڵیان دەسـەنگێنێت. پاشـان بە هۆی ئەو تواناو هەڵچوونانەی لە ناخیدا دروســت دەبن لەڕێگەی ئەدەبەکەیەوە دەریان دەبڕێت، چونکە "ئەدەب ئـامڕازێکی گرنگە بۆ گەیـانـدنی ئەزموون لەنێوان نووســـــەر و خوێنەردا" (ابرکرومبی، ١٩٨٦، ٣١). شـــیعریش بەشـــێکی گرنگی ئەدەبە و ڕەنگدانەوەی ئەم جیهانەیە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین شـاعیر لەگەڵ بابەتێکدا مامەڵە دەکات، کە زیاتر لە ناویدا دەژی و لە گەڵیدا ئاوێتە دەبێت، یاخود لە ناو دەروونیدا کۆمەڵێک هەست و سۆزو بیرو بۆچوونی بەرامبەر بابەتەکە لاگەڵاڵە دەبێت و پاشـــان بەرەو ململانێی دەبات لە نێوان دەروونی خۆی و ئەو واقع و دەوروبەرەی تیایدا دەژی.

هەر لەوڕوانگەیەوە بۆمان ئاشـکرادەبێت، کە لە ئەزموونی شـیعریدا بەرهەمهێنانی دەق بەچەند جۆرێک دەردەکەوێت، یەکێک لەو جۆرانە کێشـانی وێنەی تەواوی دەروونی شـاعیرە. ئەمەش لە کاتێکدایە شـــاعیر بیر لە بابەتێک دەکاتەوە، ئەو بیرکردنەوەیە لەقوڵایی هەســـت و ســـۆزی شـاعیرەوە ئەنجامدەدرێت. لێرەشـدا شـاعیر دەگاتە ڕاسـتیی هونەری یاخود ڕاسـتیی هەسـت و سـۆز، یاخود ئەزموونی کەســانی تر وەردەگرێت و لەناو دەقە شــیعرییەکانیدا گوزارشــتی لێ دەکات. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین شـــاعیر لە ژیانیدا تووشـــی چەندین بابەت و ئەزموونی جۆراوجۆر دەبێت، کە بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ لە قوڵایی دەروونیدا ســەرهەڵدەدەن، یاخود

بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی هاندەرێکەوە شاعیر هەست و سۆزی بەرامبەر ئەو بابەتە دەجوولێت.

بۆیە لەبارەی سەرچاوەکانی ئەزموونی شیعرەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، کە دەبەستریتەوە بەبابەتی ڕاستگۆیی ئەزموونەوە. هەندێک نووسەر و ڕەخنەگر تەنیا بەشداریکردنی راستەوخۆ بە ئەزموونی شیعری دادەنێن، لەوانە (رینیەماریا ویلک) شاعیری نەمسایی لەبارەی نووسینی شیعرەوە دەڵێت: "تاوەکو یەک تاکە دێڕە شیعر بنووسیت، پێویستە سەفەرت کردبێت و چەندین شار و کەسایەتی و شتت دیبێت" (حسین، ٢٠٢١، ٥٥٧). هەروەها چیرۆکنووسی رووسی(چیخۆف) دەڵێت: "ئەگەر ویستت بنووسیت، پێویستە بچیتە ناو شەقامەوە" (سەرچاوەی پێشوو، ٥٥٧). . هەر لەم بارەیەوە نووسەرو ڕەخنەگری عەرەب محمد غنیمی هلال دەڵێت: "پێویست ناکات شاعیر لەناو ئەزموونێکدا ژیابێت، تاوەکو بتوانێت وەسفی بکات، ئەوەندە بەسە کە تێبینی کردبێت" (هلال، ١٩٧٣، ٣٦٤).

لەکۆی ئەو بۆچونانەی لەسەرەوە خستمانەڕوو، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە مەرج نییە شاعیر راستەوخۆ لە ژیانیەوە ئەزموون وەربگرێت، لەوانەیە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە کەسانی ترەوە، یان لەرێگای خوێندنەوەی کتێب و سەرچاوە مەعریفییەکانەوە ئەزموون وەربگرێت.

کەواتە سەرچاوەی ئەزموون بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بەسێ جۆرەوە، کە بریتین لە: (ئەزموونی خودی) ، (ئەزموونی دەرەکی) ، (ئەزموونی تێکەڵ).

ئەزموونی خودی باس لەو (بیر و سۆز و خەیاڵ) و شێوازی دەربڕینانە دەکات، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەخودی شاعیرەوە هەیە، لێرەدا شاعیر ملکەچی بیرو هەست و سایکۆلۆجیای خۆی دەبێت. بەڵام ئەزموونی گشتیی شاعیر گوزارشت لەبابەت و بەسەرهاتەکانی نێو کۆمەڵگا دەکات، بەبێ ئەوەی هەست و سۆزی خۆی بخزێنێتە نێو بابەتەکە. لە ئەزموونی تێکەڵیشدا شاعیر باس لە بابەتەکانی نێوکۆمەڵگا دەکات و تێکەڵ بە هەست و سۆز و تێڕوانینی خودی خۆی دەکات و دەیکاتە بەشێک لە ئەزموون و بەدواداچوونەکانی ژیانی. لە هەمان کاتیشدا گرنگی ئەو بابەتەی شاعیر باسی دەکات، پەیوەندیی بە توناو سەلیقەو لێهاتوویی شاعیرەوە هەیە لەو ڕووەوەی چۆن سۆزو هەڵچوونەکانی بەرامبەر ئەو بابەتە لە قوڵایی دەروونیدا بهەژێت. تەنانەت ئەگەر بابەتەکە زۆر سادەو لاوازیش بێت، شاعیری بەتواناو لێهاتوو دەتوانێت بیگەیەنێتە پلەیەکی بەرز لە ئەنجامی کاردانەوەو هەڵچوونێکی ڕاستەقینەی بۆ ئەو بابەتە، بەڵام ئەگەر هەڵچوونێکی راستەقینە لای شاعیر ڕوونەدات، ئەوا ئەو بابەتە هیچ بەهایەکی نابێت هەتا

ئەگەر بابەتەکە لە پلەیەکی بەرزیشدا بێت، چونکە "بابەت ڕەسانایەتی شیعر دیاری ناکات، بەڵام هەڵچوونی راســـتەقینەیی بەرامبەر ئەزموون و دەربڕینێکی هونەری ئەم لایەنە دەســـتنیشـــان دەکات" (الجنابی، ؟،٦٠). لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە مەرج نییە گرنگیی ئەزموونی شـیعری لە گرنگیی بابەتەوە هاتبێت، بەڵکو وەک ئاماژەمان پێکرد دەوەستێتە سەر تواناو سەلیقەو زیرەکیی شـــاعیرو توانای دەربڕینی لەو بابەتەدا. ئێمە لێرەدا ئاماژە بە وتەیەکی (محمد أحمد العزب) دەکەین، کەپێی وایە ئەزموون خۆژیاندنێکی تەواوە بۆ هەســـتێکی دیاریکراو، تێبینی کردنی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا دەگاتە کۆتایی، جیهانێکی نوێ دروست دەکات و لە میانەیەوەو لە چوارچێوەیەکی هونەریدا ڕەهەندەکانی ئەزموونەکەی تێدا ئاشکرا دەبێت (العزب، ؟، ٣٦٧).

کەواتە ئەزموونی شـــیعری فەزایەکی فراوانە بۆ گوزارشـــتکردن و بەرجەســـتەکردنی و هزرو ڕەوت و بیرو ئەدگارو تایبەتمەندییەکانی شیعری شاعیران. بێگومان ئەم ئەزموونەش لە ڕێگەی زمانەوە بابەتەکانی بەرەو ناخ ئاڕاســـتە دەکات. ئەزموونی شـــیعری لە ڕێگەی داهێنانی زمانی شـیعریەوەو چنینی وشـــە و ڕســـتەکانەوە بەردەوامی و زیندویەتی بە بابەت دەبەخشـێت، هەر شاعیرێک بەشێوەیەکی تایبەت ئەزموونە شیعرییەکەی دەردەبڕێت و ڕەهەندەکانی ئەزموونەکەی لێوە ئاڕاستەدەکات. لێرەوە شێوازی تایبەت بە شاعیرەکە دروست دەبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین شـــێواز پەیوەندی بە باری دەروونی شـــاعیر و زمانی گوزارشـــتکردنی شـــاعیرەوە هەیە لە دەربڕینی دەقە شـیعرییەکانیدا. واتە ئەزموونی شـیعری لە پەیوەندیی نێوان دەروونی شـاعیرو ئەو لادانە زمانییانەدا دەبینرێت، کە شاعیر لە ڕێگەی چنینی وشەو ڕستەوە دەقە شیعریەکەیان پێ بەرهەم دەهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەو ڕاســتیەمان بۆ دووپات دەبێتەوە شــیعر لە دوولایەنی ســـەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە، بەرزیی ناوەڕۆک و جوانیی ڕوخســـار. کەواتە لە ئەزموونی شـــــیعریی هەر شـــــاعیرێک ورد بینەوە دەبینین هەردوو لایەنەکەی بە خۆیەوە گرێداوە، واتە "هەڵســـەنگاندنی شـــیعر (دوو ســـەرەیە)، یەکیان بەرزی ناوەڕۆک ئەوی تریان جوانی هونەری" (گەردی، ١٩٧٤، ٩١). هەر لەم بارەیەوە عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت: "ڕوخسار و ناوەڕۆک بەلای ئێمەوە دەبێت لەیەک پلەی بەرزیدابن و کاربکەنە سەریەک، بەزمانێکی پتەو ناسکی شیعر یان شاعیرانە خزمەتی یەک بکەن، خزمەتی زمانەکەش بکەن، هەرلایەکی ئەمانەش لاسەنگ بوو، ئەوا بەرهەمەکە لە بەرهەمی جوان و ئێســـــتاتیکا دەباتە دەرەوە، لەجیاتی بەرهەمی هونەری ناوێکی تری لێدەنرێت و خزمەتی مەبەستیش ناکات" (ڕەسوڵ، ١٩٨٥، ٩٨).

هەریەک لە ڕوخســـــار و ناوەڕۆک کۆمەڵێک ڕەگەز و پێکهاتەی گرنگی ئەزموونی شـــــیعری لەخۆدەگرن، کە هەریەکەیان ڕۆڵی گرنگیان لە بەرزڕاگرتن و هاوســـەنگی ئەو ئەزموونەدا هەیە.

ناوەڕۆکی شــیعر وەک لایەنێکی ســـەرەکیی پێکهێنانی ئەزموونی شــیعری، کۆمەڵێک ڕەگەز و پێکهاتەی گرنگ دەگرێتە خۆی، کە ڕاســتیی هونەری یاخود ڕاســتیی هەســت و ســۆز ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگیان هەیە لەدروستبوونی ئەزموونێکی شیعری سەرکەوتوو و بەهێزدا "راستیی هونەری هێزی هەڵچوون و قوڵیی هەســت و هەژاندنی ســۆزە، کەئەمەش ڕۆڵی خۆی دەبێت لە ڕوونکردنەوەی کەســایەتی نووســەردا و لە کۆتایشــدا کار لە وەرگر دەکات " (الحمداني، ١٩٨٩، ٣٨). بەپێی بۆچونی (برجسون)یش جەوهەری داهێنان هەڵچوونە، هەڵچوونیش هەژاندنی سۆزە لەناو دەروونداا. کەواتە یەکەم هەنگاوی دروستبوونی ئەزموونی شیعری بە

- (هەڵچوون) ، (Reactivity) دەســـتپێدەکات، چونکە لەم بارەدا شـــاعیر بەرامبەر ڕووداوێک یاخود بابەتێک تووشـــی هەڵچوونی هەســـت و ســـۆز دەبێت، کە بە هۆیەوە تووشـــی ململانێی دەروونی دەبێت لەنێو جیهانی دەرەوە و ناوەوەیدا. (جاســـم، ١٩٨٦، ٥٤). هەرلەم ڕوانگەیەوە شفیعی کدکني دەڵێت: "مەبەست لەسۆز ئەو هەڵچوون و جۆش و خرۆشەیە، کە شاعیر بەهۆی ڕووداوێکەوە یان بابەتێکەوە هەســـتی پێدەکات و دەیەوێت خوێنەر یان وەرگر لەو هەســـت و سۆزەی خۆیدا بەشداری پێبکات" (کدکنی، ١٣٦٨، ٢٤).

- (ســـۆز)یش لەئەنجامی هەڵچوونەوە دروســـتدەبێت و یەکێکی ترە لەڕەگەزەکانی ناوەڕۆکی شیعر. ئەم ڕەگەزەی شیعر ناسکی و دڵگیری بە شیعر دەدات، چونکە "ئەگەر شیعرێک هەست و ســـۆزێکی گەرم و گوڕی تیا نەبێت و کار لە هەســـت و ســـۆز نەکات و ناخ و دڵ و دەروونی نەهەژاند و یادگاری لەنێو دڵ و دەرووندا بەرهەم نەهێنا،... ئەوا ئەو شیعرە سەرکەوتوو نابێت. یاخود ئەگەر هیچ  ناسکی و جوانی و گەشەیەکی تێدا نەبێت، ناتوانێت پردێک لەنێوان خوێنەر و نووسەردا دروستبکات" (عیسا، ٢٠٠٩، ٦٩).

- (بیر)یش یەکێکی ترە لە ڕەگەزەکانی ئەزموونی شیعری، چونکە هەموو شـیعرێک پێکهاتەیەکی بیری تێدایە چوارچێوەی شـیعرەکە پیشـان دەدات و دەبێتە بابەتی شـیعرەکە، کە بە هاوبەشـی لەگەڵ هەسـت و نەسـت و خەیاڵ وێنەیەکی هونەری جوان پێشـکەش بە شـیعر دەکەن. کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت هەرچەندە ڕەگەزی هەســـت و ســـۆز ڕەگەزێکی گرنگی ئەزموونەو ڕۆڵێکی کاریگەر لە دروستبوون و ئەنجامدانی ئەزموونێکی ڕاستەقینەدا دەبینن، بەڵام ئەمە ئەوە نـاگەیەنێت ڕەگەزی بیر فەرامۆش بکرێت، چونکە بیر ڕەگەزێکی ترەو بێگومـان گرنگیی خۆی هەیە لە ئەنجـامـدانی ئەزموونێکی ڕێکخراو و تەواودا "هەرچەنـدە ئەزموونەکەمـان ئەزموونێکی هەســـت و ســـۆزی بێت، هەرگیز لەو بیرە دانـابڕێت، کە تیایەتی و ڕێکی دەخات و یارمەتیی

تێڕامانی شـــاعیر دەدات تیایدا " (هلال،١٩٧٣، ٣٨٤). شـــاعیر بەهۆی ڕەگەزی بیرەوە توانای زاڵبوونی بەســەر ئەم هەســت و ســۆزەدا هەیەو ڕێکیان دەخات، یاخود ئەگەر بیرکردنەوەیەکی ژیرانە هەبێت، ئەوا وێنەی ئەزموونێکی ڕێکخراو دروست دەبێت. بەم شێوەیە ڕەگەزی بیر ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لە دروستبوون و ڕێکخستنی ئەزموونی شیعریدا، چونکە "ئەگەر ڕەگەزی بیر نەبێت، ئەزموونی شــیعری دەبێتە شــتێکی فانتازی و خەیاڵی، واتە بنەمای هەموو ئەزموونێکی شـیعری ڕەگ و ڕیشـاڵێکی لۆژیکی پێوە دیارە، کە بەم هۆیەوە مرۆڤ هەسـت دەکات شـاعیر بـابەتێکی ڕاســـتەقینە دەردەبڕێـت" (الحـاوي، ١٩٧٩، ١٢٨)، ڕاســـتەقینە بەو واتـایەی لە نـاخی شاعیرەوە هەڵقوڵاوەو ڕەنگدانەوەی دنیای شاعیرە.

بوونی بیر لەناو شیعردا مانای ئەوە نییە شاعیر ملکەچی ڕەگەزی بیر بێت و هەست و سۆزی دەقە شـیعرییەکە بکوژێت و هیچ بنەمایەکی شـیعریی پێوە دیار نەمێنێت. بۆیە دەبێت شـاعیر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزی بیردا بکات، بەشـــێوەیەک بتوانێت لەنێو دەقە شـــیعرییەکەیدا هاوسـەنگی ڕابگرێت لەنێوان ڕەگەزی بیر و هەست و سۆزدا. کەواتە "پێویستە شاعیر ئاگاداری ئەوە بێت بەهۆی ڕەگەزی بیرەوە لە بازنەی شـــیعرەوە نەچێتە ناو بازنەی پەخشـــان، چونکە ئەگەر ڕەگەزی هەست و سۆز بیر بگوازنەوە، ئەوا زیاتر شێوەی شیعرەکە لە پەند و بەسەرهات دەچێت" (ضـیف، ١٩٧١، ١٤٩). کەواتە پێویسـتە لە ئەزموونی شـیعریدا بیر لە دەقە شـیعرییەکەدا ئامادەیی هەبێت، بەڵام بە مەرجێک ئەم ئامادەبوونە بەپێی پێویست بێت.

-(خەیاڵ) یاخود ئەندێشــەش یەکێکی ترە لە ڕەگەزەکانی پێکهێنانی ئەزموونی شـیعری و وێنەی شـــیعری لە ڕێگەی خەیـاڵەوە دەخوڵقێنرێـت. شـــــاعیر لە ڕێگەی بیرکردنەوەیەکی قوڵ و ڕاوەسـتانێکی دوورو درێژ دەکەوێتە جیهانی خەیاڵکردن، ئەم جیهانەش بەهۆی هێزی هەسـت و سۆزەوە فراوان دەبێت. خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە نوسـینی شیعرو بەرجەستەبوونی وێنەی هونەریدا، چونکە هەموو بیرەکان لە ڕێگەی خەیاڵەوە بە جوانی نیشان دەدرێن، هەر لەم ڕووەوە ئەحمەدی مەلا دەڵێت: "خەیاڵ قودرەتێکە کە وێنەی شیعری دروست دەکات" (مەلا، ٢٠٠٢، ١٥). واتە خەیاڵ وێنەی شـیعری دەخوڵقێنێت، هەر شـیعرێکیش خەیاڵی تیا نەبێت، لە قســەی ڕۆژانە نزیک دەبێتەوە. شـــیعر تـا چەنـد خەیـاڵاوی بێت، ئەوەنـدە زیـاتر دەڕژێتە نـاخی خوێنەرەوە و خۆشیی پێدەبەخشێت و ئەزموونە شیعرییەکەی شاعیر بەهێزتر دەکات.

خەیاڵ ئەو ڕەگەزە کاریگەرەی ناو جیهانی شیعرە، کە بەهۆیەوە گەلێک بەرهەمی ناسک و نایاب لای هۆنەران لە دایک دەبن و خوێنەرانیش چێژ لەو خەیاڵە وەردەگرن و بیرکردنەوەیان فراوان

دەکات. شـــاعیر تا چەند خەیاڵی فراوان بێت لەناو دەقە شـــیعرییەکانیدا، ئەوەندە زیاتر دەقە شـــیعریەکانیان بەهێز دەبن و وێنەی نوێ و ناوازە لە ناو دونیای ئەزموونە شـــیعریەکەیاندا دەخولقێنن، ڕوخســـار (form) ی شـــیعری بەهەمان شـــێوەی ناوەڕۆک لە کۆمەڵێک ڕەگەزی تایبەتی پێکدێت، کە بریتین لە: زمان، کێش و مۆسیقا (مۆسیقای دەرەکی و ناوەکی).

- (زمان) کەرەستەو ئامرازی سەرەکیی شیعرە. شیعریش هونەرێکی زمانییە و زمانیش بۆخۆی لە کۆمەڵێک پەیوەندی و ئاســت و نیشــانەو هێما پێکدێت. زمانی شــیعر لەئاســتە ســادەکەی ئاخاوتنی ڕۆژانە تێدەپەڕێت بۆ ئاســـتی دەربڕینی هونەری، بەمەش شـــیعر لادانە لەڕێســـاو یاساکانی زمانی ئاسایی، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی چنینی وشەکان بەشێوازێکی هونەری جوان، کە کاردەکاتە ســەر دەبڕینی هەســت و ســۆز لەشــیعردا و کاریگەری لای خوێنەر دروســتدەکات، چونکە "زمانی شــیعری وەک زمانی قســەکردن نیەو تەنها ئامرازێک بێت بۆ لەیەکتر گەیشــتن، بەڵکو بەکارهێنانەکە لەبەکارهێنانە گشـــتیەکەیەوە دەردەچێت بۆ بەکار هێنانێکی تایبەتی... پەیداکردنی کۆمەڵە خاسیەتێکی نوێی جوانکاری بەجۆرێک وەک زمانێکی جیاواز خۆی بنوێنێت" (عیسا، ٢٠٠٩، ٤٣). زمانی شیعری لەچوارچێوەی ڕوخساری شیعریدا بە ئامڕازێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ گەیاندنی ئەزموونی شــیعری شــاعیران. لە ڕاســتیدا هەموو توخمەکانی شــیعر، کەپێکدێت لە(بیر، خەیاڵ، ســـۆز) لەناو زماندا خۆیان دەدۆزنەوە و لەڕێگەی زمانەوە واتایەک وەردەگرن. بێگومان توانا و دەســـەڵاتی زمان لە شـــاعیرێکەوە بۆ شـــاعیرێکی تر دەگۆڕێت، لە کەڵکوەرگرتن و ئاراستەکردنی زماندا چونکە هەر شاعیرێک شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئەمەش وابەســتەی دەوڵەمەندی و ئەزموونی شــاعیرە لە فەرهەنگی زمانی شــاعیر و زاڵبونیەتی بەسەر زماندا.

- ئاواز (مۆسـیقا)ی شـیعریش بەیەکێکی دیکە دادەنرێت لە پێکهاتەکانی بنیاتی شـیعر کەدەکرێت بە دوو جۆرەوە: (ئاوازی دەرەوە و ئاوازی ناوەوە) ئاوازی دەرەوەی شـــیعر لەڕێگەی کێش و ســەرواوە دروســتدەبێت و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شــیعری کلاســیکی. هەرچی کێشــیشــە بەگوێرەی ڕێبازە ئەدەبییەکان جیاوازە، لەشـــیعری کلاســـیکدا پێوانەی کێشـــەکان هەمان ئەو پێوانەیە بووە، کە خەلیلی کوڕی فەراهـیدی دایـنابوو و خۆی لە کێشـــی عەروزدا دەبینییەوە بەشێوازە جۆراو جۆرەکانییەوە. یەکێکی تر لەکێشەکانی شیعر کێشی برگەییە، کە هەڵگەڕانەوەیە لەسیستەمی کۆنی شیعری کلاسیکی، لەدوای نوێکردنەوەی شیعر لەسەر دەستی ڕابەرەکانی بزاڤی نوێخوازی شیعری کوردی ( گۆران) و هاوڕێکانی، ئەمەش بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی

شـیعری شـێوەزاری هەورامی و بەکارهێنانی کێشــی شـیعری فۆلکلۆری کوردی و ئەم کێشــە خۆماڵییە یان ئەزموونی شیعریی خۆیاندا پەیڕەوکردووە (قادر، ٢٠١٠، ٧٤) .

ئاوازی ناوەوە چەمکێکی تازەیەو لە بەرهەمە کۆنەکاندا بایەخی پێنە دراوە، شـاعیر بەپێی باری دەروونیی خۆی وشــە هەڵدەبژێرێت، بەبێ ئەوەی یاســاو دەســتورێک پەیڕەوبکات. لەم جۆرە مۆســـیقایەدا چەند یەکەیەکی ڕیتمی دووبارە دەبنەوە. مۆســـیقا ڕەگەزێکی گرنگی ئەزموونی شیعرییە و ڕەنگدانەوەی هەست و سۆز و هەڵچوونی دەروونی شاعیر ئاشکرا دەکات و لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا ئـاوێتە دەبێت. هەروەهـا "مۆســـیقـای نـاوەوە چـاکترین ڕێگـایە بۆ دەربڕینی ئەزموونی شـــعورییەکە ، بۆیە پێویســـتە ئەو ئەزموونە لەســـەر بنەمای مۆســـیقای ناوەوەی شـیعرەکە لێی بکۆڵرێتەوە، چونکە هەسـت و سـۆز و تاقیکردنەوەکانی شـاعیر بەهۆی ئاوازی ناوەوە دەردەبڕێن" (سابیر، ٢٠٠٦، ٤٣٦).

کەواتە بۆ بەرهەمهێنانی هەر دەقێکی شــیعری ســەرکەوتوو، پێویســـتە ئەم دوو لایەنە پێکەوە گرێدرابن و لە یەکتری جودا نەبن و تا ڕادەیەکیش هاوســەنگی لە نێوانیاندا هەبێت بۆ هێنانەدی ئەزموونێکی شــیعری ســـەرکەوتوو. هەروەهـا هەریەک لە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی بەرهەمە ئەدەبییەکان بە میزانی ئەم دوو ڕەهەندە دەکێشــن و مۆری شــیعربوونی پێدەدەن. ئەم دوو ڕەهەندەش سیفەتی جێگیریان نییەو بەپێی سـەردەم و ژینگەو بارودۆخەکان تازەبوونەوەو گۆڕانیـان بەســـەردا دێـت، چونکە گۆڕانی ژیـان بەرهەمی نوێ دەخوڵقێنێ و بەرهەمی نوێش ڕوخساری نوێ بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. (سعید و إسماعیل، ٢٠١٩، ٢٦).

ئێمە دەتوانین لێرەدا بگەین بەو ڕاستییەی، کە ئەزموونی شـیعریی شـاعیران سیفەتێکی نەگۆڕو جێگیری نییە، بەڵکو ئەو ئەزموونە بە بەردەوامی لە نوێبوونەوەدایەو بەپێی ســەردەم و ژینگەو قوتابخانە ئەدەبییەکان گۆڕانکاریی بەســـەردا دێت. ســـەرچاوەی ئەم گۆڕانەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی بارودۆخی ڕامیاری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، تایبەتمەندی و کەســـایەتیی شـــاعیر و کاریگەربوونی شاعیر بە هۆکارە دەرەکییەکانی وەک ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر.

کەواتە ئەزموونی شــیعری ئەزموونکردنی ژیانێکی ترە لە ڕێگەی هۆش مەندی و شــارەزایی و هەســـتی مەعریفیی شـــاعیرەوە، کە لە ڕێگەی جیاوازەوە بەدەســـتیان دەهێنێت، ئەمە جگە لە هەڵچوونە دەروونییەکـانی شـــاعیر، کە وەک ســـەرچـاوەیەکی دیـار و نـادیـار لە ئەزموونە شـــیعرەکەیدا ســـودیـان لێوەردەگرێت. یـاخود دەتوانین بڵێین ئەزموون جۆرێکی دیکەیە لە ئەزموونکردنی ژیان و خەون و خەیاڵی ئەندێشەکراوی شاعیر.

## جۆرەکانی ئەزموونی شیعری:

وەک پێشتر باسمانکرد ئەزموونی شیعری بریتییە لەو ململانێیەی لە ناو دەروونی شاعیردا دروستدەبێت، ئەمەش لە ئەنجامی کاریگەربوونیەتی بە بابەتێک، کە ئەو بابەتە وێنەیەکی دەروونی یاخود گەردوونییەو شاعیر بەهۆی هاندەرێکەوە هەست و سۆزی بۆی دەجولێت و بیری لێ دەکاتەوەو وێنەکەی دەکێشێت و دواتر لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە گوزارشت لەو ئەزموونە دەکات. پاشان هەر شاعیرەو بە شێوازی تایبەتیی خۆی و بە سوود وەرگرتن لە ڕەگەزو پێکهاتەکانی شیعر، ئەزموونە شیعرییەکەی بەرهەمدەهێنێت. کەواتە هەر ئەزموونێکی شیعری وەستاوەتە سەر ڕوخسار و ناوەڕۆک، کە تەواوکەری یەکترن و پێکەوە دەقێکی شیعری پێکدەهێنن. ئەم پێکهاتە تایبەتەی شیعر وای کردووە، چەمکی ئەزموونی شیعری بۆ دوو مەبەستی جیاواز بەکاربهێنرێت: یەکەمیان ئەزموونی ژیانە، کە دەبێتە بابەتی شیعر. دووەمیشیان ئەزموونی تەکنیکی شیعرییە. شاعیری سەرکەوتووش ئەوەیە لەهەردوو ڕووەکەوە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەبێت. ئەمەش پەیوەستە بە جۆری مامەڵەکردنی نوسەر و ئامانجی نوسەر. بێگومان ئەمەش ژیانی بەرهەمەکەی لەسەر وەستاوە لەو ڕووەوەی ئەو شاعیرە چیی نوسیوە؟ واتە ئاستی هونەریی شیعرەکە، زمانی دەربڕین، داڕشتن، وێنە شیعرییەکان، مۆسیقای شیعر، سەرواى سەرەتاو کۆتایی، پەیکەر و بنیاتنانی قەسیدەیە، کە خەیاڵ و ڕوانینی شاعیر لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی بزوێنەری فۆڕمن تیایدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و وەک یەکەیەکی ئۆرگانی یەکگرتوو ئەزموونێکی سەرکەوتووی شیعری دەخوڵقێنن.

ئەو ئەزموونە شیعریانەی لای شاعیران دەردەکەون هەمەجۆرن و بەشێوەیەکی گشتی لە سێ جۆرئەزموونی شیعریدا چڕ دەبنەوە، کە بریتین لە: ئەزموونی شیعریی خودی و ئەزموونی شیعریی دەرەکی (بابەتی) و ئەزموونی شیعریی تێکەڵ(خودی+دەرەکی) و یەکە یەکە لێیان دەدوێین.

### ١. ئەزموونی شیعریی ناوەکی (خودی):

ئەم جۆرە ئەزموونە بە خودی شاعیرەوە گرێدراوە، چونکە شاعیر گوزارشت لە هەست و نەستی خۆی دەکات و دەیەوێت لەوێوە ویست و ئارەزووە کپکراوەکانی ناخی خۆی ئاشکرا بکات. لەم جۆرە ئەزموونەدا بیرو ئایدۆلۆژیای شاعیر سەبارەت بەخودی خۆی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەرهەمهێنانی شیعرەکەدا، چونکە شاعیر دەتوانێت بەوپەڕی هێزو کاریگەرییەوە هەست و سۆزو هەڵچوونە تایبەتیەکانی خۆی لە نێو وێنەی دەقە شیعریەکانیدا بەرجەستە بکات.

لێرەدا شاعیر بە تەواوەتی گوزارشت لە حاڵەتی خودیی خۆی دەکات."شاعیر لەئەزموونەکەیدا ململانێی ناو دەروونی خۆی دەردەبڕێ"(هلال، ١٩٧٣، ٣٨٣). ئەو دەربڕینەش گوزارشتکردنە لەحاڵەتێک لەحاڵەتەکانی دەروونی خۆی. کەواتە "هەر ئەزموونێک وێنەیەکی نوێ بخاتەڕوو بەسەرچاوەیەکی خودی لەقەڵەم دەدرێت. ئەو وێنانەی شتە پەنهانەکانی دەروون یاخود گەردوون دەخەنە بەردەست، بەوێنەیەکی سەرچاوەی خودی لەقەڵەم دەدرێن، چونکە بە بەرجەستەکردنی هەست و سۆز و مەشاعیری شاعیر دادەنرێت" (گەردی، ٢٠٠٤، ٢٧٩).
ئەزموونی ناوەکی (تاکەکەسی) لە شیعری تازەدا یەکێکە لە نیشانەکانی تازەگەری و تازەخوازی و پێداگرتنە لەسەر شیعرییەت. گوزارەی ئەزموونی شیعریی ناوەکی واتای بایەخدانێکی پترە بەجیهانی ناوەوە، کە دنیای هەست و نەست و خولیاکانی مرۆڤە. ئەم ئەزموونە شیعرییە خودییە بیرکردنەوەیەکی سەختی شاعیرە، کە خۆی لە ناو چوارچێوەی خودێتیی شاعیر دەخەملێنێ و وێنەی ناوەوەی شاعیرەکە بە هەموو هەڵچوون و مەعریفە و خوێندنەوە و دنیابینییەکەیەوە بەرهەم دەهێنێت. لەم ڕووەوە بەو چەمکەی شیعر دەرهاویشتەی منی شاعیرە، هیچ شیعرێک لە دەرەوەی شاعیردا بوونی داهێنان ئامێزی خۆی نییە. کەواتە دەتوانین بڵێین شیعر وێناکردنی ناوەوەی شاعیرەو "لەم ئەزموونەدا شاعیر دان بە ڕاستیەکانی ڕۆح و نهێنیەکانی گەردووندا دەنێت و لەوێوە مامەڵە لەگەڵ هەست و سۆزەکانی دەکات" (عفيفي، ١٩٧٨، ٥٩). کەواتە پەیوەندیی شاعیرە بەناوەوەی خۆیەوە، کە لە خەون وخەیاڵ و یادەوەری و ئارەزووەکانی پێک دێت، پاشان لە ڕووی دەرەوەشدا مەستکردنی وشەی بە شیعر لێدەکەوێتەوە.

لە ئەزموونی خودیدا ئاڕاستەی نووسین لە ناوەوە بۆ دەرەوەیە، واتە خود لە دونیایەکی بەرتەسکی ناوەوەدایە، بینینێکی تاکڕەوانەی شاعیرە، دونیای سایکۆلۆژی یاخود بڵێین باری دەروونیی شاعیرە. هەر لەم روانگەوە (رینیە ویلک) پێی وایە ئەزموونی شیعری بریتییە لە "ئەزموونێکی مرۆڤایەتی، کە زیاتر لە شیعری لیریکیدا دەبینرێ، پڕە لە سۆزێکی ڕاستەقینەی خودی تاکە کەسی" (کریم، ٢٠٠٢، ٤٠). شیعری لیریکیش زیاتر لە شیعری شاعیرە ڕۆمانتیکیەکاندا دەبینرێ، کە زیاتر گرنگییان بە خەون و خەیاڵ و هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی مرۆڤ دەدا، بێگومان ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە باری دەروونی شاعیرەوە هەیە. (پیربال، ٢٠٠٩، ٧١)

جگە لەوەی باسکرا، دەکرێت بوترێت. "لە ئەزموونی خودیدا شاعیر کاتێک دەگاتە لوتکەی گەشەسەندن، کە لەداهێناندا سەربەست بێت و پابەندی دەستورو کلێشەی ئامادەکراو نەبێت، کە ئەمەش زیاتر لای شاعیرانی ڕۆمانسیی و شاعیرانی نوێدا بەدی دەکرێت" (حسێن، ٢٠٠٨، ٣١٤).

چونکە لە شیعری نوێدا شاعیر زیاتر سەربەستە لە دەربڕینی هەستی تاکەکەسی خۆی و خەیاڵ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دروستبوونی وێنەی شیعریداو گرنگییەکی زۆری پێدراوە. کەواتە لە شیعری نوێدا شاعیر ئازاد دەبێت لە کۆت و بەندی کێش و سەروای یەکگرتوو، بۆیە شاعیر پێویستە بۆ دەربڕینی ئەو بارە دەروونییەی پشت بە ئاوازی ناوەوەی شیعر ببەستێت، چونکە ئاوازی ناوەوە چاکترین ڕێگایە بۆ دەربڕینی ئەزموونە هەستییەکەی شاعیر و دەتوانێت لەرێگەی ئاوازی ناوەوە هەست و سۆز و ئەزموونەکانی دەرببڕێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ئاوازی ناوەوە هەستەکانی شاعیرە بەرامبەر بەپیت و وشە و دەستەواژە، بەواتایەکی تر هەستکردن بەئیستاتیکای زمان و بەهای دەنگی و ئاوێتە بوونی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو جۆرە مۆسیقایە پشت بە وێنەی کاتی تەفعیلەکان نابەستێت؛ هەر بۆیە شاعیران پەنایان بۆ داهێنانی مۆدێلە نوێیەکانی شیعر بردووە، کە بریتین لە شیعری سەربەست و پەخشانە شیعرو شیعری بێ سەرواو لە ڕێگەی ئەم مۆدیلانەوە و لە دنیایەکی دیاریکراوی شیعریدا ڕەهەندەکانی ئەزموونە شیعرییە خودییەکەی خۆیان نمایش دەکەن. گرنگترین ئەو ئەزموونە خودییانەش بریتین لە: نێرگسیەت، نۆستالیژیای تاکەکەسی، نامۆبوونی خودی، نامۆیی لە بوون، نامۆبوونی سۆزداری، چەمکی ژیان و مردن.

## ٢. ئەزموونی شیعریی دەرەکی (بابەتی):

ئەزموونی دەرەکی بریتییە لەو ئەزموونەی، کە مرۆڤ سەرچاوەکەی لە بابەتەکانی سروشت، ژینگە، باری کۆمەڵایەتی، باری ئابوری، لایەنی ڕامیاری، ڕووداوی مێژوویی، داب و نەریت و دەوروبەرەکەی وەردەگرێت. واتە مرۆڤ لە سەر بنەمای ڕەچاوکردنی ڕاستیەکان بڕیار دەدات، ئەم بڕیاردانەش پشت بە لۆژیک دەبەستێت. بە واتایەکی تر بابەتەکانی (مەعریفە) لە بنەڕەتدا بوونێکی فیزیکیی دەرەکییان هەیە، واتە لێرەدا عەقڵ دەتوانێت ڕاستی واقع لەخۆ بگرێت.

دەتوانین بڵێین سەرچاوەی دروستبوونی ئەزموونی دەرەکی لە واقعەوەیەو دوورە لە بڕیاردانی تاک لایەنی هەست و سۆزی ڕاستەوخۆی تاک، چونکە ئەو بابەتەی تاک ئەزموونی دەکات لەڕێگەی بینین یاخود بیستنەوە بەرکەوتنی هەبووە لەگەڵیدا، واتە بابەتەکان هی ناو واقیعن. پاڵنەرەکانی ئەمەش زیاتر دەرەکین و دەبنە هۆی جوڵاندنی هەست و سۆزی مرۆڤ و کاردانەوەی بۆ بابەتەکە.

ئەزموونی دەرەکی لای شاعیرانیش بریتییە لە گوزارشتکردن لە بابەتەکانی ناو کۆمەڵگا. بابەتەکانی ناو کۆمەڵگاش هەموو ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە، کە لە بەرهەمی مرۆڤایەتییەوە وەردەگیرێن، جگە لەو سەچاوە خودییانەش، کە پێشتر ئاماژەمان پێداون. لێرەوە دەتوانین بڵێین

له ئەزموونی دەرەکیدا شاعیر ڕەهەندە گشتییەکان وەردەگرێت و ئاڕاستەی نوسین لە دەرەوە بۆ ناوەوەیە، شـــاعیر پشـــت بەو ئەزموونانە دەبەســـتێت، کە ڕاســـتەوخۆ لە بابەتەکانی ناو کۆمەڵگاوە وەرییان دەگرێت و لە شـیعرەکانیدا ئەزموونی دەکات و وێنەی شـیعری جوانیان لێ دروست دەکات و شیعرێکی چێژداریان لێ دەخولقێنێت، وەک هۆراسیش دەڵێت: "پێویستە دەقی شیعری سوودبەخش و چێژدار بێت" (هۆراس، ١٩٧٩، ٧). بەپێی ئەم بۆچوونەی هۆراس، شاعیر پێویسـتە توانای بەرجەسـتەکردنی واقیعی هەبێت لە شـیعرەکانیدا. ئەو واقیعەش فرە ڕەهەندە و لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لە خۆ دەگرێت، کە بریتین لە لایەنەکانی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئابوری، ڕامیاری، ئاینی و..هتد. لەمیانەی کاردانەوەی شـــاعیریش بەرامبەر ئەم لایەنە جیاوازانە، دەتوانێت دەربڕین لە جۆرەها ئەزموونی بابەتی بکات، چونکە "شـــاعیر توانایەکی چاکی دەبێت، کە بە هاندەرە دەرەکییەکان کاریگەر بێت" (تشاردز، إ.إر، ١٩٦٣، ٣٢٩).

ئەو بابەتەی شاعیر باسی دەکات، تەنانەت ئەگەر بابەتێکی سادەش بێت، دەتوانێت ئەزموونێکی باش و ڕێکخراوی لێ بەرهەم بهێنێت، چونکە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تواناو ســـەلیقەی شـــاعیر لە وەرگرتنی هاندەرەکان بۆ جوڵاندنی هەست و سۆزی بەرامبەر بابەتەکە. ئەو بابەتانەی شـاعیر بۆ دارشـتنی ناوەڕۆک و دروسـتکردنی وێنە شـیعرییەکانی وەریان دەگرێت، بەپێی سـەردەم و بـارودۆخ و ڕێبـازە ئەدەبیەکـان گۆڕانیـان بە ســـەردا دێت. بۆ نموونە ئەو شـــاعیرانەی دەقە شـــیعرییەکانیان لە ســـەردەمی ڕێبازی کلاســـیزمدا بەرهەم هێناوە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەقە شیعرییەکانیان لە بازنەی(شـانازی و مەدح و سـتایش و ئاینی و دڵداری و... هتد) دەسـوڕێنەوە. لەڕووی وێنەی شـیعریشـــەوە زیاتر پەنایان بۆ ســـەرچاوەی ئاینی و ســـەرچاوەی مێژوویی و سـەرچاوەی ئەدەبیاتی دراوسـێ و ئەدەبیاتی خۆماڵی و سـەرچاوەی گشـتی مرۆڤایەتی بردووە. (حسێن، ٢٠٠٨، ١٣٣)، بەڵام لە شـیعری نوێداو لە سەردەمی ڕێبازێ ڕۆمانتیک و پاشان ڕێبازی ڕیالیزم و دواتریش، بیری هۆنراوەکان و ناوەڕۆکی دەقە شـیعرییەکان بریتی بوون لە گرنگیدان بە مرۆڤ، هەسـتی مرۆڤایەتی، شـارسـتانیەت، پێشـکەوتن، ئاوارەیی، نەسـرەوتن و بێ ئارامی، وەڕسـبوون و یاخی بوون، دەربڕینی ئێش و ئازار، نەخشـەکێشـانی ئاوات و ئامانج، هەڵڕشـتنی هەگبەی توڕەیی، مەســـەلەی بوون و نەبوون و ژیان و مردن. (حەســـەن، ٢٠٠١، ٩٩). بۆ وێنە شـیعرییەکانیشـیان سـودیان لە سـەرچاوەی نەتەوەیی وەرگرتووە، کە پێکدێت لە (سـەرچاوەی ئەدەبی پێشـــین و ســـەرچاوەی ئەدەبی هاوچەرخ و کەلەپوری میللی)،هەروەها ســـودیان لە ســـەرچـاوەی مرۆڤـایەتییش وەرگرتووە، کە ســـنوری نەتەوە دەبەزێنن و ئەمـانە دەگرنەوە:

(سەرچاوەی مێژوویی و سیاسی، ئەدەبیاتی دراوسێ و ئەدەبیاتی جیهان و ئاینی و سروشت و جوانی ئافرەت).

وێنەی شیعری بە شێوازێکی گشتی لە ئەزموونی دەرەکی شاعیراندا دەگەڕێتەوە بۆ نۆستالژیای گشتی یاخود کۆیی، چونکە ئەم جۆرە نۆستالژیایە گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ کۆمەڵێک بابەت و ڕووداوی گشتی و مێژوویی. گرنگترین بابەتەکانی نۆستالژیای گشتی بریتییە لە نۆستالۆژیای بیرەوەریی مێژوویی. ئەم جۆرە نۆستالژیایە بابەت گەلێکی وەکو شەڕو جەنگ و پەیماننامەکان و ڕووداوە سیاسی و ڕامیارییەکان و ...هتد دەگرێتەوە، کە بە سەر میللەت و نەتەوەکەدا هاتوون. هەروەها نۆستالیژیای نەتەوەیی گەڕانەوەیە بۆ ئەفسانە خۆماڵییەکان و هەندێک جاریش ئەفسانەی جیهانی و بیانی، یاخود باسکردن و گەڕانەوە بۆ شوێنەوارە دێرینەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی کۆن یاخود ئەو وشانەی لە کۆندا بەکارهاتوون و ئێستا بەکارنایەن، وەک ناوهێنانی کەرەستەو کەلەپووری کۆن و نۆستالیژیای ئاینی و کەسایەتییە ئاینیەکان؛ یاخود نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە نەتەوایەتیەکان ، کە ئێستا بوونەتە موڵک و میراتی نەتەوەیی، وەک شاعیرانی کۆن و سەرکردەی سیاسی و قارەمانەکانی جەنگ یاخود کەسایەتی شاعیرو نوسەرو هونەرمەندان. (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ٥٦-٦٠).

دەتوانین بڵێین ئەم ئەزموونی دەرەکییە لە شیعری شاعیراندا جیاوازە لە ئەزموونی خودی و ئەزموونی تێکەڵ، چونکە شاعیر ڕۆناچێتە ناو هەر بابەتێک، کە لە واقع وەریدەگرێت، بەڵکو تەنها دەیەوێت بەپێی ویست و بارودۆخی سەردەمەکەو بەپێی ئاگایی خۆی، بابەت و ڕووداوەکان نیشان بدات و نابنە بەشێک لە قوڵبوونەوەو بەدواداچونەکانی شاعیر.

### ٣. ئەزموونی شیعریی تێکەڵ (ناوەکی و دەرەکی):

بریتیە لەو ئەزموونە شیعرییە، کە تیایدا شاعیر هەست و سۆزەکانی ناخی خۆی تێکەڵ بابەتێک دەکات و لەناو نوسینەکانیدا دەبێت بە بەشێک لە ئاوات و خولیا و بەدواداچوونەکانی خۆی.

دەقی شیعری پێشینەیەکی قوڵی هەیە و لە سیاقە جۆراوجۆرەکانی وەک سروشت و کۆمەڵگەو باری ئابوری و ڕامیاری و مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێت. دواتر هەندێک لەو سەرچاوانە دەبنە پێکهاتەو بنیاتی دەقەکە و دەبنە پاڵنەرو جوڵێنەری هەست و سۆزی شاعیر. هەرلەم بارەیەوە (رولان بارت) لەسەر پێکهاتەی دەق دەڵێت: "پێکهاتەی دەق لە نوسراو و ڕۆشنبیریی جۆراوجۆرەوە سەرچاوە دەگرێت و بەیەکداچوونێکی دیالۆگییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە"(بنعبد،

١٩٨٦، ٧٨). کەواتە شتێکی سروشتییە دەقێکی هونەری پەیوەستبێت بەو بارودۆخ و ژینگەیەی تیایدا لەدایک دەبێت و ڕەهەندەکانی ئەو سەردەمە شوێنپێی خۆیان لەناو دەقەکەدا جێبهێڵن، چونکە شتێکی ئاساییە ئەگەر دەقێک ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆی بێت. ئەتوانین بڵێین لەم جۆرە ئەزموونەدا هیچ دەربڕینێک نییە پەیوەندی بەخودی شاعیر و ئەو سەردەم و بارودۆخەوە نەبێت، کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە. لەم ڕوانگەیەوە شیعری شاعیران دەچنە ئاستی پشتگیرییەوە، شاعیر دووردەکەوێتەوە لەبەرژەوەندیی تایبەتی خۆی و هەوڵدەدات پشتگیری لە ناوەڕۆکی سۆسیۆلۆژیانەی دەقەکەی خۆی بکات و لەهەمان کاتیشدا ئەم دەقانە لەپێناو تێکڕادا لە دایک دەبن.

ئەزموونی تێکەڵ داهێنان و نوێگەرییە، گەشتکردنێکی هزری و ڕۆحییەو قووڵبوونەوەیە بەناو سەردەمدا، هەڵوێستێکی نوێیە بەرامبەر پرسەکانی ژیان، هاوکات پەیوەندیەکی بەردەوامیشە لەگەڵ سەردەم و بارودۆخداو "بەو پێیەی دەقی شیعر کارێکی هونەرییە و لەساتێکی تایبەتەوە بەرهەم دێت و لە لوتکەی ناجێگیری و دەوڵەمەندیدایە، ئەم ساتەش ساتێکە لەگەڵ ساتی تردا تێکەڵ دەبێت " (الحلاق، ٢٠٠٢، ٥٢).

زۆربەی جار شاعیران ناتوانن خۆیان لە واقیع و دەوروبەر داببڕن، واقیع و ژینگەکەیان تێکەڵ بە هەست و سۆزەکانیان دەکەن و لە بەرهەمەکانیادا بەرجەستەیان دەکەن. هەر ئەم بەرجەستەکردنەش لە شاعیرانی میللەتانی دیکەو تەنانەت لە هاوخوێنەکانی خۆیشی جیای دەکاتەوە. ئەم جۆرە ئەزموونە لە پێویستیەوە هەڵقوڵاوە، ئەزموونێکی بەرهەستمان بۆ وێنا دەکات، جگە لەوەی دەقێکی خودگەرایشە، بەڵام خود هەروەک لووسیان گۆڵدمان دەڵێت: "لە کردەی مرۆییانەدا چین و توێژە، ڕەهەندی ئێمە هەڵدەگرێت لەبەرئەوەی هەستی کۆ لەناو هەستی تاکی هەر مرۆڤێکدا هەیە" (خشفە، ١٩٩٧، ٣٨). واتە ئەگەر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی بەتاک بدەین، ئەوا خودی تاک نوێنەرایەتی خودی گشتی دەکات. لەڕاستیشدا تاک پێکهاتووە لەتۆڕێکی پەیوەندی لە نێوان خود و بابەتدا. واتە ئاراستەی نووسین لە ناوەوە بۆ دەرەوەیە، بەپێچەوانەشەوە لە دەرەوەش دێتەوە بۆ ناوەوە. بۆیە لە ئەزموونی تێکەڵدا خود خۆی لە دنیایەکی بەرینتردا دەبینێتەوە و دیدەکانی خۆی تێکەڵ بە ڕەهەندە گشتییەکان دەکات.

## سەرچاوەکانی ئەزموونی تێکەڵ:

چەند سەرچاوەیەک هەن بۆ دروستبوونی ئەزموونی تێکەڵ لە شیعری شاعیراندا، گرنگترین ئەو سەرچاوانەش بریتین لە (بابەتی مێژوویی، بابەتی کۆمەڵایەتی، بابەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی، بابەتی سروشت).

### ١. بابەتی مێژوویی:

بریتییە لەو ئەزموونەی تیایدا شاعیران تێکەڵ بەبابەتە مێژووییەکان دەبن و دەیکەن بەبەشێک لەهەست و سۆزەکانیان و تێکەڵ بەهەڵچوونەکانی ناخی خۆیانی دەکەن. لێرەدا شاعیران توخمەکانی ئەزموونەکەیان لە مێژووەوە وەردەگرن، چونکە "مێژوو تۆمارێکی ڕووداوەکانە و پڕە لەهەواڵی گەل و نەتەوە و وڵات، کە لەنێو ڕابردوو و ئێستادا شاعیران ئەزموونەکەیانی لێوە بنیات دەنێن" (عفيفي، ١٩٧٨، ٨٣). مێژوو پڕە لە ڕووداوی جۆربەجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئەدەبی و هونەری، لێرەشدا شاعیران و ئەدیبان و نوسەران بەپێی پێویستیی دەقە شیعرییەکانیان توخمەکانی وەردەگرن و ئەزموونێکی شیعری لێوە بەرهەم دەهێنن. هەندێک جاریش ڕووداو یان کەسایەتییەکی مێژوویی دەبێتە سەرچاوە و هەوێنی دروستبوون و پێکهێنانی وێنەی شیعری (کریم، ٢٠٠٢، ٤٠).

بۆ نموونە (ئەحمەدی خانی) لەم پارچە شیعرەدا لەژێر پەردەی چیرۆکی مێژوویی دڵداری (مەم و زین)دا خەمی دڵی خۆی بەیان دەکات و سود لەو ڕووداوە مێژووییە وەردەگرێت، کە چیرۆکێکی خۆشەویستییەو هەست و سۆزی خۆی تێکەڵ دەکات و لەپشت ئەم چیرۆکەوە باسی خەمی دڵی خۆی دەکات، کە چەندە بەپەرۆشە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ. لەم داستانەدا (خانی) نەخشەی سیاسی و نەتەوایەتی دەکێشێت و بەرنامەی ڕزگاربوونی وڵاتی دارشتوەو لەژێر پەردەی (مەم و زین)دا ئەو پرسەی زیاتر بەفەلسەفی کردووە و تیایدا قووڵبووەتەوە و ئەقڵمەندانە هزری خۆی خستۆتەکار تا لەوە تێبگات بۆچی تائێستا گەلی کورد دەوڵەتی خۆی نییە؟ بۆچی ژێر دەستەن؟ هەر بۆیە دەڵێت:

ئەز مامە د حکمەتا خودێ دا
کورمانج د دەولەتا دنێ دا
ئایا بەچ وەچهێ مانە مەحرووم
بلجوملە ژ بۆچ وی بوونە مەحکووم (خانی، ٢٠٠٧، ١٨)

خانی لەم داستانەیدا دەیەوێت لەژێر پەردەی (مەم و زین)دا هەموو بیر و بۆچونە سیاسییەکانی خۆی بهێنێتە زمان هەربۆیە دەڵێت:

شەرحا غەمێ دڵ بکەم فەسانە
زینێ و مەمێ بکەم بەهانە
نەغمێ وە ژ پەردەیێ دەرینم
زینێ و مەمێ ژ نوو ڤەژینم (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٧، ١٨)

## ٢. بابەتی کۆمەڵایەتی:

بابەتی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی شـــاعیران و نوســـەران زیاتر لە بابەتەکانی تر پشـتی پێ دەبەسـتن و بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ توخمەکانی کۆمەڵگەو ژینگەی خۆماڵی خۆی یـان کۆمەڵگەی مرۆیی دەگرێتەوە، بەشـــێوەیەک شـــاعیر تیایدا گوێدەگرێت و دەخوێنێتەوە دەربـارەی بەســـەرهـاتەکـانی کۆمەڵگەکەی و تێبینیی بـارودۆخی کۆمەڵگەکەی دەکـات و تێکەڵ بەخۆشی یاخود خەم و ئازارەکانی دەبێت. پاشان بە پشتبەستن بەخەیاڵ و هەست و سۆزەکانی خۆی واقعی کۆمەڵگەکەی لە دەقە شیعرییەکانیدا دەخاتەڕوو (عفيفي، ١٩٧٨، ٧٥).

شاعیران لێرەدا لەڕێی شیعرەکانیانەوە وێنەی کۆمەڵگەی مرۆیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەکێشـن و هەوڵی پشـکنین و شـیکردنەوەی کاروبار و کێشـە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدەن. هەر لەم بارەیەوە ئەفلاتون بایەخێکی زۆری بە کێشـــەو بابەتە کۆمەڵایەتیەکان داوەو لە بەرهەمەکـانیـدا ئـامـاژەی بەچینـایەتی و لایەنی کۆمەڵایەتی کردووە و کـاریگەریی کۆمەڵگـاو بارودۆخی جوگرافی لەسـەر سیستمی کۆمەڵایەتی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. جگە لەمەش (ئەرســـتۆ) گرنگییەکی زۆری بەشـــیعری بابەتی داوە، بەتایبەتی ئەو شـــیعرانەی کە لەکار و کردەوەی مرۆڤەکان دەدوێن. کەواتە بابەتی کۆمەڵایەتی بەشێکە لە ئەزموونی شاعیر "بەرهەمی ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی ئەو کـاتە لەدایـک دەبێـت کە شـــاعیر هەســـت بە گیروگرفتەکـانی کۆمەڵگەکەی دەکات و تێکەڵ بەئێش و ئازاری ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی دەبێت، ســەرئەنجام وەک شـاعیرێک لەم ڕێگایەوە بێجگە لە دەرخسـتنی بەشـێک لە دەردەکانی کۆمەڵ چارەسـەریشـی بۆ دەدۆزێتەوە" (تۆفيق، ١٩٧٨، ١٧٠).

لەناو جیهانی شــیعر و ئەدەبیاتی کوردیشــدا، قانع یەکێکە لەو شــاعیرانەی هەمیشــە بەرهەمە شـــیعرییەکانی ڕەنگڕێژ و ڕەنگدەرەوەی ڕەهەندی دواکەوتویی و ژێردەســـتەیی کۆمەڵگەکەی بووە، هەمیشـــە بەهەســـت و ســـۆزی خۆی شـــیعرەکانی دەکاتە ڕەهەندی بەرەنگاری ئاغاو

دەرەبەگەکان و دەنگی خۆی خستوەتە پاڵ دەنگی چینی جوتیارو چەوساوەکان. قانع لە پارچە شیعرێکیدا ڕوودەکاتە (ساڵح جەبر)و دەڵێت:

ئەی دووژمنی گەل! تاجری شەڕ! جەبری ستەمکار!
ئەی میر دەزمەی شانی هەموو ڕەنجەرو جوتیار !
ئەی بێ بەزەیی ! چەمشەیی ئیفاد و خەیانەت !
ناپاکی بەبێ ڕەحم و ، جەفاکردەو خوێن خۆر! (قانع، ١٩٧٢، ٢٠)

لێرەدا شاعیر باسی نۆکەرایەتی ئەو کەسایەتییە دەکات بۆ بێگانە، کە بووەتە هۆی دەرد و مەینەتی بۆ گەل و نەتەوەکەی و بەهەدەردانی ڕەنج و بەرهەمی جوتیاران و بەتاڵانبردنی سەر و ماڵی گەلی کورد لەپێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی.

### ٣. بابەتی سروشت:

سروشت وەک بابەتێکی سەرەکی هەمیشە ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە لە ئەزموونی شیعری شاعیراندا. شاعیران بە دنیابینیی شیعرییانەوە لە جیهانی ئەدەبیات و گوتاری شیعرییاندا ئاماژەیان بە توخم و ڕەگەزەکانی سروشت کردووە. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەخشندەیی سروشت لە پەخشکردنی دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانیدا، هەروەها کەم و زۆر چنینی ئەو دیمەنە سەرنجڕاکێشانەی سروشت پەیوەستە بە لێهاتوویی و هەست و سۆزو هەڵچوونەکانی شاعیرو خواستی ئەو سەردەمە. هەر بۆیە ئەدیبان و شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان هەریەکەیان بە شێوازی تایبەتی خۆیان هەوڵی لێکدانەوەو شیکردنەوەی سروشتیان داوە. کەواتە شاعیران لە سروشتدا بەدوای شتی وردو نهێنیدا دەگەڕێن و لە کلاوڕۆژنەی بیرو هەست و هۆش و زەروریەتی سەردەمەکەوە دەڕواننە سروشت وەک هۆکارێک بۆ گوزارشت لە خەمی تاکەکەسیی خودی شاعیر یان نەتەوەکەی و مرۆڤایەتی، بە گشتی بەلای ئەرستۆوە "جوانی سروشت بەهای تایبەتی خۆی هەیە دەتوانێ بەهۆی جوانی و کاریگەری پێکهاتەکانیەوە، کاری خۆی لە هزروو داهێنانەکانی نوسەران و شاعیراندا بکات" (ئیسماعیل، ٢٠٠٨، ٦). شاعیرانیش لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە دووبارە کەرەستەکانی ناو سروشت بەکار دەهێننەوەو لە ڕێگەی بنیاتەکانی وێنەی شیعرییەوە هەڵدەستێت بە دووبارەکردنەوەی کەرەستەکانی ناو سروشت، لە بەکارهێنانی ئاوازی ناوەوەو دەرەوەی شیعر، کە خۆی لە ڕیتم و مۆسیقاو کێش و سەروا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و چنینی وشەکان دەبینێتەوە. بێگومان ئەمەش فۆڕمێکی ئیستاتیکیی جوان بە کەرەستەکانی نێو سروشت دەبەخشێت، بەمەش لاسایکردنەوەی سروشت و کەرەستەکانی نێو سروشت بەهادارتر دەکات و

دووردەکەوێتەوە لە لاسـایکردنەوەی ڕووتی سـروشـت. بۆ نموونە نالی لەم پارچە شـیعرەیدا وەسفی جوانی سروشت دەکات و دەڵێت:

گەرمی و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە
پشکۆی گوڵ ئاتەشین بە نەسیم بو گەشایەوە
لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ
ناوی کەپر خەڵوزە، بە شەبنم گەشایاوە
گوڵ زاری وا، کە هەرچی دەمێکی بو پێکەنی
خونچە گەشا کە یەعنی گرێی دڵ کرایەوە (نالی، ١٩٧٦، ٥٤٨)

ئەگەر سەیری ئەم پارچە شیعرەی نالی بکەین، دەبینین لە ڕێگەی وەسفکردنی وەرزی بەهارەوە باسـی سـروشـت دەکات و بەپێی پێویسـتییە دەروونییەکانی خۆی و لاسـاییکردنەوەی دیاردەو دیمەنەکانی سروشت و کەرەستەکان، بابەت و وێنەو تابلۆی جوانی بەرهەمهێناوەو لە ئەنجامدا وێنەیەکی نوێ لە هەناوی شتەکاندا دەدۆزێتەوەو داهێنانی لێدەکەوێتەوە.

## ٤. بابەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی:

بـابەتی نەتەوەیی و نیشـــتیمـانی پـانتـاییەکی بەرفراوانی لە ئەزموونی شـــیعریی شـــاعیراندا داگیرکردووەو تیایدا شـاعیران سـۆزو خۆشـەویستی خۆیان بۆ خاک و وڵات دەخەنەڕوو، باسی ئێش و ئـازارو خەبـاتی نەتەوەکەیـان دەکەن بۆ ڕزگـاربوونیـان لە زەبرو سـتەم لە پێنـاو بەدەسـتهێنانی ئاوات و ئامـانجەکانیان. لە ڕاسـتیشـدا پەیوەندیی مرۆڤ بە نیشـتمانەوە پەیوەندییەکی گیانییەو لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی خۆڕسکە، چونکە شاعیر بە بارودۆخ و کات و شـوێن و دەوروبەرەکەی کاریگەر دەبێت. بۆیە شـاعیران لە ڕێگەی شـیعرەکانیانەوە ئاوێتەی هەستی نەتەوەیی و بەرگریکردن لە خاک و نیشتمان دەبن لە پێناو بەدیهێنانی هیوای گەلەکەیاندا. دیارترین ئەو شاعیرانەی کە ئەزموونێکی قوڵیان هەیە لە بواری شیعری نیشتیمانی و نەتەوەییدا بریتین لە: (حاجی قادری کۆیی، ئەحمەدی خانی، خانای قوبادی، سالم و شێرکۆ بێکەس،... تاد).
هەر لەبەر گرنگی و ئەو ڕۆڵە مەزنەی کە خۆشەویستی خاک و نیشتیمان دروستیکردووە لە ناو دڵ و دەروونی ئادەمیزاددا، بیری نەتەوایەتی و خۆشـەویسـتی نیشـتیمان لە گەشـەسـەندن و پەرەپێدانی بەردەوامدا بووە، شـاعیرانیش ئەم ڕۆڵە مەزنەی نیشـتمـان و خـاکی پیرۆزیـان پەرەپێداوەو ڕەنگرێژی دەقە شـیعریەکانیان بووە و بەپێی بارودۆخ و سـەردەم لە ناو دەقە شـیعرییەکانیاندا گرنگییان بەم بابەتە داوە. ئەم بابەتە لە ئەدەبی کوردیشـدا ئەو شـیعرانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تایبەتیان کردووە بە بابەتی سـیاسـی و حوکمڕانی. لەبەر

ئەوەی کورد خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ نەبووە، شاعیرانیش لەم بارەیەوە هەست و سـۆزەکانیان تێکەڵی ئەم واقیعە تاڵە کردووە و کەمتەرخەم نەبوون و ئاوڕیان لە خاک و نیشتیمانەکەیان داوەتەوە و دەنگی خۆیان خستوەتە پاڵ دەنگی گەل و نەتەوەکەیان. لەم بوارەدا حاجی قادری کۆیی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دەورێکی باڵای هەبووە لەو مەیدانەدا و ڕێچکەو ڕێبازێکی تازەی لە دونیای شـیعری کوردیدا خوڵقاندوەو ئەزموونێکی تازەی بەرهەم هێناوەو ناوەڕۆکی سـیاسـیی تۆخترو چڕتر کردووەتەوە. هەرچەندە سـەدەیەک پێش ئەو ئەحمەدی خانی و خانای قوبادیش ئەم مەسـەلانەیان وروژاندووە، بەڵام لە سـەردەمی حاجی قادری کۆییدا دەچێتە ئاسـتێکی نوێ و گەشـاوەتر، ئەمەش لەوێوەیە حاجی قادری کۆیی "بە هەستێکی نوێ و گیانێکی نەتەوایەتی قوڵەوە هاتە مەیدانی شیعر نوسین و شیعری وەک چەک بەکارهێنا بۆ خەباتی سیاسی و هۆشیارکردنەوەی خەڵک" (سەلام، ١٩٩٦، ١٢). بۆیە ئاسۆیەکی تری بەم بوارە بەخشیوەو بووەتە مامۆستای قوتابخانەی شیعری نەتەوایەتی کوردی. (حاجی قادر) هەستێکی نەتەوایەتی پیرۆز و خۆشەویستیەکی بەسۆزی بۆ نیشتمان و گەلەکەی هەبووە، ئەو هەست و خۆشـەویسـتییەی بوون بەسـەرچاوەی نوسـینی ئەو شـیعرانەی گوزارشـت لەم بابەتە دەکەن.

(حاجی قادر) لەم پارچە شیعرەیدا بە هەستێکی نەتەوایەتی بەرزەوە ڕوودەکاتە گەل و نەتەوەی کورد و دەڵێت:

لە دەشت و دێی ویلایەت ببنە ئەحباب
وەکوشەخسێکی واحیدن لەهەر باب
لەمەولا پاکتان بـا بێنە سەر وەی
لە بۆتان تا بەبان و سەرحەدی ڕەی
هەمووتان ببنە یەک دەستوورو نوسین
جل و بەرگ و زوبان و ڕەسم و ئایین (حاجی قادر، ١٩٨٦، ٢٩)

لەم پارچە شیعرەدا دەکەوێت، کە حاجی قادر چەند پەرۆشی گەل و نیشتمانە کەیەتی زۆر بە دڵسـۆزانە داوای یەکگرتن و ڕێک کەوتنی ڕۆڵەکانی هەموو تیرە و هۆزەکانی میللەتی کورد دەکات لە هەر چوار پارچەی کوردستان، تا وەک هێزێکی گەورەو کاری گەر بەرامبەر داواکردنی مافە ڕەواکانیان بوەستن و بەرپەرچی دوژمنانی گەل و نیشتیمان بدەنەوە.

## پاری دووەم// ئەزموونی شیعریی (محەمەد عومەر عوسمان).

لە ئەزموونی شیعری کوردیدا لە هەر سەردەمێکدا لە سەردەمەکانی (کلاسیک و پاش کلاسیک و شیعری نوێ و مۆدێرن)دا وەک شێوە و فۆڕم بازنەیەک بە سەر شیعری کوردیدا زاڵبووە، بەڵام هەندێک شـــاعیر هەبوون لە ســـەردەمەکەیاندا توانیویانە لە نێو ئەو بازنانەدا جیاوازی بەرهەمبهێنن. بۆ نموونە لە "ســەردەمی کلاسـیکدا نالی و مەحوی دوای ئەوانیش شـێخ ڕەزای تاڵەبانی و حاجی قادری کۆیی توانیویانە هەر لەناو ئەو بازنەیەدا جیاوازی بەرهەمبهێنن. بە دەوری شـــیعری کلاســـیکی کوردیدا. بەس ئەمە مانای ئەوە نییە قۆناغە شـــیعرییەکەیان لە فۆڕمێکەوە بۆ فۆڕمێکی تربردبێت، وەک ئەوەی گۆرانی شـــاعیر کردی" (پاڵەوان، ٢٠١٠، ٣٣). گۆرانی شاعیر و هاوڕێکانی بەتایبەتی گۆرانی شاعیر یەکێک بوو لەو شاعیرە بە توانایانەی کە توانیویەتی بازنەیەکی نوێ و جیاوازی بە دەوری شـــیعرەکانی شـــاعیران و ســـەردەمی خۆی دروســـتبکات. پاشـــان(محەمەد صـــالح دیلان وکامەران)ی شـــاعیریش توانیویانە جیاوازی بەرهەمبهێنن و لە نێو ئەوبازنەیەدا ببنە ئەڵقەی پەیوەندی لەنێوان کۆن و نوێدا. دوای ئەوانیش شـــاعیرانی(گروپی کفری و گروپی ڕوانگە)، هەوڵی نوێگەری و دروســـتکردنی جیاوازییان داوە لەناو ئەو بازنەیەدا.

قســەکردن لە قۆناغی دوای گروپی کفری و گروپی ڕوانگە، قســەکردنە لە ســەر نەوەی ســاڵانی هەشــتاکان و دوای هەشــتاکانی شــیعری کوردی، هەروەها قســەکردنیشــە لە ســەر شــێوەو نووســینی شــیعر، کە دەکەوێتە دەرەوەی گروپی (ڕوانگەو کفری)یەکێک لەو شــاعیرانە (محەمەد عومەر عوســـمان)ە، کە خاوەنی دەنگێکی تایبەت بە خۆیەتی چ لە شـــێوازی شـــیعریدا چ لە جیهانبینی شـــیعریدابێت. لە ناوبازنە نوێی شـــیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا. ئەم شـــاعیرە هەر لە ســەرەتای ئەزموونی شــیعر نوســینیەوە شــێوازێکی تایبەت بە خۆی دروســتکردووە و ئەزموونە شـــیعرییەکەی تاڕادە یەکی بـاش دەنگدانەوەی هەبووە لەنێو شـــیعرو ئەدەبیـاتی کوردیـدا. سەرچاوەی شیعرەکانیشی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندەو ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانبینییە تایبەتەی شاعیر هەیبووە. شاعیر ئەم جیهانبینییە تایبەتەی خۆی تێکەڵ بە سروشت کردووەو سروشت لای شاعیر جگە لە سەرچاوەی جوانی بەخشین، تێکەڵ بە پرسە نەمرەکانی مرۆڤ و بوون و گەردوون کراوە. ئەزموونی ئەم شاعیرە سەبارەت بە بیرکردنەوە لە مەسەلەی بوون لەنێو دەقە شـیعرییەکانیدا ئەزموونێکی قوڵەو ڕووکەشـانە نییە، چونکە لە ڕووی بیرکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە مرۆڤێکی قووڵناسە.

محەمەد عومەر لەو ڕوانگەیەوە کار دەکات، کە چۆن باوەش بۆ کۆی مرۆڤەکانی دنیای خۆی بکاتەوەو لە ژێر دەوارێکی پڕ لە دڵنیاییدا کۆیان بکاتەوە. هەندێکجار بە هەناسەیەکی ڕۆمانسییانە ڕوانیویەتییە دیاردەکانی سروشت، بەڵام "ڕۆمانسیەتەکەی ڕووەو زاتیەتێکی ڕووت نەڕۆیشتووە، سۆزو عاتفیەکەشی عاتیفەکی ڕووت نییە، چونکە ئەم شاعیرە ئەوەندەی هەوڵی داوە گۆشە تاریکەکانی خود بدۆزێتەوە، کە هەنگاوی یەکەمە بۆ دۆزینەوەی گۆشەکانی کەون، ئەوەندەش ڕووناکی خستۆتە سەر گۆشە تاریکەکانی دەرەوەی خۆی،سەلماندویەتی کە ئەو گۆشانەش شایەنی ڕووبەڕووبونەوەو لێوردبوونەوەن" (عبدالواحد، ١٩٨٩، ٧٠).

ئەم شاعیرە تێڕوانینێکی بوونخوازی و فەلسەفییانەی هەبووە بۆ بوون و گەردوون و بە سۆزێکی ئەنتۆلۆجیانە دەڕوانێتە بوونی مرۆڤ لە نێو سروشتدا. واتە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤەوە دەست پێدەکات بەرەو گەردوون. لە خودەوە دەست پێدەکات نەک لە بابەتەوە، کە ئەمەش بە مانای گرنگیدانی شاعیر دێت بە هەست و سۆز، بە ترس و ئازار، بە خۆشی و ناخۆشی و ڕەشبینی و گەشبینیەکانی مرۆڤ. ئەم شاعیرە ڕاستگۆیانە لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەدوێت، بە وتەی ئاینە جیاوازەکانیش ناتوانێت شادبێت، ژینی یەکسانی و شۆڕشی ڕزگاری ناکاتە خولیای هیچ کەسێکەوە. بەڵێنی داهاتویەکی شایەن بە مرۆڤیش لە هیچ شوێنێکەوە نابینێت تا بیبەخشێتەوە. بۆچوون و شیعرەکانی ئەم شاعیرە لە بەردەم دووڕیانێکدان، کە پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەنیاو کۆڵەوارە، هەڵگری چەمک و چارەنوسی خودییە، هەر لەدایک بوونەوە وەک خودێک لەناو بەدبەختیدا دەمێنێتەوە و دواجاریش وەک خودێکی تەنها بەرەو مردن دەڕوات. لە ڕوانگەیەکی تریشەوە مرۆڤایەتی هەموو پێکەوە دەژین و لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدا پێکەوە گرێ دراون، ئەم کۆبوونەوەیە چارەنوسی مرۆڤەو ناتوانێ لێی هەڵبێت. هەر لەم ڕووەوە عەتا قەرەداغی دەڵێت: "ئەزموونی ئەم شاعیرە لە سەر بنەمای هەستکردن بە مەسەلەی ئینسانیە قووڵەکان و مەسەلەی بوون و ململانێی نێوان مەرگ و ژیان بنیادنراوە " (قەرەداخی، ٢٠٠١، ١٦٤).

کاتێک لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەم شاعیرە دەستی بە شیعر نوسین کردووە، جیاواز لە هاوڕێ شاعیرەکانی تری، خۆی بەدوور گرتووە لە دارشتنی شیعری نیشتیمانی و بەرگریکردن. لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا ڕۆحێکی تەنها و لێوان لێو لە غوربەت و سەراب، مرۆڤێکی نامۆ بە ژیان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بەدی دەکرێت، کە ئەمەش جیاوازییەکە (محەمەد عومەرعوسمان) لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە. ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەم و بارودۆخەی شاعیر دیوانە تاقانەکەی تێدا بەرهەمهێناوە، چونکە

ئەو کات کوردستان لە قەیرانێکی سیاسیدا بووە و ڕژێمی بەعس گەمارۆی کوردستانی دابوو، دەنگی تۆپ و دەبابەو زرێپۆش لە هەموو قوژبنێکی کوردستاندا دەبیسترا. هەربۆیە زۆربەی شاعیرانی کورد لەو سەردەمەدا بە شیعرەکانیان نەهامەتییەکانی ئەو سەردەمەیان دەلاواندەوە، ئومێدی سەرکەوتنیان دەبەخشیەوە، بەڵام لەو کاتەدا محەمەد عومەر، وەڵامێکی تری بۆ شیعری خوی دۆزیوەتەوە، کە تێیدا گویَ بۆ دەنگی خۆی دەگرێت و بە هەناسەی ساردی خۆی دەنووسێت.

هەر لەم بارەیەوە شێرکۆ بێکەس دەڵێت: "شیعرەکانی شیعری پایزەین و لەئێوارانی پڕ ئەفسونی سروشت دەچن و دەنگی زوڵاڵ دەنگی تۆپ و تەیارە و ڕاجیمەکانی ئەو سەردەمە نییە ،بەڵکو دەنگی درەختێک یان مووسەی پەلکە گیایەک، یان شەقەی باڵی مەلێکی پایزەییە. دیوانی لە (غوربەتا)ی شاعیر ئەم لەهەوێنەکانی شیعرە... لەدرێژدادڕی قفڵی دەستکرد ڕزگار بووە و لەیاریکردنی هەرەمەکی بە وشەکان دوورە"(بێکەس، ٢٠١٩ https://youtube.com/watch?v=ik- )

شیعرەکانی ئەم شاعیرە ئەگەرچی لە ڕووی روخسارەوە فۆرمێکی تەقلیدییان هەیەو زۆربەیان لەسەر شێوازی (چوارین) و داڕێژراون، بەڵام ئەم شاعیرە توانیویەتی بەوپەڕی لێهاتووییەوە لە نێو ئەو(چوارین) تەقلیدیانەشدا جێگایەک بۆ ئەم تایبەمەندییەی خۆی بکاتەوە و بتوانێت تاڕادەیەک بەخۆی لێوە بەرهەم بێنێت. سەرجەم شیعرەکانی دیوانی (لەغوربەتا) بەهەردوو کێشی چوار برگەیی و چەند جارەیان یان پێنج برگەیی و چەند جارەیان نوسراون. لە زۆر بەی شیعرەکانیدا ئەم دوو کێشە بەیەکەوە بەکاردەهێنێت و هەندێک جاریش بەتەواوەتی تێکەڵ دەبن و ئەمەش وەک دیاردە تاڕادەیەک لای (محەمەد عومەر) بەدی دەکرێت. لەبەرئەوەی ئەم دوو کێشە بنەمای دروستبوونی ریتمیان جیاوازە لەیەکتری و هیچ هارمۆنییەتێک لەنێوانیاندا نییە، بۆیە کاتێک پێکەوە بەکاردێن، شپرزەییەک لەشیعردا دروست دەکەن و تاڕادەیەکیش خوێنەر توشی حاڵەتێکی نائارامی دەکەن. لەوە ئەچێت هۆکاری ئەمەش ئەوە بێت، شاعیر ویستبێتی توانای خۆی لەپێکەوە گرێدانی ئەم دووکێشەدا بخاتەڕوو، یان لەوە دەچێت پەیوەندیی بە نائارامیی ڕۆحی شاعیرەوە هەبێت و شپرزەیی ناو ئەو کێشانە لە شپرزەیی ڕۆحی شاعیرەوە هاتبێت. ئەمەش لەوێوەیە، کە ئەتوانێت باشتر حاڵەتی ڕۆحی شاعیر بگوازێتەوە. هەر لەم ڕووەوە ئازاد عبدالواحید دەڵێت: "ڕەنگە شاعیر ویستبێتی بیسەلمێنیَ کە لەبەرامبەر کێش و قافیەدا جۆش دانامێنیَ و دەتوانیَ بەسەریدا زاڵبێت و بەخوری و ڕەوانی بێتە دەستیەوە" (عبدالواحد، ١٩٨٩، ٧٣).

لە ڕووی سـەرواشـەوە شیعرەکانی ئەم شـاعیرە چەند تایبەتمەندییەکی گرنگیان تێدایە، ئەوانیش بریتین لەوەی ســـەروا (مۆســـیقا)ی دەرەوە (ســـەروای ئاســـایی و ســـەروای واتایی) و سـەروا(مۆسـیقا)ی ناوەوە، بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی خۆی لەسـەروای سـواو ڕزگار بکات. ئێمە هەوڵدەدەین ئەم بـابەتە لەبەشـــی ســـێیەمی توێژینەوەکەمـاندا زیـاتر گرنگی و ڕونکردنەوەی پێدەدەین. هەروەها لەڕووی زمانیشـــەوە بە زمانێکی ســـادەو کوردییەکی پەتی دەنوســـێت و لە دیوانە شـــیعرییەکەیدازیاتر گرنگیی بە پەیوەندیی نێوان زمان و بابەت داوە. لای شـــاعیر زمان هەم ئامڕازێک بووە بۆ دەربڕینی بابەت، هەم ئامڕازێکیش بووە بۆ دروستبوونی وێنەی شیعری. لەڕێی زمانەوە توانیویەتی شیعرییەت بەدیبهێنێت و لەڕێی میتافۆڕیشەوە زمانەکەی چڕدەکاتەوە و لەناو سروشتی وەرزی پایزدا دەیان ماناو دەلالەت بە وشەکانی دەبەخشێت و وێنەی شیعریی جوانیان پێ دروست دەکات.

کەواتە لە کۆی ئەو بۆچوونانەی لە ســـەرەوە ئاماژەمان پێدان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە شـــاعیر توانیویەتی تاڕادەیەک شێوازێکی تایبەت بۆ ئەزموونە شیعرییەکەی خۆی دیاری بکات، لەناو ئەو بازنەیەدا، کە لەو ماوەیەدا بە دەوری ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعری کوردیدا کێشرابوو شاعیران پێوەی پابەند بوون. لێرەدا شـاعیر مەبەسـتی هێنانی شـێواز و بیری نوێ بووە بۆ نێو شـیعری کوردی و ئامانجی ســـەرەکیی کردنەبەری نوێگەری بووە بەنێو گیانی شـــیعری کوردیدا و لەم بوارەدا توانیویشـــیەتی تاڕادەیەکی ســـەرکەوتوو بێت. ئەمەش یەکێکە لەو ســـیفاتانەی محەمەد عومەر جیا دەکاتەوە لە شـــاعیران و نەوەکانی ســـەردەمی خۆی، چونکە توانیویەتی بە دیوانە بچووکە کەی (لە غوربەتا) شـــێوازێکی تایبەت بە خۆی لە ئەدەبی کوردیدا دروســـت بکات، لە ڕووی بەرهەم هێنانی شیعرەوە، بەمەش ئەزموونە شێعریەکەی و دەنگ و سەدای خۆی هەبووە لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا.

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت ئەزموونی ئەم شـاعیرە بەشـێوەیەکی گشـتی لە سـێ چەمک و جۆری ئەزمـوونی شـــیعریـدا کۆبکەینەوە، کەبریتین لە: ئەزموونی خودی و ئەزموونی دەرەکی و ئەزموونی تێکەڵ (خودی و دەرەکی) لە شیعرەکانیدا.

### ١. ئەزموونی خودی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

محەمەد عومەری ناسـراو بە ژەنەڕاڵی پایز، یەکێکە لە شـاعیرە هاوچەرخەکان، کە لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای ساڵانی هەشتاکان دەستی بە شیعر نووسین کردووە و خاوەنی ئەزموونێکی خودیی تایبەت بەخۆیەتی. بەشـێکی زۆری بەرهەمە شـیعرییەکانی ناو دیوانە تاقانەکەی (لە غوربەتا) ئەزموونی خودین و تایبەتن بە دنیابینی و تێڕوانینی شـاعیر خۆیەوە، "ڕاسـتە شـاعیر لە هەسـت و نەسـتی خۆیەوە دەسـتپێدەکات، بەڵام ئەو هەسـتە هەسـتێکی مرۆڤانەیەو لەزۆر کەسی دیدا بەدیدەکرێت" (عبدالواحد، ١٩٨٩، ٦٩).

ئەزموونی نوسینی شیعرە خودییەکانی ئەم شاعیرە لە چاو ئەزموونی دەرەکیدا زیاترن. ئەمەش بۆ شاعیر و ئەو توانایەی لەو ئەزموونەدا هەیەتی شتێکی ئاساییە، چونکە شاعیر گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری بە هەسـت و نەسـت و هەڵچوونە تایبەتەکانی ناخی خۆی داوە و بە تەواوەتی گوزارشت لە حاڵەتی خودی و بوونی خۆی دەکات. "ناوەڕۆکی شیعرەکانی بابەتی ڕاستەقینەی شیعرین" (سەرچاوە پێشوو، ٦٩). کە تیایاندا سەرقاڵە بە خۆدواندن و نائومێدبوون لە ژیان و ڕەشـبینی و هەسـتکردن بە غوربەتێکی قووڵ لە ناخی خۆیدا. ئەمەش لە ئەنجامی ئەزموونێکی قووڵ و چڕی ڕۆحییەوە دروسـت بووە. ئەزموونی ڕۆحی و هەسـتی ئەم شـاعیرە هەسـتێکی ڕەسـەنە لەئامادە بوون و لەبووندا. سـەرچاوەی سـەرجەم ئەمانەش ئەگەڕێتەوە بۆ عیشـقێکی ناکام لە ژیانی شـاعیردا، کە خۆی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "عاشـق بوون شـتێکی گەورەیە، تێکشـکاندنیش لە عەشـقا کارەسـاتێکی گەورەیە، زۆر جار تۆ بەسـەر حاڵەتێکدا دەکەویت جا لە سروشتدا بێت یان لەدەوروبەردا، ئەمە بۆخۆی تایبەتمەندی وەردەگرێت. من لەسەرەتادا کچێکم خۆشـویسـتوە. چاوەکانی وەک گەڵا وابووە چاوەکانیم بە دوو گەڵای پایز چواندووە قژی زەرد بووە. سەرئەنجام ئەمەش وای لە من کردووە کە من بەرەو ئەو دنیایە و ئەو جۆرە مامەڵەکردنە بەرێ لەگەڵ شـیعردا، کە دواجار دەیان دەلالەت و شـێوازی جیا جیا دەگرێتە خۆی. ئەمە وای کردووە کەسـانێکی زۆر من بە شـاعیری پایزو گەڵاڕێزان بچوێنن. من ناڵێم ناسـینی کچێک بچووکە، بەڵام جاری وایە لە ڕووداوێکی لەو شێوەیەوە تۆ سەرچاوە دەگریت لە سادەییەوە بۆ قووڵبوونەوە" (عوسـمان، ٢٠٠٧، ٨). دواجار عەشـقی ئەم کچە پایزەیە بۆی دەبێتە ڕووبارێک و لەگەڵ خۆیدا دەیبات و سـەری دەکێشـێ بەدەیان و سـەدان تاشـەبەرداو لەکوچەو کۆلانەکانی پایزدا بەسەرسامی و سەرگەردانییەوە لەنێو ئەو سروشتەدا جێی دەهێڵێت. سەرئەنجام هەموو ئەمانە بۆی دەبنە ڕەهەندێکی جیاواز و جیهانبینیەکەی لێوە بنیاتدەنێت و دەبێتە ئەزموونێکی

جیاواز بۆی و لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی جیاوازی لە نێوان خۆی و شاعیرانی سەردەمی خۆیدا دروست بکات.

لێرەوە دەتوانین بڵێین دیوانی (لە غوربەتدا) پانتاییەکی تایبەت و جیاوازی لە شیعری نوێ و ئەدەبیاتی کوردیدا وەرگرتووە. شاعیر بە شێواز و جیهانبینییە تایبەتییەکەیەوە لە ساڵانی هەشتاکاندا گەورەترین سەرکێشیی لە شیعر و ئەدەبییانی کوردیدا خوڵقاندووە، چونکە لەو سەردەمەدا بەشی هەرە زۆری شاعیران خەریکی نووسینی شیعری حەماسی بوون، باسی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشیان دەکرد، خەریکی بەرهەمهێنانی شیعری ئومێدبەخش بوون، بەڵام ئەم شاعیرە بیر و بۆچوون و هەستەکانی لە چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرام و ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودا لە قاڵب نەداوەو نەچووەتە ژێر ئەو بارەی سەردەمەکەیەوەو دەڵێت: "ناتوانم لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودا کە چوارچێوەیەکی سنورداری هەیە خۆم دیل بکەم، چونکە من پێم وایە شاعیر و هزری شاعیر باوەش بە هەموو گەردوون و مرۆڤایەتیدا دەکات. شاعیری بەمانای شاعیریش ناتوانیت بیر و بۆچوونەکانی لە چوارچێوەی پەیرەو پرۆگرامی ئایدۆلۆژیادا لە قالْپ بدات (بۆدلێر)ی شاعیری گەورەی فەرەنسیش دەڵێت: ( بلیمەتی گەڕانەوەیە بە دەستی ئەنقەست بۆمناڵی)منیش ناتوانم لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەکدا کە ئامانجێکی سنورداری هەیە خۆم دیل بکەم" (عوسمان، ٢٠٠٤، ١٢).

وەک لە شیعرەکانیدا دیارە لەو سەردەمەدا (محەمەد عومەرعوسمان) لە جیاتی شیعری ئومێدبەخشین و هەڵسانەوە لە نائومێدی، شیعرەکانی لێوان لێو بوون لە ڕەشبینی و ڕەنگدانەوەی مەرگ، ڕۆحێکی غەمبارو تەنهایی هەوێنی شیعرەکانی بوون. کەواتە "محەمەد عومەر، بە درێژایی ئەزموونە شیعرییەکەی خۆی هەمیشەو بەردەوام خەریکی بەرهەمهێنانی شیعریەت بوو لە تراژیدیادا گوتاری شیعری ئەو گوتاری تراجیدیاو جیهان بینی ئەو جیهان بینینێکی تراژیدییە" (کوردۆ، ٢٠٠٨، ١٢).

لەم ئەزموونە شیعرییەی محەمەد عومەردا، هەست بە مرۆڤێک دەکەین بەردەوام لە ژیانی خۆی هەڵدێت، هەر بۆیە کاتێک شیعرەکانی دەخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت ئەو لە ناو سروشت و وەرزی پاییزدا بەدوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێت. لێرەوە شاعیر خەمەکانی دەگۆڕێت بۆ تابلۆیەک لە نێو سروشتی ئەم وەرزەدا، لەپاییزدا جارێک دەبێ بە هەور جارێک دەبێت بە باران و دەبارێت، هەربۆیە دنیای واقیعیی محەمەد عومەر، خۆی و دنیای نێو شیعرەکانیشی دوو دنیای تراژیدیین، ڕاستە لە هەردووکیاندا ململانێیەکی سەخت لە نێوان جوانی و تراژیدیادا هەیە.

وەلێ ئەم دوو دنیایە دوو دنیای جیاوازن لە یەکدی. لە دنیای واقیعدا جوانییەکان لەناو کۆشکی تراژیدیادان و لە دنیای ناو شـــیعرەکاندا تراژیدیا لەناو کۆشـــکی جوانیەکاندایە. لەدنیای واقیعدا تراژیدیا فەرمانڕەوایەو ئەو بڕیار لە ســەر چارەنووســی جوانییەکان دەدات، بەڵام لە دنیای نێو شـــیعرەکاندا جوانی فەرمانڕەوایەو چارەنووســـی تراژیدیا لە لایەنی ئەوەوە دیاری دەکرێت. بە واتایەکی دی ئەو تراژیدیایەی لە ژیانی واقیعدا هەیە، مرۆڤ دەگریەنێت، بەڵام ئەو تراژیدیای نێو شیعرەکان مرۆڤ ڕادەچڵەکێنێت. ئەویان مرۆڤ پەست و ئەمیان مرۆڤ مەست دەکات. ئەم دروســـتکردنەوەیەی دنیا بەجۆرێکی دی، کارێکی زۆر گرنگە، چونکە یەکێک لە خەونە کۆن و قوڵەکانی مرۆڤ بە درێژایی ســـەردەمەکان، گەیشـــتن بووە بە دنیای دیکەو جیاواز لەوەی بینیویەتی، کە ئەمەش بە ڕوونی لە شـــیعرەکانی ئەم شـــاعیرەدا، هەســـتی پێدەکرێت (کوردۆ، ٢٠٠٨، ١٦).

هەربۆیە دەتوانین بڵێین شیعرەکانی ئەم شاعیرە، لە هاوارێکی قووڵەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە هەناوی مرۆڤێکی برینـدارەوە دێتەدەرێ، کە لێرەدا مرۆڤێکە لە خودی خۆیەوە بەدبەختی کۆی مرۆڤانی جیهانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، لەڕێگەی دونیابینی خۆیەوە جوانترین داهێنانی شیعری خوڵقاندووە و خۆی تیادا نمایش کردووە. بە زمانێکی شـــیعریی لێوان لێو لەوێناکردنی وێنەی شیعری و زمان و دوالیزمی وشە جۆرێک لە (پارادۆکسی) وشە هەیە ئەگەرچی دژیەکن، بەڵام شاعیر لەناو زمانی شیعریدا گونجاندنێکی ئیستاتیکیانەی پێبەخشیون. بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانەش بەئاگابوونی شاعیر نیشان دەدات لە دونیای ئەدەبدا، کە لێوەی دەچێتە نێو دنیای فکر و تەوزیفکردنی پرسیارە وجودییەکانی دەربارەی خودی مرۆڤ و بوونی مەرگ و ژیان.

لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونانەی خستمانەڕوو دەگەینە ئەو بڕوایەی ئاڕاستەی نووسین لە شیعرە خودییەکانی ئەم شاعیرەدا، لە ناوەوە بۆ دەرەوەیە. ئەم شیعرە خودیانەی شاعیر سەرجەمیان گەڕانن بەدوای پنتە شـــاراوەکانی ناخی مرۆڤدا، لە ڕووی خوڵقاندنیشـــیانەوە کاریگەرە بە بیرکردنەوەی جیهـانی دەروونی و بوونخوازی. ئەم شـــیعرە خودیـانە کراوەن و چەنـدین لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵـدەگرن، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین تەنهـا وەک ســـێبەرێـک لایەنە دەروونیەکەی لێکبـدەینەوەو زۆرقوڵ بەم لایەنەیـدا ڕۆنەچین. ئەم جیهـانبینی و تێڕوانینەی (محەمەد عومەرعوسمان) بۆ ژیان هۆکار و پاڵنەری ئەوەن، کە سیماو خەسڵەتی (نێرگزییەت و نۆستالژیا و دیاردەی ڕەشبینی و گەشبینی و نامۆبوون و چەمکی مردن و ژیان) بە شیعرەکانی دەدات. لەبەر ئەوەی پێش ئێمە بابەتی نێرگزییەت و ڕەشـــبینی و نامۆبوون لە شـــیعرەکانی

محەمەد عومەردا باس کراون، لێرەدا تەنها لە چەمکی ژیان و مردن و ڕەنگدانەوەیان لە شیعرەکانی محەمەد عومەردا دەدوێین.

## چەمکی ژیان و مردن و ڕەنگدانەوەی لە ئەزموونی شـــیعرە خودییەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

پرســـی مردن و ژیان هەر لە ســـەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە جێگەی مشـــتومڕو لێکۆڵینەوەی زانایان و فەیلەسـوفان و ئەدیب و نووسـەران بووە، بە تایبەتی پرسـی مردن، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەچارەنووس و کۆتایی مرۆڤەوە هەیە. بۆیە زانایان و فەیلەسوفان هەریەکەیان لە گۆشـــەنیگاو تێڕوانینی خۆیانەوە لێی دواون، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین تێڕوانینی هەندێکیان لەو بارەیەوە بخەینەڕوو. فەیلەسـوفی یۆنانی (هێرکلیتس، ٤٧٥-٥٤٠پ.ز) پێی وایە "سـروشـتی ژیان بریتیە لەگۆڕان لە دژەکـانـدا، ژیـان گرژی و ئـاڵۆزی لەگەڵ مردنـدا دەکـات و لەمردنـدا ژیـان دروســـتدەبێت، بەم جۆرە ژیان و مردن گەڕانەوەیەکی بێ کۆتاییە لە کۆتاییەوە بۆ ســـەرەتا، کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ یاسای پێکەوە بەستراویی جیهان" (إبراهیم، ٢٠٠٤، ١١٩). کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونەی هێرکلیتس مەرگ لەژیان و ژیان لەمەرگدا بەردەوامە، چونکە لەڕووی فیزیایی و بایۆلۆجییەوە کاتێک جەستەی مردوو شیدەبێتەوە بۆپێکهاتە سەرەتاییەکان، تێکەڵ بەگەردوون و سـروشـت دەبێت و دەبێتەوە بە مادەیەکی ئۆرگانی و لەسـروشـتدا بەردەوام (ئەفلاتون)یش بەم جۆرە باس لە مردن دەکات و دەڵێت: (مەرگ لەناو چوونە، واتە کەسـێک دەمرێت ئیدی هەسـت بەهیچ ناکات، یان گواســـتنەوەی ڕۆحەلەجیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر) (ئەفلاتون ، ٢٠١١، ٥٩). لێرەدا(ئەفلاتوون)پێی وایە کاتێک مرۆڤ دەمرێت لەم جیهانەی کەتێیدا دەژی کوتایی پێدێت و ڕۆحی دەگواسـترێتەوە بۆ جیهانێکی تر، کە بەجیهانی راسـتەقینە ناوی دەبات.. (سـوکرات)یش بەرامبەر بەم چەمکە دەڵێت: "هەر مرۆڤێک، کەڕووبەڕووی مەرگ بێتەوە دەتوانێت پێشـــبینی ئایندە بکات" (سەرچاوەی پێشوو، ٦٧).

لای (فرۆیـد)یش مردن هێزێکە پێچەوانەی غەریزەی ژیـانە، مرۆڤ وەک چۆن هێزی نـاوەکی ژیـانی تیادایە، ئاواش هێزی مردنی تێدایە. غەریزەی مردن لای فرۆید لە بنەڕەتدا یەکســـانە بە مەیلی تێکشـکاندن و وێرانکاری. فرۆید گەیشـتە ئەو بڕوایەی سـاتەوەختی مەرگ و خۆکوشـتن چیتر هاوشـــان نییە لەگەڵ ئازاردا، مرۆڤ وەک چۆن ســـەرێکی لەناو ژیان و مانەوەدایە مەرگ ئازاری نییە و لەگەڵ لەزەتدا لەپەیوەندیدایە. (قانع، ٢٠١٠، ٢). کەواتە ڕەهەندەکانی فەلســـەفەی مردن و ژیـان قوڵن و هەرچین و توێژێـک لەبوارەکەی خۆیـدا بەجۆرێـک ڕاڤەی کردووە. بەشـێوازێکی گشـتی مەرگ بۆ ئەوەی لە بوون وتوانا و دەسـەڵاتی خۆی دڵنیابێت، هەمیشـە لە

هەوڵی گەمارۆدانی ژیاندایە و ژیانیش بۆ ئەوەی لە بوون و بەردەوامیی خۆی بێگومان بێت، هەمیشە لەهەوڵی شکاندنی ئەو گەمارۆیەدایە. واتە ئەم دوو ئیرادەیە لە ململانێ و پەیوەندیەکی ئەزەلیدان و هەردووکیان مانای خۆیان لەو ململانێ و پەیوەندییەوە وەردەگرن.

چەمکی ژیان و مردن وەک پرسێکی سەرەکی لە بواری ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی لای زۆربەی هەرە زۆری شاعیران و نوسەران ئەزموونکراوە و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و لەگۆشەنیگاو تێڕوانینی خۆیانەوە لێکدانەوەیان بۆ ئەم چەمکە کردووە. بەشێوەیەکی گشتی یەکێک لەسەرچاوەکانی مردن خۆکوژییە، کە یەکێکە لەو ڕێگایانەی مرۆڤ توانیویەتی لە ڕێگەیەوە خۆی لە ژیان و نەهامەتیەکانی، ڕزگار بکات و بەویستی خۆی چارەنووس بۆ خۆی دیاری بکات. دیارە ئەو کەسانەی بەم شێوەیە خۆیان کوشتووە، خاوەنی عەقڵێکی لاواز بوون و کەموکورتی لە کامڵبوونی کەسایەتیاندا هەبووە، بەڵام زۆر جار وا ڕێ دەکەوێت ئەم کردەیە لەناو کەسانی هۆشیاریشدا ڕوودەدات، بۆ نموونە "کاتێک نووسەرێکی وەکو (فێرجینا وۆلف، هەمەنگوای، سادق هیدایەت، یەسەنین، ڤانکوخ، مایکۆفسکی، ... تاد)، کە سەرجەمیان خاوەنی بەرهەم گەلێکی پڕ لە ژیان دۆستین، لەڕێی نووسین و بەرهەمەکانیانەوە خزمەتێکی زۆری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیان کردووەو خاوەنی عەقڵێکی کامڵن، کەچی خۆیان دەکوژن" (سدیق، ٢٠٠٨، ٦٥). بێگومان ئەم کەسانە کەسی هۆشیارن و خاوەن جیهانبینی تایبەت بەخۆیانن، بەڵام ئەم کەسانە لە ئەنجامی هەژاری ژیاندا خۆیان دەکوژن و دەزانن، کە ژیان زۆر هەژارە لەمانادان بەژیان. ئەوان لەتەواوی ژیان توڕەن و ژیانکردن بەهەڕەشە دەبینن، بۆیە خۆیان کوشتووە نەیانتوانیوە لەگەڵ ئەم جیهانەدا بگونجێن.

محەمەد عومەریش، یەکێکە لەو شاعیرانەی خاوەنی جیهانبینیەکی تایبەتی خۆیەتی، لەسەرەتای دیوانە شیعرییەکەی تا کۆتایی ئەزموونی مەرگی لە ژیاندا کردووە. لە ئەزموونە شیعریەکانی شاعیردا مەرگ ڕەهەندێکی دەروونی هەیە و بۆتە پرسێکی فەلسەفی. هەندێک جار شاعیر بەهۆی ڕەشبینی بۆ ژیان و نەبوونی دادپەروەری و لەدەستدانی ئازیزی، ئارەزووی مەرگ دەکات و لەژیان ڕادەکات، یاخود هانا بۆخۆکوشتن دەبات. کەواتە لە ئەزموونی شیعر نووسینی ئەم شاعیرەدا دووانەیەکی جێگرهەیە، کە هەر لەسەرەتای دیوانە شیعرییەکەی تا کۆتایی دەبینرێت، ئەویش دووالیزمی (مەرگ و ژیان)ە. هەمیشەو بەردەوام ئەزموونی شیعر نووسینی لەم دووانەیەوە سەرچاوە دەگرێت و بیر و خەیاڵ و وێنەی شیعری خۆی لێوە بنیات دەنێت و بە ڕەهەندی جیا جیا لە شیعرەکانیدا دەردەکەون. شاعیر لە ژیان نائومێدە، چونکە ئەزموونی ژیانی پڕە لە ئازار و ناخۆشی و ڕەشبینی و ناتوانێت دەربازی ببێت لێیان و بە ئامانجەکانی

بگات. شـاعیر لەڕێگەی وێنەو چنینی وشـە و ئیقاعی شـیعرەوە تەوزیفی حاڵەتە دەروونییەکەی خۆی دەکات، کە بەردەوام ناجێگرە. هەمیشە کردەی خۆکوشتن بە مەدلولاتی جیا لەناو تێکستە شـیعریەکانی شـاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام تا ئەو کاتەی بتوانێت شـیعر بۆ ئازارەکانی خۆی بڵێت، لە واقیعدا بڕیاری جێبەجێکردنی کردەی خۆکوشـتن نادات. هەر کاتێک ئەم توانایەی نەما، ئەوا ئەو پڕۆسەی خۆکوشتنە ئەنجام دەدات، هەروەک خۆی دەڵێت:

من کەناری شیعرم بەسە، باوەشم بۆبگرێتەوە

گەرهاتوو، بیستت خۆم کوشت بزانە کە..

نەمتوانیوە شیعرێ بڵێم.. ئازارمی تیاجێ بێتەوە! (عوسمان، ٢٠١٩، ٨٤)

شاعیر دەگاتە ئەو قەناعەتە ڕۆحییەی، کە کەشتیی هزری لە کەناری ئارامی شیعردا داڵدە بدات. واتە کاتێک شـاعیر وەک شەپۆلێکی سەرلێ شێواو لە کەناری شیعردا خۆی دەگرێتەوە، ئیتر بە قەناعەتەوە خۆی ئاوێزانی دونیای شـیعرەکانی دەکات و دیسـانەوە لەسـەر پێیەکانی خۆی دەوەسـتێتەوە. هێندەش پڕ ئومێدە لە ڕازی شـیعرەکانی، بەو هەموو لێشـاوی ژان و ئازارەی ڕووی تێکردووە، هێشتا لە ژیان بەردەوامە. لەم حاڵەتەدا شاعیر بۆ شیعرەکانی لە خەڵوەتدایەو ئامێزی گەرمی شـیعرەکانیشـی لە باوەشـی دەگرن. لێرەدا شـاعیر باسـی ئەو ڕۆحە ماندووەی دەکات، کە تەنها شـیعر لانە یەتی و ئامێزی بۆ دەکاتەوە. هەر کاتێک ئەو ژیانە سـەختەی شـاعیر وای لێبکات بڕسـتی لێببڕێت و نەتوانێت ئازارەکانی لە شـیعرێکدا بنوسـێتەوە، ئیتر ئەمە ئەو کاتەیە، کە شـاعیر کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێت، هەروەک لە وەسـیەتی سـێ ڕۆژ بەر لە خۆکوشـتنیدا دەڵێت: "گەر نەتوانم دێڕێ جوان بنوسـم خۆم دەکوژم دواتر ژیانەو تەحەمول ناکرێت" (عوسمان، ٢٠١٩، ١٩).

محەمەد عومەر لەڕێگەی دەقی شیعری خۆکوشـتنەوە زیاتر پرسـی خۆکوشـتن دەوروژێنێت و ئەم پرسـە تاڕادەی یاخی بوون و تورەبوون دەبات. لەهەمان کاتدا شـاعیر لەم پرسـەوە موخاتەبەی دیوی ناوەوەی خۆی دەکات و دەچێتە ناو دنیای پڕ لەگرێ و گۆڵی ناخی خۆیەوە. لێرەدا خودی شـاعیر بێزارەو بەنیازی خۆکوشـتنەو پرسـیار لەزەمەنی خۆکوشـتنەکەی دەکات. هەر خودیش تیایدا وەڵامدەداتەوەو بڕیار لەزەمەنی خۆکوشـتنەکەی دەدات، کە بەنیازە لەنیوە شـەودا کردەی خۆکوشـتنەکە ئەنجامبدات، بەڵام لەناکاو بڕیاری خۆکوشـتنەکە دەگۆڕێت و بەرەو کاڵبوونەوەی دەبات. لەم شـیعرەیدا کاتێک کردەی خۆکوشـتن کۆتایی دێت، کە چەقۆی ژێر سەرینەکەی بەو هەستەی لە ناخیدایە، کە وەک تین و ڕەنگی ئاگر وایە سور ببێت و چەقۆ ڕەشـەکە کردەی خۆکوشـتن کۆتـایی پێبهێنێ ئەویش بەمردنی خۆی. بەڵام ئەو کردەیە

ســـەرناگرێت، چونکە بە دروســـتبوونی ئەو ڕووخســـارەی لە دەرەوە دێت، ئەو هاوکێشـــەیە دەگۆڕێت و ئەو هەورو تەمەی کردەی خۆکوشــتن بەرەو ڕەوانەوە دەبات و شــاعیر جارێکی دیکە نەفرەت لەمردن دەکات و ڕوو لە ژیان دەکاتەوەو ژیان هەڵبژێرێت و چەقۆ ڕەشـــەکەی دەشـــارێتەوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کردەی خۆکوشـــتن کۆتایی نەهاتووەو تەنها لەڕووی زەمەنەوە دواخراوە، هەروەک شاعیر دەڵێت:

ئای.. کەی بێ چەقۆی ژێر سەرینەکەت..
لەقوڵپی خوێنتا گەرم بێتەوە؟
یان مردن بمرێ و لەژوورەکەتا..
هەوری خۆکوشتن بڕەوێتەوە؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ١٥)

شـاعیر لەکۆپلەیەکی دیکەدا نائومێدانە هانا بۆ چەقۆی خۆکوشـتنەکەی دەباتەوەو ئەم جارە جگە لە مەرگ و کوشـتنی شـاعیر، تەواوی ژووری شـاعیر دەبێت بە تابوت و گۆڕسـتانێکی بچوک، شاعیر لەتاو ئازار و مەینەتیەکانی هانا بۆ چەقۆڕەشەکەی دەباتەوە و سەرلەنوێ ڕووخسارەکە دێتەوەو دەسـتی شـاعیر سـارد دەکاتەوە لە خۆکوشـتن و خۆکوشـتن بیری شـاعیر دەباتەوە، هەروەک دەڵێت:

دیسان ژوورەکەم کەیل ئەبێتەوە لەزایەڵەی گۆڕ..
هەزاران تابووت.. لەناو چاوانما.. ئەخولێتەوە
لەتەمومژا.. پەل دەهاوم و
جارێکی تریش هانا بۆ چەقۆ ڕەشەکە ئەبەم..
چەند ساتێک نابا.. بەر لەمردنم.. ئەگەڕێتەوە
سیمای تۆخ.. تۆختر.. تۆخ ئەبێتەوە
سەرلەنوێ دەستم سارد ئەکاتەوە
کوشتنی خۆمم بیرئەباتەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ١٦)

لێرەدا شـاعیر سـاتێکی ئارامی بۆ کردەی خۆکوشـتن هەڵبژاردووە، ڕێکەوتوە لەنیوەی شـەودا ئەم کردەیە ئەنجام بدات. بۆیەش ئەم کاتەی هەڵبژاردووە، چونکە بەپێی هەڵکەوتەی زەمەن ئارامترین کات ئەو کاتەیە و هەڵچوونەکانی مرۆڤ بەرەو نزم بوونەوە دەڕۆن. جگە لەمە ویســـتوویەتی کردەکە لە شـــەودا ئەنجام بدات و کەس ئاگای لە خۆکوشـــتنەکەی نەبێت، کە ئەمەش دەرخەری ئەوپەڕی ڕەشـــبینیی شـــاعیرە. لەلایەکی ترەوە کردەی خۆکوشـــتن و خۆنەکوشـــتن بەردەوام لەبەرزبوونەوە و نزم بوونەوەدان. شـــاعیر تا ئەو کاتەی لەژیانی شـــیعریدا بەردەوام بێت، هاوســـەنگی لەنێوان ئەم دوو کردەیەدا دەکات. بەدرێژایی ئەم دەقە

شـــيعرییە مۆتەکەی خۆکوشـــتن لەبیری شـــاعیردا ئامادەگی هەبووە، هێندە نەبێت لەڕووی زەمەنەوە جار نا جارێک لێی دوورکەوتووەتەوە. بەڵام ئەم هاوســـەنگییە لە دیوی دەرەوەی شاعیر تێک دەچێت و وەک خۆی دەڵێت ئەم مۆتەکەی خۆکوشتنە لە ساتەوەختی بڵاوکردنەوەی دیوانە شـــیعری (لە غوربەتا) بەڕەهەندی جۆراو جۆر دەســـت پێدەکات، هەر لەســـاڵی ١٩٨٥ تاشەوی ٢٠١٩/١٠/٢٢ بەپراکتیکی کردەی خۆکوشتن ئەنجام دەدات.

شـــاعیر لەم پارچە شـــیعرەدا بەوردی هەوڵی تەوزیفکردنی پەیوەندیی نێوان مەرگی خۆی و نوسینی دەق دەدات و دەڵێت:

کە خوێنی خۆمم ڕشتە تابلۆوە..
کە زانیم ئیتر خۆر لێم هەڵنایەت..
من گوللەی مەرگم نا بەخۆمەوە..
چونکە بەدبەختی کۆتایی نایەت (عوسمان، ٢٠١٩، ٧٤)

شاعیر لەڕێگەی ئەم شیعرەوە ئاماژە بەمەرگی خۆی دەکات و بە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی لە شـیعرنووسـیندا، فەزایەکی مەرگ دۆسـتیمان بۆ باس دەکات و گیانی خۆی دەکاتە قوربانی بۆ شـیعر نووسـین. کاتێکیش درک بەوە دەکات ئیتر ناتوانێت لە ڕێگەی شـیعرەکانییەوە غەمەکانی تەوزیف بکات، ڕەشـــبینە و لە لێواری مەرگدایە، چونکە بەدبەختی ئەو لەژیاندا بێ کۆتایە و چیدی لەنێو شیعرەکانیشیدا جێی نابێتەوە.

هەروەها شـاعیر لە کۆپلە شـیعرێکی دیکەدا ئاماژە بەنزیکبوونەوەی مەرگی خۆی دەکات، بەڵام شـــاعیر دەیەوێت مەرگی خۆی بکاتە ئامڕازێک و موخاتەبەی دیوی ناوەوەی خۆی پێبکات، هەر بۆیە دەڵێت:

مردن لێم گەڕێ.. ئەمشەو خۆم ئەمرم..
تاشیعرێ بێنمە بوون و ژینەوە
لەسەرابێکام.. خوێنم ئەسووتێ..
بەسۆزی تاڤگە و چەمی شینەوە
مردن پێم ئەڵێ: تۆ تەواو شێتی..
وشە جێی ژانتی تیانابێتەوە
سەرخەسەرسنگم.. چاوانت لێکنێ..
کەس نیە فرمێسک بخوێنێتەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٤١)

لای شاعیر مردن وەک حەقیقەتێکی بەڵگە نەویستە، بەڵام شاعیر نایەوێت لەو زەمەنەدا بمرێت و هەوڵی دواخستنی دەدات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە نایەوێت لە نووسینی شیعر و هۆنینەوەی ژان و ئازارەکانیدا مردن ڕێگر بێت، بەڵکو دەیەوێت بەهەموو هێز و تواناو سۆز و ئازارێکییەوە خۆی گورجتر بکاتەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی لەخزمەتی شیعرەکانیدا. شاعیر پاش تەواوکردنی نووسینەوەی ئازارەکانی، ئیتر هیچ کێشەیەکی لەگەڵ نزیکبوونەوەی مردندا نامێنێت، بەڵام لێرەدا دەگاتە ئەو باوەڕەی ئێش و ئازارەکانی ئەوەندە زۆرن، گەر ژیانیش مەودای بدات، چیتر ناتوانێت ژانەکانی بهۆنێتەوە، بۆیە مردن جارێکی دیکە دەیدوێنێت و خۆی بە تاکە ڕزگارکەر و فریادڕەسی خەم و ئازارەکانی دەزانێت.

شاعیر لە شیعری (تەم و مژ)دا، کە هەر کۆپلەیەکی ئەم شیعرە فرە ڕەهەندە و چەندین هزری قوڵی تێدایە، لە یەکێک لە و کۆپلانەدا بەمردنی خۆی ئاشنامان دەکات و دەڵێت:

ئەی سەردەمی قەلەڕەش و کونەپەپوو
من ئەمرم لەناو دەریای دوو دڵییا..
شەپۆلێکی دڵنیایی بۆچی مێشکم ناپرژێنێ..
بەسەر تاشە بەردێکەوە؟
شەپۆلێکم ئەسووتێم و نابمە هەڵم..
لەدارستانێ تاشەبەرد..
هەڵ ئەنووتێم و سۆز ئەکەم بە عەزرەت کەنارێکەوە
گشت گیانم لەتو پەت بووە
لەهەر چایخانە و شەقام و بندارێکا..
پارچەیەک لەدڵم ون بووە (عوسمان، ٢٠١٩، ٦١- ٦٢)

لەم وێنە شیعریەیدا شاعیر بەو مردنەی خۆی ئاشنامان دەکات، کە بەهۆی دوو دڵی و گومانی شاعیر و تێڕوانینی لەو سەردەمە شووم و غەمناکەی تێدا دەژی سەهەڵدەدات. لەم وێنەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە شاعیر بەردەوام لەگەڵ گومان و ڕاڕایدا مامەڵە دەکات، هیچ هۆکار و ئەگەرێک نییە شاعیر لێوەی بگاتە دڵنیایی. بۆیە گازندەی ئەوە دەکات بۆچی شەپۆلێکی دڵنیایی مێشکی ناپرژێنێت بەسەر تاشە بەردێکەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە شاعیر دەیەوێت و هەوڵدەدات لەناو دڵنیاییدا بژی تاوەکو ئەو پرسیارانەی لەناخیدان هێندەی تر ئازارەکانی زیاد نەکەن، چونکە ئازارەکانی شاعیر چەند گەورەتر بن، شیعرەکانیشی هێندە قووڵتر و ئازاربەخشتر دەبن، جگە لەوەی شاعیر بەهۆی ئەو گومان و ئازارانەوە ڕۆحی بۆتە چەند لەتێک و خۆی بۆ کۆناکرێتەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گومان و ڕاڕاییەکەی ناخی شـــاعیر وای لە شـــاعیر کردووە لەچەند گۆشەنیگایەکەوە ڕوانین و گریمانەی بۆ شتەکان هەبێت.

## ٢. ئەزموونی دەرەکی لە شیعری (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد زۆربەی شیعرەکانی(محەمەد عومەر عوسمان) ئەزموونی ناوەکین و پەیوەندییان بە هەست و سۆزە تایبەتیەکانی خۆیەوە هەیە و هەستەکانی تێکەڵ بە سروشت و جوانی پاییز دەکات، ســـەرجەم ئەمانەش ناوەڕۆکێکی نەمر و زیندووی بە بەشـــێکی زۆری هۆنراوەکانی ئەم شـــاعیرە بەخشـــیوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەمشـــاعیرە کاریگەر نەبووبێت بە هۆکارە دەرەکییەکانی دیکە و هەســـت و ســـۆزی بۆیان نەجولابێت، بەڵکو کەم تا زۆر بابەتە دەرەکییەکانی گواســـتۆتەوە نێو شـــیعرەکانی و ئەزموونی کردوون و زانیاری ســـەبارەت بە بابەتە دەرەکییەکان بەدەســـت هێناوە. هەر لەم ڕووەوە شـــێرکۆ بێکەس دەڵێت: "دیوانی لە غوربەتا لە ناخی شاعیر دەدوێت، بەڵام دەرەوەی شاعیر ئەو دونیایەیە، کە شاعیر ناوبەناو مەگەر لەبەر خولیای خۆی ئاوڕیان لێبداتەوە" (بێکەس، ٢٠١٩ https://youtube.com/watch?v=ik-). واتە لەبەر خولیای خۆی ئاوڕی لە دنیای دەرەوەش داوەتەوەو ئەزمونێکی دەرەکیشی بۆ خۆی دروست کردووە.

لەم دۆخەدا محەمەد عومەر، لە هەندێک لە شـیعرەکانیدا هەڵوێســتێکی بابەتییانە ڕەچاو دەکات. مەبەســت لە بابەتی ئەوەیە ئەو بابەتەی یاخود ئەو شــتەی شــاعیر باســی دەکات، ڕاســتەوخۆ نایانخاتە ژێر کارتێکردنی سۆز و هەڵچوونی کەسیی خۆیەوە. واتە شاعیر ئەو بیرانەی وەریان دەگرێت و دەیانکاتە بابەتی شـــیعرەکەی، لە دەرەوەی خۆی وەریان دەگرێت و ناگەڕێتەوە بۆ ناوەو بۆ دڵ و دەروونی خۆی و باس لە ئێش و ئازارو بەسەرهاتەکانی دەرەوەی خۆی دەکات. لەم ڕووەشـــەوە شـــاعیر بێلایەنانە ئەو بابەتانە دەگێڕێتەوە، چ شـــتێک بەر هەســـتی بینین یان بیسستنی بکەوێت دەیگێڕێتەوە و بە دڵسۆزی وێنەی دەگرێت و نیشانمان دەدات. پەیوەندیی ئەم شـاعیرە، لەگەڵ ئەو شـیعرانەی ئەزموونەکەیان دەرەکییە، وەک پەیوەندی وێنەکێش وایە لەگەڵ تابلۆکانیدا، یاخود وەک چیرۆک گێڕەوەیەکی هەمووشـــت زانی لێدێ لەناو ڕۆمانێکدا، بەڵام بە هەســـت و ســـۆزێکی شـــاعیرانەوە. (محەمەد عومەر عوســـمان) لەم ئەزموونەیدا وەک زۆرێک لەشـــاعیرانی دیکە لە شـــیعرەکانیدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو پەنای بۆ بەکارهێنانی ڕەمز بردووە، وەک سەرچاوەیەک لەسەرچاوە دەرەکیەکان، ڕەمزیش ئاماژەدانە بە شتێکی دیکە یان مانایەکی دیکە لە ڕێگەی بوونی پەیوەندی لە نێوانیاندا، جا چ (ڕەمزی خۆماڵی یان ڕەمزی بیانی)بێت،

وەک(ڕەمزی ئاینی، ڕەمزی مێژوویی، ڕەمزی کەلەپووری،... تاد)، کە بەرێژەیەکی بەرچاو وێنەی شـیعریی جوانی لێوە بنیاتناون. ڕەمزی شـیعری وەک تەندالّ دەڵێت: "بیرو هەسـت بەرجەسـتە دەکات و شاعیر گوزارشتی بێسنوری پێدەکات" (Tindall,1955, 102).

محەمەد عومەرلە شـیعرەکانیدا، پەنای بۆ نۆسـتالیژیای کۆیی بردووە لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ڕەمز و ئەفسـانەکان، شوێنەوارە دێرینەکان، کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکان و ناوهێنانیان لە شـیعرەکانیدا. هەروەها نۆسـتالۆژیای گەڕانەوە بۆ داسـتانە کوردی و جیهانییەکان لە شـیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت. شـاعیر لەم گەڕانەوەیەدا هەسـت و نەسـتێکی کۆ و گشـتی دەبەخشـێت، چونکە "لەم جۆرە نۆسـتالژیایەدا هەموو خەڵک بەشـدارەو خەم و حەسـرەتەکان و خۆشـی و شـادییەکان پەیوەسـتن بە تەواوی کۆمەڵگاوە" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ٣٤٥). شـاعیر گرنگییەکی زۆری بە ڕەمز و ئەفسـانەو داسـتانی کەلەپوری و بەسـەرهات و کەسـایەتییە ناودارەکان داو و لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ نۆستالیژیای کۆیی لە شیعرەکانیدا تەوزیفی کردوون و توانیویەتی ئیستاتیکای هونەری و شیعریەتی دەق بەدەقە شیعرییە، دەرەکییەکانی ببەخشێت. بۆنموونە، شاعیر لەم پارچە شیعرەدا بە سوودوەرگرتن و گەڕانەوە بۆ نۆستالیژیای گشتی و لەڕێگەی ئەفسانە و داستانێکی کۆنەوە، کە داستانی شیرین و فەرهادە، دەڵێت:

دوێ شەو فەرهاد لەچاوەڕوانی شیرینا..
وەک پەیکەرێک..
ڕووە و ئاسمان ڕاوەستا بوو
تاریکایی، تەختەڕەش و
تریفەی شەنگ، تەباشیر و
مانگیش تاقە مامۆستا بوو.. (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠٢)

شاعیر لێرەدا سیفەتێکی جوانی فەرهادمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە چۆن بە هەست و سۆزێکی پاک و بێگەرد و پڕ لە ئومێدەوە لە چاوەڕوانی بینینی خۆشـەویسـتەکەیدایە و ڕووە و ئاسـمان وەسـتاوە چوارچێوەی تێڕوانینی فەرهادەوە تابلۆیەکی ئێسـتاتیکی جوانی شـیعریمان بۆ دەنەخشێنێت، کە لەشەوێکدا ئاسمان دەبێتە تەختەڕەش و تریفە و جوانی ئەو تەختەڕەشە دەبنە تەباشیر و شیرینیش دەبێتە ئەو مانگەی تاکە مامۆستایە و بە تەباشیرەکەی دەی نەخشێنێت.

شـاعیر لە کۆپلەیەکی شـیعری (تەم و مژدا) باسـی کەسـایەتییەکی ئاینیمان بۆ دەکات، ئەویش مەریەمی دایکی عیسـا پێغەمبەرە، کە ڕەمزی پاکییە. لێرەدا خودا بەم بەسـەرهات و دیمەنە

ڕێزێکی زۆری لە ئافرەت ناوەو مریەمی کردووە بەو پەیامەی، کە فریادڕەســـی مرۆڤایەتییە. لێرەدا شـــاعیر ڕەشـــبینە لەوەی چارەنووســـی ئەو پەیامە لەلایەن مرۆڤەوە بەپێچەوانەوە شکێندراوەتەوە و مرۆڤایەتی گەیشتوەتە ئەو ڕادەیەی ڕێز و بەهای پەیامەکەو شکۆی ئافرەتی شێواندووە و وێنەکانیان لە شوێنی نەشیاو و لەسەر باڕ و مەیخانەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

ئابڕووی مریەم یان بردو
وێنەکەی وا بەدیواری باڕ و مەیخانەکانەوە
نوقمی ژەهری حەشیشە و تووتن و تلیاکە..
گوڵێکی هەڵپڕوکاوە بەدەست لیکی شەرمەزاریی و
نیگای بەدمەستەکانەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٦٠)

شـــاعیر لە کۆپلەیەکی دیکەی ئەم شـــیعرەیدا لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ بەســـەرهات و چیرۆکی کەسایەتییە ئاینییەکان، دەقێکی نۆستالیژیای گشتی بەرهەم هێناوەو دەڵێت:

لەو ڕۆژەوە.. قابیل هابیلی برای کوشت
لەو ڕۆژەوە.. دەرگای شەهوەت کرایەوە..
دەرگا لە خوێن کەوتە سەرپشت
لەو ڕۆژەوە.. زەمین خوێنی..
بەرد و درەختی بەربووە
لەو ڕۆژەوە.. خاک بۆ پەیامێکی عیسا..
ئاگر لە جەرگی بەربووە
عیسا خەمە..
عیسا تەمە..
گەرچی گەڕانەوەی خەونی هەزارەها ڕەشوڕووت و
دڵی ڕووخاوی ژێر خەمە (عوسمان، ٢٠١٩، ٦١)

لێرەدا شــاعیر ئاشــنامان دەکات بەچیرۆکی قابیل و هابیل و وێنەیەکی شــیعریی ئیســتاتیکی جوانیان لێدەنەخشــێنێت، هەروەها ئاشــنامان دەکات بە ســـەرەتای دەســـتپێکردنی ژیانی مرۆڤ لەڕووی قوربانی و جەللادەوە، کە کوشـــتنی (هابیل) لەلایەن (قابیل)ەوە دەبێت بە ســـیمبوڵ و سەرەتای دەسپێکردنی کاری کوشتن و هەر لەو کاتەوە مرۆڤەکان یان دەبنە قوربانی یان دەبنە جەللاد. لەم وێنە شـــیعرییەدا شـــاعیر پێی وایە لەو ڕۆژەوەی دەرگای شـــەهوەت کراوەتەوە، جوانییەکـان بەرامبەر ئەم هەســـت و ویســـتە خراپانەی مرۆڤ دەرفەتی دەرکەوتنیـان نییە.

قوربانیبوونی هابیل ئەوە دەسەلمێنێت ئیدی مرۆڤ بەو شێوازە دەژی. ئەم ڕووداوە کە لەگەڵ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتیەوە ئەنجام دراوە، لە ڕوانگەی شاعیرەوە مانای وایە مرۆڤایەتی هەمیشە بەو ئاڕاستەدا دەڕوات. بۆیە لای شاعیر زەمین لەو کاتەوە تینوی پەیامێکی مرۆڤایەتی و جوانییە لەپێناو ئەوەی نەبێتە مەنزڵگەی تاوان. هەر لەم وێنەیەدا لەڕێگەی خەیاڵەوە زەمین هەستی دەدرێتە پاڵ و داوا دەکات عیسا لەو دۆخەی رزگاری بکات، چونکە عیسا(د.خ) لەڕووی سەرچاوە دینیەکانەوە هێشتا لەئاسمانداەیەو زیندووە، بەڵام شاعیر پێی وایە عیسا (د.خ) جگە لە تەمێک هیچی ترنییە، چیتر زەمین و مرۆڤایەتی پەیامێکی لەو شێوەیە بەخۆیانەوە نابیننەوە. دیارە پەیامی عیسا(د.خ) وەک لایەنی سمبۆل بۆ پەیامە ئینسانی و جوانییەکان نیشان دراوە، مرۆڤە ڕەش وڕووتەکانیش خەونیان ئەوەیە پەیامێکی عیسایی بێتەوە، بەڵکو زەمین لە مەنزڵگەی نەهامەتی و ئازاربەخشینەوە ببێتە شوێنی ژیان.

شاعیر لەکۆپلەیەکی تری ئەم شیعرەیدا باس لە سەرهەڵدان و سەرچاوەی کاری (جەللاد و قوربانیی) دەکات و دەڵێت:

که قابیل تەرمی هابیلی لەکۆڵا بوو..
بۆ خوا قەلەڕەشی بۆ نارد؟
تا فێری کا چۆن بیکا بەژێر خۆڵەوە
چی ئەبوو گەر قابیل هەر تەرمی هابیلی بگرتایە بە کۆڵەوە؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٦١)

لیرەدا شاعیر قابیل بە سەرچاوە و ڕەمزی جەللاد و خراپەکاری دادەنێت و هابیلی براشی بەڕەمزی قوربانیی دەستی ئەو جەللادە دادەنێ و لای وایە کاتێک (قابیل)ی جەللاد (هابیل)ی برای دەکوژێت، نازانێ چی لەتەرمەکەی بکات و پێوەی گیرۆدە دەبێت و دەیدات بە کۆڵیدا. ئەگەر لەو کاتەدا خودای گەورە ئەو فریادڕەسەی نەناردایە، کە (قەڵەڕەشێک) بوو و ڕێنوێنی قابیلی کرد بۆ شاردنەوەی (هابیل) لەژێر خاکدا، چی تر مرۆڤایەتی هێندە بەئاسانی دەستی نەدەچووە کاری جەللادی و کوشتنی یەکتر. شاعیر دەیەوێت لەقوڵایی ئەم وێنەدا بە دەستپێکی کاری جەللاد بوون و خراپەکاری و قوربانیدان ئاشنامان بکات و ئەوە ڕوون بکاتەوە هەموو نەهامەتییەکانی مرۆڤ لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە. لە هەمان کاتدا گلەییش لە خوا دەکات، کە بۆ بەدەم قابیلەوە چوو و قەلەڕەشی بۆ ناردو فێری کرد چۆن تەرمی براکەی بشارێتەوە. لێرەدا شاعیر ئەو ڕەهەندە ئاشکرا دەکات، کە چیتر مرۆڤەکان یەکسانییان قبوڵ نییەو هەر یەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەهەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتیدایە بەسەر ئەوی دیکەدا و مرۆڤەکان هەوڵی لەناوبردنی یەکتر دەدەن.

شـــاعیرلەو شـــیعرەیدا، کە بۆشـــێوەکاری بەناوبانگ (ڤان کوخ)ی وێنەکێشـــی هۆڵەندی نووسیوویەتی، بەدیاری کراوی لەم کۆپلەیەی خوارەوەدا گوزارشت لە ئەزموونی ژیان و هەست و نەست و ژانی خۆشەویستی و خەمەکانی دەروونی دەکات و دەڵێت:

داخی (گۆگان) بوو.. من گوێی خۆم بڕی..

یاخود بەتەنیا خواستی (ڕاشیل) بوو؟

دەرگای شێتخانە خۆم نەمکردەوە

بەردەبارانی خەڵکیی، کلیل بوو (عوسمان، ٢٠١٩، ٧٣)

لێرەدا شاعیرئەو بەسەر هاتە وا دەگێڕێتەوە گوایە (ڤان کوخ) لەداخی (گۆگان)، کە وێنەکێشێکی فەرەنسـی بووەو ماوەیەک لەگەڵ(ڤان کوخ)دا پێکەوە ژیاون، گوێی خۆی بڕیوەو پێشـکەشـی ئافرەتێکی سـۆزانیی کردووە، کەناوی(ڕاشـیل)بووە، یان لەسـەر خواسـتی سـۆزانیەکە ڤان کوخ پارچەیەک لەجەسـتەی دەکاتە قوربانی و دەیداتێ. لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سـەربازی سـۆزێکی زۆری بۆ ئەو کەسـانە، بەڵام لەبەر تانەی خەڵکی نەیتوانیووە دەرگای دڵی بکاتەوە بۆیان. لەم کۆپلە شـیعرەدا شـاعیر وەک چیرۆکێک ئەو بابەتە دەگێڕێتەوە و هیچ خودییەتێکی خۆی نەخزاندووەتە ناوییەوە.

شاعیر لە دەقێکی تردا لەڕێگای گێڕانەوەوە ئاشنامان دەکات بە چیرۆکی ئەزموونی خۆشەویستی خانمی سوورپۆش و دەڵێت:

سی ساڵ لەمەوبەر، خۆرنیشینانێ بە بەرگی سوور و

چەپکە گوڵەوە..

لە ڕۆخ شەقامێ جێ ژووانی بوو

بێ ئۆقرە.. هەروەک لەسەر پشکۆ بێ.. چاوی ئەگێڕا و

بێ ئاگا لەوەی چۆن کارەساتێ چاوەڕوانی بوو

ئازیزی هات و ئەفسووس بەر لەوەی دەست بنێنە دەست

ماشێنێک وەکو بەڵای ناگەهان ئەوی لەم کرد و

لەجێ ژووانا.. خوێن جۆگەلەی بەست

ئەمی دێوانەش گشت ئێوارانێ..

لەهەمان جێدا.. بەهەمان بەرگ و تاسەو کوڵەوە

لەئاپۆرەیی خەڵکا ڕوانینی هەر وێڵە بەدوای

شێوەی ئازیزا و

بڕوا ناهێنێ خرابێته نێو دووتوێی گڵەوە
سیمای دێرینی چرچولۆچ بووە
وەکو ئەو سێوەی لە چڵ بۆتەوە
هەر بەپێوەیە.. هەر چاو لەڕێیە.. خانمی وەفا..
تف لەو زەمەنەی ئەم فریشتەیەی لەبیر چۆتەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٨٠)

شاعیر لەم شیعرەدا چیرۆکی خانمی (سوورپۆش) دەگێڕێتەوەو وەسفی وەفاو عەشقێکی کەم وێنەی خانمێک دەکات. ئەم خانمە بە جلێکی سەرتاپا سوورەوەو بە ئومێد و خۆشەویستییەکی زۆرەوە لە جێژواندا چاوەڕوانی خۆشەویستیەکەیەتی، بەڵام کاتێک خۆشەویستەکەی دەیەوێت لە شەقامەکە بپەڕێتەوە بۆ لای خانمی سوورپۆش، بێئاگا لەوەی مەرگ چاوەڕێیەتی لەپڕ سەیارەیەک لێی دەدات و کۆتایی بەژیانی دێنێ، لەجێی ژوان خوێن جۆگەلە دەبەستێ. ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە خانمی سورپۆش بە درێژایی سێ ساڵ هەموو ڕۆژێک بەهەمان جل و بەرگی سورەوە بەیادی بینینی خۆشەویستەکەی لەجێی ژووان‌دا چاوەڕوانی بینینی خۆشەویستەکەی دەکات، لەناو ئاپۆرەی جەماوەردا هەر چاوی بۆ دەگێڕێت، چونکە ئەم خانمە هێندە پەیوەستە بەم عەشقەوە بڕوا بەمردنی خۆشەویستەکەی ناکات. لێرەدا شاعیر مەبەستیەتی خانمی سوورپۆش وەک ڕەمزی وەفا و خۆشەویستی بخاتە ڕوو. بێگومان ئەوەی لەم شیعرەدا شاعیر لێی دەدوێت ئەزموونێکی دەرەکییەو بەسەر کەسێکی تردا هاتووە.

شاعیر لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا باسی نەهامەتییەکانی دوای جەنگ دەکات، کە بەهۆی جەنگەوە ڕوویانداوەو دەڵێت:

بەر لە جەنگ دیم
ئافرەتێک بوو،
هەتا بڵێی نورانی بوو
ئەفسووس دوای جەنگ
بینیمەوە،
ناودارترین سۆزانی بوو! (عوسمان، ٢٠١٩، ٩٩)

محەمەد عومەر، وەک ئەزموونێکی دەرەکی باس لەوە دەکات کاتێک جەنگ ڕوو لە شوێنێک دەکات، کۆمەڵێک بارودۆخی نەخوازراو بۆ خەڵکەکەی دەخوڵقێنێت. هەموو جوانییەکان، هەموو بەها مرۆڤایەتیەکانی پێش جەنگ گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و دەبنە قوربانیی ئەو جەنگە. لێرەدا شاعیر زۆر بەڕوونی ئاماژە بەیەکێک لەقوربانیەکانی ناو جەنگ دەکات کە ئافرەتە،

چونکە زۆر جار لەکاتی جەنگ و داگیرکاریدا ئافرەتان دوور لە ویستی خۆیان و بەها مرۆییەکان وەک دەستکەوتی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

شاعیر لە شیعری (ئەم و ئەو) دا ئاماژە بە دوو ڕەهەندی جیاوازی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات و دەڵێت:

ئەم دڵی کردە مشتێ لۆکە و
زامی هاوڕێکەی پێ سڕی
بەڵام ئەویان بۆ ئەڵقەیەک..
پەنجەی کوژراوێکی بڕی! (عوسمان، ٢٠١٩، ٩٧)

شاعیر لەم شیعرەدا تیشک دەخاتە سەر دوو ڕەهەندی جیاوازی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یەکێک لەو ڕەهەندانە بریتییە لە دڵسۆزبوون و قوربانیدان لەپێناو پاراستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان. بەڵام ڕەهەندەکەی تریان بریتییە لە تێکدان و شێواندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەپێناو بەرژەوەندی تەسکی تایبەتی مرۆڤەکاندا.

شاعیر لە دەقە شیعری (شەڕڤان)دا ئاماژە بۆ خەبات و قوربانیدان لەپێناو بەدەستهێنانی ماف و ئازادی کوردانی باکوری کوردستان دەکات، بێگومان ئەمە ئەزموونێکی دەرەکییەو شاعیر بابەتییانە، نەک خودییانە، لێی دەدوێت و لەسەر زاری شەرەڤانەکەوە دەڵێت:

ئێستا ژیان وا دەخوازێ..
پەنا بەردێ بکەم بە ماڵ..
ئێستا ژیان وا دەخوازێ..
شەهیدبوونم تارای سووری بوکێنی بێ
تفەنگەکەم ڕابژێنم لەجێی مناڵ! (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠٥)

شاعیر لێرەدا باس لە شەڕڤان دەکات، کە چینێکی ئازادیخوازن و بەردەوام لەتێکۆشاندان و بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی گەلەکەیان قوربانی بەژیانیان دەدەن، بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی گەلەکەیان بەتایبەتی باسی ئەو کیژۆڵە شەڕڤانانە دەکات، کە شەهیدبوونیان بەشانازی و تارای سوری بوکێنی دادەنێن، تفەنگەکانیشیان بە مندالّی خۆیان دەزانن و لەئامێزی دەگرن.

هەموو ئەو نموونە شیعرییانەی لە سەرەوە هێنامانن و قسەمان لەسەر کردن، ئەزموونی دەرەکین؛ شاعیر لە شیعرەکانیدا مەزراندوونی و وەک بابەتێکی دەرەکی قسەی لەسەر کردوون، بەبێ ئەوەی تێکەڵیان بکات بە هەست و سۆزو لایەنی خودیی خۆی.

## ٣. ئەزموونی تێکەڵ لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

وەک پێشـــتر وتمان (محەمەد عومەر عوســـمان) یەکێکە لەو شـــاعیرە هاوچەرخانەی زۆربەی ئەزموونە شـــیعرییەکەی لە ناخی خۆیەوە ســـەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە هەندێک باریشـــدا بۆ گوزارشـــتکردن لە ناخی خۆی، تێکەڵ بە بابەتێکی دەرەکی دەبێت، ئەو بابەتە دەرەکییەش بە زۆری سروشتە. سروشت ئەو بەشـەیە لە گەردوون، کە دەتوانێ هەست و سۆز و جوانی بوروژێنێت و لە دیدی نوســـەرو شـــاعیراندا خاوەنی کۆمەڵێک ڕەگەز و پێکهاتەی تایبەت بە خۆیەتی، کە سەرچاوە و کەرەستەی ئیلهام و داهێنانە. ئەرستۆ" هونەر بەتەواوکەری سروشت دادەنێ و هەســتیارانیش بەهەڵگری دروشـــمی داهێنانی ســـروشـــتێکی تازە تەماشـــا دەکات " (ئیســماعیل، ٢٠٠٨، ٥). لای شـاعیرانیش سـروشـت بەکەرەسـتەی سـەرەکی داهێنانی شـیعر دادەنرێت و لەڕێیەوە هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی خۆیان لەناو ئەو سروشتەدا کردووەتەوە، چونکە سروشت توانای شاعیر بۆ دروستبوونی شیعریەت لەخۆیدا دەردەخات و ئەم توانایەش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانەش لە هەست و سۆز و خۆشەویستیی ڕاستگۆیانەی ناخیان بۆ ئەو سروشتە سەرچاوە دەگرێت.

لەنێو شیعری کوردیدا دیارترین ئەو شاعیرانەی بە هەستێکی شاعیرانەوە ناخی خۆیان لەناو ئەو ســـــروشـــــتەدا کردوەتەوە و وێنەی جوان و ئیســـــتاتیکییان لێ بەرهەم هێناوە، بریتین لە (بێسارانی ، مەولەوی ، پیرەمێرد و گۆران، ...تاد). لەدوای ئەوانیش (محەمەد عومەر عوسمان)ەو یەکێکە لەو شـــاعیرانەی بەهەســـتێکی ڕۆمانســـییانەی تێکەڵ بە تێڕوانینێکی فەلســـەفییانەو لێکدانەوەیەکی میتافیزیکییانە لەگەڵ ســـروشـــتدا پەیوەندییەکی ڕۆحی بەرهەم هێناوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین تێڕوانینی (محەمەد عومەر عوسـمان)زۆر نزیکە لەتێڕوانینی (ولیام وۆردزۆرث) ، (William Wordsworth) بۆ سروشت، چونکە هەردووکیان گەشتوونەتە ئاستی پەرستنی سروشت. بەلای (ولیام وۆردزۆرث)ەوە "سروشت دایکە هاوڕێیە سەرچاوەی هەموو بیرێکی پاکە، پاســـەوانی دڵە، گیانە بۆ لەشـــە مادیەکەی، مرۆڤ (ولیام وۆردزۆرث) دەنگی مناڵی خۆی، دەنگی هەموو خۆشییەک، تەنانەت دەنگی ئازار و ژانی مرۆڤایەتیش لە سروشتدا دەبیستێت" (میراودەلی، ٢٠١٣، ١٦). بەهەمان شێوە (محەمەد عومەرعوسمان)یش وێنەی سروشت تێکەڵ بە کێشـە نەمرەکان دەکات، بۆ نموونە لە سروشتەوە دەڕوانێتە (ژیان و مردن، خۆشەویستی، جوانیی ئافرەت). شاعیر پەیوەندییەکی رۆحیی بە سروشتەوە هەیەو گەشەی هەست و ڕۆحی ئەم شاعیرە بەندە بە سروشتەوە. ئەمەش هەوێنی عەشقێکی خۆڕسکە، چونکە شاعیر وەک

سۆفییەک لەنێو ئەم سروشتەدا دەژی و ئافاتەکانی رۆحی خۆی رادەستی ئەم سروشتە کردووە و لە بوونێکی پڕ گومان و پەرێشاندا دەژی.

محەمەد عومەری شاعیر سروشت دەکاتە کەرەستەیەک بۆ پیشاندانی بارە دەروونی و رۆحە پەرێشان و ڕەشبین و پڕ گومانەکەی خۆی. بە واتایەکی تر، سروشت دەکاتە کەرەستەیەک بۆ ئەزموونکردنی ناخی خۆی و وەک سۆفیەک لەگەڵ بنەڕەتی بوونی خۆیدا گفتوگۆیەک پێکدەهێنێت. ئەم بارەش یارمەتی بیرکردنەوەی شاعیری داوە زمان و شیعری وەک خود و سروشت بەناو هەموو شتەکاندا تێپەڕێت. لە بەرامبەر ئەم شتانەشدا، کە دەریان دەبڕێت، هەریەکەیان لەڕێگەی ئەوی دیکەیانەوە هەستی پێدەکرێت. واتە سروشت لە محەمەد عومەردا و هەروەها محەمەد عومەر لەسروشتدا پێناسەی یەکدی دەکەن. کەواتە محەمەد عومەر وەک شاعیرێکی داهێنەر، زۆر زیرەکانە و وردبینانە زۆربەی ئیلهام و بەهرە شیعرییەکانی لە سروشت وەرگرتووە، سروشتی تێکەڵ بە ئەزموونی خودی خۆی کردووە، توانیویەتی سروشت بکاتە سەرچاوەی باشترین ئەزموونی داهێنان و نوێکردنەوەکانی. چڕیی هەستەکانی وای لێکردووە سروشت و وەرزەکانی نێو ئەو سروشتە، بەتایبەتی پایز بەهەموو سیما و خاسیەتەکانییەوە، بکاتە تاکە کەناڵێک، کە لە رێگەیەوە ئازارەکانی خۆی و جوانیی ئەو سروشە دەرببڕێت. لە شیعرەکاندا سروشت ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە لە سوڕانەوەی بەدەوری خود و هەست و نەست و خەیاڵەکانی شاعیردا. شاعیر هاوخەمە لەگەڵ پایز و گەڵاوەریوەکانی ناو ئەو وەرزە. لەم روانگەوە دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە (محەمەد عومەرعوسمان) بەشێوەیەکی بەرچاو" لە بەرهەمە شیعریەکانیدا سروشتی رازاوەی کوردستانی مەزراندوەو دەیان وێنەی نایابی لەسروشت داهێناوە، تەنانەت هەر بەوەوە نەوەستاوە کە سروشت بەبێ دەستکاری وەک خۆی بۆ ناو جیهانی شیعرەکانی بگوازێتەوە، بەڵکو لەگەڵ ڕۆحی سروشت تێکەڵ دەبێت و بەشێوەیەکی داهێنان کارانە سەرلە نوێ بە تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە سروشت وەردەگرێتەوە"(ئەحمەد، ٢٠١٨، ٢٤٢).

شاعیر لە رێگەی وەسفەوە ئەزموونە شیعرییەکانی خۆی بەرجەستەکردووە، لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین وەسف "یەکێکە لەبابەتە سەرەکیەکانی شیعر، وێنەگرتنی دیاردەی سروشتە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکراو ڕەنگکردنی بەرهەمی مرۆڤایەتیە بەڕەنگێکی وا کە جوانی دەربخاو شیکردنەوەی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی بە جۆرێکی وا کە بتگەیەنێت بەناخی شتەکان" (سەلام، ٢٠٠٤، ٤٢). وەسف لای ئەم شاعیرە چەندین ماناو دەلالەتی لەخۆی گرتووە، کە لە وێنەکێشانی دیمەنەکانی سروشت و لە بەرجەستەکردنی ڕەهەندەکانی ناخی شاعیرەوە

سەرچاوە دەگرێت. شاعیر زۆربەی بابەتەکانی سروشی تێکەڵ بە ڕەهەندە مرۆییەکانی خۆی کردووە. گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەزموونە تێکەڵەکەی شاعیریش بریتین لە بابەتەکانی وەک (سروشت و مەرگەسات، سروشت و ژیان و مردن، سروشت و خۆشەویستی، سروشت و تەنیایی، سروشت و ئافرەت، سروشت و جوانی) و ئەم لایەنانە بە گرنگترین تەوەری سەرچاوە شیعرییەکەی دادەنرێن. ئەمانەش لە ئەنجامدا چەندین ماناو دەلالەتی جیاوازمان بۆ دێنێتە بوون، کە لە سۆزێکی بێگەرد و خاوێن بەرامبەر بە جوانیی سروشت و گیاندار و بێگیانەوە سەرچاوەیان گرتووەو شاعیر توانیویەتی لەم بوارەدا ئەزموونێکی سەرکەوتوو بخوڵقێنێت. بەم پێیە شاعیر توانیویەتی وەک داهێنەرێک لەنێو وێنەکانی سروشتدا داهێنانێکی تازەمان پێشکەش بکات، پەیوەندییەکی تازە لە نێوان خۆی و ڕەگەزەکانی سروشتدا دروست بکات و مەغزایەکی تازەیان پێببەخشێت. واتە شاعیر وێنەی شیعری لە ڕەگەز و بەرهەمەکانی سروشتەوە وەردەگرێت، کە بریتین لە سروشتی بێگیان و سروشتی گیاندار بەڕەگەز و پێکهاتەو دیاردە سروشتییەکانی ناوییەوە، کە شاعیر بە مەبەست و بۆ ئامانجێکی دیاریکراوی خۆی بە ماناو مەبەستی جیا جیا خوڵقاندوونی. بەمەش ئەزموونە شیعرییە تێکەڵەکەی خۆی دەوڵەمەند کردووە.

(محەمەد عومەرعوسمان) لە شیعری (ژەنەڕاڵی پاییز)داو هەر لە ناونیشانی شیعرەکەیەوە ئەوە ئاشکرادەکات، کە شاعیرێکی پایزەییەو خۆی بەڕابەرو سەرکردەی ئەو وەرزە دەزانێت و دەڵێت:

منم ژەنەڕاڵی پاییز..
منی هەرگیز ئۆقرە نەدیو
ژەنەڕاڵم.. ژەنەڕاڵی هەزارەها داری ڕووت و
ملیارەها گەڵای وەریو
منم ژەنەڕاڵی پاییز..
کاسکێتەکەی سەرم هەورە و
ئەستێرەکانی سەرشانم چەند گەڵایەک بەڕەنگی زیو
پاڵتۆی بەرم کزەبایە و
شمشێرەکەم لقی درەختێکی ڕزیو (عوسمان، ٢٠١٩، ٩١)

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوانگەیەی شاعیر، کە لەناخی خۆیدا هەستدەکات هێزی ئازارەکانی گەلێک زیاترە لەو خەم و ماتەم و گەڵاڕێزانەی پایزیان داگیر کردووە. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەک چۆن پایز بە وەرزی کۆتایی و بەرەو مردن دادەنرێت، ئەمیش لەبوون و گەوهەری

خۆیدا هەســـتدەکات بە هۆی ئەو هەموو ئازارەی لە ناویدا دەژی، لە هەمووان نزیکترە لە مەرگەوە و ژەنەڕاڵی هەڵگرتنی خەم و مەینەتییەکانی مرۆڤایەتییە. بەهەمان شێوە ئازارەکانی بۆ پایز و شـــیوەنی بۆ وەرینی گەڵاکان، وای لێدەکات لە خەم خواردندا خۆی بخاتە ســـەرووی پایزەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشـــە خۆی وەک شـــا و ژەنەڕاڵێکی ناوئەو وەرزە ناســـاندووە. شاعیر لەم شیعرەدا ئاشکرای دەکات ئەو لەناو وەرزی پایزدا ژیاوەتەوە، لە هەمان کاتدا هەموو مـانـاو دەلالەتەکـانی پـایزی بە خۆیەوە گرێداوەو وەک ژەنەڕاڵێکی ســـەربـازی وێنەی خۆی دەکێشـێت لەناو ئەو وەرزەدا، چونکە ســـەرجەم ئەو ماناو دەلالەتانەی بە خۆیەوە بەســـتووە، لەڕووکەشـدا نیشـانەی ژەنەڕاڵێکی سەربازییە. شاعیر بە جۆرێک پەیوەستە بە عیشقی پاییزەوە، کە لەڕێگەی بە ئامرازکردنی توخمەکانی ناو ئەو وەرزەوە ناســـنامەیەک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، کە تیایدا وێنەیەکی پایزەمـان لە شـــێوەی مرۆڤدا بۆ وێنا دەکات. یاخود بە پێچەوانەوە لێرەدا شـاعیر خۆی پۆشـاکی پاییز لە خۆی هەڵدەکێشـێت و پۆشـاکی پایز بەخۆیەوە دەگرێت. پایزیش پۆشـاکەکانی ڕەنگ ڕێژ دەکات و وەک خۆی دەڵێت: کاسـکێتەکەی ســەری بە هەور دەزانێت و ئەستێرەکانی سەر شانیشی بە چەند گەڵایەکی ڕەنگ زیوین و کزەبای پایزیش دەبێتە سەرتاپای پۆشاکەکەی و شمشێرەکەشی دەبێتە لقی درەختەکان.

هەر لە ڕوانگەی ئەم دەقەوە محەمەد عومەر، گەوهەر و ماهیەتی خۆی ئاشکرا دەکات، کە ئەمی (مرۆڤ) یش وەک پایز، لە بەردەم هەڕەشـەی باو زریان و لەناو چووندا بێدەسـەڵاتە. بۆیە هەر لە نێو جوگرافیای پایزدا شوناسی خۆی ئاشکرا دەکات و پێمان دەڵێت توانای چەندە و لەبەردەم چیشدا دەسەوسان و ڕەشبین و بێ ئومێدە. بۆیە لە کۆپلەیەکی دواتردا دەڵێت:

منم ژەنەڕاڵی پاییز..
درەختی ڕووت ئەم نازناوەی خەڵات کردم..
منیش نازناوی شەهیدم دا بە گەڵای هەڵوەریو.. و
کردمە تاکە ئازیزم
لەیەک ساتا خۆم کۆرپەی گەڵاڕێزان و
هەر خۆشم باوکی پاییزم
:
منم ژەنەڕاڵی پاییز
پاییز بە بێ من هەتیوە و
من بووم وتم بەڵێ تەرمی نسێی سەوزە..

گەڵای وەریوی کۆچکردوو
تەنیا منم کە لە میحرابی پاییزا..
بۆ گیانی زیندووی گەڵاکان..
نوێژی شەهید دائەبەستم.. ناوی نانێم نوێژی مردوو (عوسمان، ٢٠١٩، ٩١ – ٩٢)

لێرەدا شـــاعیر خۆی بە کۆرپەی گەڵارێزان و هەر خۆشـــی بە باوکی ئەو پایزە نیشـــاندەدات. پـایزیش دەبێتە ئەو دایکە میهرەبـانەی، کە کۆر پەو بـاوک لەخۆ دەگرێـت. ســــەرئەنجـام ئەم تێکەڵاوی و پەیوەسـتبوونەی شـاعیر بەم وەرزەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی درەختە ڕووتەکانی پایز نازناوی ژەنەڕاڵی پاییزی پێببەخشـــن. ئەمیش لە بەرامبەردا پلەی شـــەهید بە گەڵای وەریوی درەختەکان دەبەخشـێت. واتە لێرەدا هاوشـێوەییەک لە نێوان ژەنەراڵی پایز و شـەهیدا دروسـت دەبێـت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە ئەوی شـــاعیر دەبێتە ژەنەراڵی پـاییز، واتە پلەو پـایەیەک بەدەسـت دەهێنێت لەسەروو پلەو پایەی وەرزی پاییزەوەیە. گەڵای وەریووی درەختەکانیش لای شــاعیر پلەو پایەی شــەهیدبوون بەدەســتدەهێنن، کە لە بنەڕەتدا تایبەتە بە مرۆڤ و بەرزترین پایەیە، کە دەشێ مرۆڤ پێی بگات.

شــاعیر لە شــیعری (لەغوربەتا)دا، لە حەســرەتی ئامادە نەبوونی دولبەر، هانا بۆ پایز دەبات و لەگەڵ ئەم دیمەنەی سروشتییەدا هەست و سۆزی تێکەڵ دەکات و لە میانی پایزەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەک، کە تیایدا لەگەڵ یاردا بووە و دەیەوێت لە ڕێگەی وەرزی پایزەوە بە یار ئاشان ببێتەوەو دەڵێت:

پایز بوو.. باران نم نم ئەباری..
نیگای چاوانی پاییزیی و مەستی
وەک چەم ڕژایە دەشتی گیانمەوە..
دەستی خۆزگەمی خستە ناو دەستی (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٧)

بەم پێیە دەتوانی بڵێین سەرەتای ئاشنابوونی محەمەد عومەر، بە سروشت و وەرزەکانی ساڵ بەتایبەتی وەرزی پایز، لەو بۆچوونەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە وەرزی پایزدا کچێکی ناسیوەو تـایبەتمەنـدیەکـانی ئەو کچە لە ســـروشـــت و ڕەنگی پـایزەوە نزیـک بووە. ئیتر لێرەوە ڕووبەڕووبوونەوە و خۆش ویســـتنی (ئەو)ێکی ڕەنگ پایزەیی وا لە شـــاعیر دەکات هێندەی تر بەقووڵایی و نـاخی ئەو وەرزەدا ڕۆبچێت، چونکە لە پـایزدا نیگـای چـاوانی ئەو کچە ســـۆزو خۆشـــەویسـتی وەک چەم دەڕژێتە ناو گیانی شـاعیرەوە و لێرەوە دەسـتی خۆزگەی شـاعیری خســتوەتە ناو دەســتی خۆیەوە. شــاعیر زۆر زیرەکانە لە ڕێگەی کەرەســتەکانی ســروشــت و

وەرزی پایزەوە بە هۆی  هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە وێنەیەکی ئیســتاتیکیی جوانمان بۆ بەرهەم دەهێنێت، کە توانیوییەتی لەڕێگەیەوە، هەم گوزارشــت لە ســۆزو خۆشــەویســتی خۆی بەرامبەر دولبەرەکەی بکات، هەم گوزارشت لە خۆشەویستییە هەمیشەییەکەی بۆ پاییز بکات.

شـاعیر لە کۆپلە شـیعرێکی دیکەدا بەمەبەسـتی گوزارشـتکردن لە ژیانی تراژیدی و گریانی خۆی و پێناسـەکردنی فرمێسکەکانی، هانای بۆ سروشتی (شەو) بردووە و دەڵێت:

ئەم شەو ئەگریم.. هەردڵۆپە فرمێسکێکم..
بۆتە گۆڕ و مەزاری ساردی خەندەیەک
گەر هەر دڵۆپە ئەشکێکم.. ئازارێکم بگریتەخۆی
ئەبێ چاوانم داگیرسێ وەکو ئاسمانی ڕێژنەیەک          (عوسمان، ٢٠١٩، ٥٣)

 لێرەدا شـاعیر بێدەنگی و ئارامیی  سـروشـتی (شـەو) وەک ڕەمزی تاریکی و تەنهایی و مایەی ترس و خەم و ڕەشـــبینی و گریـان و فرمێســـک ڕشـــتن و هەڵکەندنی گۆڕ بۆ خەندەکانی هەڵدەبژێرێت و تێکەڵ بەهەست و سۆز و هەڵچوون و ئازارەکانی خۆی دەکات. محەمەد عومەر لەم کۆپلە شـــیعرەیدا لەڕێگای بەکارهێنانی هونەرەکانی لێکچواندنەوە وێنەیەکی خەیاڵیی جوانی بەرهەم هێناوە، هەر (دڵۆپە فرمێسـک)ێکی چواندووە (بەگۆڕ و مەزاری سـاردی خەندەیەک)، لە وێنەیەکی دیکەشدا، (چاوان)ی چواندووە (بەئاسمان)ی ڕێژنەیەک. لێرەدا شاعیر بە ئاڵوگۆڕکردنی سیفاتەکانی خۆی بە ڕەگەزەکانی ناو سروشت وێنەیەکی جوانی هونەری خەیاڵ ئامێزی بەرهەم هێناوە.

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی دیکەیدا، دیسان تێکەڵ بەسروشت دەبێتەوەو دەڵێت:

لە دنیای دڵی سیاپۆشمەوە..
چاو خافڵ ناکەم قەت لەو هەورانە
هەور تەمەنی ئەداتە باران..
باران هەناسەی بەو جۆگەلانە          (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٩)

لێرەدا شـــاعیر لە وێنەیەکی ئیســـتاتیکییانەی جوانی هونەریدا، مامەڵەیەکی ورد لەگەڵ ڕەگەز و پێکهاتەکانی سروشدا دەکات و تیایدا دەروونی هەڵچووی خۆی، کە تارماییەکی ڕەش داپۆشیوە، دەچوێنێت بە ئاسـمان، چاویشـی بە هەور و فرمێسـکەکانیشـی بەباران چواندووە، بەبێ ئەوەی بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوی فرمێسک هاتبێت. بەڵکو  شاعیر لەم وێنە هونەریەیدا ئاماژە بەوە دەکات  هەور تەمەنی خۆی بە(باران)دەبەخشـێت و بارانیش هەناسـەکانی تەمەنی دەکاتە دیاری بۆ جۆگەلەکان. لێرەدا شـــاعیر وێنەیەکی لێکدراو پێکدەهێنێت، کە لەســـەر بنەمای بەکەســـکردن

بنیاتنراوە، چونکە تەمەن کە سیفەتێکی مرۆڤە، خواستویەتی بۆ هەور، هەناسەش، کە سیفەتێکی گیانەوەرە، خواستویەتی بۆ باران. لێرەدا سیفەتی مرۆڤی داوەتە پاڵ هەور و باران، بەمەش لەسەر بنەمای خواستنی درکاو ئەم کردارەی ئەنجامداوە. سەرتاپای وێنەکەش دەبێتە وێنەیەکی فراوانتر و گوزارشت لە خەم و فرمێسک ڕشتنی شاعیر دەکەن لەحاڵەتی دڵتەنگی و ڕەشبینیدا.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەیدا لە میانەی ڕەگەزێکی ناوازەی ناو سروشتەوە، کە (خۆر)ە، باس لە نائومێدی و دڵتەنگی و ڕەشبینییەکانی خۆی دەکات و دەڵێت:

دەمەو ئێواران.. خۆر ساردە..
دڵی دڵدارانیش تەنگ
خۆر خۆی سەر ئەبڕێ..
دنیا ئەبێتە گۆمێک خوێنی مەنگ (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٥)

لەم شیعرەیدا لە ڕێگەی تێکەڵکردنی هەست و نەستی خۆی بە (خۆر)، وێنەیەکی فانتازیی جوانمان بۆ دەنەخشێنێت. لێرەدا شاعیر بە مەزراندنی ڕەمزی گەرمیی خۆر بۆ ڕەمزێکی سارد و بێ تین و بێ گەرمی پارادۆکسێک دەخوڵقێنێت. ئەمەش فەزای پشت دەقەکە پیشان دەدات، کە دەلالەتە لە حاڵەتی بێهودە بوون و ڕەشبینی و نائومێد بوونی شاعیر لە ژیاندا، چونکە خۆر لە بنەمادا سەرچاوەیەکی سەرەکیی گەرمییە، کەچی لێرەدا سارد و بێ تینە. جگە لەمە دەمی ئاوابوونی خۆر و سوورهەڵگەڕانی ئاسۆی بەوە داناوە خۆر خۆی سەردەبڕێت و دنیا وەک خوێنەکەی سوور دەبێت.

شیعری (با) یەکێکە لە شاکارە شیعرییەکانی ناو دیوانی (لەغوربەتا)ی شاعیر. لێرەدا شاعیر بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزێکی نێو سروشتدا دەکات، کە(با)یە و وێنەیەکی ئیستاتیکیی جوانی لێ بەرهەم دەهێنیت. شاعیر ڕوو لە(با)دەکات و دەڵێت :

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک..
بەمن نامۆیە..
ئەمکا بەشێت و.. وێڵ و ئاوارەی
ناو دارستانی چڕی دوودڵی
سەرسام دەبم و
کە پەنجەرەکەت ئەخەمە سەر پشت..
گڤڤڤڤڤڤڤ.. گڤەی (با)دێ و گوێم پێ شل دەکا

بۆ ئاهی سینەی پڕ کەفوکوڵی (عوسمان، ٢٠١٩، ١٨)

ئەو چەمەی شاعیر بە دڵ وەسفی دەکات، بە شاعیر نامۆ بووە. هەر بۆیە دەبێتە هۆی ئەوەی جارێک شاعیر شێت بکات و جارێکیش وێڵی بکات و ڕێگاکەی لێ تێکبدات و بەرەو دارساتنی ڕاڕایی و دوودڵی ببیات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەگات بەو ئامانجەی، کە بیری پێوەی جەنجاڵ و ماندووە. بۆیە بە سەرسامییەوە هەڵدەستێت و پەنجەرەی ژوورەکەی دەکاتەوە، بەڵام بایەکی زۆر بەهێز دەدات لە ڕووی و گوێیەکانی شل و سڕ دەکات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ئاهو نزولەیەی لە سینەی پڕ کەف و کوڵیدایەو بەدبەختی و نائومێدی شالاوی بۆ دێنن. شاعیر لە کۆپلەیەکی دیکەی ئەم شیعرەیدا دەڵێت:

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک..
لەلام ئەبێتە وژەوژی (با)
ئەوسا دڵنیام ئەوەی ئەیبیستم گڤەی (با)یە (با)
*
پێی ئەڵێم.. وەرە من تۆم خۆشئەوێ
بیرتە هاوینی پار ئێوارەیەک بە چڵە داری..
کەلەسەر خۆڵی ڕێگەکە نووسیم..
گەر نازدار بمرێ کۆستم ئەکەوێ
کە تۆش هاتیت و زوو سڕیتەوە
ئای من مناڵ بووم..!
وامزانی ئەچی لەسەر پەنجەرەی..
ژوورەکەی نازدار ئەینووسیتەوە؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ١٨)

لێرەدا شاعیر هاوبەشی لەگەڵ ڕەگەزێکی سروشتدا دەکات و هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی تێکەڵ بەو ڕەگەزەی ناو سروشت دەکات، کە (با)یە. واتە شاعیر خۆی دەکاتە هاودەمی (با)و لە دەربڕینی ئازار و ناڵەناڵدا لەگەڵ (با)دا یەکدەگرێتەوە. لێرەدا (با) لای شاعیر ڕەمزی خۆشەویستییەو لەگەڵ دیدو ناخی شاعیردا گونجاوە، بۆیە دەکەوێتە گفتوگۆکردن لەگەڵیداو بە یەقینەوە بە (با) دەڵێ وەرە من تۆم خۆشئەوێت، بەردەوام گفتوگۆی لەگەڵ دەکات و وەک میوانێک لێی دەڕوانێت. پاشان (با) لای شاعیر ڕەمزێکی تر وەردەگرێت، کە ڕەمزی بێهودەییە، چونکە گفتوگۆکانی شاعیر دەسڕێتەوەو نایانخاتە سەر پەنجەرەی ژووری نازدارێک، واتە گفتوگۆکان ناگەیەنێتە نازدارەکەی شاعیر. جگە لەمە شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەوەی (با) بە

ڕەمزی بێهودەیی ناوزەند بکات، ئەوە دەربخات ژیانی مرۆڤیش وەک ئەو (با)یە بێهودەیەو مرۆڤ ناتوانێت ئەم جیهانە بگۆڕێت. لێرەدا شاعیر لە تێڕوانینێکی بوونگەراییانەی فەلسەفییەوە بێهوودەیی بە ژیانەوە بەستووەتەوەو وەک عاشق و مەعشووقێک لە سروشت و مرۆڤ دەڕوانێت و ئەزموونە خودییەکەی تێکەڵ بە ئەزموونێکی دەرەکی دەکات و ئەزموونێک تێکەڵ دەخوڵقێنێت.

شاعیر لە کۆپلەیەک شیعری دیکەیدا بە تابلۆیەکی جوانی ئەفسوناویی نێو سروشت ئاوات بۆ کچێکی ئەفسوناوی دەخوازێت و دەڵێت:

ئای چەند شەیدای ئافرەتێکم لە باران بێ..
پەریزاندەی باو بۆران بێ..
کە کەوتمە مەرەکەبی گوناهەوە..
دەرم بێنێ و بمداتە بەر ڕێژنەی چاوی ئەشک باری
کە سەراب بوو بە مەنزڵم..
مەمکیم بۆ بکاتە دوو کانی و
پرچی بە کەپری مرواری (عوسمان، ٢٠١٩، ٨٩)

لێرەدا شاعیر دیمەن و ڕەگەزەکانی سروشتی (باران، باو بۆران، کەپری مرواری ) وەرگرتووە و سەر لەنوێ لە دیدێکی تازەی هونەریدا دایڕشتونەتەوە و وێنەیەکی ئیستاتیکیی جوانی لێ بەرهەم هێناوە. شاعیر خۆی ئاوێزانی سروشت دەکات و هەست و نەست و هەڵچوونەکانی لە ناو سروشتدا دەکاتەوە و داوای ئافرەتێکی لێدەکات، لە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیدا ئەو ئافرەتە دەچوێنێت بە پەرییەک، کە دروستکراوی باوبۆرانەو ئاواتەخوازە لە کاتی بەرهەمهێنانی هەر دەقێکی شیعریدا ئەو ئافرەتە ئەفسوناوییە هاودەمی خەمەکانی و ئیلهام پێدەری دەقە شیعرییەکانی بێت، لەکاتی دوورکەوتنەوە و فریوخواردنیدا ئارامی بکاتەوەو بەئاگای بهێنێتەوەو بیگەڕێنێتەوە بۆ ژێر سایەی نووسینەکانی.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین شاعیر لەهەندێ شیعریدا، بەتایبەتی شیعری (ڤان کوخ، یەسەنین، بابەتاهیر) لە ناونیشانی دەقەکەوە ڕۆدەچێتە نێو تەوزیفکردنی جەستەی دەقەکە، چونکە "ناونیشان لای شاعیر ئەو شوێنەیە، کە ئاماژە و واتای ئایکۆنە زمانییەکان لەوێدا هەڵدەگیرێن و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ نزیکبوونەوە لەواتای گشتیی دەقەکە" (پاڵەوان، ٢٠١٠، ١٠٥). بەتایبەتی لەو شیعرانەدا، کە شاعیرێکی وەک (محەمەد عومەر عوسمان) بەهۆی ناونیشانەوە بەرەو ئاقاری واتای گشتی دەقەکەمان دەبات و لەوێوە خودێتیی خۆی تێکەڵ بە

حاڵەت و بەســەرهاتە شـیعرییەکە دەکات و نایەوێت ڕاســتەوخۆ بێ ناونیشــان واتای تەواوی دەقەکە بدات بە دەستەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی و وردیی شاعیر لەدەستنیشانکردنی کۆدەکانی دەقدا. بۆیە (محەمەد عومەر عوسـمان) لە شـیعری (ڤان کوخ)[1] دا، کە وێنەکێشـێکی هۆڵەندییە و لە تەمەنی (٣٧)ساڵیدا خۆی کوشتووە، مەرگی ئەم وێنەکێشەو خۆکوشتنەکەی، لای شــاعیر ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە و تێکەڵ بەبیر و حاڵەتی خۆکوشــتنی خۆی دەکات، مەرگی خۆی و ئەو لەناو دەقە شیعرییەکەیدا جێگا دەکاتەوە و دەڵێت:

گەرچی تەمەنێکی ڕەش وەکو شورا..
ئاسۆی ژیانمی خستبووە نێو مشت
بەگیانێکەوە وەک گیانی مەسیح..
ئەمویست دەرگای نوور بخەمە سەرپشت
:
فڵچەم لەخوێنی خۆم هەڵئەکێشا و
دەریایەک بووم شێت.. شەپۆلم زەبەنگ
خۆراکی لەشم قاوە و دووکەڵ بوو
خۆراکی گیانیش.. بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ (عوسمان، ٢٠١٩، ٧١-٧٢)

شــاعیر لێرەدا ئاماژە بە خۆکوشــتنی (ڤان کوخ) دەکات و زۆر بە وردی ســەرنج لە ژیانی پڕ ئازارو ســـەرچاوەی زۆربەی ئازارەکانی (ڤان کوخ )دەدات. لێرەدا(محەمەد عومەر عوســـمان) حەقیقەتی ژیانی ئەو نیگارکێشـەی خستوەتەڕوو، کەحاڵەتە دەروونییەکانی دەبنە فڵچەو لەوحەی تابلۆکانی پێ ڕەنگڕێژ دەکات. لێرەدا شــاعیر زۆر بەجوانی و ڕاســتی ژیانی ئەو وێنەکێشــەی نیشـان داوین و بە شـێوەیەکی سەرنجڕاکێش وێنەیەکی جوانی لێ دەهێنێتە بوون و خۆی تێکەڵ بە فەزای مەرگدۆســتیی ئەو وێنەکێشــە دەکات و ئەزموونێکی تێکەڵ دەخوڵقێنیت. پاشــان بە هەمان کەرەسـتە شـیعرییەکانی خۆی لەناو سـروشـتدا، کە بریتین لە شـەپۆلی زەبەنگ و دەریاو دووکەڵ، تەوزیفی حاڵەتە دەروونییەکەی خۆی دەکات و تێکەڵ بە کەرەســتەکانی وێنەکێشــانی ئەم وێنەکێشەی دەکات، کە بریتین لە فڵچە و بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ و تابلۆ و دەڵێت:

لەتابلۆکانما.. خۆرم ڕاو ئەکرد
کەشەو دائەهات خۆری ئاوابوو
لەوتابلۆیەدا کەئەمبردەوە

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم لینکە: https://didimn.com/van-gogh-biography/

تازەلەکۆشی کازیوەدابوو

:

کەخوێنی خۆمم ڕشتە تابلۆوە..

کەزانیم ئیتر خۆر لێم هەڵنایەت..

من گوللەی مەرگم نابەخۆمەوە..

چۆنکە( بەدبەختی کۆتای نایەت )          (عوسمان، ٢٠١٩، ٧٢-٧٤)

لێرەدا (محەمەد عومەر) و (ڤـان کوخ) لەو ڕووەوە ئـاوێزانی یەکتر دەبن، کە هەردووکیـان بەهونەرەکەیان بەدوای ژیانێکی ئارامدا دەگەڕێن بۆ سـەرجەم مرۆڤایەتی. (ڤان کوخ) بەکێشـانی وێنەو تـابلۆ هونەرییەکانی لەخەمی کرێکاراندایە، (محەمەد عومەر)یش بە وشـــە پڕ مانـاکانی بەدوای شـــکۆی مرۆڤـایەتیـدا دەگەڕێـت. کـاتێکیش هەردووکیـان هەســـتـدەکەن لەڕێگەی هونەرەکەیـانەوە نـاگەن بە ڕێگەی بەختەوەری بۆ مرۆڤـایەتی، ئیتر خۆیـان دەکوژن و کۆتـایی بەژیانیان دێنن.

شـاعیر لە شـیعری (یەســەنین)دا لە ناونیشـانی شـیعرەکەوە ناسـنامەی دەقە شـیعرییەکەی ئاشکرادەکات و لێوەی ڕۆدەچێتە ناو دەقە شیعرییەکەوەو دەڵێت:

اڕێبوارێ بووم و

هەورێ نەگریا بەسەر باڵاما..

تۆزی غەریبیی بەرگی بەرم بوو

ڕێبواری بووم و

هەورێ نەگریا بەسەر باڵاما..

سەرابێکی دوور ڕێی سەفەرم بوو

کەوتمە دوای تیشکی دوو چاوی شۆخی..

دڵم هەڵوەری لە لەپی دەستیا..

بووم بە گەڵایەک لەناو شەپۆل و

گێژاوی هەستیا

کە هاتیشمە شار ئەستێرەی بەختم..

لە تەم و مژا ڕۆیی ئاوابوو

دنیای هەستی من بوو بە کەلاوە..

تا ڕۆژانێ بوو، بەهەشتی خوا بوو

:

لۆمەی من مەکەن..
ئێوە ئەوانەی لە ژووری گەرما..
لە پشت پەنجەرەی داخراوەوە..
سەیری ئاسمانی باو بۆران ئەکەن
ئەو ساتانەش کە دەرگای ژوورەکەم..
بە ڕووی (با) و بەفرا توند پێوەداوە
(با) لەناو خوێنما هەڵیکردووە..
لە شەختەو زوخما پەلم کوتاوە
:
لۆمەی من مەکەن.. بەر لە ڕۆچوونم
خۆم کوشت کە زانیم..
خۆرێکم نزیک لە ئاوابوونم (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٣-٢٤-٢٥)

(یەسەنین)[1]، کە شاعیرێکی بەناوبانگی رووسییە، شاعیرێکی لادێنشینە و لەگەڵ کەش و هەوای لادێدا گەشەدەکات و شیعرەکانی بنیاتدەنێت. کاتێکیش دوای شۆڕشی ئۆکتوبەر دێتە شار، تووشی نامۆ بوون دەبێت، ئەگەرچی بە گیان لەناو شۆڕشی وڵاتەکەیدا دەژی، بەڵام ناتوانێ شیعر بۆ باڵای شۆڕش بنوسێت و تووشی داخرانێکی ناوەکی دەبێت. ئەمەش بەرەو مەرگی دەبات و لەئاکامی نامۆیی و جەنجاڵی شار و دورکەوتنەوەی لە کەش و هەوای لادێ، خۆی دەخنکێنێ و کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت. (محەمەد عومەر)یش وەک کارەکتەرێکی خوازراو چیرۆکی ژیانی ئەم شاعیرە وەردەگرێت و لە دونیای شیعریدا (یەسەنین) بانگدەکات و لە ڕێگای گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی خۆی و یەسەنینەوە پێمان دەڵێت ئێمە لەهەمان کەش و هەواو بارودۆخ و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەژین، تەنها شوێنی نیشتەجێبوونمان جیاوازە لەیەکتری، چونکە (محەمەد عومەر)یش، ئەگەرچی شارییە و نیشتەجێبووی شارە، بەڵام بە ڕۆح لەنێو سروشت و ژینگەی لادێ و گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ و دیمەنە جوانەکەیدا دەژی، لە پشت پەنجەرە داخراوەکانیشەوە لە کەش و هەواو ژینگەی سروشتدا دەژی و ناتوانێت لێی جیا ببێتەوە. هەردوو شاعیر لەوەدا وەک یەکن، کە شیعرەکانیان خولقێنەری جوانیی مرۆڤایەتییە و جوانی پەخش دەکەن، بەڵام هەردووکیان دەگەنە ئەو بڕوایەی لەم ڕۆژگارەدا کەس لە خەمی ئەم جوانییەدا نییەو کۆتایی مرۆڤە جوانی خولقێنەکان، کۆتاییەکی غەمگینە، بۆیە هەردووکیان

---

١-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم لینکە: http://www.jehat.com/ar/Sha3er/Pages/searjou.html

دەکەونە نامۆبوونێکی قوڵەوەو چیتر خۆیان و ســـەردەمەکەیان بۆ لەیەکتر جیاناکرێتەوە. لێرەدا دەبینین هەردوو شـــاعیر هاوشـــێوەی یەک لە ئەنجامی نائومێدبوونیان لە ژیان، بە خۆخنکاندن کۆتایی بەژیانی خۆیان دەهێنن.

(محەمەد عومەرعوســمان) لەشـیعری (بابەتاهیر)دا دیســانەوە لەناونیشــانی دەقەوە دێتەوە ناو تەوزیفکردنی پانتایی دەقە شیعریەکەو دەڵێت:

ئاخ بۆچی دەستم نەگەیشتە هەور؟..
چاوی پڕ پرسم خوێنینە و نمناک
باخ سووتا.. ئەشکم نەی کوژانەوە..
سووتەمەرۆیە سەرانسەر ڕووی خاک
ئەوی بەڕووتیی لە شەختەو زوقما..
لەگۆ نەکەوێ.. نەوەرێ پەنجەی
لەسەرما ناگاو گۆرانی ناڵێ..
بۆ بڵێسە و گڕ.. بۆ لاروڵەنجەی
کەسێک لە گڕا، گەر هەڵنەقرچێ..
لەسەریا.. بەفری عەشق داناکا
نازانێ پشکۆ و هەڵقرچان چییە..
شنە لەسەرای دڵیا هەڵناکا (عوسمان، ٢٠١٩، ٦٧)

(محەمەد عومەر) لەژێر کاریگەریی خوازەیەکی خەیاڵیدا، بابەتاهیر دێنێتەوە نێو جیهانی شیعریی و تیایدا خۆی ئاوێزانی نێو جیهانە شـیعرییەکەی ئەو دەکات و لێوەی باس لەوە دەکات لەڕووی جیهــانبینیەوە هەردووکیــان بەدوای مەســـــەلەکــانی بوون و ژیــانەوە بوون و لە زۆربەی شیعرەکانیاندا هاوبەشـی یەکن. لەڕووی ئەم جیهانبینیەوە شـاعیر زمانی شیعری پاراو دەکات و پەرە بە سۆزە شیعرییەکانی دەدات.

هەموو ئەو نموونە شیعرییانەی لە سەرەوە هێنامانن و قسەمان لەسەر کردن، ئەزموونی تێکەڵن؛ شـاعیر لە شیعرەکانیدا ئەو بابەتە دەرەکییانەی وەرگرتووەو تیکەڵ بە هەست و سۆزو ئەندیشە و هەڵچوونەکانی خۆی کردوون، بەمەش بوون بە ئەزموونێکی شـیعری تێکەڵ لە بابەتی خودی و دەرەکی.

# بەشی دووەم

# ڕەهەندی نامۆیی و وەرزەکانی ساڵ لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا

# بەشی دووەم

## ڕەهەندی نامۆیی و وەرزەکانی ساڵ لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا.

### پاری یەکەم// چەمک و زاراوەی نامۆیی و ڕەنگدانەوەی لە شـــیعرەکانی(محەمەد عومەر عوسمان)دا:

نامۆیی دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، حاڵەتێکی نائاســـایی و تەم ومژاوییە و بەبێ جیاوازی ڕەگەزو تەمەن و پلەوپایە و ئاســـتی رۆشـــنبیری ڕووبەڕووی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبێتەوە. نامۆیی بەگشتی لە شێوەی حاڵەتی دڵەڕاوکێ و بێ قەراری خۆی دەخزێنێتە نێو دەروون و هزر و بوونی مرۆڤەوە، بەڵام ئەم حاڵەتە بەپێی باری دەروونی مرۆڤ و ئەو ژینگەو کەش و هەوایەی تیایدا دەژی سیماو خەسڵەتی جیاواز وەردەگرێت. ئەم دیاردەیە ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی مێژوویی هەیە، وەک کێشەیەک هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە ڕووبەڕووی مرۆڤ بووەتەوە، چونکە مێژووی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دێرین، کە ســـەرەتای دەســـتپێکردنی ژیانی مرۆڤ بووە و بە بەســـەرهات و چیرۆکی ئادەم و حەوا دەستپێدەکات، کاتێک کە ئادەم و حەوا بە تاوانی خواردنی ڕووەکە قەدەغەکراوەکە لە بەهەشت دەردەکرێن و دەخرێنە ســەر زەوی. هەر بۆیە ئادەم و حەوا بە ژیان نامۆ دەبن و ئەم دیاردەیە تیایاندا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە ئادەم و حەوا هەر لە سەرەتادا شتەکانیان بەسەردا سەپێنراوەو دواتر بەبێ ویســتی خۆیان فڕێ دراونەتە ســەر زەوی و نامۆییەکەیان ســەختتر بووە. کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین ســەرەتای دیاردەی نامۆیی لەســەر بنەمای غەیبی و ڕۆحی بووە، دواتر خۆی بەســتوەتەوە بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە (عەزیز، ٢٠٠٦، ١٣٢). نامۆیی پەیوەســتە بە مرۆڤ لە هەموو ســەردەمێکدا بە سیماو خەسڵەتی جیاوازەوە، واتە لەگەڵ بەرەوپێشــچوون و گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤدا، چەمکی نامۆییش گۆڕانی بە ســەردا هاتووەو لە گەڵیدا ژیاوە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین نامۆبوون ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا.

زاراوەی نامۆیی (Alienation) لەبنچینەدا وشــەیەکی لاتینیەو ماناکەی لە کرداری (Alienare) وەرگیراوە، کە بەمانای گواســـتنەوەی خاوەندارێتی بۆ یەکێکی تردێت، یاخود بەمانای ڕووت بوونەوە دێت، (شـــاخت، ١٩٨٠، ٦٣) لە زمانی ئینگلیزیشـــدا زاراوەی نامۆیی (Alieation)لە ئـاوەڵنـاوی(Alien)ەوە هـاتووە، کە بە مـانـای نەنـاســـراو یـان بێگـانە دێـت، هەروەهـا مانای(سەرپێچیکەر) یان گۆڕان لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگەیەنێت. جگە لەمە کاری(Alienate)

به واتای دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگەو بە تەنها مانەوەو هاوڕێیەتی لە دەســـتدان دێت (المحمدی، ٢٠٠١، ١٠).

هەروەها لە زمانی عەرەبیشـــدا هەردوو زاراوەی (الغربة) و (الإغتراب)ی بۆ بەکاردێن. هەندێک پێیان وایە هەردووکیان یەک مانایان هەیە، هەندێکیش جیاوازی لە نێوانیاندا دەکەن. زاراوەکە لە زمانی عەرەبیشـــدا بە چەندین جۆر لێکدراوەتەوە: (الغربة) بە واتای دووربوونی مرۆڤ لە زێدو جوگرافیا دێت، بەڵام زاراوەی (الإغتراب) لایەنی دەروونی لەخۆی دەگرێت، بە واتـای تەریک بوون و گۆشـــەنشـــینی و دوورەپەرێزی لە کۆمەڵ دێت (عەبدوڵا، ٢٠١٤، ٧)، بەڵام هەندێک لە نوســـەرو لێکۆڵەرە عەرەبەکان وەک(د. محمود رجب) و (د. فتح الله خليف) لایان وایە زاراوەی (الغربة و الإغتراب) هەردووکیان یەک چەمکیان هەیەو جیاوازی نییە لە نێوانیاندا. (ســـەعید، ٢٠٠١، ٧).

لە زمانی فارسـیشـدا بە هەمان شـێوەی زمانی عەرەبی بۆ نامۆبوونی جوگرافی وشـەی (غريب) بەکاردەهێنرێت، بەڵام بۆ بارە دەروونییەکەی وشـــەی (أز خود بيگانيگی) بەکاردێت، کە واتای لەخۆنـامۆبوون دەگەیەنێت. لەم ڕوانگەیەوە دەگەینە ئەو ڕاســـتیەی مەرج نییە مرۆڤ تەنهـا بە گواسـتنەوەی جوگرافیاو شـوێنی نیشـتەجێبوونی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر نامۆبێت، بەڵکو دەکرێت مرۆڤ لەناو زێدو نیشتیمانی خۆشیدا توشی نامۆبوونی ڕۆحی بێت. هەر بۆیە لە زمانی فـارســـیـدا بۆ نـامۆبوونی ڕۆح "زاراوەکـانی (أزخود بيگـانيکی، بيگـانيکس ڕا) زیـاتر بۆ لایەنی دەروونی و لەخۆنامۆبوون بەکاردەهێنرێت" (حمە فرج، ٢٠١٦، ٧).

لە زمانی کوردیشـدا زاراوەی نامۆیی وەک زاراوەیەکی داتاشـراو بۆ وشـەی ( Alienation)ەو بەرامبەر بە وشـــەی(الغربة)ی عەرەبییە. لە زمانی کوردیدا زاراوەی نامۆیی لە وشـــەی (نامۆ) لەگەڵ پـاشـــگری(یی) پێکهـاتووەو چـاوگەو لە ئـاوەڵنـاوی (نـامۆ)ەوە وەرگیراوەو لە فەرهەنگە کوردییەکانیشـدا ئاماژەیان بەم زاراوەیە داوە، بەشـێوەیەکی گشـتی زاراوەی(نامۆ) بۆکەسـەکان بەکـار هـاتووە وەک بڵێن فلان نـامۆیە، بەڵام زاراوەی (نـامۆیی) بۆ حـاڵەتەکە بەکـارهـاتووە. لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا (نامۆیی) واتای بێگانەیی و(نامۆ)ش بە واتای بیانی، غەریبە، بێگانە، هاتووە هەر لەم فەرهەنگەدا زاراوەی (غەریب)بە واتای ئاوارە لە نیشتیمان، بەستەزمان، گێلۆکە، سەیر و سەمەرە، دێت. (هەژار، ١٣٦٩، ٥١٢-٨٥٧).

هەروەها لە فەرهەنگی (شێخ محمدی خاڵ) یشدا (نامۆ) بە واتای غەریب و نامۆییش بە واتای بێ خەوی و بێ کەیفی هاتووە، کە لە ڕانەهاتنی کەسـێک لەگەڵ کەسـێکی تردا، یان لەگەڵ شـوێنێگدا

دێته کایەوە. (خاڵ، ٢٠٠٠، ٣٣١) لە خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی ئەو نوسـینانەی سـەرەوەدا دەگەینە ئەوەی، کە زاراوەی نامۆیی یان غوربەت لێکدانەوەی زۆرو هەمەچەشـنی بۆ کراوە، چونکە ئەم باسە وەک ڕەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی بابەتێکی زیندوو و بەردەوامەو بەپێی بارودۆخ و گۆڕانکارییەکانی سـەردەم ڕووبەڕووی مرۆڤ بووەتەوە. بۆیە ناسـاندنی چەمک و زاراوەی غوربەت گەلێک قورس و سەختە، چونکە ئەم دیاردەیە تایبەتە بە مرۆڤ، مرۆڤیش بوونەوەرێکی ئـاڵۆزەو مێژوویەکی جێگیری نییە. جگە لەمەش ئەم چەمکە ڕەگوڕیشـەیەکی قووڵی هەیەو لەهەمان کاتدا گەلێک هۆکارو فاکتەری ئاینی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابوری و ... تاد. ڕۆڵیان لە دروسـتبوونیدا هەیە. هەر بۆیە چەمک و زاراوەی نامۆیی بەپێی گۆڕانکاری و بارودۆخی سەردەم لە گۆڕاندا بووەو واتای تازەی وەرگرتووە، هەریەک لە فەیلەسوفان و دەروونناسان و کۆمەڵناسـان لێیان کۆڵیوەتەوەو هەریەکەشـیان بەپێی گۆشـەنیگاو بواری کارەکەی خۆیان لەم چەمکە دواون. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی تێڕوانینی هەنـدێکیـان بۆ ئەم چەمکە بخەینەڕوو.

بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی زانستی چەمکی نامۆیی لە لایەن فەیلەسوفی بەناوبانگ (هیگل ١٧٧٠ – ١٨٣١)ەوە هاتۆتە ناو فەلسەفەوە، بەڵام پێش ئەم فەیلەسوفە هەندێک لە زانایان وفەیلەسوفانی دیکە باسـی چەمکی نامۆییان کردووە بۆنموونە (سـوقرات، ئەفلاتون ئەرسـتۆ، تۆماس هوبس، جۆن لوک). بەڵام هیگڵ گرنگییەکی زۆری بە بابەتی نامۆیی داوەو لە ڕوانگەی توێژەرانەوە هیگڵ بە باوکی نامۆبوون دانراوە (المحمدی، ٢٠٠١، ٣٧). نامۆبوون لە سـەردەمی ئەمدا شـێوازێکی نوێی وەرگرت، چونکە نامۆبوون لە پێش ئەمدا تەنها وەک ئەزمەیەک سەیرکراوەو بە دەستیەوە نـاڵانـدوویـانە، بەڵام لای هیگـڵ گۆڕا بۆ زاراوەیەکی هونەری (چەمـک). هیگـڵ بە یەکێـک لەو فەیلەسـوفە سـەردەمیانە هەژمار دەکرێت، کە بۆ یەکەمجار زاراوەی نامۆیی بە شـێوەیەکی سیستماتیک لە فەلسـەفەکەیدا بەکارهێناوە، گرنگیەکی زۆری بە نامۆیی و چارەسـەرەکانی داوە، بە تایبەتی لە کتێبی(دیاردەگەرایی عەقڵ)دا لە سـاڵی (١٨٠٧)دا شـیکارێکی وردی بۆ ڕۆحی نامۆبوون کردووەو لە هەمان کاتدا پێشـبینی گۆڕانکاری دەکات لەم چەمکەدا، تا لە ڕێگەیەوە بگاتە چارەسەرێکی عەقڵانی و دەرئەنجامێکی دروست. هیگڵ بە چەند شێوازێک زاراوەی نامۆیی بەکـارهێنـاوە "جـارێـک بە واتـای جیـابوونەوە، جـارێکیش بە واتـای وازلێهێنـان و ملکەچی" (سەرچاوەی پێشوو، ٣١).

بەم جۆرە هیگڵ لە لێکۆڵینەوەکەیدا لە بارەی پەیوەندی مرۆڤ بە دەوروبەرو کۆمەڵەوە، دەگاتە دوو جۆر لە نـامۆیی: جۆری یەکەمیـان دژیەکییە لەنێوان هۆش و واقیعـدا، کە پێیـدەڵێـت

جیابوونەوەی تاک لە کۆمەڵ و سیستمی گشتی، بەشێوەیەک کە مرۆڤ تەنها گرنگی بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی دەدات و تاکگەرایی و پاراستنی تاکێتی خۆی لە سەربەخۆیی و بڕیارداندا دەپارێزێت ولەوانیتر خۆی جیادەکاتەوە. ئەمەش پێی دەگوترێت نامۆبوون لە بەها کۆمەڵایەتییەکان. جۆری دووەمیان، کە هیگڵ ناوی دەنێت ملکەچی، پێچەوانەی جۆری یەکەمە و لەم جۆرەدا مرۆڤ هەرچەندە نامۆش بێت، بەڵام خۆی دەبەستێتەوە بەسیستەمی گشتییەوە و بەجۆرێکی تەواو تێکەڵی دەبێت. هیگڵ ئەم ئاوێتەبوونە بە کارێکی ئەرێنی وەسف دەکات و پێیوایە هۆکارێکە بۆ زاڵبوون بەسەر حاڵەتی نامۆییدا. بۆیە هیگڵ لای وایە دەبێت کۆمەڵگەیەکی ڕاست و تەندروست بهێنرێتە کایەوە، کە بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان ئاوێزانی یەکدی بکات. (برکات، ٢٠٠٦، ٣٧). کەواتە دەتوانین بڵێین نامۆبوون لای هیگڵ لەخودی بونیادی گشتی ژیاندایە. لەم تێڕوانینەی هیگڵەوە نامۆبوون لەژیاندا شتێکی سروشتی و خۆڕسکە و بوونی هەیە بێ ئەوەی هۆکاری سەرەکی خودی مرۆڤەکە بێت.

دیاردەی نامۆیی بە زۆری لەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازییەوە ڕووی لەزیادبوون کردووە. (کارل مارکس)، کە یەکێکە لە فەیلەسوفە ماتریالیستە بەناوبانگەکانی بواری ئابوری لەسەدەی (نۆزدە)هەمدا، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (سەرمایە) دەڵێت: "دیاردەی نامۆبوون خۆی لەبواری کار و دابەشبوونی کاردا نیشان دەدات" (فرۆم، ٢٠٠٥، ٣). کار بەلای مارکسەوە پەیوەندییەکی چوست و چالاکانەی مرۆڤە لەگەڵ سروشتدا و خوڵقاندنی جیهانێکی نوێیە، لەوانەش خوڵقاندنی خودی مرۆڤ خۆیەتی. بەلای مارکسەوە چالاکییە هزری و عەقڵییەکان هاوشێوەی کارن و وەک چالاکییەکی پیشەیی و هونەری لێیان دەڕوانێت. ئەم بۆچوونەی مارکس، کە بەسەر کار و مرۆڤدا چەسپاندویەتی، نامۆبوونەکەی لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێت کاتێک چالاکییە هزری و عەقڵییەکانی مرۆڤ لە بواری بەرهەم و کاردا دەبێتە بەرهەمهێن، لەو کاتەدا بەواتای جیابوونەوەی بەرهەم دێت لە بەرهەم هێنەرەکەی و لەم حاڵەتەدا خاوەنەکەی بە کار و بەرهەمەکەی نامۆ دەبێت و وەک ئەوە وایە بەرهەمەکەی لەلایەن کەسێکی ترەوە داگیربکرێت، چونکە کرێکار دادەبڕێت لەبەرهەمەکەی، کە بەتوانای خۆی بەرهەمی دەهێنێت.

نامۆبوون لای مارکس دەگەڕێتەوە بۆ کۆیلەبوونی مرۆڤ بۆ شتە مەتریاڵەکان، ئەمەش وادەکات کرێکار پابەندبن بە هاوکێشەیەکی نەگۆڕ لەچوارچێوەی هاوکێشەی (کار و بەرهەم)دا. کرێکار تەنها لەڕێگەی فرۆشتنی هێزو داهێنانەکانی خۆی بەخاوەنی کار، لەبەرامبەردا کرێیەکی دیاریکراو وەردەگرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بێبەشبوونیان لە چالاکی بەرهەمهێنان، کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی داهێنان و تواناکانی خۆیانە. بەم پێیە سەرمایەداری لە دیدگای مارکسەوە

سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبوونی نامۆبوون. لەو ڕوانگەوە، کە کۆمەڵێکی کەم سەرمایەدار وەک خاوەنی کارگە بەرهەمەکە لە خۆدەگرن، لەهەمان کاتدا کرێکارانیش بەشێکی زۆری خاوەن هێزن و لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە دەچەوسێنرێنەوە و بەبەردەوامی هەژار و نامۆ دەبن و بەم نامۆییە دەمێننەوە لە سیستەمەکەدا. (قادر،٢٠٠٧، -١١)

(فیورباغ)، کە یەکێکە لە فەیلەسوفە ئایدیالیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (گەوهەری مەسیحیەت)هۆکاری سەرەکی نامۆبوونی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاین فیورباغ لەم کتێبەیدا سەبارەت بەئاین و کۆمەڵگەو ئاین و مرۆڤ دەدوێت و باس لەوە دەکات ئاینەکان لەلایەکەوە ڕۆڵی مژدە و هیوا دەبەخشن لەلایەکی تریشەوە ترس و تۆقاندن. هەر لەم بارەیەوە ئاینەکان ڕۆڵی کاریگەر لەنامۆکردنی مرۆڤەکاندا دەگێڕن، ئیتر لێرەوە ئاین بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ داگیر دەکات، چونکە خودی مرۆڤ نرخی تەواوی بە خودا بەخشیوەو نرخێکی ناتەواوی بەخۆی بەخشیوە. (حنفي، ١٩٧٩، ٥٣)

لەڕوانگەی (فیورباغ)ەوە سەرچاوەی ئاین هەموو هەست و ناخی مرۆڤ داگیردەکات و بەردەوام لەناخی خۆیدا پەنا بۆ ئەو هێزە باڵا دەستە دەبات و بۆ پاراستنی خۆی لەپەنادا داڵدەدات. کەواتە "مرۆڤ پێچەوانەی ئەوەی لەناخیدایە شتێکی دەرەکی ڕەنگدەداتەوە و دەشی پەرستێ، بەم شێوەیە مرۆڤ دروستکراوەکانی دەستی خۆی دەپەرستێت و خۆی دەکاتە ژێر کۆنترۆڵی ئەو شتانەی کە خۆی دروستی کردوون و مانای پێیان بەخشیوە. لەمەشەوە دروستکەر (الخال)ە، مرۆڤیش دەبێتە دروستکراو (مخلوق)" (قادر، ٢٠٠٧، ١٠). لەم بۆچوونەی(فیورباغ)ەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە مرۆڤ لەو کاتەدا نامۆ دەبێت، کە بەدوای دروستکەری خۆی و گەردووندا دەگەڕێت، تا دەیگەیەنێتە ئاستی دابڕان لە کۆمەڵگە و دەوروبەری و بەرەو گۆشەگیری و نامۆبوونی دەبات.

(سیگمۆند فرۆید ١٩٥٦-١٩٣٩)، کە بەیەکێک لە ناودارترین دەروونناسانی سەدەی (بیست)ەم دادەنرێت و دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکارییە، پێی وایە "نامۆبوون لە ئەنجامی ململانێی نێوان خود و ڕێکارە (ضوابط) شاراوەکاندا دروستدەبێت، کەوا لەتاک دەکات هەست بەبێزاری و ڕاڕایی بکات، کاتێک مرۆڤ تووشی ئاڵۆزییەکانی شارستانیەت و ڕێککارییە جۆربەجۆرەکان دەبێتەوە، کە دەبنە بەربەستێک بۆ تێرکردنی ویست و ئارەزووەکانی، سەرئەنجام تاک ناچارە ئەم ویست و ئارەزووانە لە ناخیدا خەڤە بکات" (فاروق، ١٩٧٧، ١٤). کەواتە فرۆید نامۆبوونی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کۆت و بەندانەی لە ڕێگەی دامەزراوە

یاسایی و ئاینییەکانی کۆمەڵگاوە بەسەر چالاکییە غەریزەیی و بایەلۆژیەکانی مرۆڤدا دەسەپێنرێن و نابێت لێیان لابدات. ئەم نامۆبوونەش هەرلە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە دەستپێدەکات، چونکە هەر لەو تەمەنەوە مرۆڤ لەژێر ئەو پێوەر و یاسایانەدا دەست بۆ هەرشتێک دەبات پێی دەڵێن نەکەی (عەیبە، قەدەغەیە). ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات ترسێک لە ناخیدا چەکەرە بکات و دڵ و مێشکی داگیر بکات، حەز و خولیاکانی ناوەوەی خۆی بشارێتەوە بۆ ئەوەی خۆ لەگەڵ یاساو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا بگونجێنێت. کەواتە بەلای فرۆیدەوە خود ڕۆڵ دەبینێت لە نامۆبوونی مرۆڤدا. لێرەوە دەتوانین بڵێین نامۆیی چەشنێکە لەو ئەزموونەی تیایدا تاک بەرامبەر بەخۆی نامۆ دەبێت، چونکە فرۆید لای وایە تاک بۆ تێرکردن و دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووەکانی پێویستی بە ئازادی و سەربەخۆییەکی ڕەها هەیە.

هەر لەبارەی نامۆبوونەوە (ئەریکسۆن) وەک لێکۆڵەرێکی بواری دەروونناسی، نامۆیی دەبەستێتەوە بەقەیرانی ناسنامەوە. ئەریکسۆن ئەم کێشەیە وادەبینێت کە "نامۆیی هەستکردنە بەجێگر نەبوونی ناسنامە کە زیاتر لای گەنجان قەیرانی ناسنامە ڕەنگی داوەتەوە. پێی وایە ئەگەر تاک سەرکەوتوو نەبوو لە تێگەیشتن لە دەروونی خۆی، هەروەها بە دەست دیار نەبوونی ناسنامە لەکاتی ئێستادا ناڵاندی و ئایندەی ناسنامەکەشی دیار نەبوو، ئەو تاکە دەچێتە خانەی ئەو کەسانەی پێیان دەوترێت ناسنامە پەرش و بڵاوەکان، هەر ئەوانەشن بەدەست قەیرانی نامۆییەوە دەناڵێنن" (سەعدون، ٢٠١٥، ٤٨٤). ئەمەش زیاتر لە قۆناغی هەرزەکاریاندا توشی مرۆڤ دەبێتەوە، چونکە لەو قۆناغەدا وێڵە بەدوای بەدەستهێنانی ناسنامەیەکدا، کە پێناسەی خۆی پێبکات. مەرجیش نییە ئەو ناسنامەیە ئەرێنی بێت، چونکە زۆرجار بەهۆی هەل و مەرجی ژیان خۆیەوە، خەونەکان پێچەوانەی خواستی مرۆڤ بەدیدێن. لێرەدا مرۆڤ تووشی نامۆیی و پەرچەکرداری ناسنامە دەبێتەوە.

مانای کۆمەڵایەتی بۆ نامۆبوون لای (دۆرکهایم)، کە فەیلەسوفێکی بەناوبانگی بواری کۆمەڵناسییە، لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەردەکەوێت "بەناوی ( ئانۆمی Anomie)، کە ئاماژە بۆ بێ پێوەری یان لەدەستدانی پێوەر و بەهاکانی ناو کۆمەڵگە دەکات و بەهۆیەوە حاڵەتی گێرەشێوێنی و نایاسایی لەناو دامودەزگاکانی کۆمەڵگە بڵاودەبێتەوە. بێ پێوەری ئاماژە بۆ حاڵەتی فەوتانی ئینتیماو ژاوەژاوی پێوەرە ڕەوشتییەکان و دەرکەوتنی هەڵوەشاندنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات" (ناجی،١٩٨٠، ١٧٦). واتە لە دیدی (دۆرکهایم)ەوە نامۆبوون هۆکارەکەی کۆمەڵایەتییەو پێی وایە نامۆبوون  بارودۆخ و کەش و هەوایەک دەخوڵقێنێت لێوان لێو بێت لە ژاوەژاو و بونیادی کۆمەڵگە بەئاڕاستەی نەمان و تێکچوون دەبات.

له کۆی ئەو تێڕوانینانەی بۆ چەمک و زاراوەی نامۆیی خســـتماننەڕوو، دەتوانین بڵێین نامۆیی یەکێکە لەو گیروگرفت و قەیرانە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی لەژێر کاریگەری چەند هۆکارێک دووچاری مرۆڤ دەبێتەوەو هەســـت و هۆشـــی داگیردەکات و کەســـایەتییەکی نامۆی تیا دروســـتدەکات چ لەخودی خۆیدا یاخود لە چواردەور و کۆمەڵگاکەیدا، لەو ڕووەوەی "نامۆگەرایی (Alienation) بریتییە لە دۆخێکی سایکۆ کۆمەڵایەتی، کە لەکات و شوێنی نادیاردا دووچاری بوونەوەر دەبێ و بەهۆی ئەوەوە هەســت بەنامۆیی و دووری و ئاوارەیی دەکات ، کەواتە نـامۆیی دیـادەیەکی دەروونییە و لەئەنجـامی کـارلێکردنی کۆمەڵێـک هۆکـاری کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبێت. زۆرجار ئەو نامۆییە دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندیی تاک لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا، زۆرجاریش دەبێتە هۆی دورکەوتنەوە لەخودی خۆی و ژینگە و دەوروبەرو کۆمەڵگەکەشی.

لێرەوە دەتوانین بڵێین نامۆیی بە واتای ترازاندن و جیابوونەوەی مرۆڤ دێت لەناخی خۆی، کە ئەمەش نـامۆبوونێکی ڕۆحییە، یـاخود بەواتـای جیـابوونەوە و لێک ترازان دێت لە خـاک و نیشـــتیمان و کەلتور و زمان. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە نامۆیی دوو جۆری ســـەرەکی لەخۆی دەگرێت: جۆری یەکەمیان نامۆبوون و دورکەوتنەوەیە لەخەڵک و نیشتیمان، ئەمە نامۆبوونێکی دوورە وڵاتییە. دووەمیشیان نامۆبوونێکی دەروونییە و لەناو خاک و نیشـــتمانی خۆیدا ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، کە ئەمەیان ترســـناکترین جۆری نامۆییە، چونک "نامۆترین نامۆ ئەو کەســـەیە کە لەناو نیشـتمانی خۆیدایەو نامۆیە" (ســـەعید، ٢٠٠١، ٩). لێرەدا مەبەســت ئەوەیە مرۆڤ نامۆیانە لەگەڵ خودی خۆیدا ژیان بەســـەر دەبات و بەخودی خۆی نامۆ دەبێت و ناتوانێ بەجۆرێکی ئاسـایی و سـروشـتی ژیانی خۆی وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی درێژە پێبدات. ئەمەش پێچەوانەی نامۆبوونی دوورە وڵاتییە، چونکە لە نامۆبوونی دوورەوڵاتیدا ئەگەرێک هەیە بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ زێد و نیشـــتمانی خۆی و نامۆبوونەکەی کۆتایی بێت، بەڵام نامۆبوونی ناخ ئومێدی تێپەڕاندنی زۆر لاوازە، چونکە خۆی لە ناو زێد و نیشتمانی خۆیدایە و دوور نەکەوتۆتەوە.

بەم پێیە نامۆیی بریتییە لەو بارە دەروونییە سەختەی مرۆڤی تێدەکەوێت و نامۆدەبێت، هەستکردنە بە لەدەستدانی توانا و واتا و پێوەر و لە ئەنجامدا دەگاتە ئەوەی هەست بە تەنهایی بکات و لە خودی خۆشی نامۆبێت، وەک چۆن سیمان (M.seeman) ڕوونی دەکاتەوە، کە نـامۆیی بریتییە لە لەدەستدانی توانا (Powerlessness) و لەدەستدانی واتا ( Meaning lessness) و لەدەستدانی پێوەر (Normlessness) و تەنهایی (Isolstion) و نامۆیی خود

(Sels Estrangment) (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠١، ٩). کەواتە سەرچاوەو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نامۆیی پەیوەندی بە لایەنی دەرەکی و ناوەکی مرۆڤەوە هەیە.

نامۆیی پێوانە و پێوەرێکی تایبەتی نییە تاکو بتوانین لەڕێگەیەوە کەسە نامۆکانی ناو کۆمەڵگەی پێ دەستنیشان بکەین، چونکە ئەم دیاردەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەر دەمێکی تر بەپێی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت. گەلێک هۆکارو فاکتەری سەرەکی ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی نامۆیی لە مرۆڤدا، گرنگترین ئەو هۆکارانەش هۆکاری ئاینی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسین. هەر لەبەر ئەمە جۆری هۆکاری نامۆبوون و فاکتەرەکانی، شێوازی جۆراوجۆری نامۆبوونی لێدەکەوێتەوە. گرنگترین جۆرەکانی نامۆبوون، کە ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاویان هەیە لە مرۆڤدا بریتین لە: ( نامۆیی ئاینی، نامۆیی کۆمەڵایەتی، نامۆیی سۆزداری، نامۆیی لەبوون، نامۆیی لەخود، نامۆیی جوگرافی، نامۆیی کۆمەڵایەتی، ....تاد).

## ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی نامۆیی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

ئەگەر چاوێک بە مێژووی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا بگێڕین، دەبینین نامۆیی ڕەهەندێکی هەرە زەق و دیاری ناو دەقە ئەدەبییەکانی نوسەر و شاعیرانمانە. ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەیە، کە میللەتی کوردی تێدا ژیاوە، هەر لەرابردووەوە تا ئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆمان. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە لە شیعری کوردیدا نامۆبوون بە چەند سەردەمێکدا تێپەڕیوە و لە هەر سەردەمێکدا نامۆیی ڕەهەندێکی جیاوازی وەرگرتووە. بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا لە لای شاعیران و نووسەران دوو جۆری سەرەکی نامۆبوون ڕەنگی داوەتەوە: یەکەمیان نامۆیی شوێنە (جوگرافیا)، چونکە زۆربەی نوسەران و شاعیرانی کورد ڕووبەڕووی بارودۆخی ناهەمواری کۆمەڵگەی کوردی بوونەتەوە لە لایەن داگیران و ناحەزانی گەلی کوردەوە، کە بریتیبووە لە ڕاوەدوونان و دەربەدەری وماڵوێرانی و کارکردن لە سەر سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد. هەر بۆیە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ناهەموارەدا بەشێکی زۆری شاعیران و نوسەرانی کورد ڕوویان لە تاراوگە کردووە، لە زێدو نیشتیمانی خۆیان کۆچیان کردووە. ئیتر ئەم کۆچکردنە بە زۆرەملێ بێت یاخود لە پێناو باشترکردنی ژیانی خۆیان بێت. هەر بۆیە شاعیران و نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە لەڕێی شیعرەکانیانەوە هەست و سۆزی پڕ لە نامۆیی خۆیان بۆ زێد و نیشتیمانەکەیان دەربڕن. جۆری دووەمیان نامۆییەکی قووڵی ڕۆحییە، کە بەرۆکی زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی گرتووەتەوە لە ناو زێدو

نیشتیمانی خۆیان بن یاخود نا. ئەمەش بەهێزترین و مەترسیدارترین جۆری نامۆییە و ئەوپەڕی بێهودەیی و ڕەشـــبینییە، چونکە ئەم جۆرە نـامۆبوونە لە هزرو دەروون و نـاخی شـــاعیرو ڕووناکبیردایە و بەبێ جیاوازی سنورو شوێن بەردەوام بەدواوەیەتی.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین (قادر غفور قادر) لە نامەی ماســـتەرەکەیدا باســـی دوو جۆر نامۆیی کردووە لە شیعرەکانی (محەمە عومەرعوسمان)دا، ئەوانیش بریتین لە: نامۆیی جوگرافی (نیشتمان) لەگەڵ نامۆیی سروشت و وەزەکانی ساڵ (بڕوانە: قادر، ٢٠٢١، ٣٦ –٤٠). ئەم دوو جۆرە نـامۆییەش زیـاتر نـامۆیی دەرەکین، بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بـاس لە ڕەنگدانەوەی نامۆبوونێکی قووڵی ڕۆحی بکەین لە شـــیعری شـــاعیرێکی نوێخوازی ناو شـــیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا، کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا دەقە شیعرییەکانی بە دیدی خوێنەران ئاشنابووە و پڕن لە نامۆیی و غوربەت، ئەویش (محەمەد عومەر عوسمان)ە. ئەم شاعیرە هەر لە ناونیشانی دیوانە تاقانەکەیدا بە ناوی (لە غوربەتا)دا، کە ناونیشـــانێکی باڵایەو لە ســـەر بەرگی کتێبەکەی نوســـــراوە، خودی نـاونیشـــانەکە خۆی نـاونیشـــانێکی لێوان لێو و پڕاوپڕە لە خەم و ئـازارو ناخۆشیەکانی ژیان. هەر لەم ناونیشانەوە شاعیر کلیلی دەستپێک و چونەژوورەوەمان دەداتێ و غوربەت شـــۆڕدەکاتەوە بەرەو ناو ســـەرتاپای ناخ و جەســـتەی دەقە شـــیعرییەکانی، چونکە هەروەک ستاری پیرداود دەڵێت: "ناونیشان چراخانی جەستەی دەقە"(پیرداود، ٢٠١٠، ١٤١).

شاعیر هەر لە سەرەتای دیوانەکەیەوە لە دەقە شیعری(بروسکەیەک)دا بە دێڕە شیعرێکی جوان نمایشی غوربەتی ڕۆحی خۆی دەکات و دەڵێت:

خۆم غوربەتم.. لێم مەپرسە.. چییە غوربەت؟..

ژیانی من ئاوارەیی و تەنیایی و لێکدابڕانە. (عوسمان، ٢٠١٩، ٩)

شـاعیر هەر لەم دێڕە شـیعرەیدا خۆی دەناسـێنێت و هەسـت و سـۆزی خوێنەر دەخرۆشـێنێت، خەیاڵی دەبات بۆ غەریبییەکی قوڵی ڕۆحی و پێمان دەڵێت خودی غوربەت خۆیەتی و کەســـێکی سەرگەردانە و تەنیایەو لە نائارامییەکی لە ڕادەبەدەردایە. لەم دیوانەدا ڕۆحێکی غەریب و ماندوو و ڕەشـــبین و نائومێد بەژیان بەدیدەکرێت، وشـــەو دەســـتەواژەکانی شـــاعیر تیایدا لە هەســـتی مرۆڤێکی بریندار و نـامۆ بەژیـان هەڵدەقوڵێت. شـــــاعیر لە زێدو نیشـــــتیمانی خۆیدا تووشـــــی مەنفایەکی ڕۆحی دەبێت. "غوربەت لە لای دوورکەوتنەوەیەکی جوگرافی نییە" (عبدالواحد، ١٩٨٨، ٩١).

غوربەتی ڕۆحی لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا ڕەهەند و خەسڵەتی نوێی وەرگرتووە، لە گۆشەنیگاو تێڕوانینێکی بوونخوازی و ڕۆمانسیەتێکی ڕەشبینی بۆ بوون و گەردوون، بەناو غوربەتدا گوزەر دەکات و لە ناویدا دەژی. شاعیر لە ڕێگەی هەست و نەست و سۆزو ئەندێشەیەوە تێکەڵ بە جیهانی ناو دەقە شیعرییەکانی دەبێ، شیعرەکانی لە فەزای کێشەیەکی گەورەی فکری و فەلسەفی و ڕۆحیی قوڵدان. هەر لەم بارەیەوە شێرکۆ بێکەس دەڵێت: "(محەمەد عومەر عوسمان) بە پەڕەی دڵ نوسیویەتی یان بە پێڵو یان بە کزەی غوربەت، هەرلە بەر ئەوەشە شیعرەکانی، شیعری لە ڕۆحەوە بۆ ڕۆحن و بیرناچنەوە" (بێکەس، ٢٠٠٨، ٩).

دیوانی (لە غوربەتا) هەڵگری خەمێکی گەورەی ئینسانی و خەونی مرۆڤە تەنهاو عاشقەکانە، هەر دێڕێک لەم دیوانەدا خاوەنی شێوازێکی تایبەتی دەربڕین و داڕشتنێکی گەلێک وردە، فەلسەفەیەکی قوڵ و پڕ لە ئینسانیەت و یاخیبوون لە شیعرەکانیدا هەستی پێدەکرێت، شاعیرێکی داهێنەرو خوڵقێنەرە. کەواتە غوربەت لای ئەم شاعیرە تەنها وەک چەمکێکی بەکارهێنراو پەنای بۆ نەبراوە، بەڵکو لە ئەزموونێکی چڕو قوڵی ڕۆحییەوە سەرهەڵدەدات، کە سەرئەنجام بۆی دەبێتە داهێنانێکی تازەی شیعری و لێوەی وەک دەروازەیەک جیهانبینی خۆی لە سەر دادەمەزرێنێ و ڕەهەندێکی تازە بە غوربەت دەبەخشێت، لەناو جیهانی ئەدەبیات و شیعری کوردیدا وێنەیەکی تازەو ئیستاتیکایەکی نوێ لە غوربەت دەنەخشێنێت. بەپێی تێڕوانین و لێکۆڵینەوەمان لە دیوانی (لە غوربەتا)، گەیشتینە ئەوەی شاعیر پەیوەستە بە حاڵەتێکی ڕۆحی و دەروونی قوڵەوە، کە نامۆبوونەکەی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، پانتایی و ڕوئیای دەقە شیعرییەکانی داگیرکردووەو ئێمە چوار جۆری گرنگ و سەرەکی لە نامۆبوون دەستنیشان دەکەین، کە لە شیعرەکانی شاعیردا هەن و بریتین لە:-

١- نامۆیی لە بوون.

٢- نامۆیی لە خود.

٣- نامۆیی سۆزداری.

٤- نامۆیی ئاینی.

## ١- نامۆیی لە بوون (الوجود):

جۆرێکە لەجۆرەکانی نامۆبوون، زۆرجار مرۆڤ بەهۆی ئەو پرسیارە فەلسەفی و وجودییانەی لەهزرو ناخیدا بەرامبەر بە بوون و ژیان بەگشتی دروستدەبن و ناتوانێت وەڵامێکی گونجاویان بداتەوە، لە ئەنجامدا تووشی شڵەژان و پەستانی دەروونی دەبێتەوە و جۆرێک لە بەدگومانی و بێ هودەیی لا دروستدەبێت بەرامبەر بە هەموو شتەکان لە ژیاندا. هەر بۆیە ئەو مرۆڤانەی

تووشـی ئەم جۆرە غوربەتە دەبن، ئەو تێروانینەیان لا دروسـت دەبێت، کە ژیان هیچ ئامانجێکی لە پشـتەوە نییە. هەر لەم بارەیەوە (ئەلبێرت کامۆ) دەڵێت: "پوچی ژیان شـتێک نییە ئادەمیزاد لە کتێب و تیۆرە ئایدۆلۆژییەکانەوە فێری ببێ، بەڵکو ئەم هەسـتە لەژیان خۆیەوە بەرەو ناخی مرۆڤ دەکێشێت"(عەبدوڵا، ٢٠١٤، ١٤٩).

ئەم جۆرە نامۆییە مرۆڤ توشـی بێ هودەیی دەکات. لەم جۆرە نامۆبوونەدا یەکێک لەگرنگترین ئەو پرسـیارانەی لای کەسـی نامۆبوو سـەرهەڵدەدات، مەسـەلەی مەرگ و کۆتاییهاتنی ژیانە. ئەمەش دەبێتە پرسیارێکی بوونگەراییانەی هەمیشەیی و بەردەوام وەک مۆتەکەیەک چواردەوری بیر و خەیاڵی ئەم مرۆڤە دەتەنێت. هەرلەم ڕوانگەیەوە (هایدگەر) تێڕوانین و سـەرنجی خۆی بۆ بوونی مرۆڤ دەخاتە ڕوو و پێی وایە "مرۆڤ بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت و پرس و ڕایەکی لەبارەی ژیانەوە پێبکرێت و بەبێ ڕەزامەندی خۆی فڕێ دەدرێتە ناو ژیانەوە، پاش ماوەیەکیش دیسانەوە هەر بەبێ ویست و ڕەزامەندی خۆی لەژیان فڕێ دەدرێتە دەرەوە" (قادر، ٢٠٠٧، ٢٦). کەواتە ترس لە مردن ئەو هۆکارەیە، کە بەردەوام وەک نیشانەیەکی پرسیار بە سەر ژیانەوەیە. مردن ئەو حاڵەتە ترسـناکەیە، کە بەردەوام لە دەرگـای هزری هەموو مرۆڤەکان دەدات و خۆڕزگارکردن لەم پرسـیارە شـتێکی مەحاڵەو ڕاسـتترین وەڵامی ژیان کۆتاییەکەی مردنە. بۆیە هەمیشـە مرۆڤ تووشـی دڵەڕاوکێ و بێ هیوایی و عەدەم دەبێت. لەم تێڕوانینەوە بۆمان دەردەکەوێت ژیانی مرۆڤ هیچ بەهاو ئامانجێکی لە پشـتەوە نییە. مرۆڤ لە بوونی خۆیدا تەنها بەناو ئەو بۆشـاییەدا گوزەر دەکات، کە دەکەوێتە نێوان ژیـان و مردنەوە؛ مـادام ژیـانی دەستپێکردووە، دەبێت چاوەڕوانی کۆتاییەکەشی بێت، کە مردنە.

(محەمەد عومەر عوسـمان)یش، بەهۆی جیهانبینییە تایبەتەکەیەوە بۆ مەسـەلەی بوون و ژیان، ئەم جۆرە نامۆبوونە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. واتە هەوڵیداوە بە پشتبەستن بەو ڕەمز و هێمایانەی لە ناخیدان لە شـیعرەکانیدا گەلێک پرسـیار و گومانی قووڵی فەلسـەفی بەرامبەر بە بوون و ژیان دەرببڕێت. شـاعیر لە زۆربەی دیدە شـیعرییەکانیدا بەوپەڕی نامۆییەوە لە بوون و ژیانی خۆی دەڕوانێت و ژیان وەک دۆزەخێک وایە بۆ شـاعیر و بەردەوام تیایدا دەسـوتێت. پرسـی مردن بەردەوام هزرو ناخی شـاعیری تەنیوەو ڕزگاربوون لە مردن کارێکی ئەسـتەمە، بۆیە بەردەوام ئەم شـاعیرە لە بوونێکی ڕاڕاو تەنهاو ژیانێکی سـەرابیدایە، هەروەک شـاعیر لە شـیعری (سـەراب)دا تووشـی نامۆبوون بووە لە خودی ژیان و بوون. ئەگەر ئێمە لە ناونیشـانی شـیعرەکەوە دەسـتپێبکەین، ئەوا بەڕوونی دەتوانین ئەو بێهودەییەی شـاعیر دیاری بکەین، کە

ژیان لە هزری شاعیردا سەرابێکەو بەردەوام مرۆڤی تووشی بێهودەیی و پوچگەرایی کردووە، هەروەک لەم پارچە شیعرەی (سەراب)دا دەڵێت :

تۆ ئەی سەراب.. ئەو دۆزەخەی ڕەنگی ئاوت کردۆتە بەرگ..

ڕووەو تۆ هەنگاوم ئەنا.. بێ ئومێد لە بوونی کانی و

بێ پەروا لە بوونی مەرگ (عوسمان، ٢٠١٩، ٧٨)

لێرەدا شاعیر بە ڕوونی تیشک دەخاتە سەر بێ ئومێدبوونی خۆی لە ژیان و لای وایە ژیان جگە لە سەرابێکی بێ گەوهەری فریودەر هیچی تر نییە. مرۆڤ لە ژیانیدا تا دوا سات، کە ساتی مردنە، بەدوای ئەو خۆزگەو ئاواتانەوەیەتی، کە هەرگیز ناتوانێ بە ڕەهایی پێیان بگات. لێرەوە شاعیر ڕاشکاوانە تێڕوانینی خۆیمان بەرامبەر بە بوون لەم ژیانەدا بۆ دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

سینەی پڕ ئاهم.. هەورێ تیا ئەگری و

لە چاوانمەوە.. باران داناکا!

عومریشم.. بەفری بەر هەتاوێکە..

هەر ئەبێ بەشوێن مردنا ڕاکا (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٣)

لەم کۆپلە شیعرەی سەرەوەدا، شاعیر وەک خودێکی هەستیار لە وێنەیەکی ئەندێشەیی جواندا تێرامان و سەرنجەکانی خۆیمان بەرامبەر بە بوون لەم ژیاندا بۆ دەخاتە ڕوو. ژیانی مرۆڤ دەچوێنێت، بە بەفری بەر هەتاو. وەک چۆن بەفر لە ژێر سایەی تین و تیشکی هەتاودا قەدەری هەر توانەوەیە، بوونی مرۆڤیش لەم ژیانەدا بە تێپەڕبوونی کات سەرئەنجامی نزیک بوونەوەیە لە مردن و لە ناوچوون؛ ژیانی مرۆڤ وەکو پرۆسەی توانەوەی بەفر وایە هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ نامێنێ. شاعیر مەبەستیەتی پێمان بڵێت نامۆیە لە بوون و ژیان بەتێپەڕبوونی کات لەمردن نزیک دەبێتەوە، مرۆڤیش لە دوای مردنی شوێنەواری دەسڕێتەوە و کۆتایی بە بوونی دێت. شاعیر بەردەوام نامۆییانە لە ژیان دەڕوانێت و دەڵێت:

ئیسماعیلێکم ئێستاکە.. نەک چەقۆی ئیبراهیمی باوک..

چەقۆی دەستی دێوی غوربەت سەرم ئەبڕێ

چ فریشتەیەک ئەگاتە هانای زریکەی بەر لە مەرگ و سەربڕینم؟

چ فریشتەیەک، گیانداریێ ئەکاتە قۆچی قوربانیی ئەم غوربەتە؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٦٠)

شاعیر لێرەدا وێنەیەکی پڕ لە غوربەت و نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ بەسەرهاتێکی ئاینی ڕابردوو، وێنەیەکی پڕ لە تراژیدیا و داهێنان و فەنتازیامان بۆ دەکێشێت. لە نێوان بوون و ژیاندا ماناو مەغزایەکی بەرز بەم دیاردەیە دەبەخشێ، کە غوربەتەو لە ژیانی ئەم شاعیرەدا هاوتایە بە

دەســـــتەواژەی چەقۆی دێوی (غوربەت). لێرەدا شـــــاعیر وێنەیەکی تراژیدی و ترســـــی ئەو غوربەتەمـان پێدەناســـــێنێت، شـــــاعیر لە ژیانیدا وەک دێوەزمەیەک لەم غوربەتە دەڕوانێت، کە بەردەوام وەک چەقۆیەک ڕووبەڕووی وەســـــتاوە. بەهۆی ئەو غوربەتە قوڵەی بەرامبەر بوونی خۆی تێیکەوتووە، بەردەوام لە ناو مەرگ و ژیاندا ئازار دەچێژێ و پێی وایە ئازاردان و مردنی ئەمی شـــاعیر لە ئەنجامی ئەو نامۆبوونە، وەک ســـەربڕینی (ئیســـماعیل) بە چەقۆی (ئیبراهیم)ی باوکی هیچ ئامانجێکی پیرۆزی لە پشـــــتەوە نییە، وێڕای ئەوەی ئەو غوربەتە دەبێتە جەللادێکی ئەم و زیـادبوونی ئێش و ئـازارەکـانی. بۆیە بەردەوام تێڕوانینەکـانی بۆ بوون لە ژیـانـدا ئەم نامۆبوونەی لا تۆختر دەکاتەوە و دەڵێت:-+

ئێستا.. منی ون لە تەمومژی ڕەشی غوربەتا

گەڵای درەختی گیانم هەڵوەری..

لە ناو بڵێسە و گڕی مەینەتا (عوسمان، ٢٠١٩، ١٣)

شاعیر بەهۆی ئەو بارە ئاڵۆز و نائارامەی لە ژیانیدا تێیکەوتووە، لە غوربەتێکی قوڵدایەو نامۆ و ڕەشـبینە لە ژیان، ناتوانێت هەسـت بە ئارامی بکات و خۆشـی و شـادی لە ژیانی ئەم شـاعیرەدا وەک گەڵای پایز هەڵدەوەرێت و بەردەوام لە ناو ناخۆشی و مەینەتیەکانی ژیاندایە.

شاعیر لە شیعری (ئەشکی ئێوارە)دا، بەهۆی ئەو ڕەشبینی و پرسیارە فەلسەفی و پڕ گومانانەی بەرامبەر بە ژیان لای دروست دەبن، نامۆیەو دەڵێت:-

لەگەڵ هەنسک و گریانی..

هەوری خوێنینی ئێوارە

بەکوڵ گریا.. فرمێسکی ڕشت..

ئەم دڵە پڕ لە پرسیارە

*

وتم.. ئای ڕەنگە هەورەکان لە تاو..

ئازاری قامچی بروسکەکان بێ..

بەخوڕ دابکەن؟

یان بۆ دیمەنی پڕ ماتەمینیی گەڵا مردوەکان..

شین و زار بکەن؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠)

(محەمەد عومەرعوسـمان) لە دەسـت خەم و ئازارەکانی ژیان هەنسـک و گریانی خۆی تێکەڵ بە دەنگی گرمەگرمی هەوری ڕەنـگ خوێنیی ڕەنـگ ســـــووری دەمەو ئێواران دەکـات و دەبێتە

هـاودەمی ئەو هەورە. لەگەڵ هەر خەم و ژانێکدا پرســــیارو گومان و ڕاڕایی لەبەرامبەر بوونی لەنێو ئەم ژیانەدا لای شاعیر زیاد دەکات.
شــاعیر لە پارچە شــیعرێکی دیکەیدا نامۆیە لە بوون، بێزارە بە دەســت ئێشــوە ئازارەکانیەوە، هەروەک دەڵێت:

ئای چۆن بەو هەموو ژانەوە ئەژیم
کە دڵم لانکەی دووپشک و مارە؟
بەشێوە زیندووم.. مردووم لە ناخا..
تۆ بڵێی مردن ببێتە چارە؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٠)

لێرەدا شاعیر باس لە ئێش و ئازارەکانی لە ژیاندا دەکات و سەرسامە بەوەی بەو هەموو ژانەوە ژیـان دەگوزەرێنێـت و وەڕس و بێزارە لەو ژیـانەیـدا، بە گومـانیشــــە لەوەی مردن بتوانێـت چـارەســــەری ئەو هەموو ئێش و ئازارەی بکات. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە مردن کۆتایی هەموو جومگەکانی ژیانە، بەڵام هێزی ئازارەکانی شــــاعیر ئەوەندە زۆرە، کە بە گومانە مردنیش ببێتە فریادڕەسی.

## ٢- نامۆیی لە خود:

ئەمەش جۆرێکی تری نامۆییە، بە یەکێک لە دیارترین و دژوارترین جۆرەکانی نامۆیی دادەنرێت، کە تووشی مرۆڤ دەبێت و بەرۆکی زۆربەی تاکەکانی جیهانی گرتووەتەوە. نامۆیی لە خود ئەو حاڵەتەیە مرۆڤ بە خودی خۆی وابەســــت نابێت و لێی جیا دەبێتەوە. کاتێک تووشــــی مرۆڤ دەبێت مرۆڤ هێندە خۆی لا بچوک دەبێتەوە، توانای بەدەســــتهێنانی ڕەزامەندی و دڵنەوایی و گەیشــتن بە ئامانجەکانی لە کار و چالاکی و ڕەفتارەکانیدا لەدەســتدەدات. "لەم دۆخەدا مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ بوونی ڕاســــتەقینەی خۆیدا لە دەســــت دەدات و بەپێی حاڵەت و ڕۆژگار هەر جاری دەمامکێک دەپۆشــێت و ناتوانێت خودی خۆی بێت، مەگەر لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا نەبێت" (قادر، ٢٠٠٧، ٢٧). واتە لەم حاڵەتەدا مرۆڤ هەڵگری دەمامکێکە، کە بوونی ڕەســــەن و ڕاســتەقینەی خۆی پێ دادەپۆشـێت. واتە کەسـایەتی و بوونی خۆی لە دەسـت دەدات و ئەمەش لەوێوە ڕوودەدات، مرۆڤ کـاتێـک لەدایکـدەبێـت و دێتە دونیـاوە، خـاوەن بوونێکی ئـازادو ســــەربەخۆیە، بەڵام کاتێک لەگەڵ چواردەورو ئەوانی تردا مامەڵە دەکات، بەهۆی ئەو یاســــاو نەریتانەی لەنێو کۆمەڵگەدا هەن و دەبێت پابەند بێت پێیانەوە، چونکە لادان لەو نەریتانە لادانە لە ئاداب و داب و نەریتی گشـتی، لێرەوە مرۆڤ دەبێت لە دووڕیانی خودو ئەوانی تردا خۆی یەکلا بکاتەوە. یان دەبێت ببێتە کەســێکی ناو کۆمەڵگەو ملکەچی داب و نەریتەکانی بێت، یان دەبێت لە

کۆمەڵگەو یاسا هەڵبێت، یان دەبێت دەمامکێک ببەستێت و خۆی تەسلیمی زیاتر لە مرۆڤێک بکات و وەک کەسێکی نامۆ بە خودی خۆی دەکەوێتە ململانێوە.
هەر لەم بارەیەوە (هایدگەر) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشــانی (بوون و کات) وەســفی بوونی مرۆڤی نوقومبوو لە کۆمەڵـدا دەکـات و دەڵێـت: "ئەو بوونەی هەیەتی بوونێکی درۆیە، چونکە مرۆڤ دادەبەزێنێتە ئاســتی ژیانێکی ڕۆژانەی ســواو، ژیانێکی لێکچوو کە مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەیدا وون دەبێت، ئازادی و ســـەربەخۆیی لە دەســـتدەدات، دەبێتە نوســـخەیەکی ڕووتی دووبارەکراوەی مرۆڤێکی بێناو ناسنامە" (عەبدوڵا، ٢٠١٤، ١٠٦). ئەم جۆرە پێکدادانەی مرۆڤ لەگەڵ ژیانی خۆی و داب و نەریتە بـاوەکانی کۆمەڵگەدا، جۆرە پەیوەندیەکی نوێ دەهێنێتە ئـاراوە، کە نـائومێدی و ڕەشـــبینی مرۆڤە بۆ ژیـان. بە جۆرێک نـائومێد دەبێت، کە نـاتوانێت هیچ فریـادڕەســـێک بۆ ڕزگاربوونی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە، ژیان بۆ ئەو وەک دۆزەخێک وایە و بەردەوام تیایدا دەژی. تـاک هەســـت بە لە دەســـتدانی پەیوەندی دەکات لەگەڵ خودی خۆیدا، لە ئەنجامی نیگەرانی و نەبوونی دڵنیـاییەوە هیچ بڕیـارو پەیڕەوێکی هـاوبەش لەنێوان خۆی خەڵکـانی دەوروبەری و خەڵکانی نێو کۆمەڵگاکەیدا بۆ نادۆزرێتەوە، ئەمەش وەک حاڵەتێکی دەروونی و نەخۆشـــییەکی سایکۆلۆجی لە ڕووی تێکشکان و پەرتبوونی کەسێتی خۆی دەنوێنێت.

نــامۆبوونی خودی بەواتــای دامــاڵینی مرۆڤ دێــت لە تەواوی توانــا و ئیرادەی خۆی، لەم بارودۆخەشــدا مرۆڤ توشــی دابڕانێکی قوڵدەبێت لە خودی خۆی، چونکە مرۆڤی نامۆ هەســت بەڕەشبینی دەکات، داوا و خواست و ئامانجەکانی بەڕەشی دەبینێت. تاڕادەیەک زۆربەی مەسەلە دەروونیەکانی دەگەنە ڕادەی بنبەســـت و چارەســـەری بۆ نادۆزرێتەوە، دادەبڕێ لەخود تا ئەو ڕادەیەی هیچ پەیڕەو و پڕۆگرامێکی هـاوبەش بەکەســـانی نـاو کۆمەڵگەکەیەوە نایبەســـتێنەوە. ئەمەش لەئەنجـامی تێکچوونی شـــێرازەی پەیوەندییە خودیەکـان دێت لەنـاو مرۆڤ خۆیـدا، تـا دەیگەیەنێتە حاڵەتی دابڕان لەگەڵ کۆمەڵ و دەوروبەرەکەیدا.

محەمەد عومەر یەکێکە لەو شـاعیرانەی نامۆبوونی خودیی هەبووە، دونیای ئەم شـاعیرە پڕە لە خەزان و خەم و لێکدابڕان و مەرگ و کوژران، تـا ئەو ڕادەیەی هێنـدە لەخۆی نـامۆیە بیر لە خۆکوشـــتنی خۆی دەکاتەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ژیانە پڕ لە غوربەتەی بهێنێت. کەواتە هەتا دێت ژیـان بەلایەوە هیچ بەهایەکی نامێنێت، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم شـــاعیرە وەک کەســێکی ڕۆشـنبیر بە هەســتێکی زۆر ناسـک و بە هۆشـیارییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەو بابەتانەی لەگەڵ دونیابینی شــاعیردا یەکناگرنەوە، لەهەمان کاتدا شــاعیر لە ژیانی واقعی خۆیدا تووشـــی قەدەری لێکدابڕان و مەرگەســـات و خەم و ئازار بووەتەوە و هەموو ئەم بارودۆخانە

باری دەروونی شـــاعیریان بەرەو ناســـەقامگیری بردووە و نەیتوانیوە هیچ چارەســـەرێکی گونجاویان بۆبدۆزێتەوە چ لەلایەن خودی خۆیەوە چ لەلایەن کەســـانی دەوروبەرییەوە. ئەمەش وادەکات توشــی گۆشــەگیری و دابڕان ببێتەوە لەناو خودی خۆی و کەســانی دەوروبەریشــیدا ، هەر بۆیە دەڵێت:

سەدەها سەگ پێم وەڕیوە..
کەڵبەی تیژیان لەو دەستانەما نوقم کرد
کە نانی تیابوو نەوەک بەرد
درەختە پاییزییەکانیش منیان جێهێشت..
کە دڵی سەوزم دیاریی بوو نەک گەڵای زەرد (عوسمان، ٢٠١٩، ٨٥)

شـاعیر پێی وایە تەنانەت سـەگیش بەزەیی بەحاڵی ئەمدا نایەتەوە و کەوتونەتە وێزەی و ئەمیش بێ توانایە لەبەرگریکردن لە خۆی، لە کاتێکدا شاعیر هێندە بەبەزەییە نایەوێ تەنانەت ئازاریشیان بدات و لەبری بەرد دەستەکانی نانی تێدایە بۆیان. هەرەسهێنان و شکستی شاعیر لەناخی خۆیدا بەشـێوازێکە، کە هیوای بە وەرزی پایزیش نامێنێت، لە کاتێکدا کە خۆی بە ژەنەڕاڵی زانیوە و لە بری گەڵای زەرد دڵی سەوزی بۆ کردونەتە دیاری. لێرەدا شاعیر لە خۆی نامۆیە و لانەیەکیشی نییە بۆ ئارامی و حەوانەوە، ڕەشبینی و نائومێدی باڵی کێشاوە بەسەر تەواوی ژیانیدا.

شـــاعیر لە کۆپلەیەکی دیکەی ئەم دەقە شـــیعرەیدا گوزارشـــت لەوە دەکات، کە چۆن لەلایەن دەروبەرەکەیەوە گرنگی بەتوانا و داهێنانە شـــیعرییەکانی نەدراوە و فەرامۆشـــکراوە. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکات شاعیرێکی سادە نییە و داهێنەرێکی بەتوانایە، شیعر بۆ ناوبانگ و بۆ کەسێکی تایبەت ناڵێت، بەڵکو شیعر بۆ مرۆڤایەتی دەچڕێت و دەیەوێت لەڕێگەی شیعرەکانیەوە مرۆڤایەتی ئاوەدان بکاتەوە، وەک دەڵێت:

فەرامۆشم..
فەرامۆشم وەک تارژەنێکی مەزنی..
نیشتەجێبووی شارێکی کەڕ
فەرامۆشم..
فەرامۆشم وەک زەنگی ئەو کەنیسەیەی..
بووبێتە بنکەی سەربازی و زەخیرەی شەڕ (عوسمان، ٢٠١٩، ٨٥)

لێرەدا شــاعیر توشــی گۆشــەگیری دەبێت، هەســت بە نامۆبوونی خۆی دەکات، چونکە وێنەکان ئاوەژوو دەبنەوە و لە بری پشــتگیریکردن و هەســتکردن بەتواناکانی، فەرامۆشــدەکرێت و گوێی پێنادرێت. لێرەدا شـــاعیر خۆی و شـــیعرەکانی دەچوێنێ بە تارژەنێکی مەزن، یاخود بە زەنگی کەنیســە، بەڵام لە شــارێکی کەڕدا. بەو مانایەی کەســانی چواردەوری بێ ئاگان لێی، وەک زەنگی ئەو کنیســـــەیەی فەرامۆشـــــکراوە، لەکاتێکدا زەنگ هێمــای ئاگادارکردنەوەیە، هەر بەهۆی ئەم فەرامۆشکردنەوەیە شاعیر دەڵێت:

گریام و کەسێک نەبوو لێم بگا..

باخی ئومێدم بوو بە خاکستەر

گریام کەس نەبوو دڵی بەفرینی بکات بەدەست و

کراسی ڕەشم دادڕێ لەبەر

*

هەتا ساماڵ شانی دادا.. هەر وەستابووم..

کەس پێکی دڵی نەهێناو

لێو ڕێژ بوو سوراحی چاوم (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠)

شـــاعیر لێرەدا هێندە لەتەنهایی و نامۆبوون دایە، پێی وایە کەســـێک نییە لێی تێبگات، بۆیە ئەو باخە پڕ ئومێدەی شـــاعیر هەیەتی وا وردە وردە خاپور دەبێ و شـــاعیر بەردەوامە لە ئازار و تەنهایی و ڕەشبینیەکانی لە ژیاندا، بەڵام کەسێک شک نابات دڵی خۆی بداتێ و دڵنەوایی بکات و لەو جیهانە پڕ مەینەتییە ڕزگاری بکات، کە وەک کراســێکی ڕەش بە بەری شــاعیردا دووراوە و هەموو ژیانی گرتووەتەوە. شاعیر لەم بارە نائارامییەی ژیانیدا بەردەوام دەبێت و ژیان سەرتاپا دەبێتە پارچەیەک لەغوربەت بۆ شاعیر و خۆی تیادا دەبینێتەوە، بۆیە دەڵێت:

باخۆم گێل نەکەم.. منی غوربەتیی..

کەنارم تۆف و شەستە بارانە

کەس ناگری بەسەر ڕوخساری منا..

تەمومژێکی دەم ئێوارانە (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٣)

لێرەدا شـــــاعیر بەهۆی تێڕامــانی تەواوی لەئەزموونی ژیــانی خۆی، تێدەگــات چیدیکە نــاتوانێت دەربــازی ببێت لەو بــارە نــاهەموارەی تێی کەوتووە، تــا ئەو ڕادەیەی ژیــانی خۆی وەک تەم و مژێکی دەم ئێواران دێتە بەرچاو. ژیانی شــاعیر هەمیشـــە لە ناخۆشـــی و نائارامیدایە، جگە لە کەناری نائومێدی و نائارامی، هیچ مرۆڤێک شک نابات بێتە فریادڕەسی، بۆیە دان بەوەدا دەنێت،

کە لە غوربەت و تەنهایدایە و نایەوێت هیچ پێچ و پەنایەکی دوور لەڕاســـتی بۆ بدۆزێتەوە و بیشارێتەوە.

### ٣- نامۆیی سۆزداری:

یەکێکی ترە لە جۆرەکانی نامۆیی و بریتییە لەو نامۆییەی، کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوەو بەهۆی لە دەستدانی ئازیزێک یان کەسێکی نزیک و خۆشەویست دروست دەبێت. زۆرجار ئەم جۆرە نامۆییە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان دوو کەســـەوە یان دوو خۆشـــەویســـتەوەو دابڕانیان لە یەکتری و دابڕان و ســـەرنەکەوتنیان لە پڕۆســـەی خۆشـــەویســـتیدا دروســـتدەبێت، چونکە ئەمانە هەمووی فاکتەرن بۆ ســـەرهەڵدانی نامۆبوونی ســـۆزداری و خۆشـــەویستی و ئەو وزەو ســـۆزگەرایی و ئیرۆســـیانەی مرۆڤە کە لە هەر کات و شـــوێنێکدا بەشـــێکە لە شـــوناس و ناسنامەی مرۆڤ بوونەکەی، چونکە خۆشـەویستی هەستێکە لە هەموو تاکێکدا بوونی هەیە، جا ئایا ئەو خۆشەویستییە بۆ کەسێکی دیاریکراو بێت، یان بۆ ژیان بێت یان بۆ هەر شتێکی گشتی لە ژیانی مرۆڤدا (سیوەیلی، ٢٠٠٥، ١٩٨). کاتێک کەسێک بە هەموو هەست و سۆزێکی خۆیەوە کەسێکی خۆشدەوێت و دەیکاتە ڕووئیاو ڕووگەی ئەوینی خۆی، بەڵام بەهۆی فاکتەری خودی و بابەتییەوە یان هەر فاکتەرێکی وەک کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابوری و ســـیاســـی لێکدادەبڕێن، ســـەرئەنجام ئەو دوو کەســـە دووچاری ئەم نامۆبوونە دەبنەوە. ئیتر هەندێکجار لەم حاڵەتەدا کەسی نامۆ ئەو بڕوایەی لا دروستدەبێت، کە هیچ کەسێک و هیچ شتێک ناتوانێت دڵی بداتەوەو ئەو بۆشاییەی بۆ پڕبکاتەوە، کە لە ئەنجامی ئەو دووری و دابڕانە دروستبووە.

نامۆبوونی ســـۆزداری یەکێکی دیکەیە لەو حاڵەتانەی لای (محەمەد عومەر عوســـمان)، هەســـتی پێدەکرێت و بوونی هەیە، کە دەشێت ئەزموونی ژیانی خۆی بێت و لە شیعرەکانیدا ڕەنگیدابێتەوە. ئەم نامۆییە ســـۆزدارییە لای ئەم شـــاعیرە بەهۆی لەدەســـتدانی کچێکی ســـەرابییەوەیە، کە لەناو شـــیعرەکانیدا ونێکی ئامادە و ئامادەیەکی ونە. ئەتوانین بڵێین "ئەو کچە لە زۆربەی شـــیعرەکانیدا هەیەو لەهیچیشـــیاندا نییە. ئەو کچەی دەتوانی ببینیت، بەڵام ناتوانی بیگریت" (کوردۆ، ٢٠٠٨، ٢٨). کە دەشـــێت خۆی دەرخات لەشـــێوەی ڕەگەزەکانی ســـروشـــت وەک (با، باران، هەور، تەنکە تەم، ...تاد).

کەواتە ئەو کچە بەشـــێوەیەکی فرەڕەنگ و فرە ئاڕاســـتە وەک تارمایی و تەنکە تەم و دەنگێکی دوور لە زۆربەی شـــیعرەکانیدا هەیەو دەردەکەوێت، کەچی لەســـەرتاپای دیوانەکەیدا جگە لە شیعری (کۆست)، لەیەک شیعری دیکەدا بەو شێوە باو و دیارەی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا

باسی دولبەر دەکرێت نایبینیت. هەر بۆیە ئەم خولیاو خەیاڵەی شاعیر بۆ ئەو کچە، وا لە شاعیر دەکات بینینەوەی ئەم یارە لەدەستچووەی لەسەر زەمینی واقیعدا مەحاڵ بێت، بۆیە بەئومێدەوە دەڕوانێتە ئاسمان و دەڵێت:

هەرچەندە لەدوای ئەو من بۆ گزنگێ..
تەمی مەینەتییم.. بنێتە ناو مشت
ڕۆژانێکی زۆر هەر هاتم و چووم..
دڵ سووتا.. چاوم ئەشکی زۆری ڕشتی (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٢)

لێرەدا شاعیر ئەوە دەخاتەڕوو لەدوای لەدەستدانی خۆشەویستەکەی، تووشی غەریبی و مەینەتی و ئازارێکی زۆر بووە لە ژیانیدا. هەرچەندە هەوڵدەدات لەدوای ئەو کۆتایی بەو تەنهایی و خەم و چاوەڕوانییەی بهێنێت، بەڵام ناتوانێت هیچ فریادڕەسێک بدۆزێتەوە لەو بارودۆخە ڕزگاری بکات، کە تیایدا دەژی، هەر بۆیە دەڵێت:

دەستێکی مژدە لەدەرگای نەدام..
کەسێکم نەدی خورپە بێ بۆدڵ
زستانی ژوورم تەفر و تووناکا و
تاپۆی تەنیاییم.. بنێتە ژێر گڵ (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٢)

لێرەدا شاعیر بە ڕوونی ئاماژە بەشکستی خۆی دەکات لەهەوڵدانی بۆ دۆزینەوەی ڕزگارکەرێک لەو نامۆبوون و مەینەتی و تەنهاییەی تێی کەوتووە.

شاعیر لە پارچە شیعرێکیدا لەناو یادەوەریی خۆیدا وەسفێکی زۆر ورد و شارەزایانەی ئەو کچەمان بۆ دەکات، وەک دەنگێکی دوور وەسفی دەکات و پاشان ونی دەکات. لێرەدا ئەو کچە شاعیری تووشی نامۆیی کردووە، هەروەک دەڵێت:

لە پاسارێکا چۆڕاوگەی باران..
موچڕکە و تەزوو دێنێ بە لەشما
ئەو ڕۆژانەم بیر ئەکەوێتەوە..
نیگای پشکۆ بوو لە خوێنی گەشما (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٥)

لێرەدا ئەو کچە هەمیشە لە خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیردا بوونی هەیە و بەردەوام موچڕکە بەگیانی شاعیردا دەهێنێت و ڕایدەچڵەکێنێ، دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کاتەنەی، کە نیگای ئەو کچە مەستی و ئەوینێک لە خوێن و گیانی شاعیردا دەخرۆشێنێت.

شـــاعیر لە کۆپلەیەکی دیکەی ئەم شـــیعرەیدا گوزارشـــت لەو جیهانە تایبەت و ناســـەقامگیر و خەمناکە دەکات، کەتیایدا لەدوای جیابوونەوەی لە خۆشـەویستەکەی، خەونەکانی لێکدەڕەوێنەوە و دەبن بە تەم و دوکەڵ. بەهۆی دارمانی خۆشـەویستی لای شاعیر، لە دڵ و دەروونی شاعیردا کونەپەپوو، کە باڵندەیەکە بەڕەمزی شـــومێتی و نەهامەتی ناســـراوە، شـــوێنی جریوەی مەلی گرتووەتەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی دڵی شـــــاعیر لەدوای دولبەرەکەی وەک وێرانەیەکی لێهاتووە و لەدوای ئەو هیچ تروســـــکایی و مانایەک بۆ ژیان نابینیێتەوە و هەمیشـــــە بەداخ و حەسرەتەوە ژیان بەسەر دەبات، هەروەک دەڵێت:

لێک جیابووینەوە بێ ماڵئاوایی..
خەونەکانم بوو بە تەم و دووکەڵ
دڵ وێرانەیە و جێی کونەپەپوو..
شینێ بگێڕم بۆ جریوەی مەل! (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٥)

شـــاعیر لە ئەنجامی ئەو دۆخە ســـۆزدارییەی تێی کەوتووە، هەوڵدەدات لەڕێی کێشـــانی وێنەی کارەکتەرێکی ئەفســـوناوی لە خولیا و ئەندێشـــەی خۆیدا، قەرەبووی ئەو بارە دەروونییەی خۆی بکاتەوە، کە لە ئەنجامی کۆچی دولبەرەکەی تێی کەوتووە و دەڵێت:

بەسۆز و یادی هەواری باڵای..
زستانی پاربوو.. لەڕێبەندانا
بەفری بەردەرگام کرد بەپەیکەری..
تا تەزووی ئۆخەی بێنێ بەگیانا
*
نەک ئۆخەی هەردەم.. بۆتاقە ساتێ..
بەفرینە کچێ.. بەفری ساردوسڕ
شێوەی بنوێنێ و هەناسەی ئۆخەی..
دەمارەکانم پڕبکا لە گڕ
شەو(با) هەڵکات و بیبەستێ پەیکەر..
تاکو یەک دوو ڕۆژ.. بمێنێتەوە
بەرلەوەی خۆر چنگ لەسینەی گیرکا..
عومری جوانی لێ بسێنێتەوە
*

شەو نووستم.. سبەی.. کاتی چێشتەنگاو..

بوو بوو بەهەڵم پەیکەری باڵای

لەوڕۆژەوە من لەتیشکی ڕۆژدا..

وێڵم بۆ ورشە و پرشەی نێو نیگای (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٣)

شاعیر لە شیعری (یەسەنین)دا، بە هەستێکی قوڵی ڕۆمانسییانەوە باسی ئەو مەودا قوڵەی خۆشەویستی دەکات، کە شاعیری گرتووەتەوە و ڕۆح و دەروونی کەوتوونەتە ناو دەریای سۆز و خۆشەویستی بەخشین و میهرەبانی لەڕێگەی دولبەرداو دەڵێت:

کەوتمە دوای تیشکی دووچاوی شۆخێ..

دڵم هەڵوەری لە لەپی دەستیا..

بووم بە گەڵایەک لەناو شەپۆل و

گێژاوی هەستیا (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٣)

هەر لە چەند کۆپلەیەکی دواتری ئەم شیعرەدا، شاعیرە ئاماژە بەوە دەکات، کەوتووەتە نێو دووڕیانی بەخشینی خۆشەویستی و نائومێدبوون، لەخۆشەویستەکەی و لەئەنجامی شکستهێنانی لەم پەیوەندییە خۆشەویستیەیدا بە نائومێدی و بە ئەفسونەوە جارێکی دیکە باسی دڵسۆزی خۆی و بێ بەڵێنی و جێهێشتنی لەلایەن یارەوە دەکات و دەڵێت:

ئەفسووس سەد ئەفسووس ئەوەی شێتی بووم..

لە جیاتی ئەوەی خۆڵەمێشی دڵ..

لە کۆشی گەرمیا گڕ بگرێتەوە..

بگەشێتەوە لەناو پەرچەم و ئەگریجەی لوولا

دای بەدەم (با)وە..

ئێستاش بەو زام و ئازارانەوە..

ئەتلێتەوە لە گەردەلوولا (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٤)

لێرە شاعیر بەداخ و حەسرەتەوە باسی لەدەست چوونی ئەو ئومێد و خۆشەویستیە دەکات، کە لەسەر خۆشەویستەکەی هەڵی چنیبوو و دەڵێت: لەجیاتی ئەوەی ژیانی خاپوربووی جارێکی دیکە لە دیدار و ئاشنابوونی بە یار بگەشێتەوە، بەڵام لە ئەنجامی شکستهێنانی ئەو ئومێدەی هەڵی چنیبوو دەربارەی یار، بە بەجێهێشتنی لەلایەن یارەوە خەون و خۆزگەی شاعیر بۆ ئەبەد

دەدرێت بەدەم باوە و بەم چەشـــــنەش شـــاعیر هەمیشـــە لەناو  گەردەلوولی خەم و ئازاری لێکدابڕاندا دەتلێتەوە .

## ٤- نامۆیی ئاینی:

بەجۆرێکی دیکەی نـامۆبوون دادەنرێـت و زۆرترین ســـەرنج و تێڕوانین لەمەڕ ئەم بـابەتەدا خراوەتەڕوو، چونکە ئاین لەگەڵ دروسـتبوونی مرۆڤ و گەشـەکردنی بیری مرۆڤایەتیدا جێگەی ســـەرنج و تێڕامـانی مرۆڤ بووە، هەر بۆیە لێکۆڵەران زۆرترین لێکۆڵینەوەیـان لەم بـارەیەوە ئەنجامداوە. لەسـەرئەنجامی زۆری ئەو لێکۆڵینەوانەش دەرکەوتووە، کە ڕای هەندێک لەسـەرئەم جۆرەی نامۆیی جیاواز و دژیەکە. کەواتە ئەم نامۆییە بە دوو ئاراســـتەی جیاواز باســـی لێوە کراوە: یەکەمیان ئاراسـتەی ئایدیالیسـتییە. دووەمیان ئاراسـتەی مەتریالیسـتییە. ئەو توێژەرانەی دونیابینییەکی ئاینییان هەیە، ئەم نامۆبوونە دەگەڕێننەوە بۆ لادانی مرۆڤ لەڕێساو دەستورەکانی ئـاین، بۆ نمونە هەر لەو کـاتەوەی ئـادەم و حەوا، کە بە دایـک و بـاوکی مرۆڤـایەتی دادەنرێن، بەتاوانی خواردن و خواردنەوەی حەرام لەبەهەشت دەردەکرێن و دەخرێنە سەر زەوی، هەروەها لە ئاینی مەسیحیشدا ئەم چەمکە بەهایەکی بەرزی هەیە.

کەواتە هەر لە سەرەتاوە دیاردەی نامۆیی باوەڕێکی ئاینی وەرگرتووە، پاشان بەهۆی گۆڕانکاری لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا و گەشـەسەندنی هزری مرۆڤایەتی ئەم نامۆبوونە ڕەهەندی تری وەرگرتووە. بۆ نموونە (هیگڵ)، کە گەورە فەیلەسوفێکی سەدەی (هەژدە)یەو خاوەنی تێڕوانین و بیرو بۆچوونێکی ئایدیالیستییانەیە، دەربارەی ئەم جۆرە نامۆییە دەڵێت: "کاتێک مرۆڤ پەیوەندی ڕۆحی لەگەڵ خودادا دەبچڕێت بەو هۆکارە توشـــــی نامۆیی دەبێت" (عەبدوڵا، ٢٠١٤، ١٤). واتە هیگڵ لە ڕوانگەی ئاینییەوە دەڕوانێتە نامۆبوون و لای وایە مرۆڤ پێویسـتی بەیارمەتیدانی ئاینە بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵ و دەوروبەرەکەیـدا بگونجێـت. هەر لەم بـارەیەوە قەشـــــە (پۆلس) لەنامەکەیدا بۆ خەڵکی (ئەسینا) دەڵێت: "پێتان دەڵێم سوێندتان بۆ دەخۆم بەیەزدان چی تر شوێن بتپەرســــتان مەکەون و ڕێبـازە پوچەکەیان کوێرانە پیادە  مەکەن، ئەوان بەهۆی دڵڕەقیانەوە لە ژیـان نـامۆبوون کـاتێک هەموو هەســــتەکانیـان لەدەســـــتدابوو ملدەدەنە خراپەکاری و لە هیچ ڕەوشتێکی خراپ سڵناکەنەوە و خۆیانی لێ ناپارێزن"(بۆکانی، ١٩٩٩، ٢٣٥).

ماتریالیســـتەکان بەتەواوی بە پێچەوانەی ئایدیالیســـتەکانەوە شـــیکردنەوە بۆ نامۆبوونی ئاینی دەکەن و لایان وایە ئاین خۆی بەتەواوی سەرچاوەیە بۆ نامۆبوونی مرۆڤ. چونکە مرۆڤ لەژێر کاریگەری یاســاکانی ئایندا لە کاتی بیرکردنەوە لە مردن و ســزاو پاداشــتی پاشــەڕۆژ لەلایەن پەروەردگارەوە، تووشــــی نـامۆیی دەبن.  بۆیە لێرەدا مرۆڤ پەنـا دەبـاتە بەر هێزێکی نـادیار و

دەرەکیی سەرووی خۆی تا لە کۆسپ و کارەسات بیپارێزێت، هەمیشە چاو لە ئاسمانە بۆ باشترکردنی ژیانی، واتە لێرەدا مرۆڤ واز لەهەموو تواناکانی خۆی دەهێنێت. هەر لەو روانگەیەوە (فیورباخ) وەک فەیلەسوێکی ناوداری سەدەی نۆزدەهەم، بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی (هیگڵ)وە لە کتێبی (گەوهەری مەسیحییەت)دا لای وایە نامۆیی لەخودی ئاینەوە سەرچاوە دەگرێت و ئاین بە هۆکاری هەموو جۆرە نامۆبوونێک دادەنێت، بۆیە دەڵێت: "ئاین بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ داگیر دەکات" (حنفی، ١٩٧٩، ٣٦). فیورباخ لەو ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە ئاین، کە ئاین ناوەڕۆکی هەستی مرۆڤ داگیردەکات و لە ڕەسەنایەتی خۆی دایدەبڕێت، چونکە مرۆڤ (ماهیەتی تەواوی) بەخوا بەخشیوە و (ماهیەتی ناتەواو)یشی بەخۆی بەخشیوە، خوا خاوەن (ماهیە)تێکی بێکۆتایە، بەڵام مرۆڤ خاوەن (ماهیە)تێکی کۆتادارە.

کەواتە سەرئەنجام بەڕای هەندێک لە لەفەیلەسوفان، ئاین ڕۆڵی هەیە لە نامۆکردنی مرۆڤدا و بەڕای هەندێکی دیکەشیان ئاین ڕۆڵی هەیە لە ڕزگارکردنی مرۆڤ لە نامۆیی و بێهودەیی، ئەمەش بەگەڕانەوەی بۆ ڕێساو یاساکانی خودا و ئاین.

مرۆڤ لەم دنیایەدا سەر بە هەر بیرو ڕایەکی ئاینی بێت، کەم تا زۆر تووشی ئەم جۆرە غوربەتە دەبێتەوە، چونکە مرۆڤ لەژێر کاریگەری گوتاری ئاینیدا و لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە سزا و پاداشتی پاشەڕۆژ لەلایەن پەروەردگارەوە، یاخود بەپێچەوانەوە زۆر جار مرۆڤ بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە ئاین تووشی ئەم جۆرە نامۆییە دەبێتەوە .

(محەمەد عومەرعوسمان)یش وەک تاکێکی نێو کۆمەڵگا، زۆرجار پەنا بۆ سەرچاوە ئاینیەکان دەبات و دەکەوێتە مشت و مڕ و پرسیارکردن لە خۆی. لەهەمان کاتدا بەهۆی کۆمەڵێک پرسیار و حاڵەتی تەم و مژ و گوماناوی، لەو وەڵامانەی چنگی دەکەون، تووشی بەدگومانی و نامۆبوونی ئاینی دەبێت بەرامبەر بە چارەنووسی خۆی و مرۆڤ بەگشتی، هەر بۆیە دەڵێت:

ببم بە سۆفی و لە سەرایەکدا..
خەو بەڕوخساری خواوە ببینم؟!
ئاخۆ لە نووریا ئەم شارێتەوە..
گوێ ڕائەدێرێ بۆ سەدای شینم؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٦)

لێرەدا شاعیر لەچوارچێوەی پرسیار و گومان و یەقیندا خواستی خۆی ئاشکرادەکات لەو کارەسات و ئەو خەمە مەزنەی تێی کەوتوە. هەستدەکات هێزێک لە دەرەوەی مرۆڤ هەیە، ئەم هێزەش جێگەی ئومێد و هیوا و بەهاناوە چوونی مرۆڤە. شاعیر ئەم هێزە لە (خودا)دا دەبینێتەوە،

بەڵام شـاعیر لێرەدا بەگومانە لەوەڵامەکەی، کە ئایا ئەگەر ببێ بەسـۆفی، کە لە بنەڕەتدا سـۆفی پلەیەکی بەرزی هەیە لە خوداپەرسـتیداو شـوێنێکی ئارام هەڵبژێرێ بۆ خوداپەرسـتی و نزا و پاڕانەوەکەی، کە سـەرایەکە، ئایا لەنزاو پاڕانەوەیدا دەگات بەدیداری خوای گەورە؟ ئایا خوای گەورە بەهانایەوە دەچێت و وەڵامی داواکارییەکانی دەداتەوە و لەو کارەسـات و خەمە مەزنەی تێی کەوتووە ڕزگاری دەبێت؟ ئەم تێڕوانینەی شـاعیر وای لێدەکات بکەوێتە نامۆبوونێکی ئاینی قوڵەوە.

شـاعیر لە شـیعری (ڕووداوی هەردوو دیوی پەنجەرەکە)دا بەگومانە لەڕوانینەکانی خۆی بۆ ئەو دیوی پەنجەرەکەو هەسـت دەکات چارەنووس و داهاتووی خۆی و دەوروبەری لەژێر هەڕەشـە و مەترسی و تاریکیدا گوزەر دەکات، کە سەردەکێشێت بەرەو غوربەتی ئاینی و دەڵێت:

لەودیو پەنجەرەی تەزیوی زستانەوە..
دووچاوی گەشی پڕ ئەشک ونزا..
بەدەم شەپۆلی گل و ژانەوە
تک.. تک، ون ئەبێ..
لە تاریکیی و تەمومژا.. دەتوێتەوە
تاساتێ زووتر.. خوا تابووتی شەو..
لە دارستانی بەرەبەیانا.. بشارێتەوە
کەچی تادێ شەو سامناکتر ئەبێ..
خوا ناڕوانێتە سیمای پشتی ئەو پەنجەرە ڕەشە..
کەمرۆڤێکی تەنیای کلۆڵە
پێخەفی هەور و سەرینی خۆڵە
ئەگری و ئەپرسێ..
مەگەر بەتیشکی زەردەی مەرگی خۆم..
سەهۆڵ بەندانی شەو بتوێتەوە!
جگەرەی ئەبەدیی خەمی گەردوونم لەلێو بێتەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٦-٢٧)

لێرەدا شـاعیر نامۆیە لە بوون و ژیانی خۆی، پەنادەباتە بەر نزاو پاڕانەوەو داوا لەخودا دەکات لەو ناڕەحەتی و ئازار و ژانە دووری بخاتەوە، کە باڵی کێشاوە بەسەر دونیای شاعیردا و ڕۆژە پڕ ئومێدەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە، بەڵام تا دێت دنیای تەم و مژ و تاریکی زیاتر پاڵ بەسـەر ژیانی شـاعیردا دەکێشێت. بە بڕوای شاعیر خوا ناچێت بەدەم نزاو پاڕانەوەکەیەوە، لەکاتێکدا ئەم وەک

بوویەکی بێ دەسـەڵات خۆی نیشاندەدات بەرامبەر ئەو دەسـەڵاتە مەزنەی خوای گەورەو دەڵێت، کە مرۆڤێکی تەنها و بێ دەســەڵاتم. لێرەدا شــاعیر تووشــی نامۆبوونی ئاینی دەبێت، چونکە بە بڕوای شـــاعیر بە نزیکبوونەوەی لە خودا نەک دوورکەوتنەوەی، نەیتوانیوە خۆی لەو ژیـانە ناهەموارە ڕزگار بکات، بۆیە پێی وایە تەنها بە لەنـاوچوونی خۆی و نەمـانی لە دونیـادا خەم و ئازار و مەینەتیەکانی ژیان و دونیا ڕەشەکەی وەک سەهۆڵ دەتوێتەوە و لەناوبچێت.

شـــیعری (تەم و مژ) هەڵگری چەندین ڕەهەنـدە، یەکێک لەو ڕەهەندانە ڕەنگدانەوەی نامۆییەکی قوڵی ئاینییە و لێرەدا شـــاعیر باس لەو بارودۆخە نامۆییە دەکات، کە مرۆڤی تێکەوتووە و هیچ هێزێک بەفریادڕەس نازانێت، کە لەو غوربەت و نارەحەتییە مرۆڤ ڕزگار بکات. بۆیە شـــاعیر میکانیزمی ســـتراتیجیەتی دەقەکەی بەجۆرێک ڕەنگڕێژکردووە، کە دوای ئەوەی ســـەرچاوە و ژێدەری نـامۆیی خۆی دیـاریدەکات، هەوڵدەدات ئەم نامۆییە وەســـف و شـــێوەگیر بکات، کە بارگاوییە بەخەیاڵ و واقع. ئەو نامۆییەی بۆتە گوتاری سەرەکیی ئەم دەقە لە نێوان دوو نامۆییدا خولدەخوات: یەکەمیان تایبەتە بە ڕامانی شــاعیر لە خودی خۆی و ژیانی خۆی، دووەمیشــیان تـایبەتە بە ئەوانی دەوروبەرەوە، کە هەردووکیـان ســـەرچـاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ نامۆبوون لەدید و ســـەرچاوە ئاینییەکان، چونکە کاتێک شــاعیر دەیەوێت لەڕووی واقیعەوە وێنای بکات، پەیوەندییەکی پتەوی بەو زەمینەو ژینگە و ژیانەوە هەیە، کە مرۆڤی تیادا دەژی، بە جۆرێک ئەم نامۆبوونە بارو مۆرک و دیاردە و سیماو ئەدگارەکانی سەردەمی خۆی بەرجەستە دەکات. لەم ڕووەوە دیارە شاعیر وشە دینیەکانی بۆ ئەو دیدگایانە داناوە و دەڵێت:

ئیسماعیلێکم ئێستاکە.. نەک چەقۆی ئیبراهیمی باوک..
چەقۆی دەستی دێوی غوربەت سەرم ئەبڕێ
چ فریشتەیەک ئەگاتە هانای زریکەی بەر لەمەرگ و سەربڕینم؟
چ فریشتەیەک، گیانداری ئەکاتە قۆچی قوربانیی ئەم غوربەتەم؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٦٠)

لەم وێنە شیعرییەدا شـاعیر خۆی وەک کەسێک دەناسێنێت، کە دێوی غوربەت سـەری ئەبڕێت، واتە نـامۆبوون وەک دێوەزمە بەردەوام بەرۆکی شـــاعیری گرتووە و لەنـاو ئێش و ئـازاردا دەیهێڵێتەوە. ئەم نامۆییەی شــاعیر لەنێوان وڵاتێک یان لەنێو دابەشــکردنی زەویدا نییە بۆ چەند کیشـوەر و وڵاتێک، بەڵکو نامۆبوونێکە باڵی بەســەر لایەنی ڕۆحیی ئەم شـاعیرەدا گرتووە. واتە چارەنوســی ئەم لەســەر ئەم زەوییە هەر نامۆبوونە، بۆیە شــاعیر پرســیاری ڕزگاربوونی لەم غوربەتە دەکات، کە ئـاخۆ چ فریشـــتەیەک بەهانایەوە دێت لەو کاتەی زریکەی بەر لە مەرگ و ســـەربڕین دەوری ئەوی ئیســـماعیلی داوە. وەک لە وێنە شـــیعرییەکەدا دیارە، شـــاعیر خۆی

چواندووه به (ئیســماعیل)، واته لەم ســەر زەوییەدا ڕزگاربوونی ئەوی شــاعیر لە قوربانیبوون بەدی نـاکرێت، رزگـاربوونی ئەو تەنهـا لەڕێگەی هێزێکەوەیە، کە لە دەرەوەی زەویـدایە. بۆیە لێرەوە شـاعیر پەنا بۆ ئاسـمان دەبات، ئەو ئاسمانەی کە لە ئەندێشـەو تێڕوانینی شـاعیردا وەک چاودێرێکی مرۆڤ لەســەر ئەم زەمینە غەریبە تەفسـیری بۆ کردووە. واتە لێرەدا ئەتوانین بڵێین (محەمەد عومەرعوســـمان)پەنا بۆ ئاســـمان دەبات، چونکە هێزی ڕزگارکەری ئەم نامۆبوونە لە دەرەوەی زەویدا دەبینێتەوە، بەڵام شــاعیر لەم هێزە بێ ئومێد دەبێت، تا دەگاتە ئەوەی شــاعیر پرسیاری بێدەنگبوونی خوای لا دروستدەبێت و دەڵێت:

ئەی خوای گەورە نایەتە دەنگ؟
لە گەرووی کەنیسەکانا..
خنکاوە پەیامی عیسا و زایەڵەی زەنگ
مەسیح هەر بە خاچەوەیە..
ئێسک و گۆشتی لەگەڵ تەختە و بزماری خاچ تێکەڵ بووە..
خوێنی، هەڵمی لێ هەڵئەسێ..
ئەی نابینن هەڵمی خوێنی..
چیاو دەشتی  سوور کردووە؟
هەوا بۆنی مەرگی لێ دێ..
مەرگ ڕەشەبای هەڵکردووە                    (عوسمان، ٢٠١٩، ٦٠)

لە ئەنجامی ڕامان و ئەو پرسیارە قوڵ و غوربەتییانەی شاعیر و هەموو مرۆڤایەتی سەرزەمینی تێکەوتون، شـــاعیر ڕوو لە گەورەترین هێزی گەردوونی دەکات، کە دەســـەڵاتیکی ڕەهای هەیە بەسـەر زەمینی مرۆڤایەتیدا و گومانەکانی خۆی بەشێوەی پرسیار ئاڕاستە دەکات، بێگومان ئەو هێزەش خودایە. شــاعیر هیچ هیوایەکی بۆ ڕزگاربوون نییە و لای وایە ئێمەی مرۆڤ قوربانین، چونکە لە ڕوانگەی شـــاعیرەوە کاتێک مەســـیح  هەر بەخاچەوە بێت، مانای وایە ئەو پەیامەی دەیەوێت مرۆڤایەتی ڕزگار بکات تاکە چارەنووسی بەقوربانی بوونە. کەواتە پەیامی ئینسان لەم وێنە شـیعرییەدا وا دەرخراوە، کە لەو کاتەوەی هەڵمی خوێنی مەسـیح چیاو دەشـتەکانی سـور کردووە، چارەنووسـی مرۆڤ هەر قوربانیبوونە. شـاعیر لای وایە لەو ڕووداوە بەدواوە لەســەر زەمینی مرۆڤایەتیدا هەوا بۆنی مەرگی لێ دێت، مەرگیش ڕەشـەبای هەڵکردووە. کەواتە بەگوێرەی ئەم بۆچوونەی شــاعیر چارەنوســی مرۆڤ ژیانێکی تراژیدییەو پێویســتە هەر ببێتە قوربانی لە پێناو پەیامەکانیدا.لێرەوە شـاعیر لە ئەنجامی ڕامان لە چارەنووســی مرۆڤایەتی لە ســەر زەوی،

قوڵترین پرســــیار دەورووژێنێت بەرامبەر بە گەورەترین زاتی خـاوەن گەردوون، کە(خوا)یەو دەڵێت:

بۆ جارێ خوا نایەتە دەنگ؟

بۆ جارێ خوا نابێ بە ڕەنگ؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٦٠)

لێرەدا شـــاعیر ئەو پرســــیارەی لا دروســــتدەبێت، کە بۆچی خودا بەدرێژایی ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی وەک هێزێکی بەدەســــەڵات و پەنابۆ بردوو لە پشــــت ئەندێشــــەی مرۆڤەوە بووە. سـەرباری ئەو خەم و ئازار و نەهامەتیانەی ڕووبەڕووی مرۆڤ بۆتەوە، بۆ جارێ خۆی پیشان مرۆڤەکان نادات و نایەتە دەنگ؟ خودا نەڕەنگی هەیەو نەدەنگ.

**پاری دووەم// وەرزەکانیساڵ لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا.**

وەرزەکانی ساڵ بەشێوەیەکی گشتی ڕەهەندێکی دیار و بەرچاوی نێو شیعری شاعیرانن، چونکە وەرزەکانی ساڵ پێکهاتەو ڕەگەزێکی سەرەکی نێو سروشتن. سروشتیش خۆی ڕۆڵێکی دیارو کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی ئادەمیزاد بە گشتی و شاعیر و نوسەرو ئەدیبان بە تایبەتی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ڕەگەزەکانی سروشت هەریەکەیان بەجوانی دروستکراون و بەڕێکوپێکی لە شوێنی خۆیان بنیاتنراون. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەزموونی گەڕانەوە بۆ جوانی و دیاردەکانی سروشت لای مرۆڤ دروستدەبێت و مرۆڤ بەسروشت سەرسامەو غەریزەی لاسایکردنەوەی سروشتی لادروستدەبێت. کەواتە "یاساکانی سروشت بریتین لە نموونە کامڵەکان، کە مرۆڤ لە ڕەفتاریدا زۆرجار دەیەوێت لاساییان بکاتەوە" (چیا، ٢٠٠٤، ١١٣-١١٤).

هەر لەم ڕوانگەیەوە فەیلەسوفی بەناوبانگی یۆنانی (ئەفلاتون)، وەک ڕابەرێکی فەلسەفی یۆنانی کۆن لە سەدەی (٤ پ. ز.) بەشێوەیەکی تایبەت و بە بیرو بۆچوونێکی ئایدیالیانە دەڕوانێتە سروشت و پێکهاتەکانی. بەلای (ئەفلاتون)ەوە جوانی سروشت بەخششێکی خواییە، چونکە لەبیری ئایدیالیدا خوا دروستکاری سروشت و مرۆڤە. بۆیە لای (ئەفلاتون) ئەگەر شاعیر لاسایی سروشت بکاتەوە، کارێکی ئاساییەو نابێتە مایەی خراپە بەسەر مرۆڤەوە، بەڵکو زیاتر سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت بۆ جوانی سروشت و دەرخستنی توانای خوا لەدروستکردنی ئەو جۆرە سروشتە جوانەدا (ئیسماعیل، ٢٠٠٨، ٤). بۆیە هەمیشە سروشت وەک بابەتێکی سەرەکی و دەرەکی، یەکێک بووە لەو بابەتە سەرەکییانەی لای شاعیران سەرچاوەی ئیلهام و داهێنان بووە. هەر لەم ڕوانگەیەوە (بوالۆ) لەبەرهەمە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (هونەری شیعر) دەڵێت: "تەنانەت بۆ یەک ساتیش بێت لە سروشت غافڵ نەبن" (حسەینی، ٢٠٠٧، ٢٢).

هەمیشە نوسەران و ئەدیبان و بەتایبەتیش شاعیران دیمەن و دیاردەکانی سروشتیان لە دەقە شیعرییەکانیاندا مەزراندووە و تێکەڵ بە هەست و سۆزی شاعیرانەی خۆیان کردووە و سروشتیان وەک هۆکارێک بۆ گوزارشتکردن و ڕوونکردنەوەی پەیام و مەبەستی عەقڵی و دەروونی خۆیان بەکارهێناوە. سەر لە نوێ لە هەناوی سروشتدا لەرێگەی هەست و سۆز و خەیاڵی داهێنەرانەی خۆیانەوە دیمەن و دیاردەکانی سروشتیان بە بابەت و وێنە و تابلۆی دیکەی هونەری و ئیستاتیکی بەرهەمهێناوەتەوە، هەر وەک ئەرستۆ دەڵێت: "هونەرمەند کاتێک دێت وێنەی دیمەنێک دەکێشێت ئەوا دەبێت وێنەکە لەخۆی جوانتر بکێشێت نابێت تەواو پابەند

بکرێت بەدیمەنەکەوە، دەبێت بەشێوەیەک بیکێشێت کەجوانییە شاراوەکانی دەربخات"(الماضی، ٢٠١٠، ٣٢).

ئەتوانین بڵێین یەکێک لە دیردە سەرەکی و پڕ بایەخەکانی نێو سروشتیش سوڕی ساڵانەو هاتنی وەرزەکانە بەخۆیان و گۆڕانکارییەکانیانەوە، کە بەردەوام کاریگەرییان لەسەر فراوانکردنی بیر و کردەوە و ئەندێشەی مرۆڤ هەبووە بەگشتی و جێگەی سەرنج و تێڕامان بووە لای ئەدیبان و شاعیران بەتایبەتی، چونکە هەریەک لەو وەرزانەی ساڵ کاریگەریی عەقڵی و دەروونییان لەسەر هزر و یادگاری مرۆڤ هەیە. هەر بۆیە شاعیران و ئەدیبانیش ئاوڕیان لە سروشت و دیمەنی وەرزەکانی ساڵ داوەتەوە و شیعری بەپێزو جوانیان لەنێو سروشتی وەرزەکاندا هۆنیوەتەوە. دیاردە سروشتییە کانی ناو وەرزەکانی ساڵیش، کە بریتین لە (با، باران، بەفر، تەرزە،هەورو بروسکە، پەلکەزێرینە، ،..... تاد) مۆتیڤی تایبەت بە خۆیان هەیە و بەهایەکی ئێستاتیکیی جوان دەبەخشنە شاعیران و زمانی شیعرییان. هەر بۆیە زۆربەی شاعیرانی بیانی و شاعیرانی کوردیش شیعری جوانیان بۆ سروشت و وەرزەکانی ساڵ هۆنیوەتەوە و خامەی خۆیان لە تابلۆکانی ئەم وەرزانەدا خستووەتە کار و وێنەی هونەریی جوانیان لێ نەخشاندووە.

ئەتوانین بڵێین (محەمەد عومەر عوسمان)یش یەکێکە لە و شاعیرە دیارانەی نێو شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، کە ڕەگەز و توخمەکانی سروشتی بە ئەندازەیەکی بەرچاو لەنێو ئەزموونە شیعرییەکەیدا بەرجەستەکردووە، زۆر بەدەگمەن دەقێکی شیعری دەبینیت، کە ڕەگەز و توخمەکانی سروشتی تیادا بەکارنەهێنابێت. زۆربەی ئەو توخم و ڕەگەزانەی نێو سروشتیش، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەرجەستەیکردوون، لەنێو وەرزی پایز و زستاندا هەڵهێنجراون و تایبەتن بەو دوو وەرزە، چونکە ئەم دوو وەرزە لەجیهانبینیی شاعیردا دیرۆک و تایبەتمەندی خۆیان هەیەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی ناسینی کچێکی سرک و ئەفسونگەر لە ژیانی شاعیردا. شاعیر لە جیهانبینیی خۆیەوە ڕۆدەچێتە نێو ئەم دوو وەرزەوە، بەڵام بە ئەندازەیەکی قوڵتر ڕۆدەچێتە نێو وەرزی پایز و ئەم وەرزە دەکاتە دەلاقەیەک بۆ بینینە قووڵەکانی ناخی خۆی و قووڵییە ئەفسوناوییەکەی ناو ئەو وەرزە هەموو بوون و هەبووەکانی لێوە بەیان دەکات. شاعیر وەرزی پایز دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و دەیکاتە هاودەم و هاوڕێی خەم و ئازار و هیوا و ئومێدی خۆی و بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەگەزەکانی سروشتی وەرزی پایزی لەناوشیعرەکانیدا مەزراندووەو توانیویەتی بەشێوەیەکی ئیستاتیکی وێنەی هونەرییان لێ بەرهەم بهێنێت. هەر بۆیە وەرزی پایز چەندین دەرکەوتنی لە شیعرەکانی شاعیردا هەیە، دەتوانین بڵێین"پایز بووەتە

وەرزی ئیحا بەخشین بە شاعیر" (عبدالواحد، ١٩٨٨، ٩١)، چونکە شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانیدا لەمیانەی پایزەوە ئەزموونێکی دیالۆگی درامیمان لەگەڵ دولبەردا بۆ بەرجەستەدەکات.

بەشێوەیەکی گشتی لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا دوو وەرز بوونی ڕاستەقینەیان هەیە، ئەوانیش وەرزی (پایز و زستان)ن. دەتوانین بڵێین وەرزی زستان لە شیعری محەمەد عومەردا زۆر لە ئامادەیی وەرزی پاییز کەمتر نییە. ئامادەیی وەرزی زستانیش لە شیعری شاعیردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانبینییە ڕۆحی و دەروونییەی شاعیر، کە پەیوەندیی بەچیرۆکی ناسینی کچێکی سەرابیەوە هەیە لەلایەن شاعیرەوە و لەدەستدان و ونبوونی ئەو کچە لە وەرزی زستاندا. دواجار شاعیر لە شیعرەکانیدا چەندین دەلالەت و ڕایەڵەی جیا جیا بەم دوو وەرزە دەبەخشێت.

## ڕەنگدانەوەی مۆتیڤی پایز وەک ڕەهەندێکی گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی شادی ئامێز لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

سەرەتای ئامادەیی و ڕۆچوونی قووڵی شاعیر بە وەرزی پاییزدا، دەگەڕێتەوە بۆ ناسینی کچێکی قژ زەردی چاوکاڵ، کە سیماو ڕەنگی ئەم کچەی لەخەسڵەت و ڕەنگەکانی پایزدا بینیوەتەوە، چاوی بە گەڵای پایز و قژی بەزەردییەکەی چواندووە. دواجار ئەو کچە لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا خۆشەویستییەکی ئەبەدی لەم وەرزەدا لای شاعیر دێنێتە بوون، چونکە پایز بە ڕەنگ و گەڵاکانییەوە ڕەنگی قژ و چاوی دولبەرە دابڕاوەکەی لەژیانیدا دێنێتەوە یاد. هەروەها بەیەک نەگەیشتنی شاعیر لەگەڵ ئەو کچەدا، سەرئەنجام دەبێتە عەشقێکی ناکامڵ و حەقیقەتێکی تەواو لە ژیانی شاعیردا. دواجار شاعیر لەوێوە هەموو سەرنجەکانی بۆ بینینەوەی یارەکەی لە قوڵایی پایزدا بەرجەستە دەکات. ماهیەت و ڕۆحی شاعیر لەم وەرزەدا فراوانتر دەبێت، ئەو کچە بۆی دەبێتە سەرابێک و ئامادەییەکی تەواوی لە شیعرەکانی شاعیردا دەبێت و شاعیر لەبیری ناچێت. بۆیە پایز دەبێتە ڕوئیا بۆ شاعیر و خۆشەویستی پێدەبەخشێت و یادگارییە خۆشەکانی ئەو عەشقەی بیر دەخاتەوە، هەروەک دەڵێت:

پایز بوو.. باران نم نم ئەباری..
نیگای چاوانی پاییزیی و مەستی
وەک چەم ڕژایە دەشتی گیانمەوە..
دەستی خۆزگەمی خستە ناو دەستی (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٧)

شـــاعیر لەم پارچە شـــیعرەدا گوزارشـــت لە هەســـتی خۆشـــەویســـتی خۆی بۆ دولبەر و خۆشەویستیی هەمیشەیی خۆی بۆ پایز دەكات، چونكە شاعیر لە پایزدا ئەوێكی ڕەنگ پاییزەیی ناسیوە و نیگای چاوانی دولبەر و سـۆزو خۆشـەویسـتی دولبەرەكەی وەک چەم ڕژاوەتە نێو ســـۆز و دەروونییەوە، كە لێوەی هێندەی دیكە شـــاعیر بەناخی پایزدا ڕۆچۆتە خوارێ و خۆشـەویسـتی دولبەرەكەی پایزێكی پڕ لە یادەوەری و چێژی بۆ شاعیر نەخشاندووە. هەر بۆیە شاعیر تەمەنا دەكات هەرچوار وەرزی ساڵ ببێتە پایز و دەڵێت:

بۆ چوار وەرزی ساڵ نابێتە پاییز؟..
تانیگای ئەوم هەردەم نیشان دا
ئەو نیگایەی لەسنگما ئەسووتێ و
چەخماخە ئەدا، لە ناخی گیاندا (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٧)

لێرەدا شـــاعیر پەیوەندییەكی ڕۆحی لەگەڵ وەرزی پایزدا دەبەســـتێ و حەزدەكات هەر چوار وەرزی ســـاڵ ببێتە پایز، چونكە لە هەســـت و ســـۆز و ئەندێشـــەی شـــاعیردا پایز نیگای دولبەرەكەی دێنێتەوە یاد و دەیەوێت بۆ هەمیشــە نیگای چاوانی خۆشــەویســتەكەی زیندوویی لەناخ و گیانیدا بهێڵێتەوە. ئەمەش لەوێوەیە نیگای دولبەرەكەی هەمیشـــە لە ناخی ئەمدا وەک تەزوویەک ئامادەیی هەیە و خۆی دەخزێنێتەوە ناو بیر و ئەندێشـەی شاعیرەوە. لێرەوە شاعیر بەوردی وێنەیەكی جوانی سـروشـتی پایز و گەڵاڕێزان تێكەڵ بەخەیاڵ و ئەندێشـەی دەكات و دەڵێت:

ئێوارەیە و
زۆرحەزئەكەم لەجێی باران..
گەڵای زەرد بەسەرما داكا
ئێوارەیە و
باوەش ئەكەم بەگەڵای مردووی پاییزا..
ئەو پاییزەی ڕەنگی قژ و ڕەنگی چاوی ئەو.. ون ناكا (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٠)

لێرەدا شـــاعیر لە كاتی ئامادەنەبوونی یاردا، پەنا بۆ پایز دەبات و پایز و گەڵاڕێزان تێكەڵ بە خەیاڵ و ئەندێشـــەی خۆی دەكات و جارێكی دیكە بەشـــێوازێكی هونەری لەو ســـروشـــتەدا هەسـت و سـۆزی خۆی تێكەڵ بەڕەنگ و بۆی دولبەرەكەی دەبێتەوە. ئەمەش لەوێوەیە شـاعیر سـیمای دولبەرەكەی لە وەرزی پایزدا دەبینێت و دووبارە پەیوەندییەكی ڕۆحیی چێژدار لەگەڵ دولبەردا دروستدەكاتەوە لە میانەی پایزەوە.

## ڕەنگدانەوەی مۆتیڤی پایز وەک ڕەهەندێکی غەمئامێز و تراژیدی بار لە شیعرەکانی (محەمەد عومەرعوسمان)دا:

پایز لای شاعیر تێکەڵ بەڕۆحێکی ماندو ڕەشبین و تراژیدیبار دەبێت، پایز بە هەموو خەسڵەت و ڕەگەزەکانی ناویەوە لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا تێکەڵ بەپرسی مەرگ و دابڕان دەبێت، هەروەک (قومریە سەعید عەزیز) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "لە نێوان ململانێی مەرگ و ژیاندا و نیشاندانی سومبلەکانیان پایز دەبێتە سومبولی مەرگ و لە ئاستە قووڵەکەیدا، لەئاستە تەنکەشیدا دابڕان لەخۆی دەگرێت" (علی و عەزیز، ٢٠١١، ٥٧). (محەمەد عومەرعوسمان) بەمەرگی دولبەرێکی ڕەنگ پایزەیی چەمکی پایز لە زەین و هزریدا دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی هەموو شادی و خۆشییەکانی دەروونی خۆی و دەوروبەری. کەواتە پایز لە ڕووی سایکۆلۆژیەتی شاعیرەوە مایەی ئازار و دڵتەنگیەو دابڕان لە خۆی دەگرێت و مەرگی دولبەرە ڕەنگ پایزەییەکەی دێنێتەوە یاد. لێرە بەدوا پایز وەک درەختێکی ڕەگ داکوتراو دەبێتە زامێکی هەمیشەیی لە قوڵایی دڵ و دەروونی شاعیردا، بە تەواوی ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کاتێک شاعیر دەڵێت:

پایزم زامەو هەمیشەییە..
ڕوخساری بەهار نایشارێتەوە
لە قووڵاییما.. گەڵاڕێزانە..
زریانی ناخم نابڕێتەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٦)

لێرەدا پایز و ڕەگەزەکانی، کە پێکدێن لە (زریان و گەڵاڕێزان) ڕەگێکی قوڵیان لە دڵ و دەروونی شاعیردا داکوتاوە و بوونەتە زامێکی هەمیشەیی و دڵ و دەروونی شاعیریان وێرانکردووە، شاعیر پایز و ڕەگەزەکانی کردووەتە ڕەمزی لێکدابڕان و مەرگەسات.
کەواتە مەرگی کچە ڕەنگ پایزەییەکە نەشتەرێکە بەدەستی پایزەوە، کە ئەم زامە پایزەییەی لە دڵ و دەروونی شاعیردا پێهەڵدەکۆڵێ و بەشێوەیەک شەن و کەوی دەکات، کە هیچ دیاردەیەکی دیکەی سروشت وەک وەرزی بەهار، کە ڕەمزە بۆ ژیانەوەو خۆشییەکان، ناتوانێت و لەتوانایدا نییە شاعیر لەم ژیانە کارەساتبارە ڕزگار بکات. شاعیر لە پارچە شیعرێکی (ئێوارەی پایزدا) دەڵێت:

ئێوارەیە و
گڤەی (با) دێ..
هەور ئاسمانی گرتووە

ئێوارەیە و
داری پاییز ئاهەنگی مردن ئەگێڕێ..
گەڵا سەرچۆپی گرتووە (عوسمان، ٢٠١٩، ١٩)

لەم کۆپلە شــیعرەیدا شــاعیر ڕەگەزی (با) وەک ڕەمزی بێهودەیی بەکارهێناوەو ڕەهەندێکی تراژیدیی قوڵی پێبەخشیوە، چونکە لێرەدا (با)ی بەهۆکاری مەرگی دار و هەڵوەرینی گەڵای پایز داناوە. واتە لێرەدا پایز لە ڕێگەی ڕەگەزی (با)وە گوزارشــتی لێکراوە و شــاعیر بەڕەمزی بێهودەیی و هەڵورەینی ناخی خۆی دەری دەخات.

شـاعیر لە کۆپلە شـیعرێکی دیکەدا خۆی تێکەڵ بە پرسـە و وەرینی گەڵای دارەکان دەکات و لە ڕێگەی هەستی خۆیەوە وێنەیەکی هونەری تازە بنیات دەنێت و دەڵێت:

پرسەیە ئەگرم بۆ ئەم پاییزە..
چەند خۆشە لەبەر شەستە بارانا
لەسەر ئەو گەڵا زەردانە بمرم..
لەسای بەرامەو بۆی چنارانا (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٨)

لێرەدا شـاعیر بەهۆی بیرکەوتنەوەی یارەکەی، کە لەم وەرزەدا ناسـیویەتی و لەهەمان کاتدا دووری یارەکەی لێیەوە لەم وەرزەدا، لە ڕێی هەسـت و سـۆزی خۆیەوە ناخ و دەروونی پڕ لەخەم و حەسرەتی لە شێوەی ماتەمینی و شیوەندا بۆ لەدەستچوونی یارەکەی دەخاتەڕوو. کەواتە لێرەدا شـاعیر مەرگی ئازیزی بیردەکەوێتەوە، لەهەمان کاتدا لەڕووی سـایکۆلۆژییەوە دۆخێکی سۆزداری پڕ حەسرەتی تا ڕادەی لاواندنەوە و مردنی بۆ دەرەخسێنێت لە سـەر ئەو گەڵازەردانەی، کەبیرخەرەوەی شێوە و شکڵی دولبەرەکەیەتی. نەک هەر ئەمە، بەڵکو لەو ڕۆژەدا بۆن و بەرامەی چنارانیش بەسەر شاعیردا هەڵدەکات.

بەم شــێوەیە دەتوانین بڵێین لەم دوو ڕەهەندە جیاوازەی پایزەوە لای شــاعیر، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە شاعیر لەڕووی عەقڵی و دەروونییەوە بەهۆی ئەو زام و ئازار و غەم و ترسەی پاییز پێی بەخشــیوە لە بارێکی ناجێگیردایە. لەهەمان کاتدا خۆشــەویســتی و پەیوەندییەکی ڕۆحیشــی لەگەڵ ئەم وەرزەدا لادروســتبووە، کە ئەمەش دیســانەوە پەیوەندی بەناســینی دولبەرەکەیەوە هەیە لەو وەرزەدا.

(محەمەد عومەرعوسمان) لەنێو دەقە شیعریەکانیدا پایزی بەهەموو خەسڵەت و ڕەگەزەکانیەوە کردووە بە یەکەیەکی چالاک، بەهاتنی وەرزی پایز شــاعیر دەکەوێتە دووڕیانی خۆشــی و ناخۆشـییەوە، چونکە ئەو وەرزە یادگارییەکانی خۆشـەویسـتەکەی بیردەخاتەوەو ڕەنگی قژ و

چاوی ئازیزەکەی لە گەڵا و ڕەنگی ئەو وەرزەدا بەدی دەکات. کەواتە پایز ئەویکی دابڕاو لەژیانی دێنێتەوە یاد، لەهەمان کاتیشـــدا بەهاتنی ئەم وەرزە شـــاعیر خەمبار دەبێت، چونکە دولبەرەکەی ئامادە نییەو دیسانەوە مەرگی ئەو شاعیر ڕاپێچی ناو پایز و گەڵاڕێران دەکاتەوە. کەواتە لەدوای مەرگی ئەو، شـــاعیر لەنێو بازنەیەکی داخراودا لەســـەر خولگەی تەنهایی و غوربەت دەســـوڕێتەوەو ناتوانێت دەســـبەرداری پایز بێت. هەر بۆیە لەم کۆپلە شـــیعرەیدا زۆر بەڕوونی ئاماژە بەو حاڵەتە ناجێگرەی دەروونی دەکات لەدوای مەرگی ئەو لەوەرزی پایزدا و دەڵێت:

ئێوارەیە و
خۆشەویستی و ترسی پاییز..
هەموو گیانمی گرتووەتەوە
ئێوارەیە و
پاییز لە دڵی تەزیوما..
ئاگری بڵێسەی کردۆتەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٠)

شـاعیر لە کۆپلە شـیعرێکی دیکەیدا ئاماژە بەوە دەکات تەمەنی ڕوو لە هەڵوەرین و کۆتاییهاتنەو پرســـــیاری ئەوە دەکات ئایا کێ ئەم کۆتاهاتنەی تەمەنی بەڕێ دەکات، کە وەکو گەڵای پایز لە هەڵوەرین و لەناو چووندایە؟ ئەگەر پایز ببێتە فرمێســک و لە چاوی هەورەکاندا داکات، ئەی کێ بۆ شاعیر دەبێتە هەور، تا شاعیر دڵی خۆی لا بکاتەوە؟ ئەم شیعرە ڕەهەندێکی دیکەش لەخۆی دەگرێت، ئەوش ئەوەیە تێیدا شـــاعیر تێکەڵ بە جیهانی تراژیدیا دەبێت، چونکە شـــکســـتهێنان و نائومێدی لە ژیانیدا، ئەویان گەیاندووە بە لووتکەی تراژیدیا و فرمێســـک ڕشـــتن لای شـــاعیر کۆتایی نایەت، بەمەش ناخی شـاعیر دەبێتە لانکەی گەڵاڕێزان و زریان و مەرگەسـات، هەروەک دەڵێت:

کێ بۆ خەزانی عومری من دەگری؟..
کێ بەدیی ئەکا گەڵاڕێزانی؟
پاییز فرمێسکە لەچاوی هەورا..
کوا هەوری من قوڵپی گریانی؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٥)

شـــاعیر لە کۆپلە شـــیعرێکی دیکەیدا پایز دەکاتە جێگایەک بۆ دالّدەدانی خەم و ئازارەکانی، کە وەک سـەدای بولبول لە کەف و کولّدایە، لێرەدا شـاعیر دلّی دەچوێنێ بە بولبول و پایزیش وەک چڵ و پەناگەی ئەو بولبولە وەسفدەکات و دەڵێت:

تاکە پەناگەم پاییزە و کزەی
شینێ لە دڵما کەفو کوڵیەتی
کێ لەبەر کۆستی منا خۆی دەگرێ؟
دڵم بولبولە.. پاییز چڵیەتی (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٥)

لە کۆتایدا ڕۆحی شـــاعیر بەشـــێوەیەک ئاوێتەی پایز دەبێت، کە خۆی بەپایز و پایز بەخۆی دەزانێـت، لێرەوە تێمـان دەگەیەنێـت، کە چۆن پـایز فرە مـانـایی و فرە ڕەهەنـدی بەخۆوە هەڵدەگرێت. شـــاعیر ڕوانینێکی تایبەتی بۆ پایز هەیە و دەیەوێت پایز وەک کارەکتەرێکی سـەرەکیی ژیان بناسـێنێت و هەموو ڕەهەند و دەلالەتەکانی نێو ئەو وەرزە ئاشـنا بکات بەناخی خۆی و نـاخی خۆی لەنـاو ئەو وەرزەدا بکـاتەوە. بۆیە کـاتێک شـــیعرەکـانی دەخوێنیتەوە دەردەکەوێت ئەو لەسـەر زەمینی مرۆڤایەتیدا وێڵە بەدوای شـوناسـی خۆیدا، لەنێو دیمەنەکانی سـروشـت و وەرزی پایزدا لە گینگڵدایە، تا سـەرئەنجام ڕازەکانی دەگۆڕێتەوە بەتابلۆیەک لەنێو ئەو وەرزەدا و ئەم عەشـقەی شـاعیر بۆ پایز فانتازیاو ئێسـتاتیکایەکی بەرز و نەمری بە دەقە شـیعرییەکانی بەخشـیوە، "پایز دەبێت بە هەموو شـتێکی شـاعیر جارێک خۆی بەچۆلەکە و پایز بەنیشـــتمانی ئەوچۆلەکەیە دەزانێت و جارێک هەســـتدەکات پایز برینێکی قووڵی نێو دڵیەتی جارێک پایز بۆی دەبێت بە پەناگەو بەکەنیســـە و بەخەڵوەتگە جارێکی دی خۆی دەبێت بە ژەنەڕاڵی پایز و دەبێت بەکۆرپەی پایز و دەبێت بەباوکی پایز" (کوردۆ، ٢٠٠٨، ٣٠).

هەروەک شـاعیر لە شـیعری (ژەنەڕاڵی پایز)دا لەوپەڕی دانایدا پرسـی پایز دەکاتە شـاکارێکی شـیعریی جوان و هەموو بینینە قوڵەکانی خۆی تێدا دەکاتەوە، ئەمەش هەمان ئەو پرسـەیە، کە فەیلەســوفی ئەڵمانی (مارتن هایدگەر) ناوی دەنێت (بوونناســی بونیادی یان حەقیقی) و لای (محەمەد عومەرعوســمان)یش لە پرســی پایزدا ڕەنگی داوەتەوە و توانیویەتی ڕامانەکانی لە بوونیدا بۆ مرۆڤ چڕبکاتەوە. هەر بۆیە شـــاعیر لێرەدا لە ڕێی زمانی شـــیعرییەوە هەموو ماناکانی بوون و نەبوون دەخاتەڕوو، زمان لە هەموو دەمامکەکانی دیکەی دادەماڵێت و لەم ڕێگایەوە بەشێوەیەک شیعرییەت لەپایزدا بەرهەم دێنێت، کە مرۆڤە سادەکانیش دەتوانن بیناسن، چونکە بابەتە شـیعریەکانی شـاعیر لەم وەرزەدا لەســەر بنەمای هەسـتیاری بنیادنراوە. ئەم هەستیارییەش بەرامبەر بابەتە ئینسانییە قووڵەکان و مەسەلەی بوون و ململانێی مەرگ و ژین

دامەزراوە. شاعیر لەم دەقە شیعرییەیدا بەخەیاڵێکی ئێستاتیکیی فراوانەوە ڕۆحی خۆی ئاوێتەی وەرزی پایز دەکات، بەمەش گیانی شاعیر چۆتە ناو جەستەی سروشت و پایزەوەو بە جۆرێک تێکەڵ بە یەک بوون، کە هەردووکیان خاوەنی یەک گەوهەری ڕۆحین. واتە هەرچەندە وەکو چەندین بوون دەردەکەون، بەڵام لەڕاستیدا یەک بوونن.

لێرەدا شاعیر دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە هەڵگری جیهانبینییەکی پایزەیە و لە سنوری ئەو جوگرافیایەدا بوونی خۆی دەسەلمێنێت تا ئەو ڕادەیەی هەموو پێداویستیەکانی خۆی لە سنوری ئەو جوگرافیایەدا وەسفدەکات و هەوڵدەدەت دابینیان بکات. لەم کارەشدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت و بەلایەنی کەمەوە ئەو ڕاستییە ئاشکرادەکات، کە پایز و ڕەنگ زەردبوون و هەڵوەرین چارەنوسێکن جگە لە درەختەکان لە بەردەمی هەموو مرۆڤێکدان و کەس ناتوانێت رزگاری ببێت لێیان. لێرەدا شاعیر ئەوەمان پێدەڵێت مرۆڤ ئەو ئەفرێندراوە بێ دەسەلاتەیە، کە نەک ناتوانێت پایز لە بوونی خۆیدا ڕەتبکاتەوە و ڕێگە لەهەڵوەرینی خۆی بگرێت، بەڵکو ناتوانێت هیچ گۆڕانکارییەکیش لە چارەنووسی خۆیدا بکات، چونکە ئەمی مرۆڤ بوویەکی قەدەرییەو لە شوێنێکی ترەوە و لەدەرەوەی خۆی بڕیاری بۆ دەدرێت. هەر ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەگشتی لە بەردەم ڕەشبینی و چارەنوسێکی نادیاردا ڕابگرێت .

ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات شاعیر هەڵگری جیهابینیەکی پایزەیە، بەو مانایەی کە پایزی ڕەنگ زەردبوون و هەڵوەرین چارەنوسێکە لەبەردەمی هەموو مرۆڤایەتیدایەو کەس ناتوانێ لێی یاخی ببێت. هەر لەم ڕووەوە شاعیر هاوخەمە لەگەڵ وەرزی پایز و گەڵا وەریوەکانیدا، چونکە شاعیر بەجۆرێک بەناو پایزدا ڕۆدەچێت، کە خۆی بە سەرکردەو ژەنەڕاڵی پایز دەزانێت و دەڵێت:

منم ژەنەڕاڵی پاییز..
منی هەرگیز ئۆقرە نەدیو
ژەنەڕاڵم.. ژەنەڕاڵی هەزارەها داری ڕووت و
ملیارەها گەڵای وەریو (عوسمان، ٢٠١٩، ٩١)

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی جوانی بۆ کێشاوین، کە تیایدا خۆی چواندووە بەژەنەڕاڵی پایز و خۆی بە ژەنەڕاڵێکی سەربازی بەراوردی کردووە، لە کاتێکدا کە سوپای ژەنەڕاڵەکە لەناوچوون سەربازەکانیش وەک گەڵای پایز ڕۆحیان هەڵوەریوە. کەواتە شاعیر دەبێت بە ژەنەڕاڵ و پایزیش بەخۆی و گەڵاکانییەوە دەبنە سەرباز، ئەمەش واتای ئەوەیە شاعیر وەک کەسێکی باڵادەست خەمی هەڵوەرینی گەڵای درەختەکان دەخوات. لەهەمان کاتدا ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات ژەنەڕاڵی مرۆڤەکانیشە، بەڵام لەسەر بنەمای بوونی دەسەلاتێکی زیاتر نا لەچاو ئەوانی دیکەدا،

بەڵکو لەســـەر بنەمای هەســـت بەئینســـانی کردنێکی زیاتر و بەتەنگەوە هاتنی زیاتر بۆ خودی مرۆڤ و کێشە و ئازارەکانی. هەروەها لە پارچەیەکی دیکەی ئەم شیعرەدا دەڵێت:

منم ژەنەراڵی پاییز..
درەختی ڕووت ئەم نازناوەی خەڵات کردم..
منیش نازناوی شەهیدم دابەگەڵای هەڵوەریو.. و
کردمە تاکە ئازیزم
لە یەک ساتا خۆم کۆرپەی گەڵاڕێزان و
هەر خۆشم باوکی پاییزم (عوسمان، ٢٠١٩، ٩١-٩٢)

لێرەدا شـــاعیر بە خەیـاڵێکی قوڵەوە ڕۆدەچێتە نـاو پـایزەوەو لە ڕێگەی وێنەی شـــیعریی بەکەســکردن و بە ڕووەککردنەوە ئاڵوگۆڕی ســیفەتەکان دەکات لە نێوان مرۆڤ و وەرزەکاندا. شاعیر سیفەتی ڕووەک بە مرۆڤ دەبەخشێت ، کە لێرەدا ئەو مرۆڤە خۆیەتی، هەروەها سیفەتی مرۆڤیش بە ڕووەک دەبەخشێت. بۆ نموونە شەهید، کە سیفەتێکی مرۆڤە شاعیر دەیبەخشێت بە گەڵای وەریوی درەخت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت شـاعیر هێندە ماناو دەلالەتی جوانی لە وەرزی پایزدا خســـتوەتەڕوو، کە خۆی بەســـەرکردەو پێشـــەنگی ئەم وەرزە بزانێت تا ئە وڕادەیەی درەختەکان ئەم نازناوە دەبەخشـنە شـاعیر، شـاعیریش لەقوڵبوونەوە و ئیشـکردنی چڕی لەم وەرزەدا دەگاتە ئەو ئاســـتەی پلەی شـــەهید بدات بە گەڵای درەختەکانی ئەم وەرزە. هەروەها وێنەیەکی دیکەی جوانی پایزمان بۆ دەکێشـــێت، کە تیایدا گەڵاڕێزان دەکات بەدایکی و لەهەمان کاتدا خۆی بە کۆرپەی گەڵاڕێزان دەناسێنێ و دواتر دەبێت بە باوکی پایز.

## ڕەنگدانەوەی وەرزی زستان لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

وەرزی زســـتانیش یەکێکی ترە لە وەرزەکانی ســـاڵ، کە لە دوای وەرزی پایز ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە لە شیعرەکانی (محەمەد عومەرعوسمان)دا. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هۆکاری ئامادەیی وەرزی زسـتان لەشیعرەکانی شـاعیردا، دیسـانەوە پەیوەندیی بە چیرۆکی ناسـینی ئەو کچە سـەرابیە ڕەنگ پایزەیەوە هەیە، کە شـاعیر لەوەرزی پایزدا ناسـیویەتی و ئاشـنای بووە، بەڵام وەرزی زسـتان لێی سـەندووەتەوە. واتە لە پایزدا ناسـیویەتی و لەزسـتاندا لێی ون بووە، هەر بۆیە محەمەد عومەر بەشـێوەیەکی هونەری مامەڵەی لەگەڵ وەرزی زسـتانیشدا کردووە و ڕەگەز و دیاردەکانی وەک (بەفر، گەڵا، گوڵزار، دار، بەفرانبار)ی لەناو شیعرەکانیدا مەزراندووەو ئاوێتەی هەســـت و دەروونی خۆی کردوون و چەندین وێنەی جوان و ئیســـتاتیکیی لێ

بەرهەمهێناون. دەتوانین بڵێین ڕەنگدانەوەی وەرزی زســتانیش لە شــیعرەکانی شــاعیردا دوو ڕەهەندی سەرەکی لەخۆی دەگرێت: ئەوانیش بریتین لە:

## ڕەنگدانەوەی مۆتیڤی زستان وەک ڕەهەندێکی شادی ئامێز لە شیعرەکانی(محەمەد عومەرعوسمان)دا:

شاعیر کاتێک لەگەڵ دولبەرەکەیدایە، وەرزی زستانی سەخت و پڕ لەبەفری لێدەبێتە بەهارێکی سەوزی پڕ لە گوڵ و گوڵزار. واتە کاتێک لەگەڵ یارەکەیدایە وەرزی زستان لەلای ئەم دەبێتە وەرزی خۆشەویستی، ئەو کەشە ساردەی لە زستاندا هەیە دەبێتە کەشێکی گەرم و پڕ لە ئەوین بۆ شاعیر. هەر بۆیە دەڵێت:

لەگەڵ ئەوا بوو.. بەفر پشکۆ بوو..
کە گەڵاش نەبوو بەڕووی دارەوە
من گوڵزارێکم ئەهاتە بەرچاو..
بەچڵی ڕووتی بەفرانبارەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٩)

شاعیر لێرەدا بەفری بەپشکۆ چواندووە، لە کاتێکدا (بەفر) و (پشکۆ) دژیەکن، بەڵام شاعیر بە کەڵ کوەرگرتن لە هونەری ڕەوانبێژی جارێکی دیکە هەست و سۆزی خۆی تێکەڵ بەم دیاردانە دەکات و لە ڕێگەی چواندنی (بەفر) بە (پشکۆ) وێنەیەکی جوان و ئیستاتیکییان لێ بەرهەم دەهێنێت.

شاعیر لە پارچە شیعرێکی دیکەیدا ڕوونی دەکاتەوە، کە خۆشەویستی بۆ دولبەر لەوەرزی زستاندا دەبێتە خۆشەویستییەکی هەمیشەیی و دەڵێت:

وتم.. خوایە گیان چی ئەبێ ئەگەر..
جارێکی تر خۆر هەڵنەیەتەوە!
تاشوێن پێکانی لەسەر ئەو بەفرە..
هەتا هەتایە نەسڕێتەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٣١)

لێرەدا شاعیر گوزارشت لە هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆی دەکات بەرامبەر بەدولبەر و سروشتی ئەو بەفرەی، کە دولبەر بەسەریدا ڕۆیشتووە، چونکە شاعیر دەگاتە ئەو ڕادەیەی داوا لەخوا دەکات گۆڕانێکی یەکجاری لەسروشتدا ڕووبدات و جارێکی دیکە خۆر دەرنەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی بەفر نەتوێتەوەو شوێنپێکانی دولبەر لەسەر ئەو بەفرە نەسڕێتەوە، شوێنپێکان لەبەرچاو زەین و هزری شاعیردا ون نەبن.

شـــاعیر باس لەو خۆشـــی و ئارامییەی ژیانی دەکات، کە بەر لە جیابوونەوە و کۆچی یارەکەی هەیبووەو لەوەرزی زستان داو دەڵێت:

بەر لەوەی لەیەک جیاببینەوە..
نەم ئەوت نوقمی موچڕکەو بەفرم
خەیاڵ ئەیبردم بەرەو گەرمە سێر..
ئەو بەفرە بوو بووە سابات و کەپرم (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٩)

شـــاعیر لەم کۆپلە شـــیعرەیدا، پێمان دەڵێت: بەر لەجیابوونەوەی لە دولبەرەکەی چەند ژیان و وەرزی ستانی لا پەسـەندبووە. تەنانەت کاتێک لە وەرزی زسـتادا نوقمی ناو موچڕکەو بەفریش بووە، نەک هەر هەستی بەتەزیوی و ساردی نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێندە کەشەکەی لا پەسـەند بووە، لە خەیاڵ و ئەندێشـەی خۆیدا وای هەسـتکردووە لە سـروشـتی جوان و ئارامی گەرمەسێردایە، بەفرەکەشی بۆ بووە بە ساباتێک و لە سایەیدا هەستی بە حەوانەوە کردووە.

## ڕەنگدانەوەی مۆتیڤی زســـتان وەک ڕەهەندێکی تراژیدی بار وغەمئامێز لە شیعرەکانی (محەمەد عومەرعوسمان)دا:

ئەتوانین بڵێین شاعیر لەدوای لەدەستدان و ونبوونی دولبەرەکەی لەوەرزی زستاندا، چی دیکە وەرزی زســتان لەناو زەین و هزر و شــیعرەکانی شــاعیردا وەک ڕەهەندێکی شــادی ئامێز بەردەوام نابێت. لە شـیعرەکانی شـاعیردا زسـتان و بەفر و ڕەگەزەکانی دیکەی ئەو وەرزە بە ڕەهەندێکی تراژیدیبار بارگاوی دەبن، زســتان دەبێتە وەرزی لەدەســتدانی ئازیزێکی، هەروەک لەم پارچە شیعرەیدا دەڵێت:

بەفر تابووت بوو.. تابوتێک سپی..
ئازیزم سەری تێدانایەوە
بەئێوارەیەک سەرم سپی بوو..
بەئاهم بەفر نەتووایەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٠)

لێرەدا شـــاعیر باســـی لەدەســـتدانی دولبەرەکەی دەکات لە وەرزی زســـتاندا، کە لە کەشـــی بەفربارینددا دەخرێتە ناو تابووتی بەفر. ئیتر لەو ئێوارەیەوە خەم و ئاهی لەدەســـتچوونی ئەو خۆشەویستەی سەری سپی دەکات و بەفر دەبێتە هێما و ڕەمزی خەم و پەژارە و لێکدابڕان بۆ شاعیر.

شاعیر باس لەو بارە غەمبارەی دەکات، کە دوای لەدەستدانی دولبەرەکەی لەوەرزی زستاندا تێی کەوتووەو دەڵێت:

ئاگری سینەش بووبە خۆڵەمێش..
دڵی وێرانەم ئێستا سارد و سڕ
لە زستانێکا چۆن بوو بە هەڵم..
ڕۆژێ لێوانلێو لە بڵێسە و گڕ؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٨ )

لێرەدا شاعیر ئاماژە بەوە دەکات بەر لە کۆچکردنی دولبەرەکەی دڵی وەک کورەیەکی ئاگر لێوان لێو بووە لە بڵێسە و گڕی خۆشەویستیی دولبەرەکەی. واتە کاتێک لەگەڵ دولبەرەکەی بووە، دڵی پڕ لە جۆش و خرۆش بووە ، بەڵام دوای لەدەستدانی یارەکەی لە وەرزی زستاندا، وێران دەبێت و ئەو هەست و سۆزە پڕ لە گڕ و تینەی لەناو دەچێت و دەبێت بەخۆڵەمێش و ڕۆژە پڕ جۆش و خرۆشەکانیشی دەبن بە هەڵم و دڵی سارد و سڕ دەبێت و لە دوای ونبوونی دولبەرەکەی چیدی هەست بە تام و چێژ و خۆشیی ژیان ناکات.

لەم کۆپلەیەی خوارەوەدا شاعیر ئاماژە بە ڕەگەزی بەفر دەکات، کە هێمایەکی وەرزی زستانە و لە جیهانبینیی شاعیردا ڕەهەندێکی تراژیدی وەردەگرێت و دەڵێت:

بەفر بۆ من بوو بە بەرگی پرسە..
منی خستە ژێر باری جەورەوە
بە یادی ئازیز سەرەڕێ ئەگرم..
خۆم ئەخەمە ژێر باڵی هەورەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٩)

شاعیر لێرەدا ئاماژە بەو کاتە دەکات، کە دولبەرەکەی تیادا لەدەستداوە، ئەوکاتەش وەرزی زستان بووە و بەفر باریوە. لێرەوە بەفر لای شاعیر ڕەهەندێکی تراژیدیبار وەردەگرێت و ڕەنگی سپیی بەفر دەبێتە ڕەنگی ڕەش و ماتەمینی و بەرگی پرسە. ئیتر لەدوای مردنی خۆشەویستەکەی، ژیان وەک تەم و هەورێ خەمناک باڵدەکێشێ بەسەر هەموو بیرەوەرییەکانی شاعیردا. لەم کۆپلە شیعرەی دیکەیدا دیسان شاعیر سەبارەت بەکۆچی دولبەرەکەی دەڵێت:

لەلام بوو بوونە پۆلێ قەلەڕەش..
گشت کلووە بەفری ئێوارەی کۆچی
لە دنیایەکا پڕ لە چەتری ڕەش..
من بەفر نەکەم بەچەتر بۆچی؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٠)

وەک دەبینین (بەفر) لە سیاقی شیعرەکانی دوای کۆچی یارەکەی، ڕەمزێکی تایبەت بە ئەزموونە شیعرییەکەی دەدات و لەجیهانبینی شاعیردا قەدەرێکی کارەساتبار لە ژیانیدا دەخوڵقێنێت. لێرەدا شاعیر باسی ئێوارەیەک دەکات، کە بەفری تیادا دەبارێت و دولبەرەکەی لەو ئێوارەیەدا کۆچی دوایی دەکات. هەر بۆیە شاعیر بەفر دەچوێنێ بەقەلەڕەش، قەلەڕەشیش لە کەلتور و زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەمزی نالەباری و شومییە. شاعیر قژی ڕەشە، بەڵام بەهۆی کۆچی دوایی یارەکەیەوە ئەو بەفرە سەری سپی دەکات و ئیتر بەفر دەبێتە گوزارشتێک بۆ حاڵەتێکی غەمناکی و بێ هودەیی و ڕەشبینی و کارەساتبار بە ژیانی شاعیرەوە. جگە لەمەش شاعیر لە پارچە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێت:

بەسۆز و یادی هەوری باڵای..
زستانی پاربوو.. لەڕێیەندانا
بەفری بەردەرگام کرد بەپەیکەری..
تا تەزووی ئۆخەی بێنێ بەگیانا (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٣)

شاعیر لەم شیعرەیدا لەڕێی فلاشباگەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، لە وێنەیەکی جوان و پڕ هەست و سۆزدا باس لە بارینی بەفری زستانی ڕابردوو دەکات، کە لە بەفرەکە لە شێوەی قەدو باڵای یار پەیکەرێکی دروستکردووە تا کەمێک ئاسودەبێت و هەست بەخۆشی بکات. لێرەدا بەفر دەبێتە هێما و ڕەمزێکی تراژیدیبار بۆ شاعیر، کە هەمیشە مەرگی دولبەری بیر دەخاتەوە.

# بەشی سێیەم
# ڕەهەندی شیعریی محەمەد عومەر لەڕووی ڕوخسارەوە

# بەشی سێیەم

## ڕەهەندی شیعریی (محەمەد عومەر عوسمان) لەڕووی ڕوخسارەوە.

### روخساری شیعر:-

وەک پێشـــتر ئاماژەمان پێکرد هەردەقێکی ئەدەبی لەدوولایەنی ســـەرەکی پێکدێت: ئەوانیش روخســار و ناوەڕۆکن. هەریەک لەم لەدوولایەنەش چەند توخمێکی تایبەتی لەخۆی دەگرێت، کە پێکەوە دەقێکی ئەدەبی و بەرهەمێکی تۆکمەو لێکدانەبڕاوی هونەری لە هەست و نەستی کەسانی خاوەن بەهرەوە دێننەبوون. بەشـێوەیەکی گشـتی دەقی ئەدەبی دەریایەکە لە جوانی و مەعریفە وابەســـتەیە بەڕەگەزەکانی ئەدەبی و گەلێک لایەنی هونەری و ئێســـتاتیکی، کەواتە هەردەقێکی ئەدەبی فۆرمێکی بەرجەســتەکراوە ڕوخســارو ناوەڕۆکێکی پتەوی هەیە، کە لێوەی نوێنەرایەتی خەیاڵ و هەســت و ســۆزی نووســەر دەکات، توخمی ڕابردوو و ئێســتا و داهاتووی لەخۆی گرتووە. وەک ڕوونە دەقی ئەدەبیش لەبازنەیەکی فراوان پێکدێت، کە ڕووبەرێکی زۆر گەورە و فراوان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و هەموو ژانرە ئەدەبییەکان تیایدا بەشـــدارن، بەڵام ئامانج و مەبەستی سەرەکی ئێمە لەنێو ئەم بازنە فراوانەدا بریتییە لەدەقی شیعری.

ســەبارەت بەهەر دەقێکی شــیعریش هەردوو لایەنی ڕوخســار و ناوەڕۆک شــێوازێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە جیایدەکاتەوە لەهەر دەقێکی ئەدەبی دیکە. لەمیانەی ئەم دوو جەمســـەرەی شــیعرەوە، کە لە کۆمەڵێک پێوەر و خاســیەت پێک دێت و لەڕێگەی ئەو پێوەر و خاســیەتانەوە پێناسەو ناسنامە دەدەن بەدەقی شیعری و مۆرکی شیعری بوونیان پێدەبەخشن.

پەیوەندی نێوان ڕوخســـار و ناوەڕۆکی شـــیعر پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە. هەر لە کونەوە ئەم دوولایەنەی شـــیعر لەڕووی گرنگی وئەرک بایەخی هەر یەکەیانەوە، لەلایەن نوســـەران و ڕەخنەگرانی ڕێبازە جۆرەبەجۆرەکانی ئەدەبەوە بیروڕای جیاواز هەیە. بۆیە هەندێک لەڕەخنەگران ڕوخســـار و ناوەڕۆک لێک جیادەکەنەوە، هەرلەم ڕووەوە ڕەخەگر (هێربێرت ڕید) دەڵێت:"ناوەڕۆک بێگومان بەهای خۆی هەیە، بەڵام لەجیهانێکی تری جگە لەئیستاتیکا، کە ئەویش جیهانی خێر و ســوود و ڕەوشــتە، بەڵام ڕوخســـار ڕەنگدانەوەی جەوهەری جوانییە" ئەمەش لەگەڵ ڕای (جاکوب کورک)دا یەکدەگرێتەوە، کە دەڵێت: "فۆرم هەموو ئەو شـــتانەیە، کە کارە ئەدەبییەکە دەکەنە کارێکی تاکە کەسی، ناوەڕۆکیش هەموو ئەوانەی دەیکەنە هاوبەشی شتی تر"

هەر لەبارەی گرنگیی ڕوخســـــارەوە (ئەدگار ئالان پۆ)ش، کە دیارترین نوێنەری ئێســـــتاتیکای شـیعرە لەئەدەبی ئینگلیزیدا دەڵێت: "گەیشـتن بەجوانی، کەمەبەسـتی ڕاسـتەقینەی شـعرە، پشـت بەکۆنترۆڵکردنی ڕوخسار و مۆسیقا دەبەستێت، زیاتر لەپشت بەستنی بە (شعور). کە گرنگیەکی لاوەکی هەیە" (وەرگیراوەلە، حســـێن، ٢٠٠٨، ٧٥). بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا لەگەڵ جیاکردنەوی ڕوخســارو ناوەڕۆکدا نەبووە. لەهەمانکاتدا هەندێکی تر لەنووســەران و ڕەخنە گران پێیان وایە ڕوخســار و ناوەڕۆک پێکەوە دەقێکی بەهێزو کاریگەر و نەمر درووسـت دەکەن و تەواو کەری یەکترن. هەر لەباری پەیوەسـت بوونی ئەم دوولایەنەی شـیعر بەیەکترییەوە (گۆران)ی شـاعیر دەڵێت:"ئەگەر پێویسـتی وەزن و قافیە لە کایەدا نەبوایە نیاز و مەبەسـتی دڵ زۆر بەئاسـانتر وە ڕەوانتر ئەدرکا" (ئاشنا، ٢٠٠٧، ٨٦ ).

لە کۆی ئەو بیر و بۆچوونانەی لەبارەی ئەم دوو لایەنەی شیعرەوە خستمانە ڕوو، دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە بڵێین هیچ کامیان بەبێ ئەوی دیکەیان بەردەوام نابێت و دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و بەتەواوەتی وابەستەی یەکترن گۆڕانکاری لە هەر یەکێکیاندا ڕووبدات ئەوی تریشیان دەگرێتەوە. بێگومان سـیفەتی گۆڕانکاری و نوێبوونەوەش بەخاسـیەتێکی سـەرەکی ڕوخسـار و ناوەڕۆکی شـــیعر دادەنرێـت. بەپێی ســـەردەم و قۆنـاغە مێژووییەکـان و دەرکەوتن و گۆڕانی ڕێبـازە ئەدەبیەکان، ڕوخســـار و ناوەڕۆکیش گۆڕانیان بەســـەردا هاتووە. بۆیە لە مێژووی شـــیعر و ئەدەبیاتی کوردیشـدا ڕوخسـاری شـیعر هەر لە سـەردەمی کلاسـیکەوە تاسـەردەمی نوێ و هاوچەرخ بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجی شـاعیران و پاشـان بۆ گوزارشـتکردن لە ناوەڕۆکی نوێ، بەردەوام ڕەگەز و پێکهاتەکانی لە نوێبوونەوەدا بوو، لە فۆرمێکی دیکەدا شێوازێکی تایبەت بەخۆی وەرگرتووە و خۆی نمایشکردووە. بۆ نموونە " لەسەردەمی کلاسیکدا ڕوخساری دەقی شیعری کوردی لەسـەر بنەمای تایبەتمەندی ڕوخساری نەتەوە ئیسـلامیەکانی وڵاتانی دراوسێ دەوەسـتێت، کە ئەوانیش (عەرەب و فارس و تورک)ن. واتە خاسـیەت و پێوەرەکانی ڕوخسـاری شیعر لەم قوتابخانەیەدا لەدەقی شیعری دەرەکیەوە هاتوون.

ڕوخسـاری شـیعری کلاسـیکی لەڕووی تۆپۆگرافیا و قاڵبی دەقەوە خۆی لە (غەزەل و قەسـیدە، چوارین، مولەممەع، تەرکیب بەند، تەرجیع بەند، ...تاد)دا دەبینێتەوە، هەروەها لەڕووی وێنەی شـــیعری و بەکارهێنانی هونەرە جۆراو جۆرەکانی ڕەوانبێژی و کێشـــی عەروزی عەرەبی و یەکێتی سـەروادا پەیڕەوی شـیعری ڕۆژهەڵاتیان کردووە. لەڕووی زمانیشـەوە شـاعیرانی ئەو سەردەمە زمانێکی کوردی تێکەڵ لە وشە و زاراوەی عەرەبی و فارسی و تورکیان بەکارهێناوە" (سعید و إسماعیل، ٢٠١٩، ٢٩). بەڵام شاعیرەکانمان بەتواناو سەلیقەیەکی وردەوە ڕەنگ و بۆ و

بەرامەیەکی تایبەتیان بە بەرهەمە شیعرییە کلاسیکیەکان داوەو مامەڵەیەکی وردیان لەگەڵ وشە و زمان و وێنەی شیعریدا کردووە و لەبەرگی کوردیدا بەپێی پێویست هەندێ تایبەتمەندی تری پەیوەست بە سروشتی زمان و کەلتوری کوردیان خستوەتە سەر، بۆ ئەوەی تایبەتمەندییە دەرەکییەکان لەگەڵ سروشتی زمان و شیعری کوردیدا بگونجێنن.

لەپاش قۆناغی کلاسیک، قۆناغی نوێکردنەوە لەشیعری کوردیدا هاتە کایەوە، کە تا سەردەمی ئەمڕۆشمان بەردەوامیی هەیە و شاعیران لەسەر ئەو ڕێچکەیەن. "ئەم قۆناغەش دەکەوێتە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و تیایدا گۆڕانێکارییان لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقی شیعریدا کردووە گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەش، کە لە ڕەهەندی ڕوخساردا ڕوویاندا ئەوە بوو ڕوخساری شیعر بەرەو خۆماڵی بوون هەنگاوی هەڵهانی و ئەم هەنگاوانەش خۆی لە کێش و سەروا و قاڵب و زمان و وێنەی شیعریدا دەبینیەوە. ئەم قۆناغەش تا ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو،" (سعید و إسماعیل، ٢٠١٩، ٢٩).

بەڵام لێرە بەدواوە بەهۆی هەندێک بارودۆخی سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی، دیسانەوە پێویست بوو شیعر جووڵەیەکی دیکەی تێبکەوێتەوە. ئەوەبوو جارێکی تر وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بەسەر ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعردا هات، کە ئەمەش لەڕێی بزوتنەوەی نوێگەری شیعری کوردی لەسەر دەستی شاعیرانی (گروپی کفری و گروپی ڕوانگە)بوو، چەندین شاعیری دیکەی دوای ئەوانیش درێژەپێدەری ئەو تازەکردنەوەیەی شیعری(گۆران)بوون، بەڵام تاڕادەیەک لەڕووی ڕوخسارەوە لە دەقەشیعریەکانی پێش خۆیان جیاوازبوون و سیمای شیعری نوێ کوردی بەپێی فۆڕم و هەنگاوەکانی نوێگەری خاوەنی تایبەتمەندی وخەسڵەتی جیاوازبوون، لەڕووی زمانەوە زمانێکی کوردی پەتیان بەکاردەهێناو تاڕادەیەک زۆر دوورکەوتنەوە لەزمانی بێگانە، لەڕووی کێش و سەرواوە شاعیران شیعری بێ کێش و سەرواو هەروەها شیعری کێش و سەرواداری بڕگەیی دەسکاری کراو و پەخشانە شیعریان دەنووسی. لەپشت ئەم بزووتنەوانەدا لەسەرەتای هەشتاکانیشدا هەندێک شاعیری کارا دەرکەوتن، کە بیرکردنەوەو دنیابینیەکی دیکەی نێو شیعری کوردین و خەریکی جۆرێک هونەر نواندن بوون، کە جوانی گوتنی لێدەتکا، هونەرنواندنەکەشیان لەسەر چێژی شیعری و نیگای جیاواز وەستابوو.

دەتوانین بڵێین یەکێک لەو نیگایانە (محەمەد عومەر عوسمان)ە، کە وەک شاعیرێکی نوێخوازی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو شیعرەکانی لەڕووی ڕوخسارەوە تاڕادەیەک شێوازێکی تەقلیدییان هەیە. دیاردەی تەسککردنەوەی بواری ئەزموونگەری لای محەمەد عومەر عوسمان لەژێر کاریگەری پەیڕەوکردنی شێوازی تەقلیدیدا بەو مانایە نییە، کە ئاستی داهێنان و

بەرهەمهێنانی شیعریەتی بەرزی نەبێت، بەڵکو هەوڵی داوە لەو چوارچێوە تەقلیدیەشدا شێوازێکی تایبەت بەخۆی پەیڕەوبکات، تاڕادەیەکیش جیاوازی بەرهەم بهێنێت. زۆربەی شیعرەکانی لەسەر شـــێوازی (چوارین) دارشـــتووە، کە شـــێوازێکی زۆر کۆنی نوســـینە لە ئەدەبیاتی کوردیدا. شـیعرەکانی لەڕووی کێشـەوە لەسـەر شـێوازی کێشـی (چوار) بڕگەیی و (پێنج )بڕگەیی و چەند جارەی ئەم دوو کێشــە دارشــتوە، تاڕادەیەکیش ئەم دوو کێشــەی پێکەوە بەکارهێناوەو تێکەڵ بەیەکی کردوون. لەڕووی ســەرواشــەوە ســەروای ئاســایی و ســەروای واتایی پەیڕەوکردووە، لەڕووی هونەری ڕەوانبێژیشـــەوە زمـانی لە چوارچێوەی هونەری (خوازە و لێکچوانـدن)دا بەکارهێناوە، کە تاڕادەیەک زمانی شــیعریەکەشــی زمانێکی کوردی پەتییە و وشــەی ســادە و ســاکاری بەکارهێناوە، کە هەڵگری ڕەمزو مانا و دەلالەتی قوڵن و بەم شــێوەیە توانیویەتی لەم چوارچێوەیەدا گوزارشـــت لە جیهانبینییە تایبەت و نوێیەکەی خۆی بکات[1]. ئەمەش تاڕادەیەک باڵادەســتی شــاعیر دەخاتەڕوو بەســەر زمانی شــیعری و کێش و ســەروادا، کە توانیویەتی بەشـێوازێکی تەقلیدیانە ناوەڕۆکێکی قووڵ و نوێ و سـەردەمیانە لەنێو ئەزموونە شـیعریەکەیدا بەرجەســتەبکات. لەڕووی ڕوخســاری شــیعرییەوە، دوو دیاردە لە شــیعری محەمەد عومەردا بەرچاو دەکەون، ئەوانیش بریتین لە دووبارەکردنەوەو لادانی زمانی.

[1] لەبەر ئەوەی (قادر غفور قادر) لە نامەی ماستەرەکەیدا بە ناوی (ئەزموونی شیعریی محەمەد عومەر عوسمان، ٢٠٢١، ل ٨٨ ـ ٩٣ )دا باسی زمانی شیعریی کردووە لای محەمەد عومەر، بۆیە ئێمە ئەم بابەتە دووبارە ناکەینەوەو تەنها باسی (دووبارەکردنەوە) و (لادانی زمانی) دەکەین، کە ئەو باسی نەکردوون.

## پـاری یەکەم// دووبـارەکردنەوە و لادانی زمـانی لە شـــیعری (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

### ١. دووبارەکردنەوە لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

یەکێک لەو دیاردانەی لە شـــێوازی زمانی شـــیعری (محەمەد عومەرعوســـمان) دا دەبینرێت، دیاردەی دووبارەکردنەوەیە. ئەم دیاردەیە بریتییە لەوەی دەنگێ یان زیاتر یان وشـــەیەک یان لەتە دێڕێک لە چەند کۆپلە شـــیعرێکدا دووبارە دەبێتەوە. ئەم دووباکردنەوەیەش لە ســـیاقی دەربڕینەکەدا ئاوازێکی مۆسـیقیی جوان دروسـت دەکات و مەبەسـتی شـاعیریش دیاری دەکات. دووباکردنەوە لای زۆربەی شـاعیران بەدیدەکرێت، بەتایبەتی لەشـیعری هاوچەرخی کوردیدا، چونکە "لە شـــیعری هاوچەرخی کوردیدا زیاتر بەمەبەســـتی جەختکردن لەســـەر حاڵەتە دەروونییەکان بەشـێوەیەکی سـروشـتی دووبارەکردنەوە ئەنجامدەدرێت، وەرگر هەسـت بەوە ناکات کە بارێکی قورس بن بەسەر شیعرەکەوە" (سابیر، ٢٠٠٢، ١٣٥).

دووبارەکردنەوە لە شیعرەکانی محەمەد عومەریشدا هەندێک جاربۆ گوزارشتکردنە لە دەربڕینی هەسـت و سـۆز و هەڵچوونەکانی ناخی شـاعیر، یان بۆ چەسـپاندن و جەختکردنەوە لەسـەر دیاردەیەک بۆ سەرنجراکێشانی وەرگر، سەرەڕای بەخشینی بەها و ڕۆڵێکی ئیستاتیکیی جوان و چێژبەخشـــین بەوەرگر. هەر لەم بارەیەوە (ئازاد عبدالواحد) دەڵێت: "حەمە عومەر بەهۆی (دوبـارەکردنەوەی) وێنەوە هەوڵی داوە ڕەگەزێکی زینـدووی شـــیعری نوێ بهێنێتە نـاو شیعرەکانیەوە کەبەهۆیەوە (تداعی الذهنی) لەلای خوێنەر پەیدا دەبێت سەرنجی بۆ لای تەوەرە نهێنییەکانی شـیعریەکە ڕادەکێشـێ، چونکە هەندێ جار تێڕوانینی شـاعیرەکەی تێدا مت بووە، هەربۆیە بەهۆی دووبارەکردنەوەی وێنەشـەوە دەیەوێت تێڕوانینەکە بەسـەر شـیعرەکەدا پەرش و بڵاوبکاتەوە ...، دووبارەبوونەوە لای تەنیا بۆ گونجان وڕێک و پێکخســـتنی مۆســـیقای شیعرەکە و گرێ دانی وێنەکان نییە، کەئەمەیان لایەنێکی مەسەلەکەیە، بەڵکو سەرەڕای گونجانە مۆسیقیەکە بۆ مەبەستی لەنگەر ڕاگرتنی تەرازووی نەفسی خوێنەریشە" (عبدالواحد، ١٩٨٩، ٧٦).

بۆیە ئەم دووبـارەکردنەوەیە لە شـــیعرەکـانی محەمەد عومەردا بەرێژەیەکی بەرچـاو بەدیاردەکەوێت، بەتایبەتی لەشیعرەکانی (ئەترسم دڵ بێتە پارچەیەک سەهۆڵ، هانا، با، ئێوارەی پاییز، یەســـەنین، تەنیایی، ژەنەڕاڵی پایز، ئەدرێس، شـــەڕڤان). لەم شـــیعرانەدا ســـەرجەم دووبارەبوونەوەکان لەشـــێوەی لەتە دێڕ دان و لەدوو کۆپلە یان زیاتر یاخود لەســـەرتاپای کۆپلەکانی دەقە شـیعریەکەیدا دووبارە دەبنەوە. شـاعیر لە شـیعری ( ئێوارەی پاییز)دا لەڕێگەی

دەستەواژەی لەتەدێڕی (ئێوارەیە و) ئەم دووبارەکردنەوەی ئەنجامداوە. ئەم شیعرە پێکدێت لە (شەش) کۆپلە، کە تیایدا (دە)جار دەستەواژەی (ئێوارەیەو) دووبارە بووەتەوە، هەروەک دەڵێت:

ئێوارەیەو
گڤەی (با) دێ..
هەور ئاسمانی گرتووە
ئێوارەیەوداری پاییز ئاهەنگی مردن ئەگێڕێ..
گەڵا سەرچۆپی گرتووە

*

ئێوارەیەو
منی تەنیا لەناو کۆمەڵێ تارمایی ڕێبوارانا..
لەسەرمانا.. ئەلەرزم و
هەنگاو ئەنێم بەژێر باڵی ڕەهێڵەو شەستەبارانا

*

ئێوارەیەو
منی بێ پاڵتۆ.. بێ چەتر..
دەربەستی تۆف و سەرما نیم
ئێوارەیەو
کەس بۆ خەمی من ناسووتێ..
ئای لەو ڕۆژە ڕەشانەی دیم!

*

ئێوارەیەو
خۆشەویستی و ترسی پاییز..
هەموو گیانمی گرتۆتەوە
ئێوارەیەو
پاییز لە دڵی تەزیوما..
ئاگرێکی پڕ بڵێسەی کردۆتەوە

*

ئێوارەیەو

زۆر حەز ئەکەم لە جێی باران..
گەڵای زەرد بە سەرما داکا
ئێوارەیەو
باوەش ئەکەم بە گەڵای مردووی پاییزا..
ئەو پاییزەی ڕەنگی قژ و ڕەنگی چاوی ئەو.. ون ناکا
*
ئێوارەیەو
تاوێکی تر گۆڕەکەی ئەگرمە باوەش
لێی ئەپرسم.. ئاخۆ شەوان سەرمای نابێ؟..
ئاخۆ سڵ ناکا لە گرمەی هەور و لە لوورەی باڕەش؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ١٩-٢٠)

لێرەدا شاعیر لە ڕێی ئەم دووبارەکردنەوەیەوە دەیەوێت سەرنجەکان لە کاتدا چڕبکاتەوە، کە کاتێکی دیاریکراوەو بریتییە لە کاتی(ئێوارە)و لێوەی شۆڕدەبێتەوە بەرەو شوێن و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو کاتە و دەیەوێت دەریخات، کە ئەو کاتە هەڵگری حاڵەتێکی کتوپڕ و پڕ لەڕەشبینی و نائومێدییە بۆ شاعیر، حاڵەتێکی دەروونی ناجێگری پێدەبەخشێ لەهەمان کاتیشدا دەیەوێت لەڕێی ئەم دوبارەکردنەوەیەوە خوێنەر کۆپلە بە کۆپلە بە تاسەوە چاوەڕوانی ڕووداوەکانی ئەو (ئێوارە)یەبن، لە یەکەم کۆپلەی شیعرەکە تا دوا کۆپلە.
شاعیر لە پارچە شیعرێکی دیکەیدا لەڕێگەی وشەی پرسەوە حاڵەتی دووبارەکردنەوە ئەنجامدەدات و دەڵێت:

کێ بۆ خەزانی عومری من دەگری؟..
کێ بەدیی ئەکا گەڵاڕێزانی؟
پاییز فرمێسکە لەچاوی هەورا..
کوا هەوری من و قوڵپی گریانی ؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٥)

شاعیر لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی وشەکانی پرسەوە ( کێ، کوا )وە جەختدەکاتەوە لەسەر لایەنێکی دیاریکراو بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر و دیاریکردنی ئەو کەسە، شاعیر لەڕێگەی وشەی پرسەوە بەدوایدا دەگەڕێت و عەوداڵە بۆ دۆزینەوەی، کە ئەم پرسیارە لە دەروون و هزری شاعیردا بۆتە مایەی سەرنجی زیاتر و جەختکردنەوە لەسەر ئەو کەسە نادیارە. لەهەمان کاتدا سەرنج ڕاکێشانی بیری وەرگر لەڕێی دووبارەکردنەوەی ئەم پرسیارەوە جۆرە کەشێکی تاڕادەیەک لێڵ دروستدەکات، چونکە لەڕێگەی ئەم پرسیارەوە خوێنەر

ڕادەکێشــێت بۆ دۆزینەوەی ئەو کەســـە نادیارە لەناو دەقە شــیعرییەکەیدا، ئەمە جگە لەوەی وێنەیەکی جوان و بەهایەکی ئیستاتیکی دەدات بەم کۆپلە شیعرە.

ســەرەڕای ئەمانەش، محەمەد عومەر هەوڵیداوە لە ڕێگای دووبارەکردنەوەی دەنگ و (پیت)ەوە گرنگی بەدەنگی دیاردە ســـروشـــتییەکان بدات و هەوڵیداوە لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی شیعرییەوە ئەو دەنگە سروشتیانە بەدەنگ و ئیقاع بەرجەستە بکات، هەروەک لە شیعری (با)دا دەڵێت:

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک..

بەمن نامۆیە..

ئەمکا بەشێت و.. وێڵ و ئاوارەی

ناو دارستانی چڕی دوو دڵی

سەرسام دەبم و

کە پەنجەرەکە ئەخەمە سەرپشت..

گڤڤڤڤڤڤڤ.. گڤەی (با) دێ و گوێم پێ شل دەکا

بۆ ئاهی سینەی پڕ کەڤ و کوڵی

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک..

لەلام ئەبێتە وژە وژی (با)

ئەوسا دڵنیام ئەوەی ئەیبیستم گڤەی (با)یە(با)          (عوسمان، ٢٠١٩، ١٨)

لێرەدا شاعیر هەوڵیداوە لە ڕێگای دووبارەکردنەوەی دەنگەکانی (گڤڤڤڤڤڤ، گڤەی با، وژەوژی با، هاوار و هاژەی چەم)ەوە، جوڵەی دوو دیاردەی سـروشـتی (با و چەم)بکات بەدەنگ و ئیقاع و لەگەڵ دید و ئازارەکانی خۆیدا لەبۆتەی وێنەیەکی شیعریی گونجاودا دایانبێت.

بەهەمان شـێوە شـاعیر لەشـیعری (خۆکوشتن)دا هەوڵیداوە جەخت لەسەر هەندێ دەنگ بکاتەوە و بەهۆی ئیقاعەوە لەچواچێوەی بۆتەی وێنەیەکی شـــیعریدا دایان بنێت. لێرەدا زمان لەنێوان دوالیزمی مەرگ و ژیـان، لە نێوان گەمەیەکی زمانەوانی و لەنێوان بونیاتی (خۆکوشـــتن) و (خۆنەکوشتن)دایە، هەروەک دەڵێت:

ئای.. کەی بێ چەقۆی ژێر سەرینەکەت..

لە قوڵپی خوێنتا گەرم بێتەوە؟

یان مردن بمرێ و لەژوورەکەتا..
هەوری خۆکوشتن بڕەوێتەوە؟
*
کە نیوە شەوان، هانا بۆ مەرگ، مەرگی خۆم ئەبەم
ڕوخسارێکی کاڵ.. لە دوورەوە دێ.. کاڵ هەر وەکو تەم
هەتا دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ..
لە پڕا ئەڵێم.. ئای.. خۆ هاتووە!
سەری ناوەتەسەر پەنجەرەکەم
زەردەئەیگرێ و
زۆر بەخامۆشیی.. لەسیمای مردووم.. ورد ئەبێتەوە..
منیش چەقۆکە ئەشارمەوە..
نەفرەت لەبیری خۆکوشتن ئەکەم
پێی دەڵێم.. گیانە.. ئاگر لەگیانی تەزیوم بەردە..
با دڵ و سینەی پڕ لەئازارم لەت و پەت نەکەم
زەردەئەیگرێ و
کە هەنگاوێکیش بەرەو ڕووی دەنێم..
بەجێم ئەهێڵێ..
سیمای کاڵ.. کاڵتر.. کاڵ دەبێتەوە
دیسان ژوورەکەم کەیل ئەبێتەوە لەزایەڵەی گۆڕ..
هەزاران تابووت.. لەناو چاوانما.. ئەخولێتەوە
لە تەم و مژا.. پەل دەهاوم و
جارێکی تریش هانا بۆ چەقۆ ڕەشەکە ئەبەم..
چەند ساتێک نابا.. بەر لەمردنم.. ئەگەڕێتەوە
سیمای تۆخ.. تۆختر.. تۆخ ئەبێتەوە
سەرلەنوێ دەستم سارد ئەکاتەوە
کوشتنی خۆمم بیر ئەباتەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ١٥-١٦)

لێرەدا شاعیر هەوڵیداوە لەڕێی بەرجەستەکردنی ئیقاعی هەندێ دەنگەوە، جەخت لەسەر هەندێ وێنەی شیعری بکاتەوە، هەروەک لە نیوە دێڕی (نۆزدە)یەمدا، دەڵێت: ( سیمای کاڵ.. کاڵتر.. کاڵ

دەبێتەوە). هەروەها لەنیوە دێڕی (بیســـت و پێنج)ە، میشـــدا دەڵێت: (ســـیمای تۆخ.. تۆختر.. تۆخ ئەبێتەوە). لێرەدا زمان لە نێوان ململانێی بابەت و مۆســـیقا و زمانەوانیدا دەردەکەوێ، شـــاعیر هەوڵیداوە لەڕێی گەمەکردن بە زمان خۆی بهاوێتە نێو گەمەکردن بەبابەتەکەشەوە لەنێو جوغزی زمـاندا. واتە زمان دەبێتە ســـەرچاوەیەکی ســـەرەکی بۆ گەیاندنی بابەتەکە، ئەمەش لەمیانەی گەمەکردنی زمان دەبێت لە نێوان وشـەو بابەتی خۆکوشـتن و خۆنەکوشـتنەکەداو لێرەدا زمان دەبێتە ئامرازێک لەنێوان دوالیزمی (مەرگ و ژیان)دا.

لێرەدا هەوڵمانداوە لەڕووی زمانەوە ڕاڤەی ئەم دەقە شـیعرە بکەین لەناو بنیات و دوالیزمی (خۆکوشتن و خۆنەکوشتن)دا. لە کۆپلەی(یەکەم)دا لەنیوە دێڕی یەکەمەوە تا نیوەدێڕی چوارەم، زمان لە بابەتی ســەرەکی دەقەکەدا دەردەکەوێت، کە ڕۆڵی دوالیزمی (مەرگ و ژیان) دەبینێت، کۆپلەی (یەکەم) ڕێگەخۆشـــکەرە بۆ بەرهەمهێنـانی دوالیزمەکـانی دیکە لەنـاو دەقەکەدا، کە ئەوانیش دوالیزمی (ئامادەبوون و ئامادەنەبوون)ە لەگەڵ دوالیزمی ( ناوەوە و دەرەوە)دا، چونکە ئەم دێڕانە هەموو جوڵەیەکی بنیاتی خۆکوشـتن (ناوەوە) دەخولقێنن و یەکســەر بەدوای خۆیدا جوڵەی خۆنەکوشـتن (دەرەوە) لە نیوە دێڕەکانی (هەشـتەوە تا شـانزە) دێتەکایەوە. لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە هەموو جوڵەیەکی ژیان، جوڵەی مەرگ بەدوای خۆیدا دێنێت و بەپێچەوانەشەوە، واتە بنیاتی (خۆکوشــتن و خۆنەکوشــتن) لەســـەر تەوەرەیەکی بازنەیی دەخولێنەوەو هیچیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ نابێت. هەروەها شاعیر لە نیوە دێڕەکانی (٦-٧-١٩-٢٥) دا هەوڵدەدات ئەو جوڵانە لەڕێی ئیقاعەوە بەرجەستەبکات، کە ئەمەش پەیوەندیی بەئاوازی ناوەوە هەیە.

## ٢. لادانی زمانی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی زمانی شـیعری لە شـیعرەکانی (محەمەد عومەرعوسـمان)دا، لادانی زمانییە. لادانی زمانی هونەرێکی شـیعرییەو بەیەکێک لە خاسـیەتەکانی زمانی شـیعری شـاعیران دادەنرێـت، بەتـایبەتی لای شـــــاعیرانی نوێ و هـاوچەرخ بەدیـدەکرێـت. ئەمەش بەواتـای خۆنەبەسـتنەوەی شـاعیران دێت بە یاسـا ڕێزمانییەکان و لایەنی واتایی وشـەکانەوە. مەبەسـتی شـاعیرانیش لەم لادانی زمانییە بەخشـینی ئیحا و داهێنانێکی نوێ و دۆخی بەشـیعرییەت بوونە لەنێو دەقە شـــیعریەکانیاندا. هەر لەم ڕوانگەوە دەکرێت بگوترێت: "شـــیعر تێکشـــکاندنی نۆرمی (norm)ی زمانی ئاسـاییە، شـاعیر بە شـیعرەکەی خۆی، لەزماندا کارێک دەکات خوێنەر لەنێوان زمانی شـــیعری ئەو و زمانی ڕۆژانەدا جیاوازی دابنێ" (یەعقووبی، ٢٠٠٧، ١٣) لادانی زمانی لە شیعرەکانی محەمەد عومەردا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی  لە ئاستی ( وشە و واتا)دا .

**- لادانی واتایی لە ئاستی  وشەدا:**

محەمەد عومەر، لادانی واتایی لە ئاستی وشەدا بەکاهێناوە لەڕێگەی لێکدانی دوو وشەوە هەوڵی داهێنانی وشـەی نوێی داوە، کە پێشتر لە یاسای وشەسازیی زمانی کوردیدا بەو شێوەیە بوونی نەبووە. ئەمەش هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمـانی شـــاعیر و فەرهەنگی زمـانی نەتەوەکەی، شـــاعیر لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی ســـەر ســـوڕمانی و کتوپڕی لەزەینی خوێنەردا دروســـتبکات تاڕادەی وردبوونەوە و ڕۆچوونیان لەدروســـتبوونی بنچینەی وشـــەکان. لەهەمان کاتیشـدا توانیویەتی خۆی لە وشـەی کۆن و سـواو و زۆر بەکارهاتوو دەرباز بکات و لەڕێگەی ئەم وشانەوە واتاو ئیحایەکی نوێ بدات بەدەقە شیعرەکانی، هەروەک لە شیعری (ماسیگرێک)دا و لە چەند کۆپلەیەکی شیعری (کۆست)دا و لە چەند پارچە شیعرێکی دیکەشدا شاعیر توانیویەتی بەلێهاتوویی و ســـەلیقەیەکی وردەوە بەلێکدانی دوو وشـــە، کە یەکێکیان مادی و ئەوی تریان مەعنەوییە، وشـــەی نوێ بهێنێتە نـاو فەرهەنگی زمـانی کوردیەوە. ئەمەش بە جۆرێک لە لادان دادەنرێت لە ئاستی وشەدا، چونکە ئەو وشانە پێشتر بەو جۆرە بەکار نەهێنراون و لەفەرهەنگدا نین.

بۆ نموونە لەم چەند دێڕە شیعرانەدا ئەو وشانە دەردەکەون:

لە تەم و مژو بارانا.. لە دوورەوە.. چرایەک کز.. کز ئەسووتێ و
<u>پەپوولەی وەنەوز</u> لە گوڵ و پەرژینی چاوم تۆراوە

*

لەتەکمەوە چۆلەکەیەکیش مردووە..
سەر هەتا پام.. ژوورەکەشم.. نوقمی <u>خوێنی باراناوە</u>   (عوسمان، ٢٠١٩، ٥٣-٥٤)

*

لە پەنجەرەی ڕۆژانێکی بەفرینەوە..
پۆلە مراویی <u>کێویلەی نیگای</u> هەڵئەفرین و
ئەنیشتنەوە بەسینەی پانی دەریای شینەوە
ئەو مرۆڤەی دەستی <u>لەجەرگی شەپۆلا</u> و
<u>تۆڕی ڕەنجی</u> لە کۆڵابوو..
کەوتە بنی نائومێدیی و
گێژاوێکی دێرینەوە                    (عوسمان، ٢٠١٩، ٥٧)

وەک دەبینین لێرەدا شاعیر بە سەلیقە و لێهاتوویی خۆی چەندین دەستەواژەی تازەی هێناوەتە نێو زمان و ئەدەبی کوردییەوە، بۆیە گوتراوە "زمانی ئەدەبی، زمانێکی تایبەتییە هەر لەبەر ئەمەشە هونەری بەکارهێنانی تەنها لەدەست ئەوکەسانە دێت کە بەهرەی نوسین و شاعیرێتیان تێدایە" (ئەحمەد، ١٩٨٩، ١٤٨). ئەم بەهرەیەش لای محەمەد عومەر زۆر بەجوانی ڕەنگی داوەتەوە، چونکە مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ وشەکانی زماندا مامەڵەکردنێکی ورد و زانستیانەیە و توانیویەتی لەو ڕێگەیەوە گەنجینەی وشەی زمانی کوردی زیاتر دەوڵەمەند بکات. هەر بۆیە شاعیر لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا توانیویەتی بە لێکدانی دوو وشە، کە یەکیان مادی و ئەویتریان مەعنەوییە، ئەم دەستەواژانە (پەپولەی وەنەوز، خوێنی باراناو، کۆیلەی نیگا، جەرگی شەپۆل، تۆڕی ڕەنج) دروست بکات و کۆمەڵێک واتای نوێیان لێ بەرهەم بهێنێت. ئازاد عەبولواحید ئەم دەستەواژانە بە کیمیای وشە ناو دەبات و لای وایە ئەم لێکدانە تەنها لای شاعیرە ناسراوەکان هەیە و لای (محەمەد عومەر عوسمان)یش بەدیکراوە. (عبدالواحد، ١٩٨٩، ٧٤) لێرەدا شاعیر مەبەستیەتی لەم ڕێگەیەوە خۆی لە وشەی کۆن و سواو لابدات و وێنەیەکی تازە لەڕێی زمانەوە بنیات بنێت.

**- لادانی واتایی لەڕێگەی میکانیزمی پارادۆکس (Paradox)ەوە:**

محەمەد عومەر، لادانی واتایی لەڕێگەی میکانیزمی پارادۆکسەوە لە شیعرەکانیدا بەکار هێناوە، چونکە پارادۆکس کردەیەکی زمانی شیعرییە و لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە لە چوارچێوەی جوانکاری واتایدا هونەرێکی دژیەکەو "حاڵەتێکە بەڕووکاری پێچەوانەی لۆژیکی و نەرێنی عەقڵی دەردەکەوێت، بەڵام دەتوانرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت بەڕێگایەک کە واتایەکی ئەرێنی هەبێت" (ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٥٣). ئەم جۆرە لادانە لە شیعردا دەق بەرەو کرانەوە دەبات، چونکە شاعیر لەڕێی ئەم میکانیزمەوە خوێنەر ئاڕاستە دەکات بۆ دۆزینەوەی نهێنیی ئەو واتا پێچەوانەییە. محەمەد عومەر ئەم میکانیزمەی لەچەندین پارچە شیعریدا بەر جەستەکردووە. وەک لەم کۆپلە شیعرەیدا دەڵێت:

ئێوارەیەو
خۆشەویستی و ترسی پاییز..
هەموو گیانمی گرتۆتەوە
ئێوارەیەو
پاییز لەدڵی تەزیوما..
ئاگرێکی پڕ بڵێسەی کردۆتەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٠)

شـــاعیر لێرەدا لەڕێی زمانەوە وێنەیەکی جوانی پارادۆکســـیمان پێشـــکەش دەکات، ئەویش بە کۆکردنەوەی خۆشـەویستی ترس لەپایزدا، هەروەها (دڵ)ی شاعیرش جێگەی تەزینە لەساردیدا و جێگەی بڵێسـە و ئاگرێکی گەرمیشـە، کە ئەمەش دیسـانەوە وێنەیەکی جوانی شـیعرییە لەسـەر بنەمای پارادۆکس بنیاتنراوە.

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی دیکەیدا لادانی زمانی لە ئاستی واتادا بەرجەستەدەکات و دەڵێت:

لە تەمومژ و بارانا.. لە دوورەوە.. چرایەک کز.. کز ئەسووتێ..

ئەکوژێتەوە و دائەگیرسێ..

دائەگیرسێ و ئەکوژێتەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٥٣)

شـــاعیر لێرەدا لەڕێی زمانەوە وێنەیەکی پارادۆکســـیمان بۆ دەکێشـــێ، چونکە لەنیوە دێڕی (دووەم)دا وشــەی (ئەکوژێتەوە) پێچەوانەی وشــەی (دائەگیرســێ)تەوەیە، لە بنەڕەتدا واتایەکی دژیەکی فەرهەنگین، هەروەها لە نیوە دێڕی (سـێیەم)یشدا بەهەمان شێوەی نیوە دێڕی (دووەم) دووبارە بووەتەوە، بەڵام شـوێنی وشـەکان گۆڕاوە و وشـەی (دائەگیرسـێ) پێچەوانەی وشـەی (ئەکوژێتەوە )یە، کە وێنەیەکی جوانی پارادۆکسییە.

شاعیر لەم دێڕە شیعرانەیدا هونەری جوانکاری واتایی لەڕێی هونەری دژیەکەوە بنیاتدەنێت، کە لە هەمان کاتدا بە جۆرێکە لە جۆرەکانی لادانی واتایی (پارادۆکس)، بۆ نموونە لەم دێڕە شیعرەی (گۆڕان)یشدا دەڵێت:

کراسی بەری کە هەورێک بوو ڕەش پەڵەی سپیی دا..

پەلکەزێڕینەی کرد بە دوو بازن بۆ مەچەکی دەست (عوسمان، ٢٠١٩، ٧٥)

لەم دێڕە شـــیعرەدا شـــــاعیر لە ڕێی وشـــــەکـانی (ڕەش و ســـپی)یەوە هونەری دژیەکی بەرجەســـــتەکردووە، دژیەکێکی ئەرێنی، چونکە ئەو دوو شـــــەیە لەڕووی بنەڕەتی ڕەگەزی دروستبوونیانەوە دژیەکێکی ئەرێنی و فەرهەنگین. لەهەمان کاتدا ئەو دوو وشەیە لە واتادا دەبنە هۆی خوڵقاندنی ڕیتمێکی دەلالی قوڵ و ئاوازێکی دڵکێش.

هەروەها لە شیعری (هانا)دا هونەری دژیەکی بەکارهێناوە و دەڵێت:

نەڵێم.. ئەو ڕۆژە سەختانەم دیوە

بەهاران جارجار چەپکێ گوڵاڵە

بگرمە دەست و بەدایکم بڵێم..

ڕاستە گوڵاڵە خوێنی شەهیدە؟

تەرمی شەهیدم هێشتا نەدیوە (عوسمان، ٢٠١٩، ١٤)

لەم کۆپلە شـــیعرەدا شـــــاعیر لەڕێی وشـــەکـانی (دیوە و نەدیوە)وە هونەری دژیەکی بەرجەســـتەکردووە. هەرچەندە هەردوو وشـــەکە لەبنەڕەتی دروســـتبوونیانەوە ســـەربە یەک ڕەگەزن، بەڵام بەهۆی ئـامرازی (نە)ی نەرێوە دژیەکیـان لە واتـادا دروســـــتکردووە، لەهەمـان کاتیشـــدا ئاوازێکی ســـازگار دەبەخشـــنە شـــیعرەکە، چونکە هونەری دژیەک لەمیانەی وشـــە دژیەکەکانەوە " لەناو دێڕە شـــیعرییەکاندا یەکیەتیەک لە دژەکانیان دروســـتدەکەن و دەبنە هۆی خولّقاندنی ڕیتمێکی دەلالی قوڵ و ئاوازێکی دڵکێش" (مەحموود، ٢٠٠٧، ١٥٧).

**- زیادەڕۆیی کردن لە گوتندا، (کەڵەکە بوون، هەڵئاوسانی) واتایی:**

جۆرێکی تری لادانی واتایی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا، بریتییە لە زیادەڕۆیی لە گوتندا، (کەڵەکە بوون، هەڵئاوســانی) واتایی. ئەم جۆری لادانە لەســەر ئاســتی چەندایەتی گوتندا دێـت، بەتـایبەتی ئەم زیـادە گوتنە لەو ئـاوەڵنـاوانەدا دەردەکەوێـت، کە هـاوواتـا دەبن، یـاخود واتاکانیان بۆ هەموو جۆر و بەشەکانی ئەو پێکهات و ناوەی وەسفی دەکات دەگونجێت.(ئەحمەد، ٢٠١٣، ٥٢) بۆ نموونە شـاعیر لەم دێڕە شیعرانەی خوارەوەدا ئەم جۆرەی لادانی واتایی لەزیادە گوتندا بەکارهێناوەو دەڵێت:

بەکوڵ گریا.. فرمێسکی ڕشت..

ئەم دڵە پڕ لە پرسیارە (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠)

لە نیوە دێڕی (یەکەم)دا هاتنی (فرمێسک) زیادەیە، چونکە (گریان) هەر خۆی خاسیەت و سیفاتی فرمێسک ڕشتنە.

شاعیر لە دێڕە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

خۆر ئەهێنمە ژوورەکەمەوە..

چرامان ناوێ شەوی تار و ڕەش (عوسمان، ٢٠١٩، ١٤)

لە نیوە دێڕی (دووەم)دا ئاوەڵناوی (تار و ڕەش) زیادەیە، چونکە شەو خۆی یەکێک لە سیفات و دیاردەکانی پەخشکردنی تاریکایی و ڕەشییە.

شاعیر لە دێڕە شیعریکێ دیکەدا دەڵێت:

تاریکایی، تەختەڕەش و

تریفەی شەنگ، تەباشیرو (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠٢)

لە نیوە دێڕی (یەکەم)دا هاتنی ئاوەڵناوی تاریکایی زیادەیە، چونکە تاریکایی هەر خۆی سیمایەکی تەختەڕەشە.

**- دانەپاڵ (هەڵپەسـاردن) بە بەکارهێنانی میکانیزمی لێکچواندن و خواسـتن لادانی زمانی لە ئاستی واتاییدا:**

محەمەد عومەر، لە ڕێگەی دانەپاڵ (هەڵپەسـاردن)ەوە بە بەکارهێنانی میکانیزمی لێکچواندن و خواسـتن لادانی زمانی لە ئاسـتی واتاییدا ئەنجام داوە. لەم لادانەدا وشـەکان لە ڕووی یاسـای ڕێزمانییەوە لەناو خۆیاندا لەگەڵ یەکتریدا ڕێککەوتوون، بەڵام لەڕووی واتاوە وشـەکان لادانیان تێدا بەرجەستەکراوە. ئەم لادانەش لە سیستەمی واتاسازی زمانەکەدا ڕادەی توانا و دەسەڵاتی شـاعیر لە چنینی وشـەکاندا دەردەخات، چونکە ئەم لادانە "لەسـەر بنەمای دوورکەوتنەوەیەکی واتـایی دێت کە لەنێوان دال و مەدلولـدا وەسـتـاوە" (ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٥٦). ئەم جۆرە لادانە لەئەنجامی بەخشینی سیفەتی شتێک بە شتێکی دیکە دێت، کە هەڵگری ئەو سیفەتە نەبێت، واتە ڕێکەوتنێکی واتایی لەنێوانیاندا نەبێت، هەروەک شـاعیر لەم پارچە شـیعرەدا پەیڕەوی ئەم جۆرە لادانەی کردووە و دەڵێت:

وتم.. ئای ڕەنگە هەورەکان لەتاو..
ئازاری قامچی بروسکەکان بێ..
بەخوڕ دابکەن؟
یان بۆ دیمەنی پڕ ماتەمینیی گەڵا مردووەکان..
شین و زار بکەن؟
یان بۆیە ئاسمان وا بەکوڵ گریا..
چونکە گوڵی هەور لە وەرینایەو
دەستی بەربووە لە چڵی دەریا! (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠)

لەم کۆپلە شـیعرەدا شـاعیر لەنیوە دێڕی (یەکەم و دووەم)دا بە زیندەوەرکردن و نەگونجانی ئاوەڵناوی دروسـتکردووە بە هۆی خواسـتنی (ئازار) لە زیندەوەران و دانەپاڵی (هەور). لە نیوە دێڕی (چوارەم)دا بەهەمان شـێوە بە زیندەوەرکردن و نەگونجانی ئاوەڵناوی دروسـتکردووە بەهۆی خواسـتنی(مردوو) لە (زینـدەوەران)ەوە و دانەپـاڵ (گەڵا)ی ڕووەک. لە نیوە دێڕی (شـەشـەم)دا بەهۆی خواستنی سیفەتی (گریان) لە (مرۆڤ) و دانەپاڵ (ئاسمان)، بە مرۆڤکردنی ئەنجام داوە. لە نیوە دێڕی (حەوتەم)یشـدا هەر لەڕێی هونەری خواسـتنەوە بەڕووەککردنی ئەنجامداوە بەخواستنی (گوڵ) و سیفەتی (وەرین) لە (ڕووەک) و دانەپاڵ هەور. دیسانەوە هەر لەڕێی هونەری خواسـتنەوە لەنیوە دێڕی (هەشـتەم)دا بە زیندەوەرکردنی ئەنجام داوە لەڕێی خواستنی (دەست)ەوە بۆ (هەور).

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی دیکەیدا لادانی زمانی لە ئاستی واتاییدا ئەنجام داوەو دەڵێت:

کوا ئەو ڕۆژانەی کە گەڵای نیگای..
بۆ جەستەی سڕی من دائەباری؟
بۆ منی خەستە دوو باخی نیگای..
گەڵای فرمێسکی ئەکردە دیاری
بۆ ترپەی دڵمان نارژێتە ناویەک..
وادەستی زستان لە دەرگا ئەدا؟
ئاخ.. لە سوچێکا سەرئەنێمەوە..
مەرگێکی خامۆش وەک مەرگی گەدا (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٨-٢٩)

شـــاعیر لەم کۆپلەیەدا لادانی واتایی ئەنجام داوە، چونکە لە نیوە دێڕی (یەکەم و ســـێیەم)دا بەرجەســـتەکردن و بەڕووەککردنی ئەنجامداوە، بەهۆی چواندنی (گەڵا و باخ) و (نیگا). لە نیوە دێڕی (چوارەم)دا لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە لادانی واتایی بە بەڕووەکردنی ئەنجامداوە بەهۆی چواندنی (گەڵا) بە (فرمێسک). لەنیوە دێڕی (شـەشـەم)دا بە زیندەوەرکردنی ئەنجامداوە لەڕێگەی هونەری خواستنەوە، بە خواستنی (دەست) لە زیندەوەران و دانەپاڵ وەرزی (زستان). لە نیوە دێڕی (هەشـــتەم)یشـــدا لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە لادانی واتایی ئەنجامداوە، بە چواندنی (مەرگی خامۆش) بە (مەرگی گەدا) .

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی دیکەدا لادانی زمانی لە ئاستی واتاییدا ئەنجامداوەو دەڵێت:

لەیلاکەم چاوی دوو گەڵای زەردە..
وتم.. تۆچیت کرد ئەی هاوڕێی ئازیز؟
ئەو کۆچی کرد و تۆش چاویت سووتان..
بۆ گڕ بەرئەدەی لە گەڵای پاییز؟ (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٩)

شـــاعیر لە نیوە دێڕی (یەکەم)دا، لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە لادانی واتایی بەڕووەککردنی ئەنجام داوە بەهۆی چواندنی (چاو)ی خۆشەویستەکەی بە (گەڵای زەرد)ی ڕووەک.

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی دیکەدا لادانی زمانی لە ئاستی واتاییدا ئەنجام داوەو دەڵێت:

منم ژەنەڕاڵی پاییز..
منی هەرگیز ئۆقرە نەدیو

ژەنەڕاڵم.. ژەنەڕاڵی هەزارەها داری ڕووت و

ملیارەها گەڵای وەریو (عوسمان، ٢٠١٩، ٩١)

شـــــاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە وێنەیەکی کێشـــــاوە، بەهۆی چواندنی (من) بە (ژەنەڕاڵی پاییز)، لێرەدا (من) لێچووە، (ژەنەڕاڵی پاییز) لەوچووە. لە هەمان کاتدا لادانی واتایی بەمرۆڤکردنی ئەنجام داوە، بەهۆی خواســـتنی (ژەنەڕاڵ)، کە پلەیەکە لە سەربازیداو تایبەتە بە (مرۆڤ) و دانەپاڵ وەرزی (پایز).

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی دیکەیدا لادانی زمانی لەئاستی واتاییدا ئەنجام داوەو دەڵێت:

لە وێرانەی دڵی منا..

کلوو کلوو بەفرەبارێ

بەپرچی بروسکەکانا..

باران نم نم دێتە خوارێ (عوسمان، ٢٠١٩، ٩٣)

شــاعیر لە نیوە دێڕی ســێیەمدا لادانی واتایی بەزیندەوەرکردنی ئەنجام داوە، بەهۆی خواســتنی (پرچ) لە زیندەوەرانەوەو دانەپاڵ (بروسکە)، کە دیاردەیەکی سروشتییە.

**پاری دووەم// شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان) لەڕووی کێش و سەرواوە:**

کێش و ســەروا دوو ڕەگەزی ســەرەکی بنیاتی شــیعرین و ئاوازی دەرەوەی شــیعر پێکدەهێنن، ئاوازی شیعریش ڕەگەزێکی گرنگ و پێکهێنەری شیعرە و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە سەرجەم ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی دیکەی شیعرەوە هەیە. هەروەها ئاوازی شیعری بەخاڵی جیاکردنەوەی شیعر دادەنرێت لە پەخشان، بۆیە لێکۆڵەرەوان لایان وایە ئەوەی شیعر لە پەخشان جیادەکاتەوە تەنها ئاوازە. کەواتە ئاوازی شـــیعریش "وەک ڕەگەزێکی دیار و ئاشـــکرای دیوی دەرەوەی هەڵبەســـت ڕەنگدانەوەی ئەو ســـۆزە هەڵچووەیە کە تاقیکردنەوەکانی شـــاعیر بەرپای دەکەن لەهەڵبەســتی ڕەســەندا لەگەڵ ســەرجەم ڕەگەزەکانی تردا ئاوێتە دەبێت، وەک چۆن ئەوان کار لەچۆنیەتی و ڕادەی بەرپابوونی دەکەن، هەر بەو جۆرەش ئەویش کار لەوان دەکات و دەبێتە بنەمایەکی کاریگەری لایەنی دەربڕین و جوانی بنیاتەکە" (علی، ١٩٩٨، ٦٨).

بۆیە لە مێژە شــاعیران و ڕەخنەگران و پســپۆرانی بواری شــیعر گرنگی و بایەخیان بە ئاوازی شــیعری داوە، جەختیان لەســەر دوو جۆر ئاوازی شــیعری کردوەتەوە، کە بریتین لە: ئاوازی دەرەوە و ئاوازی ناوەوەی شــیعر. ئاوازی دەرەوەش بەزۆری لە شــیعری کۆن (کلاســیک)دا بەکارهاتووەو ئەو "هاوســـەنگی و ڕێکەوتن و گونجاندنە دەنگییە، کە لەنێوان جوڵەی بزاو نەبزا دەنگییەکان و کپ بونیاندایە، کە لەنێوان بڕگەکان و ڕیتمییەکاندایە ئەوانەی، کە دەتوانرێت بەپێی ئەو سیستەم و پێودەنگە کۆن و نوێیانەی کێش و سەروا کۆنترۆڵ بکرێن" (سعید،١٩٩٩، ١٦).

کەواتە ئاوازی دەرەوە لە کێش و ســـەروادا بەدیار دەکەوێت، کە لە یەکەیەکی ڕیتمی گونجاودا هەست و سۆزی شاعیر بەپێی یاسا و دەستورێکی دیاریکراو بەرجەستەدەکرێت تیایدا، بەڵام ئاوازی ناوەوە زیاتر لای شـــاعیرانی نوێ و هاوچەرخ هەســـتی پێدەکرێ و گرنگی پێدراوە، کە شاعیران لە شیعرەکانیاندا بەپێی باری دەروونی خۆیان دەنگ و وشە هەڵدەبژێرن، بەبێ ئەوەی هیچ یاســاو دەســتورێک ڕێگر بێت لە دەربڕینی ئەو هەســت و ســۆزەی ناخیان، لە ئەنجامدا لە میانەی دووبارەبوونەوەی چەند دەنگێک یاخود چەند وشـــەیەک یاخود چەند دەســـتەواژەیەک ئاوازی ناوەوە پێکدێنن. بۆیە هەمیشــە شــاعیران بەدوای ئاوازێکی گونجاودا دەگەڕێن تا بتوانن ئەو هەســت و ســۆز و هەڵچوونەی لە ناخیاندایە لە ڕێگەی شــیعرەوە بیگەیەننە وەرگر. کەواتە ئاوازی شیعر ڕۆڵی خۆی لە دەربڕینی ئەزموونێکی شیعری تەواودا دەبینێت و کارامەیی شاعیر بەرجەســـتە دەکات لە هەڵبژاردنی ئاوازێکی گونجاو بۆ شـــیعرەکەی، چونکە کاریگەری خۆی لەســـەر وەرگر جێدەهێڵێت و "هەســـتکردنی خوێنەر یان گوێگرە بەو ئاوازانەی کە دەنگەکانی

وشـەکان و جۆری هەسـت و سـۆزی دەروون و مانای وشـەکان لە ئەنجامی ترپەی بڕگەکان و پێکهاتنی پیتەکاندا بە کێشی هەڵبەستەکەی دەدەن" (بیمار، ١٩٩٢، ١١).

ئاشکرایە کێش و ڕیتم لەسـەر بنەمای دەنگسـازی دروسـت دەبن، ئەویش لە ڕێگەی ڕێکخسـتنی بڕگەی کورت و درێژ، یاخود لە ڕێگەی جۆر و ژمارەی بڕگەکان و شـــوێنی وەســـتانی پێ و دەســـتە پێیەکان یەکەی ڕیتمی دروســـتدەبێت، ئەم یەکەیە ئاوازێکە گوێگر هەســـتی پێدەکات. پێویســـتە بڵێین ئاوازی شـــیعریش تەنها بەکێش و ڕیتمەوە گرێ نەدراوە، بەڵکو ســـەرواش بە خۆیەوە دەگرێت، واتە مەبەســـت لێی گونجانێکی تەواوە، کە لە نێوان واتاو وشـــەدا هەیە. لە ئەنجامی ڕێکەوتنی نێوان کێش و ســـەروا زرنگانەوەیەک دروســـت دەبێت ئەمەش بە هۆکارێک دادەنرێت بۆ ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکی شیعریدا هەست بە چێژ و خۆشییەک یان ئێش و ئازارێک بکرێت (العبیدي، ١٩٦٩، ٧٠). واتە کاتێک شـاعیر بەرامبەر بەو خۆشـی و ناخۆشـیەی ناو دەروونی هەندێک وشـەی گونجاو هەڵدەبژێ، کە ئاوازی هۆنراوەکەی لێوە دروستدەکات، لە ئەنجامدا ئەوەندەی دیکە گیان بە بەر وشەکاندا دەکات و ماناو مەبەستەکانیان بەرجەستەدەکات.

محەمەد عومەریش لە دروســـتکردنی ئـاوازی شـــیعرەکـانیـدا توانیویەتی بەبیرێکی قوڵ و ســـەلیقەیەکی وردەوە شـــیعرەکانی لە چوارچێوەی ڕیتمی گونجاودا دەرببڕێت و گونجاندنێکی جوان و ئیستاتیکی ئاوازەیی بەدەقە شیعرییەکانی ببەخشێت، تا لەمیانەیەوە چ لەڕێگەی کێشەوە یاخود سـەرواوە ئەو ئاوازەی لەڕێگەی وشـەکانیەوە دروسـتیدەکات خاسیەت و تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی هەبێت و زیندویەتی ببەخشێتە دەقە شیعرییەکان و بایەخ بەئەرکی دەربڕینی جیاواز لەدەقە شیعریەکانیدا بدات، چونکە "مۆسیقا و هارمۆنی شیعر لە شیعری نوێدا بەتەنیا لە کێش و سەروای دیوی دەرەوەی شیعرەکە بەدەرناکەوێت، بەڵکو لە قوڵایی ناخی وشەوە سەرهەڵدەدات" (مەعروف، ٢٠٠٠، ٨٢). بۆیە محەمەد عومەریش بەوردی مـامەڵەی لەگەڵ ئەم دوو ڕەگەزە گرنگەدا کردووە و بەهەمـان جۆرە تەقلیدییەکەی ڕێبـازی کلاســـیک بەکارینەهێنـاون، بەڵکو لە فۆرمێکی نوێگەریدا شـــیعری کێش و ســـەروادراری بڕگەیی دەســـتکاریکراوی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ناوەڕۆکی شـیعرەکانی بێ بەربەسـت دەرببڕێت. لەهەمان کاتیشـدا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئاوازێکی گونجاودا دەقە شیعرییەکانی بونیاتبنێت، لە پەیڕەوکردنی کێش و سەروادا سـەربەستیی زیاتری بە خۆی داوە. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین ئەرک و گرنگی هەریەکە لە کێش و سەروا لە چوارچێوەی ئاوازی دەرەوەی هۆنراوەکانیدا بخەینەڕوو.

## یەکەم: کێش لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

کێش ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی بنیاتی شیعرە و پێوانەیەکی هونەرییە، بەیەکێک لە ئەدگار و مەرجەکانی پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەی شـــیعر دادەنرێت. هەر لە کۆنەوە شـــیعر بەوتەیەکی کێشدار دانراوە، کەواتە کێش هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعرەوە سەریهەڵداوەو شیعر بەبێ کێش بوونی نەبووە، لەهەمان کاتیشـدا کێش بە هۆکارێک دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی شـیعر لە پەخشـان "کێش وەک یەکێک لەمەسـەلە سـەرەکییەکانی بنچینەی پێکهاتنی شـیعر لەقۆناغە جیا جیاکانی مێژووی سـەرهەڵدانی و پەرەسـەندنیدا، هەر لەکۆنەوە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و گرنگی بەو پەیوەنـدییە پتەوە دراوە، کەلەنێوان شـــیعر و کێشـــدا هەبووە و هەردووکیـانی بەیەکترەوە بەستوەتەوە" (سابیر، ٢٠٠٦، ٣٥١).

کێش "بریتیە لە دووبارەکردنەوەی یەکەیەکی دەنگی دیاریکراو لە سـەر پێو دەنگێکی تایبەتی، کە لە هەر بەیتێک لە بەیتەکانی شـــیعرەکە دووبارە دەکرێتەوە، بناغەی مۆسـیقای کێش ڕیتمە" (عبـدالواحـد، ٢٠٠٧، ٣٧). کەواتە پەیوەنـدییەکی پتەویشـــی هەیە بەڕیتمەوە. کێش و ڕیتم دوو ڕەگەزی سـەرەکین بۆ دروسـتبوونی ئاوازی شیعری، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە. تایبەتمەندی کێش لە پەیڕەوکردنی ڕێسـاو دەسـتوورێکی دیاریکراودایە، ڕیتمیش ئەو هەسـت و سـۆزەی دەروونی شـاعیرە، کە بەپێی کێش دەردەبڕێت؛ کەواتە کێش جەسـتەیەو ڕیتم وەکو گیانی زیندوو وایە.

بۆیە کێش پەیوەندییەکی پتەوی بە شـیعرەوە هەیە وەک "مەرجێکی سـەرەکی لە قاڵبی شـیعری هەموو نەتەوەکـان بەکـاردێ، بەڵام هەریەکە بەگوێرەی تـایبەتمەنـدییەکی خۆی و بەگوێرەی سـەردەمی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات" (گەردی، ١٩٩٩، ٦٨). کێش تایبەت نییە بە نەتەوەیەک یاخود سـەردەمێکی دیاریکراو، بەڵکو لەگەڵ دەرکەوتنی شـیعردا وەک مەرجێکی سـەرەکی هەبووە. هەر میللەتێکیش بەگوێرەی زمانی تایبەتی خۆیان و بارودۆخ و سەردەمەکەیان کێشیان لە شیعردا بەکارهێناوە، چونکە هەر زمانێک جۆرە کێشێک پەیڕەو دەکات، کە لەگەڵ تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجیەکەی ئەو زمانە دەگونجێت. شاعیرانی کوردیش لە شیعری کوردیدا هەر لە سەردەمی کلاسـیکەوە تا سـەردەمی نوێ و هاوچەرخ، هەوڵیانداوە جۆرە کێشـێک بەکاربهێنن، کە لەگەڵ بارودۆخ و سـەردەم و زمانەکەیاندا بگونجێت. شـاعیرانی کوردیش هەر لە کۆنەوە دوو جۆر کێشـیان بەکارهێناوە، کە بریتین لە: (کێشـی عەروزی و کێشـی بڕگەیی (خۆماڵی، پەنجە)، کە کێشی پەنجە لەسەر بنەمای ژمارەی بڕگە بەکارهاتووە و هەموو شیعری میللی و پەند و بەیت و باڵۆرەکانی فۆلکلۆر و ئەو شـیعرانەی بەشـێوەزاری هەورامی (گۆران) نوسـراون ئەم جۆرە

کێشـــەیان بەکارهێناوە، کەبەکێشـــی ڕەســـەنی کوردی ناودەبرێت، بەڵام کێشـــی عەروزی تایبەت بووە بەنەتەوەی عەرەب و لەئەدەبیاتی عەرەبیدا بەکارهێنراوە، شـــــاعیرانی کوردیش بەهۆی کاریگەربوونیان بە ئەدەب و ڕۆشنبیری عەرەبی و نەتەوە موسڵمانەکان ئەم جۆرە ئەم کێشەیان وەرگرتووەو لەشـــیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە، لەبەرئەوە ئەم کێشـــە بەکێشـــێکی خوازراو دادەنرێت نەک بەکێشێکی ڕەسـەن. لەسەرەتای سەدەی (بیستەم)دا لەئاکامی هەستی نەتەوایەتی گۆڕانکاری لەناوەڕۆکی شـــیعردا ڕوویدا و ڕوخســـــاری شـــیعریش بەهۆی نوێکردنەوەی ڕەگەزەکانیەوە تا هاوشـانی دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە تازە بێت، گۆڕانکاری بەسـەرداهات. یەکێک لەو ڕەگەزانەی شیعر، کە گۆڕانی بەسەردا هات، کێشی شیعری بوو، کە گەڕانەوە بوو بۆ کێشی بڕگەیی ڕەسەنی کوردی.

شـــــاعیرانی نوێخوازیش بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەری دەوروبەر و هەســـتی نەتەوەییانەوە، جارێکی تر کێشـــی خۆماڵی کوردییان زیندووکردەوە و لە شـــیعرەکانیاندا بەکاریان هێنا. بۆیە بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی، بەخاڵی وەرچەرخانی تازەکردنەوە لەئەدەبی کوردیدا دادەنرێت، هەر لەم بارەیەوە گۆرانی شـاعیریش دەڵێت: "ئەم کێشـە لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتیی نەتەوەییمانە وە لەگەڵ خەصـــائیصـــی زمانەکەمان چاتر ڕێک ئەکەوێ، بەپێویســـتم زانی لەماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم" (گۆران، ١٩٨٠، ٣).

کەواتە کێشی بڕگەیی لەگەڵ خاسیەت و سروشت و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا گونجاوە، (محەمەد عومەر عوسـمان)یش وەک شـاعیرێکی نوێخواز هەر لە سـەرەتای شـیعر نوسـینەوە بەتواناو ســەلیقەی خۆی پەیڕەوی کێشــی بڕگەیی کردووە و ســەرتاپای دیوانی (لە غوربەتا)ی بەکێشی بڕگەیی خۆماڵی هۆنیوەتەوە. دیارترین ئەو کێشانەی بەکاری هێناون بریتین لە کێشی هەشـت بڕگەیی، کێشـی دە بڕگەیی، کێشـی تێکەڵ لەسـەر بنەمای کێشـی چوار بڕگەیی و چەند جارەکانی، کێشـی پێنج بڕگەیی و چەند جارەکانی، ئەمە جگە لەوەی لە هەندێ شـیعریشـدا ئەم دوو بنەمای کێشـــەی بە تەواوی تێکەڵی یەکتر کردووە. واتا پەیڕەوی کێشـــێکی دیاریکراوی کردووە، کە ئەتوانین بڵێین بنەمای کێشی چوار بڕگەیی و چەند جارەکانی و بنەمای کێشی پێنج بڕگەیی و چەند جارەکانیەتی، بەڵام بەدەستەپێی جیاواز بڕگەکانی دەستنیشانکردووە، کەئەمەش پەیوەندی بە ئارەزوو و ویستی شاعیرەوە هەبووە.

محەمەد عومەر، لە ڕوانگەی پێویســـتی وشـــە و ڕســـتەکانەوە شـــوێنی پشـــودانی هەنگاوەکانی دیاریکردووە، ئەمەش پێویستی بە سەلیقەو لێهاتووییەکی زۆر هەیە. لێرەدا هەوڵدەدەین نموونەی ئەو کێشانەی باسمان کرد لە چەند پارچە شیعرێکی ئەم شاعیرەدا، بخەینەڕوو.

**١. کێشی (هەشت) بڕگەیی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:**

ئەم کێشــە کێشــێکی باوی خۆماڵییەو لە بەکارهێناندا لە دوای کێشــی(دە) بڕگەییەوە دێت، بەڵام "کێشــی هەشــت بڕگەیی لە کێشــی دە بڕگەیی کۆنترە" (خەزنەدار، ١٩٦٢، ٣١). بۆیە شــاعیرانی کورد هەر لەکۆنەوە ئەم کێشـــەیان وەک کێشـــێکی خۆماڵی لە هۆنراوەکانیاندا بەکارهێناوەو زۆربەی هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی لەسەر ئەم کێشە هۆنراونەتەوە.

کێشی هەشت بڕگەیی جگە لە دەستەپێی (٤+ ٤)، چەند دەستەپێیەکی تری هەیە، کە بریتین لە: (٣+ ٥) و (٥+ ٣) و (٦ + ٢) و (٢+ ٦) و (٢ + ٤ + ٢) و (٢ + ٢ + ٤)،.....تاد.

محەمەد عومەر، تەنها (دوو) پارچە شـــیعری لەســـەر کێشـــی (هەشـــت) بڕگەیی هۆنیوەتەوە بۆنموونە، لەپارچە شیعری (ئەدرێس)دا، دەڵێت:

| | | |
|---|---|---|
| (با) سندوقی پۆستەکە.. | ٤ + ٣ | |
| پڕە لە گەڵای پایزان.. | ٣ + ٥ | |
| پڕە لە مەلی کوژراو، و | ٣ + ٥ | |
| سەدای شیوەنی ئازیزان | ٥ + ٣ | |
| * | | |
| (با) سندوقی پۆستەکەمە.. | ٤ + ٤ | |
| لە کوێ بم.. ئەمدۆزێتەوە | ٣ + ٥ | |
| چی نامەی پاییزییتانە.. | ٣ + ٥ | |
| هەرخۆی بۆم ئەخوێنێتەوە. | ٣ + ٥ | (عوسمان، ٢٠١٩، ٩٦) |

ئەم پارچە شیعرە، کە لە دوو کۆپلە پێکدێت، لەسەر کێشی (هەشت) بڕگەیی و دەستەپێی جیاواز بنیات نراوە. لە کۆپلەی یەکەمدا نیوەدێڕی یەکەم بەو جۆرەی لە دیوانەکەدا نوســـراوە حەوت بڕگەییە، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەمە هەڵەی چاپە، چونکە وەک لە کۆپلەکەی دواتردا هەیە دەبێت ئەخیر وشـــە (پۆســـتەکەمە) بێت، چونکە بەم جۆرە واتای دێڕەکە تەواو دەردەچێت و دەبێتە هەشت بڕگە. کە بووە هەشت بڕگەش دەستەپێکەی (٤ + ٤) دەبێت، بەڵام نیوە دێری دووەم و ســـێیەم دەســـتەپێی (٣ + ٥)ن و نیوەی دێڕی چوارەمیش دەســـتەپێی (٥ + ٣) یە. لە کۆپلەی دووەمیشـدا ئەم کێشــە (هەشـت) بڕگەیەی نەبەسـتۆتەوە بە دەسـتەپێیەکی دیاریکراوەوە، بەڵکو دەســـتەپێی جیاوازی بەکارهێناوە کەبریتین لە (٤ + ٤) و (٣ + ٥) . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەست و سۆز و بارە دەروونییەی شاعیر و ئەو سەربەستییەی لەدەربڕینی واتاو مەبەستتدا

هەبیووەو چۆن بۆی گونجابێ بەو شێوەیە دەستەپێکانی داناوە، بێ ئەوەی نارێکیەک دروستبکات لە ئاوازی گشتی شیعرەکەدا .

شاعیر شیعری (ئەم و ئەو)یشی بە کێشی (هەشت) بڕگەیی و دەستەپێی جیاواز بنیاتیناوەو دەڵێت:

| | | |
|---|---|---|
| دڵی کردە مشتێ لۆکەو | ٤ + ٤ | |
| زامی هاورێکەی پێ سڕی | ٥ + ٣ | |
| بەڵام ئەویان بۆ ئەڵقەیەک. | ٤ + ٤ | |
| پەنجەی کوژراوێکی بڕی! | ٦ + ٢ | (عوسمان، ٢٠١٩، ٩٧) |

شاعیر ئەم پارچە شیعرەی لەسەر کێشی (هەشت) بڕگەیی بنیات ناوە، بەڵام بە دەستەپێی جیاواز دایڕشتووە، چونکە نیوە دێڕی یەکەم وسێیەم دەستەپێی (٤ + ٤)ەو نیوەدێڕی دووەم دەستەپێی (٣ + ٥)ەو نیوە دێڕی چوارەمیش دەستەپێی (٦ + ٢)ە. وەک دەبینین شاعیر سەربەستی داوە بەخۆی لە داڕشتنی دەستە پێیەکاندا، بەڵام هەر لە چوارچێوەی کێشی هەشت بڕگەییدان.

**٢. کێشی (دە) بڕگەیی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:**

ئەم کێشە یەکێکە لە کێشە هەرە دیارو بڵاوەکانی نێو هۆنراوەی کوردی، چونکە لەگەڵ خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا گونجاوە و کێشێکی سادە و سوکە و بە ئاسانی وشە و دەستەواژەو ڕستەکانی زمانی لەگەڵدا گونجاوە. بۆیە گۆرانی شاعیریش لە بارەی ئەم کێشی دە بڕگەییەوە دەڵێت: "ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو دەتوانێت ناوی لێبنێت کێشی نەتەوەی گەلی کورد، هەر بەو دەستورەی لە زمانی فەڕەنسیشدا کێشی دوانزە بڕگەیی (ئەلیکزاندەری)بە کێشی نەتەوەیی دائەنرێت بۆ گەلی فەڕەنسا، یا کێشی(ئەیامبی)بە کێشی نەتەوەیی دائەنرێت بۆ گەلی ئینگلیزەکان، یاخود کێشی یازدە بڕگەیی (٦+ ٥) بۆ تورکەکان" (گۆران، ١٩٧١، ٨)، دەستەپێی ئەم کێشەش بریتییە لە (٥ + ٥).

(محەمەد عومەر عوسمان)، لە هۆنراوەکانیدا ئەم کێشەی بەکارهێناوەو کردویەتی بەبنەمای پێکهێنانی ئاوازی بەشێک لە دەقە شیعرییەکانی، بۆ نموونە لە شیعری (کۆست)دا ئەم کێشەی بەکارهێناوەو دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ئای چ ڕۆژێکی شووم و غەمناکە..! | ٥ + ٥ |
| کە خۆر خنکاوە لە تەمو مژا | ٥ + ٥ |
| شاعیرێ بەدیار تەرمی خۆرەوە.. | ٥ + ٥ |

ئەگری و زستانی هاتووە بەگژا ٥ + ٥

*

ئاگری سینەش بووبە خۆڵەمێش.. ٥ + ٥
دڵی وێرانەم ئێستا ساردوسڕ ٥ + ٥
لەزستانێکا چۆن بوو بەهەڵم.. ٥ + ٥
ڕۆژێ لێوانلێو لەبڵێسەو گڕ؟ ٥ + ٥

*

کوا ئەو ڕۆژانەی کەگەڵای نیگای.. ٥ + ٥
بۆجەستەی سڕی من دائەباری؟ ٥ + ٥
بۆمنی خەستە دووباخی نیگای.. ٥ + ٥
گەڵای فرمێسکی ئەکردە دیار ٥ + ٥

*

بۆ ترپەی دڵمان نارژێتە ناویەک.. ٥ + ٥
ئاخ.. لەسوچێکا سەرئەنێمەوە.. ٥ + ٥
مەرگێکی خامۆش وەک مەرگی گەدا ٥ + ٥ (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٨-٢٩)

ئەم دەقە شیعریە، کە لە (بیست) کۆپلەو (هەشتا) نیوەدێڕ پێکهاتووە ئێمە تەنها (چوار) کۆپلەمان وەک نموونە وەرگرتووە. سەرجەمی نیوە دێڕەکانی ئەم دەقە شیعرییە لەسەر بنەمای کێشی (دە) بڕگەیی و دەستەپێی (٥+ ٥) بونیاتنراون.

هەروەها شاعیر شیعری (بابەتاهیر)ی بە کێشی (دە) بڕگەیی داڕشتوەو دەڵێت:

ئاخ بۆچی دەستم نەگەیشتە هەور؟.. ٥ + ٥
چاوی پڕ پرسم خوێنینەو نمنماک ٥ + ٥
باخ سووتاو.. ئەشکم نەیکوژانەوە.. ٥ + ٥
سووتەمەرۆیە سەرانسەر ڕووی خاک ٥ + ٥

*

ئەوێ بەڕووتی لەشەختەو زوقما ٥ + ٥
لەگۆنەکەوێ.. نەوەرێ پەنجەی ٥ + ٥
لەسەرماناگاو گۆرانی ناڵێ.. ٥ + ٥

بۆبڵێسەو گڕ.. بۆلارو لەنجەی ٥ + ٥

*

کەسێک لەگڕا، گەر هەڵنەقرچێ.. ٥ + ٥

لەسەریا.. بەفری عەشق داناکا ٥ + ٥

نازانێ پشکۆ و هەڵقرچان چییە.. ٥ + ٥

شنە لەسارای دڵیا هەڵناکا ٥ + ٥ (عوسمان، ٢٠١٩، ٦٧)

ئەم دەقە شیعریە، کە لە (دوانزدە) کۆپلەی چوارین پێکهاتووە ئێمە تەنها (سێ) کۆپلەیمان وەک نموونە وەرگرتووە. سەرجەم کۆپلەکانی ئەم دەقە شیعرییە لەسەر بنەمای کێشی (دە) بڕگەیی و دەستەپێی (٥+ ٥) بونیاتنراون.

## ٣. بنەمای کێشی (چوار) بڕگەیی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

ئەم بنەمایە کێشی ( ٤ ، ٨ ، ١٢، ١٦) بڕگەیی دروستی دەکات، یاخود ئەتوانین بڵێین بنەمای کێشی چوار بڕگەیی بریتییە لە کێشی چوار بڕگەیی و چەند جارەکانی، چونکە ئەم کێشە لەسەر بنەمای ڕیتمی چوار بڕگەییە. کەواتە ئەم کێشە لە شیعرێکدا سەرتاپا ڕیتمێکی چوار بڕگەیی دروستدەکات، هەرچەندە ژمارەی پێ و جۆری دەستەپێکانی جیاوازبن، جگە لە یەکەی (١٢)بڕگەیی، کە ناتوانرێت بە دەستەپێی (٣+ ٣ + ٣+ ٣)ێ بنوسرێت، چونکە بنەمای ڕیتمەکەی تیکدەچێت و ئەم دەستەپێیە دەبێتە بنەمای ریتمی (٣) بڕگەیی، بەڵام (٨) بڕگەیی ئەکرێ بەدەستە پێی(٣ + ٣ + ٢) بنوسرێت، چونکە پێکهاتەی ئەم دەستەپێیە نابێتە بنەمای ڕیتمی(٣) بڕگەیی لەبەر بەشە (٢) بڕگەییەکە (ئیبراهیم، ٢٠١٢، ١٠٦). محەمەد عومەریش بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی لەسەر ئەم کێشە بنیات ناوە. بۆ نموونە لە شیعری (نامەیەکی پاییزیی)دا ئەم کێشەی بەکارهێناوە و دەڵێت:

ئەی ئەو کچەی پاییزانیش بەرگت سەوزە و ٤ + ٤ + ٤

گوڵی تەڕ ئەدەی لەسەرت ٣ + ٥

خەو مەبینە.. قۆڵ و باسکم پشتێنێ بێ بۆ کەمەرت! ٤ + ٤ + ٤ + ٤

تۆ نەتدیوە.. چۆن ئاگری سپی پیریی ٤ + ٤ + ٤

بەر بووەتە قژی سەرم؟ ٤ + ٤

زۆر ئەترسم دارستانی قژی ڕەشت بگرێتەوە ٤ + ٤ + ٤ + ٤

تۆ نەتدیوە.. پەنجەکانم دە چڵی وشک و برنگن؟ ٤ + ٤ + ٣ + ٥

| | |
|---|---|
| گەر ببنە شانەی قژت.. ساتێک نابات ئەشکێتەوە! | ٤ + ٤ + ٤ + ٤ |
| لۆمەم مەکە گەر دیت چاوم | ٤ + ٤ |
| هەردەم وەک هەوری زستان بوو.. | ٣ + ٥ |
| من کەناری شیعرم بەسە، باوەشم بۆ بگرێتەوە | ٤ + ٤ + ٣ + ٥ |
| ئەگەر هاتوو، بیستت خۆم کوشت بزانە.. | ٤ + ٤ + ٤ |
| نەمتوانیوە شیعرێ بڵێم.. ئازارمی تیا جێ بێتەوە! | ٤ + ٤ + ٤ + ٤ |

(عوسمان، ٢٠١٩، ٨٣-٨٤)

ئەم پارچە شیعرە، کە پێکهاتووە لە یەک کۆپلەی (سیانزدە) نیوەدێڕی، لەسەر بنەمای کێشی (چوار) بڕگەیی و چەند جارەی ئەو کێشە بنیات نراوە. شاعیر هەر لەسەرەتای شیعرەکەوە تاکۆتایی پەیڕەوی دەستەپێیەکی دیاریکراوی نەکردووە، بەڵکو ژمارەی پێ و دەستەپێی جیاوازی تیادا بەکارهێناوە، بەڵام هەر لە چوارچێوە و سنوری بنەمای کێشە چوار بڕگەییەکەدا دەمێنێتەوە. نیوەدێڕەکانی (دووەم، پێنجەم، نۆیەم، دەیەم)ی، بە کێشی (٨) بڕگەیی و دەستەپێی (٣+ ٥) و (٤+ ٤) داڕشتووە، نیوەدێڕەکانی (یەکەم، چوارەم، دوانزدە)یەمی بە کێشی (١٢) بڕگەیی و دەستەپێی (٤+ ٤+ ٤) داڕشتوە، نیوەدێڕەکانی (سێیەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم، یانزدە، سیانزدە)یەمی بە کێشی (١٦) بڕگەیی و دەستەپێی (٤+٤+٤+٤) و (٤+ ٤+ ٣+ ٥)داڕشتووە، بەبێ ئەوەی ناسازیەک لەئاوازی گشتی دەقەکەدا بەدیبکرێت. لەسەرتاپای شیعرەکەدا بنەمایەکی ڕیتمی سازگار بە بنەمای کێشی چوار بڕگەیی دێتە خوارەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانا و لێهاتوویی شاعیر لە پەیڕەوکردنی ئەو کێشە بە تێکشکاوی.

شاعیر پارچە شیعری (لە جەژنی سەری ساڵا)ی لەسەر ئەم بنەمای کێشە (چوار) بڕگەییە بونیاتناوە و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ئەمشەو جەژنی سەری ساڵە | ٤ + ٤ |
| ڕۆژانی زوو.. تێپەڕیوە | ٤ + ٤ |
| هەرمن تەنیام.. ژورم ساردە.. | ٤ + ٤ |
| دەست و پەنجەم هەڵوەریوە | ٤ + ٤ |
| * | |
| لە وێرانەی دڵی منا.. | ٤ + ٤ |
| کلوو کلوو بەفرەبارێ | ٤ + ٤ |
| بە پرچی بروسکەکانا.. | ٣ + ٥ |

باران نم نم دێتەخوارێ	٤ + ٤

*

ئاسمان ئەگری و	٤

کۆشکەکانیش چراخانن	٤ + ٤

دڵم ئەگری و	٤

شیعرەکانم زایەڵەی لێکدابڕانن	٤ + ٣ + ٥

*

نە ئاگردانێک شک ئەبەم..	٥ + ٣

نە هەمە پێکێکی گەرم	٣ + ٥

سەرما جەستەم ئەگرێتە کۆش..	٤ + ٤

سا خوایە داد بۆکێ بەرم؟	٤ + ٤	(عوسمان، ٢٠١٩، ٩٣-٩٤)

ئەم پارچە شـــیعرە، کە لە (چوار) کۆپلەپێک هاتووە، لەســـەر بنەمای کێشـــی (چوار) بڕگەیی بنیاتنراوەو پێ و دەســـتەپێی جیاوازیشـــی لێ دروســـتکراوە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی بنەمای کێشـــە چوار بڕگەییەکە نەچۆتەدەرەوە. بۆیە دەبینین بنیاتی دێڕە شـــیعرەکانی بە هاوســـەنگی پابەندی بنەمای کێشی چوار بڕگەیی نەکردووەو سەربەستانە دێڕەکانی لەسەر پێ و دەستە پێی جیاواز بنیات ناوە، چونکە دێڕ هەیە لەیەک پێ و دێڕ هەیە لە دوو پێ و دێڕیش هەیە لە سێ پێ پێکهـاتووە. کەواتە شـــاعیر لێرەدا ئـازادانە مـامەڵەی لەگەڵ پێ و دەســـتەپێیەکـانی ئەم دەقە شـیعرییەیدا کردووە. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم دەقە شیعرییە، دەبینین کۆپلەی (یەکەم) بە کێشی (٨) بڕگەیی و دەستە پێی(٤ + ٤) نووسراوە. کۆپلەی (دووەم) بە کێشی (٨) بڕگەیی و دەستەپێی (٤ + ٤) و (٣ + ٥) نووسراوە. کۆپلەی (سێیەم)یش بە یەک پێی کێشی (٤)کێشی بڕگەیی و کێشی (٨) بڕگەیی و دەسـتەپێی (٤ + ٤) و کێشـی (١٢) بڕگەیی و دەسـتەپێی (٤ + ٣ + ٥) نووسـراوە. کۆپلەی (چوارەم)یش بە کێشی (٨) بڕگەیی و دەستەپێی (٤ + ٤) و (٣ + ٥) و (٥ + ٣) نووسراوە، وەک دەبینین ئەم پارچە شـــیعرە لەســـەر بنەمای کێشـــی چوار بڕگەیی بنیات نراوەو پێ و دەستەپێی جیاوازیشی لێ دروستکراوە، شاعیر بەپێی دەربڕینەکانی سۆز و دەروونی خۆی پێ و دەسـتە پێیەکانی داناوە، بەبێ ئەوەی هیچ ناسـازییەک لە ئاوازی دەقەکەدا ڕوویدابێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تـایبەتمەنـدییەی لە ئـاوازی بنەمـای ڕیتمی کێشـــە چوار بڕگەییەکەدا دروستبووە، لەهەمان کاتیشدا لە چوارچێوەی بنەمای کێشی چوار بڕگەییەکەش نەچۆتە دەرەوە، هەرچەندە بە پێو دەستەپێی جیاواز شیعرەکەی داڕشتووە.

**٤. بنەمای کێشی (پێنج) بڕگەیی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:**

ئەم بنەمایە کێشی (٥، ١٠، ١٥، ٢٠) بڕگەیی دروستیدەکات یاخود، ئەتوانین بڵێین بنەمای کێشی پێنج بڕگەیی بریتییە لە کێشی پێنج بڕگەیی و چەند جارەکانی. کەواتە ئەم کێشە لە شیعرێکدا سەرتاپا ڕیتمێکی پێنج بڕگەیی دروستدەکات، ئەگەرچی ژمارەی پێ و جۆری دەستەپێیەکانیشی جیاواز بن. جگە لە یەکەی (١٥) بڕگەیی کە ناتوانرێت بە دەستەپێی (٣+ ٣ + ٣+ ٣ + ٣)ێ بنوسرێت، چونکە بنەمای ڕیتمەکەی تیکدەچێت و دابەش بوونی ئەم دەستە پێیانە دەبێتە بنەمای ریتمی (٣) بڕگەیی، کێشەکە تێکدەدات. (ئیبراهیم، ٢٠١٢، ١٠٦). محەمەد عومەر بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی لەسەر ئەم کێشە بنیات ناوە بۆ نموونە شاعیر شعیری (تۆڕی) لەسەر بنەمای کێشی (پپنج) بڕگەیی و دەستە پێی جیاواز بنیات ناوەو دەڵێت:

بەر لە گیاندەرچوونی ماسیگری پیر ٦+ ٥
تەنیا تۆڕەکەی لەژێر سەریا بوو ٥ + ٥
سەری هەڵبڕی.. ئەستێرە ماسی و ٥ + ٥
ئاسمان دەریا بووا ٥ (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠٤)

ئەم پارچە شیعرە لەچوار نیوەدێڕ پێکدێت، نیودێڕی یەکەم بەو جۆرەی لە دیوانەکەیدا نوسراوە (بەر/ لە/ گیان/ دەر/چوو/نی/ ما/سیـ/گ/ری/ پیر) دەکاتە (١١) بڕگە، بەڵام بە بڕوای ئێمە هەڵەی چاپ هەیەو دەبێت ڕاستەکە بریتی بێت لە (بەر/ لە/ گیان/ دەر/چوون،/ ما/سیـ/گ/ری/ پیر)، بەم جۆرە نیوە دێڕی (یەکەم) بەکێشی (١٠) بڕگەو دەستەپێی (٥ + ٥) نووسراوە، بەهەمان شێوە نیوەدێڕەکانی (دووەم، سێیەم)یش بە کێشی (١٠) بڕگەو بەدەستەپێی (٥ + ٥)بڕگەیی داڕشتووە، نیوەدێڕی (چوارەم)یشی، کێشی(٥) بڕگەییە، کەپێکهاتووە لە یەک پێی (٥) بڕگەیی. لەم شیعرەدا شاعیر پێ و دەستەپێکانی بە سەربەستانە بەکارهێناوە. کەواتە ئەم شیعرە بە بنەمای کێشی (٥)بڕگەیی و بەدەستەپێی جیاواز بنیاتنراوە. ئەمەش مامەڵەکردنێکی ئازادانەیە، کەشاعیر لەگەڵ پێ و دەستەپێکانی کێشەکەدا کردوویەتی بە پێی سۆزو دەروونی خۆی دایناون.

شاعیر شیعری (خۆکوشتن)ی لەسەر ئەم کێشە بنیاتناوە و دەڵێت :

ئای.. کەی بێ چەقۆی ژێر سە رینەکەت.. ٥ + ٥
لە قوڵپی خوێنتا گەرم بێتەوە؟ ٥ + ٥
یان مردن بمرێ و لەژوورەکەتا.. ٥ + ٥
هەوری خۆکوشتن بڕەوێتەوە؟ ٥ + ٥

*

| | |
|---|---|
| که نیوه شەوان، هانا بۆ مەرگ، مەرگی خۆم ئەبەم | ٥ + ٥ + ٥ |
| ڕوخسارێکی کاڵ.. لەدوورەوە دێ.. کاڵ هەر وەکو تەم | ٥ + ٥ + ٥ |
| هەتا دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ.. | ٥ + ٥ |
| لەپڕا ئەڵێم.. ئای.. خۆ هاتووە! | ٥ + ٥ |
| سەری ناوەتە سەر پەنجەرەکەم | ٥ + ٥ |
| زەردە ئەیگرێ و | ٥ |
| زۆر بەخامۆشیی.. لەسیمای مردووم.. ورد ئەبێتەوە.. | ٥ + ٥ + ٥ |
| منیش چەقۆکە ئەشارمەوە.. | ٥ + ٥ |
| نەفرەت لە بیری خۆکوشتن ئەکەم | ٥ + ٥ |
| پێی دەڵێم.. گیانە.. ئاگر لە گیانی تەزیوم بەردە.. | ٥ + ٥ + ٥ |
| با دڵ و سینەی پڕ لەئازارم لەت و پەت نەکەم | ٥ + ٥ + ٥ |
| زەردە ئەیگرێ و | ٥ |
| کە هەنگاوێکیش بەرەو ڕووی دەنێم.. | ٥ + ٥ |
| بەجێم ئەهێڵێ.. | ٥ |
| سیمای کاڵ.. کاڵتر.. کاڵ دەبێتەوە | ٥ + ٥ |
| دیسان ژوورەکەم کەیل ئەبێتەوە لەزایەڵەی گۆڕ.. | ٥ + ٥ + ٥ |
| هەزاران تابووت.. لەناو چاوانما.. ئەخولێتەوە | ٥ + ٥ + ٥ |
| لەتەم و مژا.. پەل دەهاوم و | ٥ + ٥ |
| جارێکی تریش هانا بۆ چەقۆ ڕەشەکە ئەبەم.. | ٥ + ٥ + ٥ |
| چەند ساتێک نابا.. بەر لەمردنم.. ئەگەڕێتەوە | ٥ + ٥ + ٥ |
| سیمای تۆخ.. تۆختر.. تۆخ ئەبێتەوە | ٥ + ٥ |
| سەرلەنوێ دەستم سارد ئەکاتەوە | ٥ + ٥ |
| کوشتنی خۆمم بیر دەباتەوە | ٥ + ٥ |

(عوسمان، ٢٠١٩، ١٥-١٦)

ئەم پارچە شـیعرە، کە لە (بیسـت و حەوت) نیوە دێڕ پێکدێت، لەسـەر بنەمای کێشـی (پێنج) بڕگەیی بونیاتنراوە، بەڵام ژمارەی پێ و دەستەپێکانی ئەم کێشـەی جیاواز بەکارهێناوە. کۆپلەی یەکەمی (چوار) نیوە دێڕە وبە کێشـی (١٠) بڕگەیی و دەسـتەپێی (٥ + ٥) بڕگەیی دایڕشـتووە، بەڵام کۆپلەی دووەم، کە (بیست و سێ) نیوە دێڕە، پێ و دەستەپێی جیاوازی تیادا بەکارهێناوە،

کە بریتین لە کێشی (٥) بڕگەیی، کە لە یەک پێی (٥)بڕگەیی و کێشی (١٠) بڕگەیی و دەستە پێی (٥ + ٥) و کێشی (١٥) بڕگەیی و دەستەپێی (٥ + ٥ + ٥) بڕگەیی تێدا بەکارهێناوە. واتە شاعیر ئەم شیعرەی لەسەر بنەمای کێشی (٥) بڕگەیی بنیاتناوە، بەڵام بە پێ و دەستەپێی جیاوازی تێدا بەکارهێناوە، ئەمەش مامەڵەکردنێکی ئازادانەیە، کەشاعیر لەگەڵ پێی و دەستە پێی کێشەکەدا کردویەتی و بە پێی پێویستی بابەتەکە و سۆز و هەڵچوونی دەروونی خۆی پێ و دەستەپێکانی دارشتووە. لەهەمان کاتیشدا هەست بە ئاوازێکی سازگار دەکەین لەبنیاتی گشتی دەقەکەدا، کە لە نێو بنەمای ڕیتمی کێشە پێنج بڕگەییەکەوە دروستبووە.

شاعیر شیعری (پەنجەرە) ی لەسەر بنەمای کێشی (پێنج) بڕگەیی بنیاتناوە و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| گوندێ نغرۆ بوو، | ٥ |
| نیگای گریاوم لەنێو دووکەڵا بێسەروشوێن بوو | ٥ + ٥ + ٥ |
| زەردە گرتمی کەپیاوێکم دی.. | ٥ + ٥ |
| پەنجەرەیەکی دابوو بەکۆڵا و | ٥ + ٥ |
| دەموچاویشی یەک پارچە خوێن بوو! | ٥ + ٥ (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠٠) |

ئەم پارچە شیعرە، کە (پێنج) نیوە دێڕە، لەسەر بنەمای کێشی (پێنج) بڕگەیی بونیاتنراوە، بەڵام ژمارەی پێ و دەستەپێکانی ئەم کێشەی جیاواز بەکارهێناوە. نیوە دێڕی (یەکەم)لە کێشی(٥)بڕگەیی، کە لەیەک پێی (٥)بڕگەیی پێکهاتووە، بەڵام نیوە دێڕی (دووەم) لە سێ پێی پێنج بڕگەییە بەدەستە پێی(٥ + ٥ + ٥) ، کە کێشی (١٥) بڕگەیی پێکهێناوە، نیوە دێڕی (سێیەم، چوارەم، پێنجەم)ی بە کێشی (١٠) بڕگەیی و دەستەپێی (٥ + ٥) بونیاتناوە. شاعیر ئەم شیعرەی لەسەر بنەمای کێشی (پێنج) بڕگەیی بنیاتناوە، بەڵام ژمارەی پێ و دەستەپێکانی وەک یەک بەکارنەهێناوە و جیاوازن. ئەمەش مامەڵەکردنێکی ئازادانەیە شاعیر لەگەڵ پێی کێشەکەدا کردویەتی و بەپێی سۆز و دەروونی خۆی لە ئاوازێکی سازگار و گونجاودا لەسەر بنەمای ڕیتمی کێشە پێنج بڕگەییەکە دەستەپێکانی دارشتووە.

## ٥. کێشی تێکەڵ لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

کێشـــی تێکەڵ بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو کێش یان زیاتر لە هەڵبەســتێکدا، ئەم تێکەڵکردنەش لە کێشـــــی خۆماڵیدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن شـــاعیرە نوێخوازەکانەوە. ئەم تێکەڵکردنە بەزۆری ئەو کێشـــــانە دەگرێتەوە، کە بنەمـای پێکهـاتنی ڕیتمیـان لە یەکتر جیـاوازن و هیچ هـارمۆنیەک لەنێوانیاندا نییە. ئەم دیاردەی تێکەڵکردنی کێشـــە لەلایەن شـــاعیرانەوە بۆ گەلێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە عەزیز گەردی پێی وایە شـاعیر ئەم کارە بۆ سـێ مەبەسـت ئەنجام دەدات؛ ١- دوورخستنەوەی خوێنەر لە وەڕسی و بێزاری بە دەست یەک تاکە ئاوازەوە. ٢- دەوڵەمەندکردنی ئاوازی هۆنراوەکە. ٣- پیشـــاندانی توانای شـــاعیر لە زاڵبوونی بەســـەر کێشەکەدا . (گەردی، ١٩٩٩، ٢٣٥)

محەمەد عومەریش وەک شاعیرێکی نوێکەرەوە کێشی تێکەڵی بەکارهێناوە لەسەر بنەمای کێشی پێنج بڕگەیی و چەندجارەکانی و بنەمای کێشـــی چوار بڕگەیی و چەندجارەکانی. ئەمەش زیاتر ئەگەڕێتەوە بۆ دەرخسـتنی تواناو لێهاتوویی و دەسـەڵاتی شـاعیر بەسـەر کێشـدا، لە لایەکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو حاڵەت و بارودۆخە دەروونییە ناجێگیرەی، کەشـــاعیر تێیدا ژیاوە. ئاشکرایە هەردوو کێشی چوار بڕگەیی و پێنج بڕگەیی بنەمای ڕیتمیان لێک جیاوازەو بەو هۆیەوە شـاعیر توانیویەتی ئاوازێکی نوێ و دەگمەن بە دەقە شـیعرییەکانی ببەخشـێت، کەواتە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعری محەمەد عومەر لە ڕووی کێشەوە، بەکارهێنان و تێکەڵکردنی ئەم دوو کێشەیە لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا. شاعیر لە شـیعرەکانی (ئەترســم دڵ ببێتە پارچەیەک ســەهۆڵ، بروســکەیەک، ئەشـکی ئێوارە، ڕووداوی هەردوو دیوی پەنجەرەکە، لە غوربەتا، کارەســات، ماســیگرێک، ســەراب، دووەم نوح، نوێژێک لەبەر بارانا)دا ئەم کێشە تێکەڵەی بەکارهێناوە .

بۆ نموونە لەشـــیعری (ئەترســـم دڵ ببێتە پارچەیەک ســـەهۆڵ) پەیڕەوی ئەم کێشـــە تێکەڵەی کردووە لەسەر بنەمای کێشی (چوار )بڕگەیی و بنەمای کێشی (پێنج ) بڕگەیی و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| تۆ خۆتم لێ مەشارەوە | ٤ + ٤ |
| ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ.. | ٤ + ٣ + ٥ |
| بەدەم کزەی ئێوارەوە | ٤ + ٤ |
| * | |
| تۆ خۆتم لێ مەشارەوە | ٤ + ٤ |
| من لە گەڵای زەردی پاییز.. | ٤ + ٤ |
| زۆر بێ نەواو غەریبترم | ٤ + ٤ |

| | |
|---|---|
| له کزەبا تەزیوترم | ٤ + ٤ |
| * | |
| تۆ خۆتم لێ مەشارەوە | ٤ + ٤ |
| بیرتە بەزەردەی ڕوانینەکانت.. | ٥ + ٥ |
| هەڵمت لەبەفری دڵم هەڵسان و | ٥ + ٥ |
| منت خستە شوێن سامالّی گیانت؟ | ٥ + ٥ |
| * | |
| تۆ خۆتم لێ مەشارەوە | ٤ + ٤ |
| بڕوانە پەڵە هەورەکان.. | ٥ + ٣ |
| گەرچی نەدیدەن.. گەرچی نەناسیاو.. | ٥ + ٥ |
| دەست ئەنێتە دەست | ٥ |
| لە نیشتیمانی ئاوارەییدا.. | ٥ + ٥ |
| ئەبن بەڕێژنەی گریانێکی خەست | ٥ + ٥ |
| * | |
| تۆ خۆتم لێ مەشارەوە | ٤ + ٤ |
| ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ.. | ٤ + ٣+ ٥ |
| بەدەم کزەی ئێوارەوە | ٤ + ٤ (عوسمان، ٢٠١٩، ١١-١٢) |

ئەم شـــیعرە، کە لە (پێنج) کۆپلە پێکهاتووە، کۆپلەی (یەکەم، دووەم، پێنجەم) لەســـەر بنەمای کێشـــی چوار بڕگەیین، بەڵام بە دەســـتەپێی جیاواز بنیاتنراون. بریتین لە کێشـــی (٨) بڕگەیی بە دەسـتە پێی (٤ + ٤)، کێشـی (١٢) بڕگەیی و دەستە پێی (٤ + ٣ + ٥ )ی، بەکارهێناوە. لە کۆپلەی (سـێیەم)یشـدا جگە لە نیوە دێڕی یەکەم، کە بە کێشـی هەشـت بڕگەیی و دەسـتەپێی (٤ + ٤) نوسراوە، سەرجەم نیوە دێڕەکانی تر بە کێشی (١٠) بڕگەیی و دەستە پێی (٥ + ٥) نوسراون. لە کۆپلەی (چوارەم)یشـــدا کێشـــی (هەشـــت بڕگەیی وبنەمای کێشـــی پێنج بڕگەیی) بەکارهێناوە، نیوەدێڕی یەکەم و دووەمی بە کێشی (٨) بڕگەیی و دەستەپێی (٤ + ٤) و (٣ + ٥) نوسیوە، بەڵام نیوە دێڕی (سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم) لەسەر بنەمای کێشی (٥) بڕگەیی نووسراوە ، کە لەیەک پێی کێشی(٥) بڕگەیی و کێشی(١٠) بڕگەیی بە دەستەپێی (٥ + ٥) پێکهاتووە.

ئەم پارچە شیعرە مۆسیقایەکی خۆشی تیادا بەدیدەکرێت، کە شاعیر لەئەنجامی تێکەڵکردنی ئەو دوو کێشـــە ســـازیکردووە بەبێ ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەیدا هەســـت بە لەنگی بکەیت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانـای شـــاعیر لە دەربڕینی بـارە دەروونییەکەی و مەبەســـتەکەی بەبێ هیچ ڕێگرییەک. ڕوودانی هچ ناسازییاک لە ئاوازی گشتی دەقە شیعرییەکەدا.

شاعیر لە شیعری (سەراب) یشدا  پەیڕەوی ئەم کێشە تێکەڵەی کردووە و دەڵێت:

تەواو دڵنیام قژم کە نوقمی بەفری پیرییە..  ٥ + ٥ + ٥
لە سایەی تۆدا.. تاکە تاڵێکی هەرگیزاو هەرگیز ڕەش نابێتەوە  ٥ + ٥ + ٥ + ٥
گەر ڕەهێڵەش بێ.. دەستم ناگری بۆ ژێر چەترەکەت..  ٥ + ٥ + ٥
ژیلەی خەفەبووی دڵ بەدیدارت.. گەش نابێتەوە  ٥ + ٥ + ٥

*

دوودڵ نیم لەوەی چاوی خەواڵووت..  ٥ + ٥
سووتووی سەدەها شیعری سووتاوم بۆی نابێتە کل  ٥ + ٥ + ٥
ئەترسی چاوت ئەشکی تێبزێ و  ٥ + ٥
بەنمەی سۆزت.. دەشتی غەریبیم پڕ بکەی لە گوڵ!  ٥ + ٥ + ٥

*

تۆ ئەی سەراب.. ئەو دۆزەخەی ڕەنگی ئاوت کردۆتە بەرگ..  ٤ + ٤ + ٤ + ٤
ڕووەو تۆ هەنگاوم ئەنا.. بێ ئومێد لە بوونی کانی و  ٣ + ٥ + ٣ + ٥
بێ پەروا لە بوونی مەرگ  ٣ + ٥
ئەهاتمە لات.. کە جگەرەم دائەگیرسان..  ٤ + ٤ + ٤
پەنجەرەت ئەخستە سەرپشت  ٣ + ٥
وەک پێم بڵێی.. هەوای ئەم ژوورە منی کوشت  ٤ + ٥ + ٣
نەک جگەرە.. من  دوکەڵی سەدان دارستانی سووتاو..  ٤ + ٤ + ٢+ ٦
سینەمی کرد بە مەنزڵی  ٤ + ٤
گەرچی هەرگیز گوڵێکم نەسووتاندووە و  ٤ + ٣ + ٥
لە مەستییشا.. نەم شکاندۆتەوە چڵی  ٤ + ٦ + ٢
بۆ پەنجەرە ئەکەیتەوە؟.. کوا هەوای پاک؟..  ٤ + ٤ + ٤
هەوای دەرەوە و ژوورەوە..  ٥ + ٣
پڕە لەمیکرۆبی سیل و بۆنی گۆڕ و دووکەڵی خاک  ٦ + ٢+ ٤+ ٤

(عوسمان، ٢٠١٩، ٧٧-٧٨)

ئەم هۆنراوەیە، کە لە سێ کۆپلە پێک دێت، شاعیر کۆپلەی (یەکەم و دووەم)ی لەسەر بنەمای کێشی پێنج بڕگەیی داڕشتووە و ژمارەی پێ و دەستەپێکانی جیاوازن لەیەکتر، لە هەردوو کۆپلەکەدا شاعیر ئەم بنەمای کێشەی لە پێی (پێنج) بڕگەییدا بنیاتناوە و دەستە پێی جیاوازی لێ دروستکردوون. هەر بۆیە بنیاتی پێکهێنانی دێڕەکانیشی بە هاوسەنگی و بە ڕیز پابەندی بنەمای

کێشی (پێنج) بڕگەیی نەکردووە، بەڵکو بە کێشی (١٠) بڕگەیی و دەستە پێی دەستەپێی (٥ + ٥) و کێشی (١٥) بڕگەیی و دەستە پێی (٥ + ٥ + ٥) و کێشی (٢٠) بڕگەیی و دەستە پێی (٥ + ٥ + ٥ + ٥)بڕگەیی بەکارهێناوە. هەروەها شاعیر (کۆپلەی سێیەم)ی ئەم دەقە شیعرییەی لەسەر بنەمای کێشی چوار بڕگەیی داڕشتووە و ژمارەی پێ و جۆری دەستەپێی جیاوازی لێوە بنیاتناوە، کە ئەوانیش بریتین لە کێشی (٨) بڕگەیی و دەستە پێی (٣+ ٥) و (٥+ ٣) و (٤+ ٤ )، کێشی (١٢) بڕگەیی و دەستە پێی (٤ + ٥+ ٣) و (٤ + ٣+ ٥) و (٤ + ٤+ ٤) و (٤ + ٦+ ٢)، کێشی (١٦) بڕگەیی و دەستە پێی (٤+ ٤ + ٤ + ٤) و (٣ + ٥ + ٣ + ٥ ) و(٤ + ٤ + ٢+ ٦ ) و (٦+٢+ ٤+ ٤). دەبینین شاعیر ئەم دەقە شیعرەی لەچوارچێوەی بنەمای کێشی پێنج بڕگەیی و بنەمای کێشی چوار بڕگەییدا داڕشتووەو لەمیانایەوە ئاوازێکی سازگاری بۆ دەقە شیعریەکە دەستەبەرکردووە. لێرەدا شاعیر لە سەرتاپای بنیاتی دەقەکەدا سەربەستانە مامەڵەی لەگەڵ جۆری کێشەکان و ژمارەی پێ و دەستەپێکان و شوێنی وەستانی دەستەپێکاندا کردووە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ توانا و دەسەڵاتی شاعیر لە پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە کێشەدا، هەروەها لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەربەستییەی شاعیر لەدەربڕینی مەبەست و هەست و سۆز و باری دەروونیدا هەیبووە. بەم شێوەیە شاعیر توانیویەتی کێش بەپێی واتا و مەبەست بەکاربێنێ، نەک بە گوێرەی ژمارەی پێ و دەستەپێیەکانی بڕگە شیعرییەکە. بۆیە دەبینین شاعیر کێشە خۆماڵیەکەی هەر لەسەرەتای دەقە شیعریەکەوە تا کۆتایی دەقە شیعریەکە بەیەک جۆرە کێش نەنووسیوە، بەڵکو گۆڕانکاریی لە کێشەکەدا کردووە، بەمەش پێکهاتەی ڕیتمی دەقە شیعرییەکەی گۆڕیوە.

سەرجەمی شیعرەکانی دیوانی (لەغوربەتا) کەدەکاتە (٤١) پارچە شیعر بە کێشی پەنجە (بڕگە-خۆماڵی) هۆنراونەتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

| ژمارە | شیعر و ژمارەی لاپەڕەکانی لەدیوانەکەدا | جۆری کێشەکان |
|---|---|---|
| ١ | ئەدرێس، ٦٩/ ئەم و ئەو، ٩٧ | کێشی (هەشت) بڕگەیی |
| ٢ | کۆست، ٢٨/ هەواری چۆڵ، ٦٣/ بابەتاهیر، ٦٧/ ڤان کوخ، ٧١ | کێشی (دە) بڕگەیی |
| ٣ | ڕەهێڵە، ٥٠/ تەم و مژ، ٥٩/ نامەیەکی پاییزەیی، ٨٣/ تەنیایی، ٨٥/ ژەنەڕاڵی پاییز، ٩١/ لە جەژنی سەری ساڵا، ٩٣/ جەنگ، ٩٩/ گۆڕان، ٧٥/ تەختەڕەش، ١٠٢/ جل و بەرگ، ١٠٣/ شەڕڤان، ١٠٥/ دەسڕ، ٩٨ | بنەمای کێشی( چوار) بڕگەیی |
| ٤ | هانا، ١٣/ خۆکوشتن، ١٥/ با، ١٧/ شەوی پاییز،٢١/ یەسەنین، ٢٣/ ونبوون، ٥٥/ گۆڕان، ١٠١/ خانمی سوورپۆش، ٧٩/ لە شانشینی پاییزا، ٨٦/ پاییزی دەریا، ٨١/ پەنجەرە،١٠٠/ تۆڕ،١٠٤ | بنەمای کێشی (پێنج) بڕگەیی |
| ٥ | بروسکەیەک، ٩/ ئەشکی ئێوارە،١٠/ ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ، ١١/ ڕووداوی هەردوو دیوی پەنجەرەکە، ٢٦/ لەغوربەتا، ٣٣/ کارەسات، ٥٢ / ماسیگرێک، ٥٧/ سەراب، ٧٧/ دووەم نوح، ٨٧/ نوێژێک لەبەر بارانا، ٨٩ | کێشی تێکەڵ لە بنەمانی کێشی (چوار + پێنج) بڕگەیی |

**دووەم: سەروا لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:**

سـەروا بەیەکێکی تر لەڕەگەزە گرنگەکانی پێکهێنانی بنیاتی هۆنراوە دادەنرێت، کە لەگەڵ کێشـدا پێکەوە ئاوازی دەرەوە پێکدەهێنن" سەروا بریتییە لە دووبارە بوونەوەی دەنگێک یان چەند دەنگ و وشەیەک لەکۆتایی لەت یان دێڕە شیعردا. سەروا بەزۆری لەکۆتایی لەت یان دێڕە شیعر دێ، بەڵام وایش دەبێ لە ناوەوە بێ(سـەروای ناوەوە) یان لە سـەرەتاوە بێ (سـەروای سـەرەتا) " (گەردی، ٢٠١٤، ٢٦٩). کەواتە سـەروا دروسـتبوونی ئەو ئاوازەیە لەئەنجامی دووبارەبوونەوەی دەنگەکانەوە دێتە ئاراوە. سەروا سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگ لەدروستبوونی ئاوازی شیعردا دەبینێت، " ئەرکێکی دەلالیشـی هەیە وشـەکانی سـەروا بە دەنگە هاوبەشـەکانیان بیر بۆ مانای وشـەکان دەبەن کە ئەمەش جۆرە چالاکیەک بە هەست و هۆشـی گوێگردەدا ، چونکە لەناو ئەو یەکێتی دەنگییەدا جۆرە پەیوەندییەکی دەلالی سـەرهەڵدەدا لەنێو وشـەکانی سـەروادا" (گەردی، ١٩٩٩، ٤١) . کەواتە سـەروا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەبنیاتنانی دانەی ئاوازەیی هەمەڕەنگدا، وەک دیاردەیەکی دەنگی مۆسـیقی خۆی لە دووبارەبوونەوەدا دەدۆزێتەوە و لەگەڵ کێشـدا ئاوازێکی دڵگیر لە نێو بەیتە شیعریەکاندا دەخولقێنێت.

سەروا هەر لە سەرەتاوە تاسەردەمی ئەمڕۆ وەک بنیاتێکی شیعری بەپێی تایبەتمەندێتی قۆناغی شیعری و زمانی شیعری هەر نەتەوەیەک گرنگی و بایەخی پێدراوە. سەبارەت بە پەیڕەوکردنی سەروا لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا هەر لەسەردەمی کلاسیکەوە شاعیرانی کورد سەروایان بەکارهێناوە. سـەروا لەشـیعری کلاسـیکی کوردیدا وەک بەربەسـتێک وابووە بۆ شـاعیران و نەیانتوانیوە مەبەستە شیعرییەکانیان بگەیەنن، بەتایبەتی لەسەروای یەکگرتوودا، چونکە سەروا هەست و سۆزی شاعیرانی سنوردار کردووە، ئەمەش لەوێوەیە شاعیران هەمیشە بیریان لە سـەروا و گونجاندنی ئەو ڕیتمە دەرەکیە کردۆتەوە، کە بەهۆی سـەرواوە پەیدا دەبێت، بەڵام لەشـیعری نوێدا شـاعیرانی نوێخواز خۆیان بە سـەروایەکی واوە بەند ناکەن، کە ببێتە هۆی ڕێگری لە دەربڕینی مەبەسـتە شـیعرییەکانیان. شـاعیران بۆئەوەی مەبەسـتە شـیعرییەکانیان دابڕێژن بەپێی پێویست سەروا بۆ شیعرەکانیان دادەنێن، لێرەدا شاعیران ئازاد دەبن بۆ هێنانی سەروای جیاواز "شاعیر بەهیچ جۆرێک خۆی بەهیچ جۆرە دەستورێکی سەرواو هیچ سەروایەک نابەستێتەوە، لە هێنانەوەدا گوێ بەیاسای دەرەوە نادات، تەنیا گوێ لەهەست و سۆز و بیرەکەی و چ جۆرە سەروایەکی بوێت، پەیڕەوی ئەو سەروایە دەکات، واتە هەست و سۆز و بیری شاعیر ناترنجێنێتە ناو بۆتەی تەسکی قاڵبە سەرواوە، بەڵکو سەروا ملکەچ دەکرێت بۆ هەستی ناوەوەی شاعیر و چۆنیەتی کارتێکردنی لە خوێنەر" (گەردی، ١٩٩٩، ٣٠٨). بۆیە شاعیرانیش هەریەکەیان

بەپێی توانا و سـەلیقە ولێهاتوویی خۆیان گۆڕانکاریان لە سـەروادا کردووە بەمەبەسـتی گەیاندن و دەربڕینی هەســـت و ســـۆز و هەڵچوونی ناخی خۆیان لە میانەی بابەتێکەوەو بە ســـەروای گونجاو.محەمەد عومەریش وەک شاعیرێکی نوێخواز پەیڕەوی چەند جۆرە سەروایەکی جیاوازی کردووە بۆ گەیاندنی بیر و مەبەســـتە قووڵەکانی ناخی خۆی، کە ئەوانیش خۆیان لە ســـەروای ئاســـایی و ســـــەروای واتاییدا دەبیننەوە. واتە محەمەد عومەریش وەک شـــاعیرێکی نوێخواز پەیڕەوی سەروای کردووە و نەیتوانیوە دەستبەرداری سەروا ببێت، چونکە سەرجەم شیعرەکانی دیوانی لەغوربەتا سـەروادارن، بەڵام لە شـیعرەکانیدا هەوڵی تازەکردنەوەی سـەروای داوە و بە گۆڕانکاری و میکانیزمی نوێوەو لەفۆڕمێکی نوێتردا ســـــەروای بەرجەســـــتەکردووە و ئاوازی دەرەوەی پێ ڕێکخســـتووە. بۆیە بە ســـەرنجدان لە شـــیعرەکانی بۆمان ڕووندەبێتەوە شـــاعیر ســـەربەســـتییەکی تەواوی هەبووە لەپەیڕەوکردنی ســـەروادا، چۆن بۆی گونجابێت و بارودۆخ و دەروونی چی ویستبێت، بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ سـەروادا کردووە، بێ ئەوەی خۆی بەهیچ یاسایەکی سەرواوە بەند بکات، کە دەبێتە ڕێگر لەداڕشتنی بیر و خواستەکانی.

بەشێوەیەکی گشتی لە شیعری محەمەد عومەردا دوو جۆر سەروا بەرچاو دەکەون، کە بریتین لە: سەروای ئاسایی و سەروای واتایی.

### ١. سەروای ئاسایی لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

سـەروای ئاسـایی بریتییە لەو جۆرە سـەروایەی لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی دەنگێک، یان چەند دەنگێکی لێکچوو دروسـت دەبێت، بەمەرجێ ئەو دەنگانەی سـەرواکە دروسـتدەکەن بەشـێکبن لە بنەڕەتی وشـە سـەروادارەکان و زیادەیەک نەبن پێوەی لکابن و واتای سـەربەخۆ بگرن. وشـەی ســـەروا زیاتر لە کۆتایی دێڕە شـــیعرکاندا دێت. ســـەروا دەشـــێت یەک دەنگ بێت و دەشـــێت زیاتربێت، ئەو دەنگەی بەشـێکە لە ڕەســـەنی وشـــەکە، ئەوا بە(ڕەوی) ناودەبرێت، کە ڕەویی دوا دەنگی ڕەسـەنی وشەی سەروایە، هەر مۆرفیمێکی تری لکاو کە لە پێش مۆرفیمی ڕەویەوە بێت، دەبێت بەپێش ڕەوی، لەدوای ڕەویش بێت دەبێت بەپاشـــڕەوی (حســـێن، ٢٠٠٨، ١١٤). کەواتە دەنگەکانی سەروای ئاسایی دەکرێن بەسێ بەشەوە، کە بریتین لە (پێش ڕەویی – ڕەویی – پاش ڕەویی). ســـەروای ئاســـایی لای محەمەد عومەر زیاتر لە پەیڕەوکردنی (ســـەروای هەمەڕەنگ و سەروای ئازاد)دا دەردەکەوێت.

### أ. سەرروای هەمەڕەنگ:

ســـەرروای هەمەڕەنگ چەند جۆرێکە و ڕۆڵێکی ســـەرەکییان هەیە لە بنیاتنانی ئاوازی دەرەوەی شیعردا. مەبەست لە سەرروای هەمەڕەنگ ئەوەیە سەرروای شیعرەکە لە سەرەتاوە تاکۆتایی وەک یەک نەهاتبێتە خوارەوە، بەڵکو چەند سەروایەکی جیاواز بەشداربن لە بنیاتنانی دەقێکی شیعریدا. ئەمەش بوارێکی فراوان لەبەردەم شـــاعیردا دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ســـەربەســـتانە مامەڵە لەگەڵ ســـەروادا بکات و ئازاد بێت لە دەربڕینی ئەو هەســـت و ســـۆز و ناوەڕۆکی شـــیعرییەی مەبەســـتیەتی. گرنگترین ئەو قاڵبە ســـەروایانەی (محەمەد عومەر عوســـمان) لە شـــیعرەکانیدا بەکاریهێناون بریتین لە:

#### تاک بەیت (فەرد):

بریتییە لە دێڕە شیعرێکی سەربەخۆ، لە دوو نیوە دێڕ پێکدێت و واتایەکی تەواوی هەیە. هەردوو نیوە دێڕەکە ســیســتەمی قافیەی (AA) یاخود (AB) پەیڕەو دەکەن (گەردی، ١٩٩٩، ١٩٤). واتە دەکرێت هەردوو نیوە دێڕەکە یەک سەروایان هەبێت، دەشکرێت سەروایان جیاواز بێت. محەمەد عومەر لە شــیعری (ڕەهێڵە)دا، کە بە شــێوەی کۆپلە نوســیویەتی، لە کۆپلەی دووەمدا ئەم تاک بەیتەی بەکارهێناوە و دەڵێت:

نیوە شەوە.. هەور ئەسووتێ.. ئاسمان نوقمی بروسکەیە A
باران ئەمرێ.. تاگوڵ بژی.. چراکەم بێ تروسکەیە A (عوسمان، ٢٠١٩، ٥٠)

لێرەدا سەرروای ئەم تاک بەیتە بریتییە لە وشەکانی (بروسکەیە ، تروسکەیە). سیستەمی قافیەی (AA) پەیڕەو کردووە.

هەروەها شیعری (تەم و مژ)یش، کە بەشێوەی کۆپلە نوسراوە، کۆپلەی سێهەمی شیعرەکە تەنها یەک تاکە بەیتەو بریتییە لە:

بۆ جارێ خوا نایەتە دەنگ؟ A
بۆ جارێ خوا نابێ بە ڕەنگ؟ A (عوسمان، ٢٠١٩، ٦٠)

لێرەدا شاعیر بۆ دەربڕینی بیرێکی فەلسەفیانە ئەم تاک بەیتەی بەکارهێناوە و سەرروای هەردوو نیوە دێڕەکە بریتییە لە وشەکانی (دەنگ ، ڕەنگ)، سیستەمی قافیەی (AA) پەیڕەوکردووە.

### سەروای سێین (سێینە) (triplet–terecet):

بریتییە لە "پارچەیەکی بچووک لەسێ لەتەدێڕ پێکدێ. دەکەوێتە قاڵبە سەروای جۆراو جۆرەوە. سێینە دەشێ بە تەنیا بێ و مانای سەربەخۆی هەبێ و دەشێ لە هۆنراوەیەکی پارچەدار بێ، پارچەکانی یەکسان بن (هەموو سێینەبن) یان جیابن" ( گەردی، ١٩٩٩، ١٩٨). سەروای سێینە لەشیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا بەدیدەکرێت، ئەم جۆرە بە زۆری لە ناو پارچە شیعرێکدا لە سێ لەتی یەک بەدوای یەکدا هاتووەو بە سەربەخۆ بەکاری نەهێناوە، ئەو سێ لەتە تا ڕادەیەک واتایەکی سەربەخۆ دەدەن بە دەستەوە. بۆ نموونە لە کۆتایی کۆپلە شیعری (ئەشکی ئێوارە)دا ئەم جۆرە سەروایە بەدی دەکرێت و دەڵێت:

| | | |
|---|---|---|
| هەتا ساماڵ شانی دادا.. هەروەستابووم | A | |
| کەس پێکی دڵی نەهێنا و | B | |
| لێوڕێژ بوو سووراحیی چاوم | A | (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠) |

ئەم کۆپلە شیعرەی بە قاڵبە سەروای سێینە و سیستەمی قافیەی (ABA) داڕشتووە. نیوە دێڕی یەکەم و سێیەم هاوسەروان لە وشەکانی (بووم، چاوم)دا، کە دەنگی (و) ڕەوییە و دەنگی(م) پاش ڕەوییەو تا ڕادەیەک لاوازە نیوە دێری دووەمیش سەروای نییە.

لە شیعری (هانا)شدا کۆپلەی یەکەمی بە سەروای سێینە نوسیوە و دەڵێت:

| | | |
|---|---|---|
| ئێستا.. منی ون لە تەمومژی ڕەشی غوربەتا | A | |
| گەڵای درەختی گیانم هەڵوەری.. | B | |
| لەناو بڵێسەو گڕی مەینەتا | A | (عوسمان، ٢٠١٩، ١٣) |

سیستەمی قافیەی ئەم کۆپلەیە برتییە لە (ABA)، نیوە دێڕی یەکەم و سێیەم هاوسەروان لە وشەکانی (غوربەتا، مەینەتا)، کە دەنگی (ت) ڕەوییە، دەنگی (ە)پێش ڕەوییە، دەنگی (ا)پاش ڕەوییە، بەڵام نیوە دێری دووەم سەروای نییە.

### سەروای چوارین:

چوارین بریتییە لەو پارچە شیعرەی لە چوار نیوەدێڕ پێکدێت، قاڵبە سەروای چوارین دەشێت خۆی بەتەنها بێت و بۆ مەبەستێکی تایبەتی بێت، یاخود دەشێت کۆپلەیەک بێت لەشیعرێکدا، لەم بارەیەوە عەزیز گەردی دەڵێت: "چوارین پارچەیەکی چوار لەتیە کێش و سەروای تایبەت بەخۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایە و بۆ مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێت" (گەردی، ١٩٩٩، ٢٠٤) لە

شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا، سەروای چوارین بە سیستەم و قاڵبە سەروای جیاواز بەدیدەکرێت. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بەرچاوترینیان بخەینەڕوو:

**ـ قاڵبە سەروای (A,A,B,A):**

ئەم قالبە ســەروایە لەزمانی کوردی و فارســی و عەرەبیدا لە هەموو جۆرە ســەرواکانی دیکە زیاتر بەکارهاتووە، لەهەریەک لەو زمانانەدا ناوی جیاوازی بۆداندراوە. لەزمانی کوردیدا (گونک)ی پێدەگوترێت، لەزمانی عەرەبیشـدا (الرباعي الأعراج – چوارینی شـەلە) ی پێدەگوترێت لەزمانی فارسیشدا ئەو عەرەبانەی لە شیعری فارسییان کۆڵیوەتەوە ناوی (الرباعي الخصي)یان بۆدانـاوە (گەردی، ١٩٩٩، ٢٠٨-٢٠٩). لەم جۆرە چوارینەیەدا، نیوە دێڕی یەکەم  و دووەم و چوارەم هاوســەروان، بەڵام ســەروای نیوە دێڕی ســێیەم لەوان جیایە، واتە قاڵبە ســەرواکەی بریتییە لە (AABA). ئەم جۆرە چوارینە لەئەدەبی کوردیـدا لە کۆنەوە دەرکەوتووە، محەمەد عومەریش لەکۆپلەیەکی شیعری (ڤان کوخ)دا ئەم قاڵبە سەروایەی بەکارهێناوە و دەڵێت:

پاییزی ڕەنگ زەرد.. مایەی دڵتەنگی..  A
کردم بەڕەمزی ئومێد.. من ڕەنگی  A
خۆم ڕاهیب.. ڕەنگی زەردیش پەرستگا..  B
قەت خامۆش نەبووە لەگوێما زەنگی  A  (عوسمان، ٢٠١٩، ٧٣)

وشـەکانی سەروا لەم کۆپلە شیعرەدا، بریتین لە (تەنگی، ڕەنگی، زەنگی) لێرەدا نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروان، لە هەرسێ وشەکەدا دەنگی (گ) ڕەوییە، دەنگەکانی (ە ، ن)پێش ڕەوییە و دەنگی (ی)پاش ڕەوییە، بەڵام نیوە دێڕی سێیەم سەروای نییە.

**ـ سیستەمی قاڵبە سەروای ( A,B,C,B):**

بریتییە لەو جۆرە ســەروایەی، کە "لە ئینگلیزیدا بە ســەروای (بەلاد)ناسـراوە، بەلاد لەچوارینێکدا دروســتدەبێت کە لەتی یەکەم و ســێ یەم هیچ پەیوەندیەکی ســەروابیان نییە و ســەروا لە لەتی دووەم و چوارەمدایە" (گەردی، ١٩٩٩، ٢١٤) . محەمەد عومەریش چەند کۆپلە شــــیعرێکی بەم جۆرە سەروایە نووسیووە، بۆ نموونە لە کۆپلەی یەکەمی شیعری (ئەشکی ئێوارە)دا دەڵێت:

لەگەڵ هەنسک و گریانی..  A
هەوری خوێنینی ئێوارە  B
بەکوڵ گریا.. فرمێسکی ڕشت..  C
ئەم دڵە پڕ لە پرسیارە  B  (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠)

لێرەدا شاعیر ئەم قاڵبی چوارینەی لەشێوە سیستەمی قافیەی ( ABCB) داڕشتوە، وشەکانی سەروا لەم کۆپلە شیعرەدا بریتین لە (ئێوارە، پرسیارە). لێرەدا نیوە دێڕی دووەم و چوارەم هاوسەروان، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین سەرواکە زۆر تەواو نییە، چونکە وشەکانی سەروا لە بنچینەدا بریتین لە (ئێوارە) و (پرسیار)، واتە وشەی دووەم لە بنچینەدا پیتی (ە)ی تیا نییەو بەهۆی دۆخی ڕێزمانییەوە ئەو (ە)ی پێوە لکاوە. بەڵام شاعیر وای داناوە ئەو دوو دێڕە هاوسەروان، نیوە دێری یەکەم و سێیەم سەروایان نییە. لە زۆربەی کۆپلەکانی شیعری (لە غوربەتا)دا پەیڕەوی هەمان قاڵبە سەروای ( ABCB) ی کردووەو دەڵێت:

باران ئەباری و ژێر چەتری پاسێک.. A
بۆ یەکەم بینین، بوو بە ژووانگە B
بوو بە پەنجەرە بۆ سەر گۆڕەکەم.. C
لێم ون بوو.. ڕۆیی.. ڕووخا ڕوانگە B (عوسمان، ٢٠١٩، ٤٨)

وشەکانی سەروا لەم کۆپلە شیعرەدا بریتین لە (ژوانگە، ڕوانگە)ی نیوەدێری دووەم و چوارەم. لەهەردوو وشەکەدا دەنگی (ن) ڕەوییە، دەنگی (وا)پێش ڕەوییەو، دەنگی (گە)پاش ڕەویە، بەڵام نیوە دێری یەکەم و سێیەم سەروایان نییە. شاعیر لەزۆربەی کۆپلە چوارینەکانی شیعری (بابەتاهیر) پەیڕەوی ئەم سیستمی قاڵبە سەروای (ABCB)ی کردووە و دەڵێت:

لەسەردەمێکا هاتمە دنیاوە.. A
هەموو ساڵێکی خۆزگە بەپار بوو B
کەشتی ناو دەریا ئەسرینی خۆم بووم.. C
هەر نائومێدییش بۆ من کەنار بوو B (عوسمان، ٢٠١٩، ٦٩)

لەم کۆپلە شیعرەدا نیوە دێڕی دووەم و چوارەم هاوسەروان و وشەکانی سەروا بریتین لە (پار، کەنار). لە هەر دوو وشەکەدا دەنگی (ر) ڕەوییە، دەنگی (ا) پێش ڕەوییە. لەهەمان کاتدا هەر لەنیوە دێڕی دووەم و چوارەم دا کەکۆتاییان بەوشەکانی (بوو) هاتووە هەردوو وشەی (بوو) پاش سەروان، بەڵام نیوە دێری یەکەم و سێیەم سەروایان نییە.

**ـ چوارینی (یەکتربڕ) (شکسپیریی):**

ئەم سەروایە بە چوارینی (شکسپیریی) ناسراوە، یاخود سەروای یەکتربڕی پێدەوترێت و لە کۆپلەی چوارینددا پەیڕەودەکرێ، لەم جۆرەدا "لەتی یەکەم و سێ یەم لەیەک و لەتی دووەم و چوارەم لەلایەکی ترەوە هاوسەروابن بەمەوە چوارینەکە دەکەوێتە سەر دوو سەروای جیاواز"

(گەردی، ١٩٩٩، ٢١٢). شاعیر لە کۆپلەی سێیەمی شیعری (ڤان کوخ)دا ئەم جۆرە سەروایەی چوارینی بەکارهێناوە و دەڵێت:

| | | |
|---|---|---|
| پێڵاوەکەشم وەک خۆم بریندار.. | A | |
| ڕەش بوو لەتۆزا و بەگەرمای تەموز | B | |
| بەفری مزگێنیم ئەباراندە سەر.. | A | |
| کرێکارانی ناو کانە خەڵووز | B | (عوسمان، ٢٠١٩، ٧١) |

لەم کۆپلەیەدا نیوە دێڕی یەکەم و سێیەم هاوسەروان، نیوە دێڕی دووەم وچوارەمیش هاوسەروان، بە هەردووکیشیان سەروای جیاوازیان پێکهێناوە. لە نیوە دێری یەکەم و سێیەمدا وشەکانی سەروا بریتین لە (بریندار، سەر). لە هەردوو وشەکەدا تەنیا دەنگی ڕەوی هەیەو بریتییە لەدەنگی (ر). واتە سەرواکەی لاوازە، چونکە تەنها لە یەک دەنگ پێکهاتووە. لەهەمان کاتدا لەنیوە دێڕی دووەم و چوارەمیشدا وشەکانی (تەموز ، خەڵووز) هاوسەروان، لەهەردوو وشەکەدا دەنگی (ز) ڕەویە ، دەنگی (و) پێش ڕەوییە.

**سەروای (پێنجین) پێنجینە:**

بریتییە لەو جۆرە سەروایەی، کە بەچەند شێوازێکی جۆراوجۆر قاڵب دەگرێت. لەم بارەیەوە عەزیز گەردی دەڵێت: "پارچە هۆنراوەیەکی پێنج لەتییە کە بەپێی سیستەمی تایبەتی سەرواوە دادەڕێژرێ، جا ئەو پێنج لەتە چ بەتەنیا پارچەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنێت چ پارچەیەک بن لەناو هۆنراوەیەکی دوور و درێژدا" (گەردی، ١٩٩٩، ٢١٥). جا ئەو پارچەیەی یاخود ئەو کۆپلە شیعرەی لە پێنج نیوە دێڕ پێکهاتووە لەچەند جۆرێکدا یاخود لەشێوەی چەند قاڵبە سەروایەکدا شاعیران بەکاریان هێناوە. محەمەد عومەریش چەند جۆرێکی ئەم قاڵبە سەروایانەی بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە کۆپلە شیعرێکی (یەسەنین)دا دەڵێت:

| | | |
|---|---|---|
| ویستم مەست بم و لەسەر خۆشییا.. | A | |
| خەوی مناڵییم بگەڕێتەوە | B | |
| ویستم بکەومە بەزم و گۆرانی | C | |
| نەمزانی تەم و هەوری زامی من.. | D | |
| لەپێکی مەیدا نارەوێتەوە | B | (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٤) |

لێرەدا شاعیر قاڵبە سەروای پێنجینی لەسەر شێوەی (ABCDB) بنیاتناوە، نیوەدێڕی دووەم و پێنجەم هاوسەروان و وشەکانی سەروا بریتین لە (بگەڕێتەوە، نارەوێتەوە)، بەڵام نیوەدێڕی

یەکەم و سێ یەم و چوارەم سەروایان نییەو جیاوازن، لە شیعری (شەوی پاییز)یشدا لە کۆپلەیەکدا پەیڕەوی سەروای پێنجینی کردووەو دەڵێت:

جارنا جارێکیش شەپۆلی یادێ.. A
ئەمباتەوە لای ئەو پیرە دارەی.. B
وەکو من ئەو زادەی پاییز بوو C
ئەوپیرە دارەی ڕۆژانێکی زوو.. D
تاکە حەشارگەی من و ئازیز بوو C (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٢)

ئەم جۆرە پێنجینە، کە بە قاڵبی (ABCDC) هاتووە، تیایدا نیوە دێڕێ یەکەم و دووەم و چوارەم سەروایان نییە، نیوە دێڕی سێیەم و پێنجەم هاوسەروان و وشەکانی سەروایان بریتین لە(پاییز، ئازیز)، لە هەردوو دێڕەکەشدا وشەی (بوو) پاش سەروایە. ئەم پاش سەروایە لەگەڵ وشەی (زوو)ی نیوە دێڕی چوارمدا بەدەنگی (وو) کۆتاییان هاتووەو بە ڕواڵەت وا دیارە لەگەڵ ئەوان هاوسەروایە، بەڵام لەبەرئەوەی (بوو) لە دێڕی سێیەم و پێنجەمدا پاش سەروایەو ئەم وشەی (زوو)ەش دەبێتە وشەی سەروا، کەواتە جیاوازن و نابنە هاوسەروا. لەکۆپلە شیعرێکی دیکەشدا پەیڕەوی سەروای پێنجینی کردووە و دەڵێت:

منم ژەنەڕاڵی پاییز.. A
من بووم لەگەڵ زریانی بیرچوونەوەدا.. کەوتمە جەنگ و B
زۆر گەڵام دەرهێنا لە چنگ C
من بووم شەوی گەڵاکانم.. D
خستە ژێر باڵی تریفەو ورشەی گزنگ C (عوسمان، ٢٠١٩، ٩٢)

لەم کۆپلەیەدا نیوە دێڕی سێیەم و پێنجەم هاوسەروان و وشەکانی سەروایان بریتین لە (چنگ، گزنگ). نیودێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم سەروایان نییە. ئەگەرچی نیوە دێڕی دووەم وشەکەی کۆتایی بریتییە لە (جەنگ) و ئامرازی پەیوەندی (و) و سەرواکەی لە دێڕی سێیەم و چوارەم نزیکە، بەڵام لەبەر ئەوەی (و)ی بەدوادا هاتووەو مۆرفیمێکی سەربەخۆیەو ئامرازی پەیوەندییە، نابێتە سەروای تەواو. دەنگی (گ) ڕەوییە، دەنگی(ن) یش پاش ڕەوییە.

**سەروای شەشینە:**

بریتییە لە پارچە شیعرێکی شەش لەتی، چ سەربەخۆ بێت یاخود پارچەیەک بێت لە هۆنراوەیەک، هەروەک عەزیز گەردی دەڵێت "شەشینە پارچەیەکی شەش لەتییە، چ سەربەخۆ مانایەکی تەواو

بدات چ پارچەیەک بێت لەهۆنراوەیەکی پارچەدار کە بەزۆر کێش وسیستمی سەروای جیاواز دروستدەبێت" (گەردی، ١٩٩٩، ٢٢٥). (محەمەد عومەر عوسمان)یش، لەشیعرەکانیدا پەیڕەوی ئەم جۆرە سەروایەی کردووە، وەک لەشیعری (ڕەهێڵە)دا دەڵێت:

پەنجەرەکان تەم گرتوونی.. هەڵئەلەرزم.. بیناییم لێڵ.. A
خورپە دڵم وێران ئەکا.. ئاسمان ساردە ، بارانیش وێڵ A
بارانێکی بێ ناسنامە.. B
گریانێکی بێ پەساپۆرت C
ئەو چەم کەیلی هاژە ئەکا.. D
ئەم خامۆشەو ئەسووتێ بۆت C (عوسمان، ٢٠١٩، ٥١)

لەم پارچە شیعرەدا نیوەدێڕی یەکەم و دووەم هاوسەروان و وشەکانی سەروا بریتین لە (لێڵ ، وێڵ )، کە لە هەردوو وشەکەدا دەنگی (ێ) پێش ڕەوییە و دەنگی (ڵ) ڕەوییە. نیوە دێڕی چوارەم و شەشەمیش هاوسەروان لەوشەکانی (پاسپۆرت ، بۆت)، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەم سەروایە لاوازە، چونکە هەردوو وشەکە، کە بریتین لە (پەساپۆرت ، بۆت) لە بنچینەدا هاوسەروا نین، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕاناوی لکاوی کەسی دووەم (ت) چووەتە سەر وشەی (بۆ) و بووە بە (بۆت) بە ڕواڵەت لەگەڵ وشەی (پەساپۆرت)دا بوون بە هاوسەروا. نیوە دێڕی سێیەم و پێنجەمیش سەروایان نییە.

بەهەمان شێوە شاعیر لە شیعری (ونبوون)یشدا لە کۆپلەی یەکەمدا پەیڕەوی قاڵبە سەروای شەشینی کردووە و دەڵێت:

هەور ئەسووتێ.. هەنسک ئەدا.. شەویش درەنگە A
تنۆکی باران.. گەڵاڕێزانی وەرزی گریانی.. B
دارستانێکی دووری بێ ڕەنگە A
تنۆکی باران وەکو هەزاران نەرمە پەنجەو دەست.. C
لە شوشەی ساردی پەنجەرەم ئەدا و D
کە سەر هەڵئەبڕم.. بەچۆڕاوگەوە باران ئەبێتە خوێناوێکی خەست C (عوسمان، ٢٠١٩، ٥٥)

لەم پارچە شیعرەدا نیوە دێڕی یەکەم و سێ یەم هاوسەروان، وشەکانی سەروا بریتین لە: (ڕەنگە، درەنگە ) لە هەردوو وشەکەدا دوودەنگی (ە ، ن) پێش ڕەوییە و دەنگی (گ) ڕەوییە، دەنگی (ە) پاش ڕەوییە. نیوەدێڕی چوارەم و شەشەمیش هاوسەروان و وشەکانی سەروا بریتین

له ( دەســـت ، خەســـت) ، دەنگی (ت) ڕەوییە، دەنگی (ەس) پێش ڕەوییە، نیوە دێڕی دووەم و پێنجەمیش سەروایان نیە.

**سەروای حەوتینە یان سەروای چۆسەر (Septet):**

حەوتینە بریتییە لەو پارچە شـیعرەی، کە دەشـێت پارچەیەکی سـەربەخۆ بێت یاخود پارچەیەک بێت لە هۆنراوەیەکی درێژ، لە حەوت نیوە دێڕ پێکهاتووەو ســـەروای جیاوازی هەیە. بۆ یەکەم جار لە شیعری ئینگلیزیدا (چۆسەر) بەکاریهێناوە، بۆیە پیشی دەوترێت چۆسەر. (گەردی، ١٩٩٩، ٢٣٦). (محەمەد عومەر عوسمان)یش، ئەم قاڵبە سەروای بەکارهێناوە، چ بەشێوەیەکی سەربەخۆ یاخود پارچەیەک بێت لە هۆنراوەیەکی درێژ، بەڵام چۆن ویسـتبێتی بەو شـێوەیە دایڕشـتووە و پەیڕەوی هیچ یاساو دەستورێکی تەقلیدی نەکردووە، هەروەک لەشیعری (جل و بەرگ)دا دەڵێت:

ئای ئەگەر ئادەم و حەوا، دەرنەکرانایە لە بەهەشت A
بەڕووتی دنیام تەی ئەکرد B
بۆ جلو بەرگ ئاخ و داخم کەی ئەکرد B
هەنووکەش کە تۆ سەرسامی C
بەو پاڵتۆیە و چەتری سەرم D
چەترەکە هەور پێی بەخشیم و E
پاڵتۆکەشم زستان دووری و کردیە بەرم! D (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠٣)

لێرەدا نیوە دێڕی دووەم و سێیەم هاوسـەروان لە وشـەکانی(تەی ئەکرد ، کەی ئەکرد )، وشـەی (ئەکرد) لەهەردوو نیوە دێڕەکەدا پاش سـەروان، بەڵام وشـەکانی (تەی ، کەی) وشـەی سـەروان. هەروەها نیوە دێڕی پێنجەم و حەوتەم هاوســـەروان لەوشـــەکانی (ســـەرم ، بەرم ) دەنگی (م) جێنـاوی لکاوە و پـاش ڕەوییە ، دەنگی (ر) ڕەوییە، دەنگی (ە) پێش ڕەوییە. نیوە دێڕی یەکەم و چوارەم و شەشەمیش سەروایان نییە.

**سەروای یازدەیی:**

ئەم پارچە شیعرە بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ دێت، یاخود وەک کۆپلەیەک دێت لەپارچە شـیعرێکی درێژدا "ئەم پارچەیە لە یازدە لەت پێکدێت بەپێی کێش و سەروا و بەندی تایبەتی دەهۆنرێتەوە" (گەردی، ١٩٩٩، ٢٥٣). (محەمەد عومەر عوسـمان)یش، ئەم قاڵبە شـیعرەی زۆر بەشـارەزایی و وردی و جوانی بەکارهێناوە، هەروەک لە شیعری (بروسکەیەک)دا دەڵێت:

ئەزانی بۆ، دنیای شیعرم.. هەر پاییزە.. هەر زریانە؟ A
من تەنیا پاییز شک ئەبەم.. پاییز بۆ من نیشتیمانە A

| | |
|---|---|
| خۆم غوربەتم.. لێم مەپرسە.. چییە غوربەت؟.. | B |
| ژیانی من ئاوارەیی و تەنیایی و لێکدابڕانە. | A |
| خۆ من حەز ئەکەم ببم بە هەورێ.. | C |
| ببارێمە سەر قەد و باڵاکەت.. | B |
| پەپولەیەک بم.. شەو نیوە شەوێ | C |
| ببمە زوخاڵی دەوری چراکەت | B |
| وەک دوو شەونمین.. سبەی ئەمانبا | D |
| خۆری مەینەتیی.. | E |
| یاخود دوو گەڵاین.. ڕەشەبای پاییز سەرمان ئەنێتە کۆشی غوربەتی | E (عوسمان، ۲۰۱۹، ۹) |

شاعیر چوار نیوە دێڕی یەکەمی ئەم پارچە شیعرەی بە چوارینی شەلە داناوەو نیوە دێڕەکانی (یەکەم ، دووەم ، چوارەم) هاوسەروان. وشەکانی سەروایان بریتین لە (زریانە، نیشتیمانە، لێکدابڕانە) لە هەر سێ وشەکەدا دەنگی (ن) ڕەوییە، دەنگی (ا) پێش ڕەوییە، دەنگی (ە) پاش ڕەوییە. نیوە دێڕی (شەشەم ، هەشتەم) هاوسەروان و وشەکانی سەروایان بریتین لە (باڵا ، چرا)، دەنگی (ا) ڕەوییە، لە هەردوو نیوە دێڕەکەشدا (کەت) پاش سەروایە. ئەم پاش سەروایە لەگەڵ وشەی (غوربەت) ی نیوە دێڕی چوارەمدا، کە بە(ەت) کۆتاییان هاتووە، لە (ەت)دا هاوبەشن و بە ڕواڵەت وا دیارە لەگەڵ ئەوان هاوسەروایە، بەڵام لەبەر ئەوەی (کەت) لە نیوە دێڕی (شەشەم ، هەشتەم)دا پاش سەروایە بەشێکی بنچینەیی نییە لە وشەکانی ( باڵا، چرا)، بەڵام (ەت) لە وشەی (غوربەت)دا بەشێکی بنچینەییە لە وشەکەو (ت) ڕەوییەو (ە) پێش ڕەوییە، کەواتە جیاوازن و نابنە وشەی سەروا و هاوسەروانین. نیوەدێڕی (پێنجەم ، حەوتەم) سەروای متەوازنیان دروستکردووە لە وشەکانی (هەورێ ، شەوێ)، چونکە ئەم دوو وشەیە هاوکێشن، بەڵام لەسەروادا لێک جیاوازن، لە وشەی یەکەمیاندا دەنگی (ر) ڕەوییە، لەوشەی دووەمیاندا دەنگی (و) ڕەوییە، کە ئەمانە بنەڕەتی وشەکەن، بەڵام لێک جیاوازن. دەنگی (ێ) ش، کە لە کۆتایی هەردوو وشەکەدا هاتووە پاش ڕەوییە. هەروەها نیوە دێڕی (دەیەم و یانزدە)یەم هاوسەروان لە وشەکانی (مەینەتی، غوربەتی) دا. لە هەردوو وشەکەدا دەنگی (ت) ڕەوییە و دەنگی (ە) پێش ڕەوییە و دەنگی (ی) پاش ڕەوییە. لەم پارچە شیعرەدا شاعیر سەروای تێکەڵی بەکارهێناوە، کە تیایدا پەیڕەوی سیستەمێکی سەروای دیاریکراوی نەکردووە ، بەڵکو چەند جۆرێکی سەروای بەکارهێناوە، کە بریتین لە چوارینێکی خەساو و یەکتربڕ، هەروەها سێینەیەکیشی بەکارهێناوە. واتا لێرەدا شاعیر بەگوێرەی خواست و ویستی خۆی و بەبێ

گوێدانە ڕیساو یاسایەکی دیاریکراو قاڵبە سەرواکانی بەکارهێناوەو هەست و نەستی خۆی دەربڕیوە، بەمەش مۆسیقایەکی ڕەنگاوڕەنگ و جوانییەکی تایبەتی بە شیعرەکەی بەخشیوە.

### تەرجیع بەند:

بریتییە لە شیعرێکی درێژ، کە دابەش کرابێت بە سەرچەند کۆپلەیەکدا، دەبێت ژمارەی دێڕەکانی هەر کۆپلەیەک وەک یەک بێت. (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٦٧) هەر کۆپلەیەکیش سەروای تایبەتی خۆی هەبێت، بەڵام هەموو کۆپلەکان لەسەر یەک کێش دەڕۆن. لەنێوان کۆپلەکاندا دێڕێک دووبارە دەبێتەوە، ئەم دێڕە پێی دەگوترێت ناوبەند، دەبێت مانایەکی بەرزی هەبێت و کاریگەربێت، چونکە بەڕۆح و ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنەوەی کۆپلەکان دادەنرێت. (گەردی، ١٩٩٩، ٢٨٢-٢٨٣). (محەمەد عومەر عوسمان)، بەم قاڵبە شیعری هۆنیوەتەوە، بۆ نموونە لە شیعری (ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ)دا، دەڵێت:

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە A
ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ.. B
بەدەم کزەی ئێوارەوە A

*

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە A
من لەگەڵای زەردی پاییز.. B
زۆر بێ نەواو غەریبترم C
لەکزەبا تەزیوترم C

*

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە A
بیرتە بەزەردەی ڕوانینەکانت.. B
هەڵمت لەبەفری دڵم هەڵسان و C
منت خستە شوێن سامالی گیانت ؟ B

*

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە A
بڕوانە پەڵە هەورەکان.. B
گەرچی نەدیدەن.. گەرچی نەناسیاو.. C
دەست ئەنێتە دەست D

لەنیشتیمانی ئاوارەییدا..　　E
ئەبن بەڕێژنەی گریانێکی خەست　　D

*

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە　　A
ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ..　　B
بەدەم کزەی ئێوارەوە　　A　　(عوسمان، ٢٠١٩، ١١)

ئەم شیعرە، کە لە (پێنج) کۆپلە پێکهاتووە، لە سەرەتای هەر کۆپلەیەکدا نیوە دێڕ (ناوبەند)ی (تۆ خۆتم لێ مەشارەوە) دووبارە کراوەتەوە، کە لەسەر کێشی (هەشت) بڕگەیی بنیاد نراوە. ئەوەی لێرەدا ئەم تەرجیع بەندەی شاعیر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە دێڕە دووبارەبووەکە لە سەرەتای شیعرەکەشدا هاتووە، لە کاتێکدا لای شاعیرانی پێشتر لە سەرەتای شیعرەکەدا نەدەهات. پاشان لەو شوێنانەش کە ئەم دێڕە دووبارە بووەتەوە، دووبارەبوونەوەکەی کەوتووەتە سەرەتای بەندەکەو نەکەوتووەتە نێوان بەندەکانەوەو لە ڕووی واتاوە بە تەواوی سەربەخۆ نییەو پەیوەستە بە دێڕەکانی دواترەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە (محەمەد عومەر عوسمان)، بەشێوەیەکی تایبەت بەخۆی و جیاواز لە شاعیرەکانی پێش خۆی تەرجیع بەندی بەکارهێناوە. هەروەها ئازادانە ژمارەی نیوە دێڕەکانی دابەشکردووە بەسەر کۆپلەکاندا، چونکە ژمارەی دێڕەکان زیادو کەمیان کردووە. لەڕووی کێش و سەرواوە، کێشی گۆڕانکاری تێداکراوە و کێشی تێکەڵ لەسەر بنەمای کێشی (چوار ، پێنچ ) بڕگەیی تێدا بەکارهێناوە. لەڕووی سەرواشەوە پەیڕەوی سیستەمی قاڵبە سەروایەکی دیاریکراوی نەکردووە و سەروای جیاوازی بەکارهێناوە، بەم شێوەیە: کۆپلەی یەکەم (ABA)، کۆپلەی دووەم (ABCC)، کۆپلەی سێیەم (ABCB) کۆپلەی چوارەم (ABCDED)، کۆپلەی پێنجەم (ABA). واتە شاعیر بەگوێرەی ناوەڕۆک و مەبەستی بابەتەکەو هەست و دەروونی خۆی، کێش و سەروای بەکارهێناوە. بێگومان ئەمەش پەیوەندی بە توانا و لێهاتوویی و ئەزموونی شاعیرەوە هەیە لە ڕێکخستنی ڕیتم و مۆسیقایەکی خۆش و دڵگیری دەرەوەی دەقەکەدا.

شیعری (با)شی بە تەرجیع بەند هۆنیوەتەوەو دەڵێت:

نیوەشەوێکی سارد و غەمناکە..　　A
پاییز میوانە لە ژوورەکەما　　B
هەناسەی ساردم ئەبێتە ئەشک و　　C
دێتە خوارەوە بە باڵای ڕەشی پەنجەرەکەما　　B

❊

هاوار و هاژەی چەمیناڵینێک.. A
ئەڕژێتە گۆمی مەنگی دڵەوە B
ئارام و ئۆقرە لە گیانم ئەبڕێ.. C
وەک گەڵای پاییز بەدەم چڵەوە B

❊

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک.. A
دێتە گوێم ئەڵێی ئاوازی تارە B
نازانم کێیە بەم نیوەشەوە تار ئەژەنێت و C
کەشتی ئارامی کۆیلەی شەپۆلی دەریای ئازارە؟ B

❊

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک. A
بە من نامۆیە.. B
ئەمکا بەشێت و.. وێڵ و ئاوارەی C
ناودارستانی چڕی دوو دڵی C
سەرسام دەبم و D
کە پەنجەرەکە ئەخەمە سەرپشت.. E
گڤڤڤڤڤڤڤ.. گڤەی (با) دێ و گوێم پێ شل دەکا F
بۆئاهی سینەی پڕ کەفو کوڵی C

❊

هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک.. A
لەلام ئەبێتە وژەوژی (با) B
ئەوسا دڵنیام ئەوەی ئەیبیستم گڤەی (با)یە(با) B

❊

پێی ئەڵێم.. وەرە من تۆم خۆشئەوێ A
بیرتە هاوینی پار ئێوارەیەک بەچڵەدارێ. A
کە لەسەر خۆڵی ڕێگەکە نووسیم.. B
گەر نازدار بمرێ کۆستم ئەکەوێ A

که تۆش هاتیت و زوو سڕیتەوە C
ئای من مناڵ بووم..! B
وامزانی ئەچی لەسەر پەنجەرەی.. D
ژوورەکەی نازدار ئەینووسیتەوە! C (عوسمان، ٢٠١٩، ١٧-١٨)

ئەم شـیعرە، کە لە (شـەش) کۆپلە پێکهاتووە، لە سـەرەتای کۆپلەکانی ناوەڕاسـتدا نیوە دێڕی (هاوار و هاژەی چەمی ناڵینێک) دووبارە کراوەتەوە. ئەو نیوە دێڕە، وەک ناوبەندی تەرجیع بەند وایە، بەڵام هاوشێوەی شیعرەکەی پێشوو لە نێوان بەندەکاندا نەهاتووەو لە سەرەتای بەندەکاندا دووبارە کراوەتەوەو لە ڕووی واتاوە پەیوەسـتە بە دێڕەکانی دوای خۆیەوەو سـەربەخۆ نییە. شـاعیر ژمارەی دێڕەکانی هەموو کۆپلە شـیعرەکەی وەک یەک دابەش نەکردووە، بەڵکو ژمارەی دێڕەکـان زیـادو کەمیـان کردووە. لەڕووی کێش و سـەرواوە، کێش گۆڕانکـاری تێدا کراوەو لەسـەر بنەمای کێشـی پێنج برگەیی، کێشـی( ٥ ، ١٠، ١٥) برگەیی تێدا بەکارهێناوە. لەڕووی سـەرواشـەوە پەیڕەوی سیسـتەمی قاڵبە سەروایەکی دیاریکراوی نەکردووەو سەروای جیاوازی بەکارهێناوەو بەم شـێوەیە کۆپلەکانی داڕشـتووە: کۆپلەی یەکەم و دووەم و سـێیەم پەیڕەوی سـیسـتەمی قاڵبە سـەروای (ABCB) کۆپلەی چوارەم (ABCCDEFC)، کۆپلەی پێنجەم (ABB)، کۆپلەی شـەشـەم (AABACBDC)ی کردووە. واتە شـاعیر بەگوێرەی هەسـتی خۆی و ناوەڕۆک و مەبەستی بابەتەکە کێش و سەروای بەکارهێناوە.

**چوارینەبەند:**

بریتییە لە پارچە شـیعرێکی درێژ لەسـەر بنچینەی بەند دامەزراوە، هەر بەندێک لەچوار نیوە دێڕ پێکدێت، لەڕووی ڕوخسـارەوە سـەروای هەموو نیوەدێڕەکانی بەندی یەکەم لەسـەر یەک سەروا دەبن، بەڵام هەرچی بەندەکانی ترە سـێ نیوەدێڕی یەکەم سـەروای خۆیان هەیەو لەسـەر یەک سـەروادەبن، بەڵام سـەروای نیوەدێڕی چوارەمیان وەک سـەروای نیوە دێرەکانی بەندی یەکەم وایە. (AAAA, BBBA, CCCA,....). (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٦٦-١٦٧) (محەمەد عومەر عوسمان) لە قاڵبی چوارینەبەندا گەلێک بابەتی داڕشـتووە، بەڵام پابەندی هەمان سـیسـتەمی کێش و سـەروای چوارینەبەندی کلاسـیکی نەبووە و لەڕووی بەکارهێنانی کێش و سـەرواوە ئازادیی بەخۆی داوە. بۆ نموونە درێژترین شـیعری دیوانەکەی، شـیعری (لە غوربەتا)یەو لە (هەشـتاو دوو) کۆپلەی چوارینەبەندا هۆنراوەتەوە. بەڵام پەیڕەوی سـیسـتەمی چوارینەبەندی نەکردووە، ئێمە تەنها (شـەش) کۆپلەی سـەرەتای وەردەگرین، کەبەم جۆرە پەیڕەوی سیسـتەمی سـەروای کردووەو دەڵێت:

سینەی پڕ ئاهم.. هەورێ تیا ئەگری و A
لەچاوانمەوە..باران داناکا! B
عومریشم.. بەفری بەرهەتاوێکە.. C
هەر ئەبێ بەشوێن مردنا ڕاکا B

*

کێ بێ پایزی دڵی ئاوارەم.. A
بنێتە کۆشی قرمزیی بەهار؟ B
کەشتییەکی وێڵ لە دەریای تووشا. C
تۆ بڵێی ڕۆژێ بگاتە کەنار؟ B

*

با خۆم گێل نەکەم.. منی غوربەتیی.. A
کەنارم تۆف و شەستە بارانە B
کەس ناگری بەسەر ڕوخساری منا.. C
تەمو مژێکی دەم ئێوارانە B

*

بۆ شادمانی زۆر کورتە تەمەن.. A
بۆ کوێرەوەریی..نابڕێتەوە B
چۆن گڕ ناگرێ بەفری بەر هەتاو؟.. C
خۆ دوای چەند ساتێ.. سەرئەنێتەوە! B

*

بەفری بەر هەتاو چییە جوانییەکەی.. A
گەر خوێن نەهێنێ لە دەستی گزنگ؟ B
ئەگەر نەبێتە جەنگەڵی هاوار.. C
کە توانەوە عومری نایە چنگ B (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٣-٣٤)

شاعیر لەڕووی سەرواوە پەیڕەوی سیستەمی قاڵبە سەروای چوارینەبەندی نەکردووە، سەروای جیاوازی بەکارهێناوەو بەم شێوەیە سەروای کۆپلەکانی داڕشتووە: لە سەرجەم کۆپلەکاندا پەیڕەوی سیستەمی قاڵبەسەروای (ABCB)کردووە، کە تێیدا نیوەدێڕی دووەم و چوارەم

هاوسەروان، نیوەدێری یەکەم و سێهەمیش سەروایان ئازادە، سەروای نیوەدێڕی کۆتایی هەموو چوارینەکانیش وەک یەک نین و لە چوارینەیەکەوە بۆ چوارینەیەکی تر جیاوازن.

بەهەمان شێوە شاعیر شیعری (بابە تاهیر)شی، لە (دوانزدە) کۆپلەی (چوارینەبەند) هۆنیوەتەوە، بەڵام پەیرەوی سیستەمی چوارینەبەندی نەکردووە، ئێمە(پێنج) کۆپلەی سەرەتای وەردەگرین، کە بەم جۆرە پەیڕەوی سیستەمی سەروای کردووەو دەڵێت:

ئاخ بۆچی دەستم نەگەیشتە هەور؟.. A
چاوی پڕ پرسم خوێنینەو نمناک B
باخ سووتا.. ئەشکم نەیکوژانەوە.. C
سووتەمەرۆیە سەرانسەر ڕووی خاک B

*

ئەوی بەڕووتی لە شەختەو زوقما.. A
لەگۆ نەکەوێ.. نەوەرێ پەنجەی B
لە سەرما ناگاو گۆرانی ناڵێ.. C
بۆ بڵێسەو گڕ.. بۆ لار و لەنجەی B

*

کەسێک لە گڕا، گەرهەڵنەقرچێ.. A
لە سەریا.. بەفری ئەشق داناکا B
نازانێ پشکۆ و هەڵقرچان چییە.. C
شنە لە سارای دڵیا هەڵناکا B

*

ئای لەشەوانی ئێشک و کزە و سۆز.. A
لەسەر تەرمی دڵ ئەشکی زۆرم ڕشت B
مۆمم فرێدا.. کاتێ کەبینیم.. C
دەیان پەپولەی شۆخ و شەنگی کوشت B

*

لە جیاتی بۆنی لالەی کۆساران.. A
قوڵایی سینەم.. کەیلە لەبۆسۆ B
بەهەر لایەکدا.. چاوئەگێڕم من.. C

شاعیر ئەم شیعرەی بە چوارینەبەند داڕشتووە، بەڵام لەڕووی سەرواوە پەیڕەوی سیستەمی قاڵبە سەروای چوارینەبەندی نەکردووە، سەروای جیاوازی بەکارهێناوەو بەم شێوەیە سەروای کۆپلەکانی داڕشتووە: لە هەر پێنج کۆپلەکەدا پەیڕەوی سیستەمی قاڵبەسەروای (ABCB)ی کردووە، کە تێیدا نیوەدێڕی دووەم و چوارەم هاوسەروان، نیوەدێڕی یەکەم و سێیەمیش سەروایان ئازادە. ئەو شیعرانەی (محەمەد عومەرعوسمان)، کە بە چوارینەبەند هۆنراونەتەوە، لە زۆربەیاندا پەیڕەوی سیستەمی قاڵبە سەروای (ABCB) کردووە. کەواتە شاعیر لە پەیڕەویکردنی سیستەمی قاڵبە سەروای چوارینەبەندەکانیدا ئازاد بووەو خۆی نەبەستووەتەوە بە قاڵبە باوەکەی چوارینەبەندەوە.

### ب. سەروای ئازاد لە شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

بریتییە لەو سەروایەی پەیڕەوی هیچ یاساو دەستورو قاڵبە سەروایەکی دیاریکراو ناکات. لە سەروای ئازاددا شاعیر سەربەستانە سەروای هۆنراوەکانی بونیات دەنێت و ئاوازی دەرەوەی هۆنراوەکانی پێ ڕێکدەخات. هەر لە بارەی سەروای ئازادەوە عەزیز گەردی دەڵێت: "سەروای ئازاد خۆی بەهیچ قاڵبێکی دەرەوە نابەستێتەوە، هاتنی بەپێی یاسای دەرەوە نییە، بەپێی هەست و نەستی شاعیرە، بەپێی دەلالەت و دابەش بوونی ڕستەو دەستەواژەی شیعرەکەیە. شاعیر کەی ویستی و بەچاکی زانی سەرەتای سەروا دادەمەزرێنێ و کەی بۆی گونجاو بێ زۆر لە خوکردن، سەرواکە دووبارە دەکاتەوە" (گەردی، ١٩٩٩، ٣٠٥). واتە شاعیر لەپەیڕەوکردنی ئەم جۆرە سەروایەدا خۆی بەهیچ یاساو دەستورێکی دەرەکی و تەقلیدی سەرواوە نابەستێتەوە. لەهەمان کاتیشدا بەتەواوەتی و بەیەکجاری دەسبەرداری سەروا نابێت، بەڵکو سەربەستانە بێ گوێدانە ڕێگری و کۆت و بەندی سەروا هەست و نەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێ. واتە شاعیر چۆن بۆی گونجا، بەو پێیە سوود لە دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە و دەستەواژەکان وەردەگرێت بۆ قووڵکردنەوەی ڕیتم و واتاو ئیحای دەلالی شیعرەکە.

سەروای ئازاد لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە یەکێک لەسیما نوێکەرەوەکانی شیعری کوردی دادەنرێت. شاعیرە نوێخوازەکانیش بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم جۆرە سەروایەیان بەکارهێناوە، چونکە شیعری کوردی "لەحەفتاکان بەدواوە هەندێ گۆڕانکاریان بەسەر سەروای شیعردا هێنا، نەریتی باوی سەروای کلاسیکی و جووت سەروا و چوارینی شکاندو کەمتر لە پێشوو خۆی پابەندی سەروا دەکرد" (ئیسماعیل، ٢٠٠٣، ١٩٥). چونکە لەو قۆناغەدا کۆمەڵێک هەوڵ و ڕاوبۆچوون

هەبوون سـوورببوون لەسـەر ئەوەی دەبێت گۆڕانکاری و تازەگەری لەشـیعری کوردیدا بکرێت. محەمەد عومەریش هەرچەندە نەیتوانیوە بەتەواوەتی دەسبەرداری سەروا ببێت، بەڵام توانیویەتی ئازادانە هەسـت و سـۆزی خۆی دەربڕێت و چۆن بۆی گونجا ئاوا سـەروا لە شـوێنی شـیاوی خۆیدا بەکاربهێنێت، بێ ئەوەی مەبەسـتەکەی بکاتە قوربانی سـەروا. بێگومان ئەمەش پێویسـتی بە توانـاو لێهـاتوویەکی شـــاعیرانەو داهێنەرانە هەیە، کە لە (محەمەد عومەرعوســـمـان)دا، بەدیدەکرێت. لێرەدا چەند نموونەیەک لەو شیعرانەی شاعیر وەردەگرین، کە سەروایان ئازادە.

شـــاعیر لە شــیعری (خۆکوشـــتن) دا لە پارچەی دووەمدا ئازادی بە خۆی داوە لە دامەزراندنی سەرواداو دەڵێت:

کە نیوە شەوان، هانا بۆ مەرگ، مەرگی خۆم ئەبەم A
ڕووخسارێکی کاڵ.. لە دوورەوە دێ.. کاڵ هەروەکو تەم A
هەتادێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ.. B
لەپڕا ئەڵێم..ئای..خۆ هاتووە! C
سەری ناوەتە سەر پەنجەرەکەم A
زەردە ئەیگرێ و D
زۆر بەخامۆشیی..لە سیمای مردووم.. وردئەبێتەوە.. C (عوسمان، ٢٠١٩، ١٥)

نیوە دێری (یەکەم و دووەم و پێنجەم) بە ڕوواڵەت هاوسەروان، وشەکانی سەروا یان بریتییە لە (ئەبەم، تەم، پەنجەرەکەم) بەڵام ئەم وشـــانە هەموویان وەک یەک مەرجی ســـەروایان تیدا نییە، چونکە ئەم وشانە تەنها لە دەنگەکانی (ەم)دا وەک یەکن، ئەم دەنگانەش بەشێکی بنەڕەتی نین لە وشـەکان، چونکە ئەو وشـانە لە بنەڕەتدا بەم جۆرەن (بردن، تەم، پەنجەرە) بەم شێوەیە هیچیان هاوســـەروانین. بەڵام شـــاعیر زۆر ئازادانە بەکاریهێناون و بەو دەنگانە هاوســـەروای کردوون، چونکە جۆری بەکارهێنان و شــوێنی وشـــەکان ئەو جۆرە دووبارەبوونەوەیان دەوێت تا ببن بە زایەڵەو دەنگدانەوەی یەکتری. نیوە دێڕی (چوارەم و حەوتەم)یش هاوســـەروان و وشـــەکانی ســـەروا بریتین لە (هاتووە، ئەبێتەوە). بنەڕەتی وشـــەکان بریتییە لە (هات، ئەبێت) و تەنها یەک دەنگیان لە یەک دەچێت، کە دەنگی (ت)ە، ئەمەش لاوازترین جۆری ســـەروایە، بەڵام شـــاعیر لە ڕێگەی (وە)ی کۆتاییەوە، کە لە هەردوو وشەکەدا هاتووە، سەرواکەی بەهێزتر کردووە. هەردوو دێڕی (سێیەم و شـەشـەم)یش سەروایان نییە، بەڵام نەبوونی سەروا نەبووەتە هیچ لەنگییەک بۆ

شـیعرەکەو لایەنە ئیسـتاتیکییەکەی. بەم جۆرە سـەیر دەکەین لەم شـیعرەدا شـاعیر سـەروای ئازادی بەکارهێناوەو لە هەندێک دێڕیشدا هەر سەروای بەکارنەهێناوە.

شـاعیر لە شـیعری (نامەیەکی پاییزەیی)دا، بەتەواوەتی ئازادی داوە بەخۆی لە بنیاتنانی دەقە شیعرییەکەیدا لەڕووی بەکارهێنانی سەرواوە و دەڵێت:

ئەی ئەو کچەی پاییزانیش بەرگت سەوزە و A
گوڵی تەڕ ئەدەی لەسەرت B
خەو مەبینە.. قۆڵ و باسکم پشتێنی بێ بۆ کەمەرت! B
تۆ نەتدیوە..چۆن ئاگری سپیی پیریی C
بەربووەتە قژی سەرم؟ D
زۆر ئەترسم دارستانی قژی ڕەشت بگرێتەوە E
تۆ نەتدیوە..پەنجەکانم دە چڵی وشکوبرنگن؟ F
گەر ببنە شانەی قژت..ساتێک نابات ئەشکێتەوە! E
لۆمەم مەکە گەر دیت چاوم D
هەردەم وەک هەوری زستان بوو.. A
من کەناری شیعرم بەسە، باوەشم بۆ بگرێتەوە E
ئەگەر هاتوو، بیستت خۆم کوشت بزانە کە.. E
نەمتوانیوە شیعرێ بڵێم.. ئازارمی تیاجێ بێتەوە! E (عوسمان، ٢٠١٩، ٨٣-٨٤)

شـاعیر لەم شـیعرەدا لە سـەرەتاوە تا کۆتایی جگە لە نیوە دێری (دووەم و سـێیەم)، کە هاوسـەروان و وشـەکانی سـەروا بریتین لە (سـەرت، کەمەرت)، خۆی بە یەک جۆر سـەرواوە نەبەستووەتەوە. پاشان نیوە دێڕی (شەشەم و هەشتەم و یانزدەیەم و دوازدەیەم و سیانزدەیەم) بە ڕواڵەت هاوسـەروان و وشـەکانی سەروا بریتین لە (بگرێتەوە، ئەشکێتەوە، بگرێتەوە، بزانەکە، جێبێتەوە)، تەنها وشـەکانی (ئەشکێتەوە، بگرێتەوە) لە نیوەدێری (شـەشـەم و هەشـتەم، یازدەیەم) هاوسـەروان، وشـەی(بگرێتەوە)ش، کە دووجارهاتووە، لە نیوەدێڕی(شـەشـەم و یازدەیەم)دا هـاوسـەروان، چونکە لەهەردوو نیوە دێڕەکەدا بە هەمـان واتـا دوو بـارە نەکراوەتەوە، وشـەی(جێبێتەوە)ش لە نیوەدێڕی (سیانزدەیەم)دا نابێتە هاوسەروا لەگەڵ وشەکانی (ئەشکێتەوە ، بگرێتەوە)، چونکە بنەڕەتی وشـەکە، بریتییە لە (جێبونەوە)لەم حاڵەتەدا (ەوە)، بەشێکەلەبنەڕەتی وشـەکە، بەڵام (ەوە)، لەوشـەکانی(ئەشـکێتەوە ، بگرێتەوە)دا، بەشـێک نییە لەبنەڕەتی وشـەکان بەڵکو وەک پاش سـەروا هاتوون. لە نیوە دێڕی (دوازدە)یەمیشـدا وشـەی (بزانەکە)، بەدەنگی (ە)

بزوێنی کورت کۆتایی هاتووه نابێت به دەنگی سەروا، چونکه(ه) بزوێنی کورت هێزی بوون بەسەروای لاوازه. لەهەمان کاتدا ئەم وشانه له بنیاتی شیعرەکەدا ئاوازێکی جوان و سازگار و چنراویان هەیه. جگه لەوەی باسکرا، نیوه دێڕەکانی (یەکەم و چوارەم و حەوتەم و و دەیەم ) سەروایان نییه. کەواته شاعیر لەم شیعرەدا ئازادانه مامەڵەی لەگەڵ سەروادا کردووەو له ڕێگەی پێویستیی وشه و دەستەواژه دەربڕاوەکانی هەست و سۆزی شاعیرەوه دێڕەکان ملکەچی سەروا کراون. له کۆتاییشدا پێویسته ئاماژه بەوه بکەین سەروای نیوه دیڕی (پێنجەم و نۆیەم )، که بریتین له وشەکانی (سەرم، چاوم) و سەروا واتاییان دروست کردووه، چونکه هەردوو وشەکه له وێنەی جەستەی بوونەوەرێکدا یەکدەگرنەوه.

## ٢. سەروای واتایی له شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان)دا:

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، سەروا به ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتی شیعر دادەنرێت و بەشداری پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەی شیعر دەکات، ئەمەش له چوارچێوەی یاسای دووبارەبوونەوەی دەنگێک یان زیاتری ناو بونیاتی هەڵبەستەکەیه. بەزۆری له کۆتایی وشەکانی دێڕ و نیوه دێڕەکاندا دێت، به مەرجێک ئەو وشانەی سەرواکه دروستدەکەن بەهەمان شێواز و واتا دووباره نەبووبنەوه، هەروەک مهیار عباس دەڵێت: "سەروا کۆمەڵەیەکه لەچەند بزوێن و نەبزوێنێک پێکهاتووه، کەلەکۆتایی وشەی نیوه دێڕ و دێڕەکاندا دووباره ئەبێتەوه بەمەرجێک بەیەک شێوه و واتا نەبێت" (عباس، ١٣٧٦، ٢٧١). بەڵام زۆر جار وا ڕێکدەکەوێت ئەو وشه و دەستەواژانەی له کۆتایی دێڕ و نیوه دێڕەکاندا سەروا دروستدەکەن، ناچنه ژێر باری یاسای تایبەتی مۆسیقا و ڕیتمی دووبارەبوونەوەی دەنگ و سەروای وشەکان. واته لەو یاسایه لادەدەن و خۆیان له چوارچێوەیەکی واتایدا دەبیننەوەو جۆره سەروایەکی تر دروست دەکەن، که به سەروای واتایی ناودەبرێت. هەر لەم بارەیەشەوه (نیما یوشیج) دەڵێت: "پێویست ناکات سەروا له پیتی ڕەوی وەک یەک بێت، دەشێ دوو وشه له ڕووی کێش و پیتەکانەوه جیاوازبن، له کاتێکدا کاریگەری سەروا بەیەکتر دەدەن" (کدکنی، ١٣٧٩، ٢٣١). لێرەدا مەبەست لەو وشه هاوسەروایانەیه، که لەڕووی واتا و بونیاتنانەوه نزیک یەکبن یاخود دژیەک بن، بەڵام لەڕووی واتاوه هەماهەنگی و گونجاندنێک لەنێوانیاندا هەبێت.

عەزیز گەردیش ئاماژەی به چەند جۆرێکی دیکەی سەروا کردووه، که جیاوازن له سەروای ئاسایی و نزیکن له سەروای واتاییەوه. ئەوانیش بریتین له: سەروای جوتبەندی (اللزومیه و الملزومیه) ئەم سەروایەش ئەو جووته وشەو چەمکانه دەگرێتەوه کەبەیەکەوه بەستراونەتەوه بەهاتنی یەکێکیان دەبێت ئەوی تریشیان بێت، وەک وشەکانی (ڕۆژ و ڕووناکی ، شەو و تاریکی

، بوک و زاوا ، مامۆستا و قوتابی، ...تاد)، هەروەها سەروای تەناسوب ئەوەیە کە کۆمەڵێک وشە لەیەک خانەی زمانەوانیدا (field)دا کۆببنەوە، بۆ نموونە (ئەستێرە، خۆر، مانگ). (گەردی، ١٩٩٩، ١٥٧). بە پێی ئەم تێڕوانینەی عەزیز گەردی سەروای جوتبەندی و سەروای تەناسوب دەکەنە سەروای واتایی.

کەواتە لەکۆی ئەو تێڕوانین و سەرنجانەی خستمانە ڕوو، دەگەینە ئەو ڕاستیەی بڵێین سەروای واتایی لە میانەی پەیوەندیی نێوان واتای وشەکانەوە دێتە ئاراوە. ئەمەش لەڕێگەی تێڕوانین و ڕەنگدانەوەی بۆچوونێکی لۆجیکی و هزری مرۆڤەوە دەبێت، چونکە زۆرجار وا ڕێکدەکەوێت ئەو کۆمەڵە وشانەی شاعیر لەناو بونیادی شیعرەکەدا پێکەوە بەکاریان دەهێنێت بۆ خستنەڕووی بابەتێک یاخود دیاردەیەک، دەچنە قاڵبی ئەو کێڵگانەی هەمان واتایان هەیە. لەم دۆخەدا بە تێڕوانین و سەرنجدان لەکۆی ئەو وشانەی لە ئەنجامی چنینی وشەکان و ڕوئیای بابەتەکەوە هاتونەتە ئاراوە، وێنەیەکی بەرجەستەکراو لەکۆی پرۆسەی بابەتەکە دەهێنێتە ئاراوە، بەم پێیە "کارکردن لەکێڵگەی واتاییدا کارکردنە لەجۆرێک لەپەیوەندییە واتایەکانی وشەدا" (عەلی و مەعروف، ٢٠١١، ٢٩).

سەروای واتایی پەیڕەوی یاسایەکی دیاریکراوی سەروا ناکات، بەڵکو لەناو وشەکانی سەروادا جەخت لەسەر واتایەکی لەیەک چوو، یاخود لەیەک نزیک دەکاتەوە، چونکە هەر وشەیەک لە نێو دێڕ و نیوە دێڕەکاندا بەشێوازێک نووسراوە، کە لە چوارچێوەی واتادا یەکگرتن و لەیەکچونێک لەنێوانیاندا هەیە و بەلێکدانی ئەو وشانەی چەمکێکی نوێی واتایی دروستدەبێت، ئەو چەمکەش وێنەیەکی تایبەتی و سەروایەکی واتایی لەهۆنراوەکەدا دەخوڵقێنێت. کەواتە وێنە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دروستبوونی سەروای واتاییدا، چونکە وێنە (image) بە جەمسەرێکی سەرەکی شیعر دادەنرێت "شیعر بەبێ وێنە گیانێکی وشک و بێ تام و چێژە"(شوانی، ٢٠٠٨، ٥٠). کەواتە وێنە پێکهاتەیەکی گرنگی بونیاتی شیعرەو لە شێوەی تابلۆیەکی شێوەکاریدایە، کەرەستەکانی وشەی جوان و خەیاڵی دەروونی شاعیرانە و بەهۆیەوە شاعیر ئەزموون و تێڕوانینی خۆی بۆ دیاردەکانی دەوروبەر دەخاتە ناو چوارچێوەی دەقە شیعرییەکەیەوە. واتا زۆرجار وێنەی شیعری دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی شاعیر هەرچی لە دڵ و دەروونیدا هەیە لە میانەی چنینی وشەکانەوە لە چوارچێوەی شیعرێکدا بیگەیەنێتە خوێنەر. کەواتە وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی زمانییە بۆ وێنەگرتنی واتاکانی هزر و بیر و سۆز و ئەندێشەکانی شاعیر بەکاردێت. زۆرجار جگە لەوێنەی گشتی هۆنراوەکە، وێنەیەکی لاوەکیش لەمیانی سەروای واتاییەوە لە کۆتایی دێڕ و نیوە دێڕەکانی هۆنراوەکەدا بەدیاردەکەوێت. یەکێک لەگرنگترین سەرچاوەکانی

دروســـــتبوونی ســـــەروای واتـایی بریتییە لە بەکـارهێنـانی هونەری جوانکـاری واتـایی، چونکە جوانکاریی واتایی بریتییە لە هەموو هاوتەریبی و دژیەکیەکی واتایی و زەینی لە هۆنراوەکەدا، چ لە ئاســـتی نیوە دێڕی هۆنراوەکەدا بێت، یاخود لە ئاســـتی گشـــتیی هۆنراوەکەدا بێت. کەواتە بەکارهێنانی هونەری جوانکاری واتایی هۆکارە بۆ دروســتبوونی مۆسـیقای واتایی و ســەروای واتایی. (عمر و عبدالرحمان، ٢٠١٩، ١٠٢)

ئەتوانین بڵێین ســەروای واتایی لە شــیعر و ئەدەبیاتی کوردیشــدا ڕۆڵی خۆی هەبووەو لە هەر قۆنـاغێک لە قۆنـاغە ئەدەبیەکـان (کلاســـیک - نوێ - نوێخوازی)دا هەبووە و شـــاعیران لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە. (محەمەد عومەر عوسمان)یش، وەک شاعیرێکی نوێخواز لە شــیعرەکانیدا ســەروای واتایی بەکارهێناوە و هەر لەڕێگەی بەکارهێنانی ســەروای واتاییەوە هەوڵیداوە ئاوازی هۆنراوەکانی لەیەک نەســەقی و بەکارهێنانی ســەروای ســواو دەرباز بکات و نـاچـار نەبێ ئەو ســـــەروایانە دووبـارە بکـاتەوە، کە زۆر بەکـارهـاتوون، بەڵکو هەوڵیداوە خۆی ســـەروا دروســـتبکات. لەم ڕووەوە شــیعرەکانی پڕن لەســـەروا گەلێک، کە ناچنە ژێر ڕکێف و چوارچێوەی ڕێســـا و یاســـای ســـەروای ئاســـاییەوە، بەڵکو دەچنە نێو چوارچێوە و پێکهاتەی سەروای واتاییەوەو لەم ڕێگەیەوە شاعیر توانیویەتی گۆڕانکاری لەسەروادا دروستبکات. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ تواناو لێهاتوویی شـــاعیر بۆ دروســـتکردنی گۆڕانکاری لە ســـەرواداو بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی ناخی خۆی پەنای بۆ دروستکردنی سەروای واتایی بردووە.

محەمەد عومەر لە کۆپلە شیعرێکی (کۆست)دا سەروای واتایی بەرجەستەکردووە و دەڵێت :

کوا ئەو ڕۆژانەی کە گەڵای نیگای..
بۆ جەستەی سڕی من دائەباری؟
بۆ منی خستە دوو باخی نیگای..
گەڵای فرمێسکی ئەکردە دیاری

*

بۆ ترپەی دڵمان نارێژێتە ناو یەک..
وادەستی زستان لە دەرگا ئەدا؟
ئاخ.. لە سوچێکا سەرئەنێمەوە..
مەرگێکی خامۆش وەک مەرگی گەدا (عوسمان، ٢٠١٩، ٢٨-٢٩)

شـــاعیر لەم دوو کۆپلە شـــیعرەیدا لە ڕێگەی وشـــەکانی (گەڵای نیگای، دائەباری، باخ، دیاری، لەدەرگای ئەدا، گەدا)وە سەروای واتایی بەرجەستەکردووە، چونکە وشەکانی ( گەڵا، باخ، دیاری،

دائەباری) لە کۆپلەی یەکەمدا وێنەیەکی جوانی نێو سروشت بەرجەستەدەکەن و وەکو دیارین بۆ مرۆڤایەتی. هەروەها وشەکانی (لە دەرگا ئەدا ، گەدا) لە کۆپلەی دووەمدا، کە لەبنەڕەتدا بەواتای (لەدەرگادان ، گەدا) دێت، جگە لەوەی سەروای ئاساییین، بەڵام لە ڕووی واتاشەوە سەروایان دروستکردووە، چونکە وێنەیەکی خودی خەمناک و ڕەشبینی ناڕاستەوخۆی ژیانی شاعیر بەرجەستە دەکەن، کە هەمیشە وەک مرۆڤێکی لانەواز و بێ دەسەڵات لە بەردەم لەناوچونێکی لەسەرخۆدا مردن لەدەرگای ئەدا.

شاعیر لە کۆپلە شیعری (ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ )یشدا سەروای واتایی بەکارهێناوە و دەڵێت:

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە
ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ..
بەدەم کزەی ئێوارەوە
*
تۆ خۆتم لێ مەشارەوە
من لەگەڵای زەردی پاییز..
زۆر بێ نەواو غەریبترم
لە کزەبا تەزیوترم (عوسمان، ٢٠١٩، ١١)

ئەو وشانەی لە کۆپلەی یەکەمدا سەروایان دروستکردووە بریتین لە وشەکانی (مەشارەوە، ئێوارەوە)، کە لە بنەڕەتدا بریتین لە وشەکانی (شاردنەوە، ئێوارە)، هەرچەندە کۆتایی هەردوو وشە بنەڕەتییەکە دەنگی (ە)یە، بەڵام نابنە سەروای ئاسایی ، چونکە دەنگی (ە) یەکێکە لەو دەنگانەی هێزی بوون بەسەروای نییە، هەروەک عەزیز گەردی دەڵێت: مەرج نییە هەموو دەنگێک هێزی بوون بە سەروای هەبێت بەدیاریکراوی دەنگی (ە) و دەنگی (هەمزە) ی دەستنیشان کردووە، کە نابنە ڕەوی (گەردی، ١٩٩٩، ١١٣). کەواتە وشەکانی (مەشارەوە ، ئێوارەوە) سەروایەکی واتاییان لەشیعرەکەدا دروستکردووە و هەروەها وێنەیەکی واتایشمان بۆ دروستدەکەن، چونکە کە ئێوارە دادێت دنیا بەرەو تاریکبوون دەچێت و شتەکان و لەناویشیاندا یار دیار نامێنێت و وەک ئەوەیە خۆی بشارێتەوە. واتە لە نێوان ئێوارە (کە دنیا تاریک دادێت و شتەکان دیار نامێنن) و شاردنەوەدا (کە لێرەدا دیار نەمانی کەسەکە یاخود یارە)، پەیوەندییەکی واتایی هەیەو ئەم دوو وشەیە دەبنە سەروای واتایی. بەم پێیە شاعیر لە ڕێگەی ئەم دوو وشەی سەروا و دێڕەکانەوە باس لە دیاردەیەک دەکات، کە گوزارشتە لە جێهێشتن و دیارنەمانی یار.

هەروەها لە کۆپلەی دووەمی ئەم شیعرەدا وشەکانی (تەزیوترم ، غەریبترم ) سەروای واتایان دروستکردووە نەک سەروایەکی ئاسایی، چونکە بنەڕەتی وشەکان بریتیین لە (تەزیو ، غەریب) و نابنە سەروای ئاسایی، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە پەیوەستن بەیەکەوەو سەر بە یەک کێڵگەن. بەم شێوەیە وێنەیەکی واتایی دروستدەکەن و هەردوو وشەکە گوزارشت لە سیفەتی مرۆڤێکی نامۆ و خەمگین و بێ ئومێد و دەسەوەسان دەکات بەرامبەر ژیان. هەرەوەها وشەی (سەهۆڵ) لەنیوە دێڕی دووەمی کۆپلەی یەکەم و وشەی (تەزیو) لەنیوە دێڕی چوارەمی کۆپلەی دووەمیشدا سەروای واتاییان دروستکردووە، هەردوو وشەکە سەر بەیەک کێڵگەی واتایین. بەکۆی هەردوو کۆپلەکەش لەڕێگەی وشەکانی سەروای واتایەوە وێنەی ژیانێکی نامۆ و دەستەوەسانی مرۆڤێکی ئەڤینداری دوور لەیار دەخەنەڕوو.

شاعیر لە کۆپلەیەکی شیعری (لەغوربەتا) سەروای واتایی بەرجەستە دەکات و دەڵێت:

خەڵکی بەشێتم ئەدەنە قەڵەم
نازانن کەمن (با) ئەخوێنمەوە
تنۆکی باران حەرفی شیعرمە و
ئاگری عەشق چۆتە خوێنمەوە (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٧)

وشەکانی سەروا لەم کۆپلە شیعرەدا بریتین لە ( قەڵەم ، خوێندنەوە ، شیعر ، خوێنمەوە)، کە لە بنەڕەتدا بریتین لەوشەکانی (قەڵەم ، خوێندنەوە ، شیعر ، خوێن). بێگومان ئەم وشانە ناتوانن سەروای ئاسایی دروست بکەن، چونکە دەنگی کۆتاییان لەیەک ناچێت. بەڵام (قەڵەم، شیعر، خوێندنەوە) دەچنە ناو یەک کێڵگەی واتاییەوەو پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو سەروایەکی واتاییان دروستکردووەو وێنەی مرۆڤێکی شاعیری خوێندەواری هەست ناسکی بەدیقەت بەرجەستە دەکەن.

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی دیکەدا پەیڕەوی سەروای واتایی کردووە و دەڵێت:

لە دنیای دڵی سیاپۆشمەوە..
چاو خافڵ ناکەم قەت لەو هەورانە
هەور تەمەنی ئەداتە باران..
باران هەناسەی بەو جۆگەلانە (عوسمان، ٢٠١٩، ٣٩)

لێرەدا وشەی کۆتایی نیوە دێڕەکان بریتین لە (سیاپۆشمەوە، هەورانە، باران، جۆگەلانە). ئەگەرچی شاعیر لە چوارینەکانی لەم جۆرەیدا و لەم چوارینەیەشدا نیوەدێڕی دووەم و نیوەدێڕی چوارەم سەروایان هەیەو بریتین لە (هەورانە، جۆگەلانە)، بەڵام لەبەرئەوەی بنەڕەتی

ئەم دوو وشـــەیە بریتین لە (هەور، جۆگەلە)، ئەوا ناتوانن ســـەروا دروســـت بکەن و تەنها لە ڕواڵەتداو بەهۆی پاشـگری (انە)ەوە وادیارن سـەروایان هەبێت، بەڵام ئەگەر لە ڕووی واتاییەوە ســـەیری وشـــەکانی کۆتایی نیوە دێڕەکانی دووەم و ســـێیەم و چوارەم بکەین، کە بریتین لە (هەور، باران، جۆگەلە)، دەبینین ســـەر بە یەک کێڵگەی واتـایین و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو وێنەیەک دروســـت دەکەن، کە تیایدا لە هەور باران دەبارێت و بارانەکەش جۆگەلە دروســـت دەکات. واتا سەروای واتاییان دروستکردووەو وێنەی دیمەن و ڕەگەزەکانی سروشت بەرجەستە دەکەن.

شاعیر لە کۆپلەی یەکەمی شیعری (تەمومژ)دا پەیڕەوی سەروای واتایی کردووە و دەڵێت:

من هاواری ملیۆن داری..
بەر ڕەشەبای لە پەل کەوتوو، و هەڵوەریوم
من زایەڵەی ملیۆن مەلی..
لانە ڕووخاو، و تەریوم
لەپەنجەرەی پاییزێکی ئەبەدییەوە
ئەڕوانمە دنیای تەم و
خوێنی ڕژاوی گەڵاکان
ئەڕوانمە چرای کوژاوەی ماڵەکان (عوسمان، ٢٠١٩، ٥٩)

وشـــەکانی کۆتایی نیوەدێڕەکان بریتین لە (داری، هەڵوەریوم، مەلی، تەریوم، ئەبەدییەوە، تەم و، گەڵاکان، ماڵەکان) ، کە خۆی لە بنەڕەتدا وشەکان بەم شێوەیەن: ( دار ، هەڵوەرین ، مەل ، تەریو ، ئەبەدی ، تەم ، گەڵا، ماڵ ) نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و حەوتەم و هەشتەم وشەکانی کۆتاییان یەک لە دوای یەک بریتین لە (دار، هەڵوەریو، گەڵا، ماڵ) ئەم وشـانە سـەروای ئاسـایی دروسـت ناکەن، چونکە دەنگی کۆتاییان لەیەک ناچێت، بەڵام لەبەرئەوەی هەموویان سـەر بە یەک کێڵگەی واتایین و لە ڕووی واتاوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو وێنەیەک دروسـت دەکەن، کە بریتییە لە (وەرینی گەڵای دار لە ماڵەکەدا)، ئەوا ســـەروای واتایی دروســـت دەکەن. نیوەدێڕی ســـێیەم و چوارەمیش وشـــەکانی کۆتاییان بریتین لە (مەل، تەریو) بێگومان ئەم دوو وشـــەیەش ســـەروای ئاسایی دروست ناکەن، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو سەروای واتاییان دروست کردووە بۆ دێرەکان. هەروەها وشەکانی کۆتایی نیوەدێڕی دووەم و چوارەم و پێنجەم، کە بریتین لە ( هەڵوەریو، تەریو، ئەبەدی) ســـەروای واتایین، چونکە ئاماژەن بۆ وێنەی وەرین و دابڕان و لەناوچوون و پەرتەوازەییەکی هەمیشـەیی نیشـان دەدەن. سـەرجەم وشـەکانی کۆتایی

نیوەدێڕەکانیش پێکەوە وێنەیەکی سەرەکی بەرجەستە دەکەن، کە دەلالەتە لە وێرانبوونی ماڵ و ژیان و وەرینی گەڵاو تەرینی باڵندە لە ژێر دەسەڵاتی زۆرداراندا.

شاعیر لە (پێنجەم) کۆپلەی شیعری (دووەم نوح)دا سەروای واتایی بەکارهێناوە و دەڵێت:

شەو و ڕۆژ خەوی سامناک ئەبینیۍ..
دەریاکان پڕن لەتەرمی کەشتی
کەنارەکانیش بوونەتە هەڵم و
تەرمی هەزاران منداڵی ساواش..
شەپۆل داویەتیە دەم ڕەوتی گەشتی (عوسمان، ٢٠١٩، ١٨)

لێرەدا وشەکانی کۆتایی نیوە دێڕەکان بریتین لە (ئەبینیۍ، کەشتی، هەڵم و، ساواش، گەشتی)، کە خۆی لەبنەڕەتدا وشەکان بەم شێوەیەن (بینین، کەشتی، هەڵم، ساوا، گەشت) ئەم وشانە هیچ دەنگێکی کۆتاییان لەیەک ناچێت و ناتوانن سەروای ئاسایی دروست بکەن، بەڵام سەروای واتاییان دروستکردووە، بە تایبەتی (کەشتی ، گەشت) سەروای واتایین و وێنەی گەشتی ناو دەریا بەرجەستە دەکەن. جگە لەمە سەرتاپای وشەکانی سەروا واتاییەکە وێنەیەکی سەرەکی بەرجەستەدەکەن، کە بریتییە لە ژیانێکی مەترسی و کۆتاییەکی تراژیدیانەی کۆچکردنی مرۆڤ بێ جیاوازی تەمەن، لە بەرامبەر هەڕەشەی شەپۆل و ڕەوتی کەشتی لە دەریادا.
شاعیر لە پارچە شیعری (تەختە ڕەش )دا پەیڕەوی سەروای واتایی کردووە و دەڵێت:

دوێ شەو فەرهاد لەچاوەڕوانی شیرینا..
وەک پەیکەرێک..
ڕووە و ئاسمان ڕاوەستابوو
تاریکایی، تەختەڕەش و
تریفەی شەنگ، تەباشیر و
مانگیش تاقە مامۆستا بوو.. (عوسمان، ٢٠١٩، ١٠٢)

لێرەدا وشەکانی کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و دووەم بریتین لە (شیرینا، پەیکەرێک)، کە لە بنەمادا بریتین لە (شیرین، پەیکەر)، ئەم دوو وشەیە دەنگی کۆتاییان لەیەک ناچێت و سەروای ئاسایی دروست ناکەن، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە تەواوکەر و بەرجەستەکەری یەکترن و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، چونکە (پەیکەر)، فەرهادەو لە چاوەڕوانیی (شیرین)دا وەک پەیکەر وەستاوە، بەم

پێیە سەرواى واتایی دروست دەکەن. جگە لەمە وشەى کۆتایی نیوە دێڕەکانی تر بریتین لە (ڕاوەستا بوو ، تەختەڕەش و ، تەباشیر و ، مامۆستابوو)، کە خۆى لەبنەڕەتدا بەم شێوەیەن (ڕاوەستان ، تەختەڕەش ، تەباشیر ، مامۆستا)، سەرجەمیان لە ڕووى واتاییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو سەر بە یەک کێڵگەى واتایین. بۆیە سەرواى واتاییان دروستکردووە و وێنەى بەشێکی سەرەکی میکانیزمەکانی خوێندن و وانەوتنەوە بەرجەستە دەکەن.

شاعیر لە کۆپلەى یەکەمی شیعرى (با)دا پەیڕەوى سەرواى واتایی کردووە و دەڵێت:

نیوە شەوێکی سارد و خەمناکە..
پاییز میوانە لە ژوورەکەما
هەناسەى ساردم ئەبێتە ئەشک و
دێتە خوارەوە بە باڵاى ڕەشی پەنجەرەکەما (عوسمان، ٢٠١٩، ١٧)

لێرەدا وشەکانی سەروا بریتین لە (ژوورەکەما، پەنجەرەکەما)، کە وەک هەموو شیعرە چوارینەکانی ترى شاعیر سەرواکە لە نیوە دێڕى دووەم و چوارەمدایە، بەڵام ئەم وشانە لە بنەڕەتدا بریتین لە (ژوور، پەنجەرە)و سەرواى ئاسایی دروست ناکەن، چونکە دەنگی کۆتاییان لەیەک ناچێت. بەڵام لە ڕووى واتاوە سەر بە یەک کێڵگەى واتایین و لە واقیعیشدا (ژوور، پەنجەرە) پێکهاتەى خانون و پەیوەستن پێکەوە، بۆیە سەرواى واتاییان دروست کردووە. جگە لەمە وشەى کۆتایی نیوە دێڕى یەکەم و سێیەم بریتین لە (خەمناکە، ئەشک و )، ئەم دوو وشەیەش لە ڕووى واتاییەوە سەر بە یەک کێڵگەن و خەم دەبێتە هۆى ئەشک و تەواوکەرى یەکترن، بۆیە ئەمانیش سەرواى واتایی بۆ نیوە دێڕەکانی خۆیان دروست دەکەن. گەر سەیرى کۆى گشتی وشەکانی کۆتایی هەر چوار نیوەدێڕەکە بکەین، کە بریتین لە (خەمناکە، ژوورەکەما، ئەشک، پەنجەرەکەما) دەبینین سەرجەمیان بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو لە ڕووى واتاییەوە تەواوکەرى یەکن و گوزارشتن لە کەسێکی خەمناک لەبەردەم پەنجەرەى ژوورەکەدا ئەشک دەڕێژێت. بۆیە بە هەمووشیان سەرواى واتایی دروست دەکەن و لە ڕێگەى ئەم جۆرە سەروایەوە وێنەى مانەوەى خودێکی ڕەشبین و خەمبار و ناخ پڕ لە ئێش و ئازار بەرجەستەدەکات لەبەردەم پەنجەرەى ژوورەکەدا.

## ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. (محەمەد عومەر عوسمان)، یەکێکە لەو هەوڵانەی توانیویەتی ئەزموونێکی جیاواز بەرهەمبهێنێت، بەتایبەتی لەڕووی جیهانبینییەوە توانیویەتی جیهانبینییەکی جیاوازی هەبێت، هەم لەسەردەمی خۆی و پێش خۆشی، لەڕووی ڕوخساری شعیریشەوە تاڕادەیەکی باش توانیویەتی جیاوازی بەرهەم بهێنێت و شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبێت.

٢. لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکانی زیاتر ئەزموونی خودین و لە باری دەروونیی خۆی دەدوێن. ئەو بابەتانەی دەیان نووسێت ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی تایبەتی خۆین و لە ناخ و دەروونییەوە هەڵدەقوڵێن. سۆزێکی خودییان تێدایە، بەڵام ئەم سۆزەی بەرەو خودێتییەکی داخراو نەڕۆشتووە، چونکە زۆربەیان بابەت و ڕەهەندی مرۆییان هەڵگرتووە و گشت چین و توێژێک ئەتوانن تێیدا بەشداربن، وەک ڕەهەندەکانی (مردن و بوون، نێرگزیەت، نوستالژیا، ڕەشبینی، ....تاد).

٣. سروشت بەگشتی لای (محەمەد عومەر عوسمان)، پێگەیەکی گرنگ و بایەخداری هەیە، هەوێنی زۆربەی دیدە شیعرییەکانییەتی و جیاوازتر لە شاعیرانی تر لەسەر سروشت وەستاوە، چونکە سەرباری ئەوەی شاعیر سەرسامی جوانیی سروشتە، زۆر بەقووڵیش بە نێو ماناو دەلالەتەکانی سروشتدا ڕۆچووەو و زۆربەی دیدە شیعرییەکانی لە ڕێگەی سیماو خاسییەتەکانی سروشتەوە دەردەبڕێت و تێکەڵ بەپرسە نەمرەکانی مرۆڤ و بوون و گەردون دەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی بابەتەکانی ئەزموونە تێکەڵەکەی هەڵێنجراوی سروشتن.

٤. ئەزموونی دەرەکیش، لەنێو بابەتە شیعرییەکانی شاعیردا هەستی پێدەکرێت و بەجۆرێک لەجۆرەکان کاریگەربووە پێیان و باسی لێوە کردوون، تا بیسەلمێنێ دانەبڕاوە لە جیهانی دەرەوەو ئاگاداری ڕووداو و بە سەرهاتەکانی دەرەوەی خۆی و دەوروبەرییەتی. زۆربەی بابەتەکانی ئەزموونە دەرەکییەکەشی لەڕێگای بەکارهێنانی ڕەمزەوەن، بەتایبەتی ڕەمزی مێژوویی و ئاینی و ئەفسانەیی بەکارهێناوە و زۆربەیان باسی ڕووداو و چیرۆک و بەسەرهاتی کەسانی دەرەکی و نەتەوەکەی دەکەن.

٥. پایز لەلای (محەمەد عومەر عوسمان)، ڕەگەزێکی زیندوو وچالاکی نێو دەقە شیعرەکانییەتی و پێگەیەکی گەورەو فراوانی لە دڵ و دەروونیدا داگیر کردووە، زۆربەی ئێش و ئازارەکانی ژیانی

خۆی بەهۆی پایزەوە دەربڕیوە، بۆیە دەبینین وەرزی پایزوڕەگەزو پیکهاتەکانی نێو ئەو وەرزەی بەشـێوەیەکی بەرچاو لە دەقە شـیعرەکانیدا مەزراندووەو جیاواز لە ئەزموونی شـاعیرانی پێش خۆی و سـەردەمی خۆشـی چەندین وێنەی ئیسـتاتیکی و ماناو دالالەتی جیاوازی لێوە بنیاتناوە، بۆیە لەنێو شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا نازناوی (ژەنەڕاڵی پاییز)ی پێبەخشراوە.

٦. مۆتیڤی پایز و زســـتان پێکەوە دوو ڕەهەندی ڕۆحیی جییاوازیان لەشـــیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسـمان)دا خولْقاندووە. شاعیر توانیویەتی زۆر لێهاتوانە لە گەمەیەکی زمانەوانیدا یاری بەواتای گشـــتیی ئەو دوو وەرزە بکات و لەوێنەیەکی دژیەکدا کۆیان بکاتەوە، چونکە ئەو دوو وەرزە لەژیانی شـــاعیردا هەڵگری دوو ڕەهەندی زۆر چارەنووســـــازن. هەردوو وەرزەکە پەیوەندییان بەبوونی کچێکی سرک و ئە فسوناوییەوە هەیە، کە لە وەرزی پایزدا ناسیویەتی و لەوەرزی زستاندا کۆچ دەکات و ون دەبێت و نامێنێت.

٧. زمانی شـیعرەکانی زمانێکی سادەو خولْقێنراوی گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووی نێو سروشت و پایز و غوربەت و لێکدابڕانە، کە سـەر چاوەی دروسـتبوونی چەندین وێنەی جوان و ئەندێشـەین.

٠٨ دەتوانین بڵێین لەڕووی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە شارەزاییەکی باشی هەبووە، دەستێکی باڵای هەبووە لەبەکارهێنانی هونەرەکانی خوازە و لێکچواندن و جوانکاری واتاییدا.

٩. لەبەکارهێنانی کێشـــدا کێشـــی خۆماڵی لە شـــیعرەکانیدا بەکارهێناوە، ســـەرتاپای دیوانە شـیعرییەکەی بەکێشـی چواربڕگەیی و پێنج بڕگەیی و چەنجارەی ئەو دووکێشـە دارشـتووە، لە زۆرباریشدا بنەماکانی ئەو دوو کێشەی بەتەواوەتی تێکەڵ بەیەک کردووە.

١٠. شـیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسـمان) سـەروادارن، بەڵام بەشێوازێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ سەروادا کردووە و پەیڕەوی هەمان یاسا و سیستەمی سەروای شیعری نوێ و جووت سەروای نەکردووە. لە ئەنجامی ئەم مامەڵەکردنەی شاعیر لەگەڵ سەروادا سێ جۆر سەروا لە شیعرەکانیدا بەرچاودەکەون، کە بریتین لە سەروای ئاسایی و سەروای ئازاد و سەروای واتایی.

١١. (محەمەد عومەر عوســمان)، یەکێکە لەو شــاعیرانەی بەرێژەیەکی بەرچاو ســەروای واتایی بەکارهێناوە و توانیویەتی تواناو دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم جۆرە سەروایەدا پیشانبدات. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری ســـەرەکی یەکەمیـان: خۆڕزگارکردنی شـــاعیرە لە بەکـارهێنـانی ســـەروای کۆن و ســـواو. دووەمیشـــیان: دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەرو کاردانەوەی ناخی شـــاعیر لە هەڵبژاردنی ئەو وشـــانەی نزیکن لەیەکەوە و ســـەربە هەمـان کێڵگەی واتـایین. واتە هێزی

دروســـــتکەری زۆربەی ســــەروا واتـاییەکـانی شـــــاعیر دەگەڕێتەوە بۆ کـاردانەوە و پـاڵنەرە دەروونییەکانی ناخی شاعیر بە مەبەستی دروستکردنی وێنەیەکی واتایی گونجاو.

# سەرچاوەکان

**لیستی سەرچاوەکان:**


١. قوئانی پیرۆز.

**سەرچاوە بەزمانی کوردی:**

**کتێب.**

٢. ئاشـنا، ئومێد، (٢٠٠٧)، شـێوە و ناوەڕۆک، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٣. ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز، (٢٠٠٣)، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین(١٩٩٢-٢٠٠٢)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤. ئەفلاتوون، (٢٠١١)، سـەرجەم بەرهەمەکانی ئەفلاتوون، وەرگێڕانی: عیمران هاواری، بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

٥. ئیبراهیم، محەمەد عەبدولکەریم، (٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شـــیعری لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٦. ئەحمەد، خورشید ڕەشید، (١٩٨٩)، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، مطبعة الجاحظ، بغداد.

٧. ئەحمەد، سـافیە محەمەد، (٢٠١٣)، لادان لەشـیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشـم، هەولێر.

٨. بصیر، کامیل حسن عزیز، (١٩٨٣) ،ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوکردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بغداد.

٩. بیمار، عبدالرزاق، (١٩٩٢)، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی دارالحریة، بغداد.

١٠. پیرباڵ، فەرهاد، (٢٠٠٩)، ڕێبازەئەدەبیەکان، چاپی سێیەم، چاپخانەی شڤان.

١١. پاڵەوان، سەلاح حەسەن، (٢٠١٠)، شیعری کراوە، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

١٢. پیرداود، ستاری، (٢٠١٠)، خوێندنەوەی میتافۆڕ، کرانەوەیەک بەڕووی چەند ڕایەڵەیەکی ڕەخنەیی، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی.

١٣. چیا، محەمەد، (٢٠٠٤)، فەرهەنگی فەلسەفی، چاپخانەی سلێمانی.

١٤. حسـێن، جەبار ئەحمەد، (٢٠٠٨)، ئیسـتاتیکای دەقی شـیعری کوردی -کوردسـتانی عیراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٥. حاجی، قادر، (١٩٨٦)، دیوان، لێکۆڵینەوە: سـەردار میران و کەریم مسـتەفا شـارەزا، چاپخانەی ئەمینداریتی گشتی و ڕۆشنبیری لاوانی ناوچەی کوردستان.

١٦. حەسـەن، شـادمان قادر، (٢٠٠١)، بزوتنەوەی ڕوانگە و شـیعری نوێی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٧. حسـەینی، ڕەزا سـەید، (٢٠٠٧)، قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، چاپخانەی وەزارەت پەروەردە، هەولێر.

١٨. حەمە، ئازاد، (١٩٩٥)، ڕەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری ەاوچەرخ، سوید.

١٩. خانی، ئەحمەدی، (٢٠٠٧)، مەم و زین،لێکۆڵینەوەی: پەرویزجیهانی، چاپخانەی حاجی هاشـم، هەولێر.

٢٠. خەزنەدار، مەعروف، (١٩٦٢)، کێش و سەروا لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفاء، بغداد.

٢١. خەزنەدار، مارف، (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢٢. سـدیق، ئارام، (٢٠٢١)، شـیعرو ئەزموونکاری، چاپخانەی مهتاب، ناوەندی ڕۆشـنبیری ڕەهەند، سلێمانی.

٢٣. سـدیق، ئارام، (٢٠٠٨)، نوسـەران و هەڵبژاردنی مەرگ، بڵاوکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٢٤. سابیر، پەرێز، (٢٠٠٦)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٢٥. سـەعدون، سـامان عیزەدین، (٢٠١٥)، دەقە شـیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسـییەوە، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەل نووس، سلێمانی.

٢٦. ساڵەیی، عەدنان، (٢٠١٩)، شیعرەکانی (محەمەد عومەر عوسمان) خوێندنەوەیەکی دەروونشیکاریی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٢٧. سیوەیلی، ڕێبوار، (٢٠٠٤)، لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان.

٢٨. شـــوانی، رەفیق، (٢٠٠٨)، ئەدەب بەکۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢٩. عوســـمان، محەمەد عومەر، (٢٠١٩)، لەغوربەتا، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ســـاڵح بێچار، چاپی چوارەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٣٠. عیسا، هاوژین سلێوە، ( ٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێکۆ بێکەس دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣١. عبدوڵلا، سـۆران مەمەد، (٢٠١٦)، نۆســتالژیا لە شــیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەل نووس، سلێمانی.

٣٢. عەلی، تـاهیر محەمەد و عەزیز، قومری ســـەعید، (٢٠١١)، ڕوانین لەدەق، چـاپخـانەی کەمـال، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاو کراوەی سلێمانی.

٣٣. علی، دڵشاد، (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣٤. قەرەداخی، عەتا، (٢٠٠١)، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

٣٥. قەرەداخی، عەتا، (٢٠٠٩)، گەڕان بەدوای شیعرو شیعرییەتدا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٣٦. کەریم ، ئازاد عبدولواحید، (٢٠٠٧)، تیۆری ئەدەب، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراباخ، کەرکوک.

٣٧. گۆران، (١٩٨٠)، دیوان، ســەرجەمی بەرهەمی گۆران، ئامادەکردنی: محمدی مەلاکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد.

٣٨. گەردی، عەزیز، (١٩٧٤)، ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی العوادب، بغداد.

٣٩. گەردی، عەزیز، (١٩٩٩)، کێشــی شــیعری کلاســیکی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشــنبیری، هەولێر.

٤٠. گەردی، عەزیز، (٢٠١٤)، کێشناسیی کوردی، کتێبخانەی ئارام، ڕانیە.

٤١. گەردی، سەردار، (٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤٢. مەلا کریم، محمد، (١٩٧٢)، هەندێ لای ئەو دیوەکەی بیری قانع، چاپخانەی دار الجاحظ، بغداد.

٤٣. الماضــی، شـکری عزیز، (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی: ســەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٤٤. محمود، شـنۆ محمەد، (٢٠٠٧)، ڕۆڵی سـوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شـیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٤٥. مەعروف، کەمــال، (٢٠٠٠)، ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، چــاپخــانەی دانــاز، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناک بیری گەلاوێژ، سلێمانی.

٤٦. مەحمود، ئازاد ئەحمەد، (٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لە شـــــیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

٤٧. نـالی، (١٩٧٦)، دیوان، لێکۆلینەوەو لێکـدانەوەی: مەلاعبـدلکریمی مـدرس و فـاتح عبـدالکریم، پێداچونەوەی محمدی مەلاکەریم. چاپحانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد.

٤٨. هۆراس، (١٩٧٩)، هونەری شیعر، وەرگێڕانی: حمید عزیز، چاپخانەی الزمان، بغداد.

٤٩. یەعقوبی، عەبدولخالق، (٢٠٠٥)، دەنگی بلوریێنی دەق، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.

## ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:

٥٠. ئەحمەد، حەیدەر جەوهەر، (٢٠١٨)، مەزراندنی ڕەگەزەکانی ســـــروشــــت لەکۆمەڵە شـــــیعری (لەغوربەتا)ی موحەمەد عومەر عوسمان دا، گۆڤاری قەڵای زانست ، بەرگی (٣ )، ژمارە (٤)، هەولێر.

٥١. بێکەس، شــێرکۆ، (٢٠٠٨)، لەشــێرکۆ بێکەســـەوە بۆ ژەنەڕاڵی پایز، کوردســـتانی نوێ، ئەدەب و هونەر، ژمارە، ٦٠١ .

٥٢. بۆکانی، سابیر، (١٩٩٩)، شـۆڕبوونەوەیەک بەرەو ناخ و پانتایی نامۆبوون، گۆڤاری ڕامان، ژمارە، ٣٨.

٥٣. حســـین، جبار ئەحمەد، (٢٠٢١)، لایەنێکی ئەزموونی شـــیعری ئاوات (کامیلی ئیمامی)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی(٨) ، ژمارە(٣) .

٥٤. سـعید، نەوزاد وەقاص و اسـماعیل، ڕێبوار محمد، (٢٠١٩)، شـیعری کوردی لە ڕوانگەی پێوەری دەقێتییەوە، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، بەرگی(٢)، ژمارە(٣).

٥٥. سرباز، حسن و فەرحان، مەریوان حسێن، (٢٠١٩)، چەمکی ڕەشبینی لە شیعری (محەمەد عومەر عوسمان و ئیدریس جماع)دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە، ٥.

٥٦. عبدالواحد، ئازاد، (١٩٨٨)، گەشتێک بەناوجیهانی لەغوربەتا، گۆڤاری بەیان، ژمارە، ١٥٠.

٥٧. عوسـمان، محەمەد عومەر، (٢٠٠٧)، بۆیە لە مردن دەترسـین چونکە هیچ لە ماهیەتی نازانین، گۆڤاری زنار، ژمارە، ٨.

٥٨. عوسـمان، محەمەد عومەر، (٢٠٠٤)، تەختی شـیعر بەشـی نەمری و تەختی پلەو پایەی دنیاییش چارەنوسی داڕزانە، گۆڤاری زادگە، ژمارە(١٨).

٥٩. عوسـمان، محەمەد عومەر، (٢٠١٩)، ژەنەڕاڵی پایز سـێ ڕۆژ بەر لە مەرگی چۆن دەژیا، گۆڤاری باس، ژمارە، ٤٥١.

٦٠. عەزیز، حەمید، (٢٠٠٦)، نامۆیی وەک چەمکێکی فەلسەفە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە، ١١٤ .

٦١. علی، بەکر عومەر و مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، (٢٠١١)، سنووری کێڵگەیی واتایی لە وشەی بێگانەو ڕەنگدا، گۆڤاری زانکۆی سلیمانی، بەشیB، ژمارە ٣١ .

٦٢. عمر، پەیمان محەمەد و عبدالرحمن، حسـین عثمان، (٢٠١٩) ، بەرجەسـتەکرنا سـەروا واتایی د هوزانا کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی زاخۆ ، بەرگی ٢٣، ژمارە ٤.

٦٣. عوسمان، محەمەد عومەر، (٢٠٠٦)، ژەنەڕاڵی پایز دڵی بۆلڤین دەکاتەوە،گۆڤاری لڤین، ژمارە، ٤٥.

٦٤. عوسمان، محەمەد عومەر، (٢٠١٢)، ژەنەڕاڵێک لە گەڵاو زیوانی پایز تەزیوتر، گۆڤاری چوارستار، ژمارە، ٧.

٦٥. ڕەسوڵ، عیزەدین مسـتفا ، (١٩٨٥)، شـیعری تازەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشـنبیری نوێ سـلێمانی، ژمارە،١٠٥.

٦٦. فرۆم، ئەریک، (٢٠٠٥)، چەمکی نامۆیی لای مارکس، وەرگێڕانی: ئارام جەمال، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە،٥-٦.

٦٧. فاروق، کەمال، (١٩٧٧)، فرۆیدیزم و نامۆبوونی مرۆڤ، گۆڤاری کاروان، ژمارە، ١١٥، هەولێر.

٦٨. فتـاح، ڕزگـار عمر، (٢٠١٥)، چێژی دەق لەشـــيعرەكـانی قوبـادی جەلی زادەدا، گۆڤـاری زانكۆی ڕاپەڕين، ژمارە، ٤ .

٦٩. قانع، مەريوان وريا، (١٩٨٩)، ئەفســـانەی خۆكوشـــتن لە شـــيعری (خۆكوشـــتن)ی (محمد عمر عوسمان)دا، ڕۆژنامەی پاشكۆی عيراق ،ژمارە١٠٠.

٧٠. قانع، مەريوان وريا، (٢٠١٠)، ستون بەناوی "ئەوديو شتەكان"، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە ٧٤ .

٧١. كريم، ظاهر لطيف، (٢٠٠٢)، وينە شاراوەكان، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، بەشیB، ژمارە، ٩.

٧٢. كوردۆ، محەمەد، (٢٠٠٨)، ئەوبايەی هەوڵ ئەدات بنوێت و ناتوانێت، گۆڤاری هەنار، ژمارە(٢٥).

٧٣. گۆران، (١٩٧١)، ئەوكێشە پڕگەييانەی ئێستاباون، ڕۆژنامەی ژين، ژمارە، ٢٤,

٧٤.مەلا، ئەحمەدی، (٢٠٠٢)، خەيـاڵ كردن و وێنەی شـــيعری و گرفتە جيهـانيەكـانی، گۆڤـاری ڕامـان، ژمارە، ٦٢.

## نامە ئەكاديميەكان:

٧٥. حمە فرج، ديلان ســەلام، (٢٠١٦)، غوربەت لەشـيعری نوێی كوردی ســاڵانی(١٩٨٠-٢٠٠٠)نامەی ماجستێر، فاكەڵتی زانستە مرۆڤايەتيەكان، زانكۆی سلێمانی.

٧٦. سـەعيد، شـيرين محمد، (٢٠٠١)،نامۆيی لەشـيعرەكانی شێركۆ بێكەس دا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٧٧. سـابير، پەخشـان، (٢٠٠٢)، ڕەمز لەشـيعری هاوچەرخی كوردی كرمانجی خواروی كوردسـتانی عێراق (١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی دكتۆرا كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدين، هەولێر.

٧٨. ســـەلام، كوێســـتان جەمال، (١٩٩٦)، ســـروشـــت لە شـــيعری نوێی كورديدا(١٩٢٠-١٩٦٠)نامەی ماجستێر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدين.

٧٩. ســەلام، كوێســتان جەمال، (٢٠٠٤)، دەوری شـێخ نوری لەنوێكردنەوەی شـيعری كورديدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدين.

٨٠. عەبدوڵا، شـــوانە نوری، (٢٠١٤)، چەمكی نامۆيی ڕەنگدانەوەی لەشـــيعری نوێ خوازی كورديدا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدين.هەولێر.

٨١. قادر، ئارام محەمەد، (٢٠٠٧)، نامۆیی لەشیعری. کوردیدا، کرمانجی خواروو(١٩٧٥-٢٠٠٠)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨٢. قادر، ئارام محەمەد، (٢٠١٠)، ڕۆڵی شیعر لەبزاڤی ڕۆشنگەری کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨٣. محەمەد، عبدالقادر محمد أمین، (٢٠٠٠)، وێنەی شیعری لەڕێبازی ڕۆمانتیکی کوردیدا، نامەی ماجیستێر، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.

٨٤. قادر، غفورقادر، (٢٠٢١)، ئەزموونی شیعریی محەمەد عومەر عوسمان، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین.

**فەرهەنگ:**

٨٥. خال، شێخ محەمەد، (٢٠٠٠)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران. سلێمانی.

٨٦. قەرەداخی، حەمە ڕەشید، (٢٠٠٥)، فەرهەنگی ئازادی، نەشری ئیحسان، تهران .

٨٧. نانەوازادە، عەلی، (٢٠٠٥). فەرهەنگی هەرمان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٨٨. نزامەدین، فازل، (٢٠٠٣)، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، چاپی سێیەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٨٩. هەژار موکریانی، عبدالرحمن شەرەفکەندی، (١٣٦٩)، هەنبانە بۆرینە(فەرهەنگ کردی-فارسی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی سروش، تهران.

**ئینتەرنێت:**

٩٠. ئیسماعیل ، سرود وەلی، (٢٠٠٨)،سروشت لەشیعری کوردیدا لەبەر ڕۆشنایی شیعرەکانی مەولەوی و پیرەمێرد و گۆراندا، ttps://www.researchgate.net/publication/326332065.

٩١. بێکەس،شێرکۆ، ( ٢٠١٩ )، https://youtube.com/watch?v=ik- .

٩٢. میراودەلی، کەمال، (٢٠١٣)، گۆران رۆمانسیزمی سروشت و جوانی، www.dengekan.com .

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

**کتێب.**


٩٣. تشاردز، أ.أ.ر، (١٩٦٣)، مبادئ النقد الادبي، ترجمه: مصطفى بدوي، مصر، القاهره.

٩٤. ابركرمبى، لاســـيل، (١٩٨٦)، قواعدالنقدالادبي، ترجمه: محمد عوض محمد، الطبعة الثانية، دارالشؤن الثقافية العامة، بغداد.

٩٥. أسعد، يوسف ميخائل، (١٩٨٣)، عن التفاؤل و التشاؤم، دار النهضه، مصر.

٩٦. الحاوى، ايليا ، (١٩٧٩)، فى النقد والأدب، الجزءالاول، الطبعة الرابعة، دارالكتاب اللبناني، بيروت.

٩٧. ابراهيم، مجدي، (٢٠٠٤)، مشكلة الموت عنده صوفية الاسلام، مكتبة دار الثقافه الدينية، القاهرة.

٩٨. بركات، حليم، (٢٠٠٦)، الاغتراب في الثقافة العربية- متهات الأنســـان بين لعلم و الواقع، مركز دراسات الوحده العربية، بيروت.

١٠٠. توفيق، عباس، (١٩٧٨)، نقد الشعر العربي الحديث في العراق، دارالرسالة للطباعة، بغداد.

١٠١.. جاسم، ثامر حسن، (١٩٨٦)، العبث النفسي في ابداع الشعر، الشؤن الثقافيه العامه، بغداد.

١٠٢. الجنابي، احمد نصيف، (بدون مكان وسنه الطبع). في الرؤيا الشعريهالمعاصره.

١٠٣. الحمداني، سالم أحمد، (١٩٨٩)، المذاهب الأدبية الغربية، مطبعه التعليم العالي، بغداد.

١٠٤. خشفه، محمد نديم، (١٩٩٧)، تاصيل النص- المنهج البنيوي لدي لوسيان غولدمان-مركز الانماء الحضاري، حلب.

١٠٥. بارت، رولان، (١٩٨٦)، درس ســـمولوجيا، عبدالســـلام بنعبد الحال، الطبعة الثانية، دارالتويظال للنشر، المغرب.

١٠٦. شوقي ضيف، (١٩٧١)، فصول في الشعر والنقد، المطبعةدار المعارف بمصر، القاهرة.

١٠٧. شاخت، ريتشارد، (١٩٨٠)، الاغتراب، ترجمة: كامل يوسف حسين، النشر، المؤسسة العربية.

١٠٨. العزب، محمد أحمد، (بدون مكان وســـنه الطبع)، عن اللخة والادب والنقد، المركز العربي للثقافة وللعلوم، بيروت، لبنان.

١٠٩. العلاق، على، (٢٠٠٢)، الدلالة المرئية، دارالنشر عمان.

١١٠. عبدالقادر، موسى، (٢٠٠١)، الأغتراب في ثلاث صوفيه الأسلام، دراسهمعاصره، بيت الحكمه، بغداد.

١١١. العبيدي، رشيد، (١٩٦٩)، دراسات في النقد الادبي، جزء الثاني، مطبعة المعارف، بغداد.

١١٢. عفيفى، محمد الصادق، (١٩٧٨)، النقد التطبيقي والموازنات، مطابع الرجوى، القاهرة.

١١٣. غزوان، عناد، (١٩٨٥). التحليل النقدي والجمالي الأدب، دار افاق العربيه للصعافه والنشر، العراق.

١١٤. هلال، محمد غنيمي، (١٩٧٣)، النقد الأدبي الحديث، دار الثقافه، بيروت.

## گۆڤارو ڕۆژنامەکان:

١١٥. حنفي، حسن، (١٩٧٩)، الأغتراب الديني عند فيورباغ، مجلة عالم الفكر، المجلة العاشر، العدد الأول.

١١٦. ناجي، مصطفى، (١٩٨٠)، مفهوم الاغتراب في النظرية الأجماعية، مجلة علوم الأجتماعية، جامعة كويت، العدد الأول.

## نامەكان ئەكادیمیەكان:

١١٧. سعيد، شاهو، (١٩٩٩)، دلالات البناء الايقاعي في الشعر، اطروحة الماجستير، كلية اللغة، جامعة السليمانية.

## الإنترنيت:

١١٨. ئیسلام، عیسمەت، (٢٠١٧)، /https://didimn.com/van-gogh-biography .

١١٩. الرحبي، أحمد محمد، (٢٠١٢)، http://www.jehat.com/ar/Sha3er/Pages/searjou.html .

### سەرچاوە بەزمانی فارسی:

### کتێب.


١٢٠. عباس، ماهیار، (١٣٧٦)، عروض فارسی، چاپ سوم، چاپ افتاب، نشر قطرة، تهران.

١٢١. کدکنی، محمەد رضا شفیعی، (١٣٧٩)، موسیقی شعر، چاپ ششم، مؤسسە انتشارات آگاە، تهران.

١٢٢. کدکنی، محمد رضا شفیعی، (١٣٦٨)، صور خیال در شعر فارسي، چاپ دوم، چاپخانە اگاە، تهران.


### سەرچاوەی ئینگلیزی:


١٢٣. W.Y. Tindall: the Literary Symbol, New York, 1955

**الملخص**

هذا البحث تحت عنوان (أبعاد شعر محمد عمر عثمان) بشكل عام هو طريق الى شرح وتوضيح الاجناس والمكونات التي تألف الابعاد الشعرية في شعر الشاعر. معظم الابعاد الشعرية في شعر محمد عمر عثمان جاءت من وجه رؤية العالم وموضوعاتها ومضمونها التجارب الذاتية وتتحدث عن دواخل انسان حساس وتراجيدي وغريب ومتشائم ومتمرد على الحياة ، ويلجأ الشاعر غالبا للتعبير عن عواطفه وانفعالاته الداخلية الى الطبيعة وفصل الخريف، ففيه يختلط بالقضايا الخالدة للانسان والوجود والكون ، فتمكن في ضوء الطبيعة ومكوناتها بيان احساسه وعواطفه النفسية ، التي تعمل على توافر العديد من الصور والمعاني الدالة الجميلة في نصوصه الشعرية ، ولذا أخذ الخريف في شعر هذا الشاعر بعدا تجديديا ، ومن الناحية الشكلية استطاع بشكل جديد ومتحرر التعامل مع ابعاد اللغة والصورة الشعرية والوزن والقافية ، ومن ناحية الوزن والقافية كانت أشعاره موزونة ومقفاة ، وقد راعى اوزان الخماسيات أيضا ، بمعنى انه لم يتخل عن الاوزان الشعرية ، ولكنه استطاع على حسب توظيف الفاظه ومفاهيمه التعبيرية الذاتية التعامل مع الاوزان ، ومن ناحية القافية بالطريقة ذاتها لم يتخل الشاعر عن القافية واشعاره مقفاة ، ولكنه تعامل بشكل حر مع القوافي ، وتنقسم القوافي في أشعاره على قسمين : القوافي الاعتيادية ( المتنوعة والحرة ) ، والقوافي من حيث المعنى.

Abstract

This research is entitled (Dimensions of Mohammed Omar Osman's Poetry), in general, a way to interpret and present the genres and structures that make up the poet's poetic dimension Most of Mohammed Omar Osman's poetic dimensions are the subjects and components of self-experience in terms of worldview and describe the inside of a sensitive, tragic, strange, pessimistic and rebellious person in life.The poet has often resorted to nature and autumn to express his emotions and from there he has been involved in the immortal issues of man, existence and the universe He has been able to express his emotions through the nature and compositions of the season and provide many beautiful images, meanings and meanings for his poetic texts. Therefore, in this poet's poetic experience, autumn has taken on a new dimension. Interms of appearance, he has been able to deal with the dimensions of language, poetic imagery, weight and rhyme in a new and free way .Interms of weight and rhyme, his poems are weighty and rhymed, and he followed the weight of the finger (domestic), that is, he did not give up weight, but was able to deal with weight according to the needs of words and phrases expressed in his heart. Interms of rhyme, the poet has not given up rhyme and his poems are rhymed, but he has dealt with rhyme freely.Two types of rhyme are evident in his poems: ordinary rhyme (various and free) and meaningful rhyme.

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimani
College of Basic Education

# Dimensions of Mohammed Omar Osman's Poetry

**It's a letter**

Rukhosh Mohammed Nasrulla

She has applied to the College of Basic Education of Sulaimani University in partial fulfillment of the reqirement for the degree of in MSc kurdish literature

Supervised by

Prof. Dr. Mohammed Amin Abdulla

2022 A.D. 2722 k.